بەرەو بەئینسانیکردنی خەمەکان

# مرۆڤایەتیمان لە بۆسەی ئایدیۆلۆژیادا

## پێداچوونەوەیەکی گوتاری کوردی و ئیسلامی

عومەر عەلی غەفوور

٢٠٠٩

★ ناوی کتێب: مرۆڤایەتیمان لە بۆسەی ئایدیۆلۆژیادا.
★ ناوی نووسەر: عومەر عەلی غەفور.
★ ساڵ و ژمارەی چاپ: چاپی یەکەم/ ٢٠٠٩ .
★ ژمارەی سپاردن: ١١٢٩ لە ٢٠٠٩/٢/١١ .
★ تیراژ: ٥٠٠ دانە.
★ چاپ: چاپخانەی

## ناوەرۆك

* خوێندنەوەی کوردییانە بۆ فیکر و دین.......................................٩
* بەکارهێنانی ئاین بۆ مەرامی سیاسی.........................................١٧
* حزبی کوردی لەنێوان عەلمانیەتی عەفەوی و فەلسەفیدا.................٢٢
* عەلمانیەت لەنێوان وێنە و وێنادا...........................................٢٦
* کوردستان لەنێوان موریدانی سیستەمی عەلمانی و ئیسلامیدا...............٣٥
* لە پێناو ئازادیی فیکر و ئایندا...............................................٤١
* کاتێ بەرژەوەندییەکان دەبنە قوربانی خەونەکان...........................٤٥
* ڕێزگرتنی پیرۆزییەکان، بۆچی؟ ........................................... ٥٠
* بۆ ڕێزگرتنی پیرۆزییەکان، قەدەغەکردنی سوکایەتی پێویستە
نەك رەخنە.......................................................................... ٥٥
* کێ لە بێحەسانەیی یەکگرتوو بەرپرسە؟.....................................٦١
* یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان دوای زیاتر لە ١٠ ساڵ ................ ٦٦
* سیاسەتی ئیسلامی لەنێوان کەلتوری خۆپاڵاوتن و نە پاڵاوتندا (کۆنگرەی
پێنجەمی یەکگرتوو وەك نموونە)........................................... ٨٤
* کورد و ئەمریکا: عاشق و عاقڵ...........................................٨٩

* رفاندن و به بارمتەگرتنی خەڵك نە دینە نە سیاسەت.....................٩٥
*کاتێ جیاوازیی ئینتیما رۆحی مرۆڤایەتی مرۆڤ دەکوژێ...................٩٨
* سەرکەوتنێك لەسەر حسابی ناسۆریەکانی مرۆڤ بێ......................١٠١
* مشتومڕەکانی فرەژنی شەڕی پرۆژەن یان ئایدیۆلۆژیا؟!..................١٠٤
* تاودانی ئاگری کوشتنی ئافرەتان...................................... ١٠٩
* کورد چۆن چۆنی موسڵمان بووە؟..........................................١١٤

# پێشەکی

ئایـدیۆلۆژیا بــە زمــانێکی ســادە بریتیــە لــە گۆشــەنیگایەك یــاخود فیکرەیەکی مەرکەزی لەژیانی هەر مرۆڤ یـاخود گروپێکـدا، کـە بەهەمیشـەیی لـە روانگەی لێکدانـەوە و پێوەرەکـانی ئـەو فیکرەیـەوە بـوون و ژیـان و روداوەکـان دەخوێنێتــەوە. شــتێکی ئاســاییە هــەر مــرۆڤ یــان حــزب و نەتــەوە و گروپێـك گۆشەنیگایەکی بۆ خوێندنـەوەی ژیـان و رووداوەکـان و پەیوەندییـەکان هـەبێ و لەوەشدا دیسان ئاساییە کە ئەو گۆشەنیگایە بەلای ئەوانیدیکەوە پەسـەند نـەبێ و، هەر بەو جیاوازییەش لە گۆشەنیگاکاندا هەمەرەنگی و فرەیی لە ژیانی مرۆڤ و گەلان و نەتەوەکاندا دروست دەبێ.

بەلاَم نائاسایی لەو بوارەدا ئەوەیە ئایدیۆلۆژیا رۆحـی گـەردوونیی مـرۆڤ بکوژێ، واتە رەهەندە زاتی و تایبەتەکەی تاك یان گرووپ یان نەتەوە وا لەو زاتە بکات لە گۆشەنیگا ئینسانییە فراوانەکـە، کـە هـەموو مرۆڤـەکان لەچوارچێوەیدا کۆدەبنــەوە، دابـڕێ و گۆشــەنیگا ئایدیۆلۆژییەکـە سەرچـاوەی ئـەو گۆشــەنیگا ئینسانییە لە بیر و هۆش و ویژدانیدا کوێر بکاتەوە. بە دەربڕینێکیتر، مـرۆڤ هـەم زاتە و هەم بەشێکیشە لە مـەوزوع، واتـە تاکێکـە لـە کۆمەڵێکدا (چـونکە بابـەت خۆی لە کۆی زاتەکان پێکدێ، یان دەتـوانین نـاوی بنـێین: **زاتێکــی گــەورەتر**). بەهــەمان شـێوە حزبـەکانی ولاَتێکـیش (کـە هــەر یەکـەیان زاتێکـی مەعنــەوین) بەشــێکن لــە زاتێکــی گــەورەتر لــە حــزب کــە گــەل یــاخود نەتەوەکەیانــە، نەتەوەکانیش وەك زاتێکی مەعنەوی بەشێکن لە بابەت یاخود زاتێکی لە نەتـەوە گەورەتر کە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتییە. بەم پێیە مرۆڤ، چ وەك تاکەکـەس و چ وەك

گروپ، زاتێکی سنووردارە لەنێو بازنە لەنێو یەکەکانی زاتگەلێکی گەورەتردا، کە بە **"زاتی مرۆڤایەتی"** کۆتایی دێ.

لێرەوە دەبێ خاوەنی دوو گۆشەنیگا بێ لە ژیاندا:

**یەکەم:** گۆشەنیگایەکی سنووردار کە کار بۆ دەستەبەرکردنی بەرژەوەندییە تایبەتەکان دەکات و رەفتاری کارەکتەرەکە بەپێی لێکدانەوە و بەرژەوەندییەکانی خۆی ئاراستە دەکات. **دووەم:** گۆشەنیگایەکی سنووربڕ یاخود بێسنوور کە ئاسۆی جیهانبینی مرۆڤ فراوانتر و دووربینتر دەکات بەشێوەیەك بازنە گەورەترەکانی زاتیش وەك حزب، نەتەوە، مرۆڤایەتی ببینێ و لەبەرچاو بگرێ.

مەترسی ئایدیۆلۆژیا ئەو کاتە دەست پێدەکات کە مرۆڤ یان حزب و نەتەوەیەك ئایدیۆلۆژیاکەی تووشی دۆگمای بکات بەشێوەیەك دنیا تەنیا لە کونیلانەی ئەو ئایدیۆلۆژیاوە ببینێ و خۆی لە ئاسۆ فراوانەکانی بینین و هەستە گەردوونی و ئینسانیەکانی بێبەش بکات و، هەر بە زۆر هەوڵ بدات دنیای پان و بەرین لە کونیلەیەکی سنوورداری قۆزاخەی تەسکی ئایدیۆلۆژیاکەیەوە ببینێ و بخوێنێتەوە، کە ئەوەش مەحاڵە.

سووربوونی بابای ئایدیۆلۆژی، ئیسلامی، عەلمانی، نەتەوەیی، چەپ، راست، لەسەر ئەم تەرزە بیرکردنەوەیە وا دەکات هێندەی کار بۆ بەرزکردنەوەی ناووشۆرەتی ئایدیۆلۆژیاکەیان بکەن هێندە کار بۆ مرۆڤ و کۆمەڵگەکەیان نەکەن، هەروەها وایان لێدەکات لەئاست خەمەکانی مرۆڤەکانی دەرەوەی بازنە ئایدیۆلۆژیەکەی خۆیان بێموبالات و کەمتەرخەم بن.

ئالێرەوە ئایدیۆلۆژیا، نەك خۆی بەڵکو ئەوانەی دەیپەرستن، وەك ئەو دوژمنەی بۆسە بۆ رەقیبەکە دەنێتەوە تا لەناوی ببات، دەبێتە داوگە بۆ لەناوبردنی هەستە ئینسانیەکانمان.

لە دووتوێی ئەو بابەتانەی لەم کتێبەدا بڵاوبوونەتەوە پەنجە خراوەتە سەر هەندێك لە وێنەکانی ئەم حاڵەتە.

## خوێندنەوەی کوردییانە بۆ فیکر و دین

فیکر، بە سروشت سنوورنەناسە، جیهانی و نێونەتەوەییە. شتێك نیە بە ناوی فیکری فەرەنسی یان فیکری ئەڵمانی یان فیکری عەرەبی یان فیکری کوردی. ئەو فیکرەی بیرمەندێکی فەرەنسی بەرهەمی دێنێ لە جەوهەردا فیکرێکی فەرەنسی نیە، ئەو فیکرەی بیرمەندێکی عەرەب بەرهەمی دێنێ فیکرێکی عەرەبی نیە، بەڵکو هەردووك فیکری جیهانیین مادام ئەو فیکرە لە چوارچێوەی تایبەتمەندی ئەو کەس و نەتەوەیەدا قەتیس نەمێنێ و بکرێ نێردە، یان هاوردە بکرێ و لە زەمینەیەکی دیکەی جیاواز لە زەمینەی بەرهەمهاتنیدا کاری پێ بکرێ.

بە فیکری مارکسی ناوترێ (فیکری ئەڵمانی) با مارکسیش ئەڵمانی بێ، بە فیکری وجودی ناوترێ (فیکری فەرەنسی) با سارتەریش فەرەنسی بێ (مەگەر لە میانەی باسکردنی مێژووی فیکر و بەرهەمە فیکرییەکانی ئەو زەمینەیەدا وەك پێویستیەکی دیراسەکردن بەو شێوەیە ناوببرێن)، بەڵکو هەر کام لە فیکری مارکسی و فیکری وجودی و باقی تەرزە فەلسەفیەکانی دیکە فیکرێکی ئینسانی و نێونەتەوەیین بە بەڵگەی ئەوەی ئەو فەلسەفانە سنووری ناوچە و نەتەوەکانیان تێپەڕاندوە و بەجیهاندا بڵاوبوونەتەوە.

تەنانەت بیری نەتەوایەتیش هەر سروشتێکی نێونەتەوەیی هەیە گەرچی پرۆژەیەکی نەتەوەیی و ناوچەییشە، چونکە جەوهەری فیکرەکە، کە کردنی نەتەوەیە بە چەقی بیرکردنەوە و خولگەی خەم و هەوڵەکانی مرۆڤ لە ژیاندا، لای هەموو نەتەوە جیاوازەکان هەمان شتە، بۆ نموونە دوو نەتەوەی ناکۆك، هەڵگری بیری ناسیۆنالیستین، هەر یەك لەو دوو نەتەوەیە دەمارگیرییان بۆ نەتەوەکەی خۆیان هەیە لە دژی ئەویتر، لێرەدا ئەو فەلسەفەیەی لە پشت ئەم هەست و

هەڵوێستە نەتەوەییەی هەر یەك لەو دوو نەتەوەیەوەیە هەمان فەلسەفەیە كە ئەویش فەلسەفەی ناسیۆنالیزم یاخود نەتەوەپەرستیە گەرچی ئەم فەلسەفەیە لە لایەن دوو نەتەوە و بۆ دوو مەبەستی جیاوازو دژ تەوزیف دەكرێت و هەر یەكەیان ئەو فەلسەفەیە وەك ژێرخانی بیری نەتەوەپەرستی خۆی بەكاردێنێ.

ئەگەر فیكری ماركسی بە نموونە وەرگرین، بێگومان ئەو فیكرە بەرهەمی فیكری مرۆڤێك، یان كۆمەڵە مرۆڤێكە، كە لە سیاقێكی فیكری و سیاسی و كۆمەلایەتی و ئاینی و شارستانی و جوگرافی و...هتد مێژوویی تایبەتدا ژیاون و، لەژێر كاریگەری ئەو كارتێكەرە جۆراوجۆرانەدا داڕێژراوە و حەتمەن مۆركی ئەو تایبەتمەندییە هەر وەردەگرێت، بەڵام ئەم كاریگەرییە ناوچەییانە هیچ لەو راستییە ناگۆڕێ كە فیكرەكە فیكرێكی جیهانی بێ، بەڵام وەك چۆن ئەسڵی فیكرەكە لە سەدا سەد جیهانیی نەبوو، بەڵكو مۆرك و مەسحەیەكی ناوچەییشی لەخۆگرتبوو، بەهەمان شێوە لە گواستنەوەشی بۆ زەمینەیەكی دیكەدا دەبێ ئەوە لەبەرچاو بگیرێ كە تەنیا لایەن و رەهەندە جیهانیەكانی فیكرەكە، واتە جەوهەرەكەی، بگوێزرێتەوە و كاری پێ بكرێت تا ئەو پاڵفتە ناناوچەییە لە ئەنجامی كارلێككردنی لەگەڵ شیكردنەوە و لێكدانەوەی بیرمەندانی ناوچە نوێیەكەدا، كە هەڵقولاوی سروشت و پێداویستییە بابەتیەكانی ناوچەكەیە، بیرێكی جیهانیی —ناوچەیی تازە بەرهەم بێت كە لە توانایدا بێت هەمان ماهیەت و دەوری لە ناوچەكەیاندا هەبێ كە فیكرەكە لە زەمینەی لەدایكبوونیدا هەیبوو.

كەواتە كاتێ فیكری ماركسی دەبێتە فیكری نوخبەی رۆشنبیری واقیعێكی رۆشنبیری و سیاسی وەك واقیعی كوردستان، لەو بارەدا فیكری كوردی ئەو فیكرە دەبێ كە لە ئەنجامی خوێندنەوەیەكی قووڵەوە بۆ ئەو فیكرە، دەتوانێ رەگەزو مۆركە ناوچەییەكانی لێ دابڕێ و پوختە جیهانی و ستراتیژیەكەی بهێڵێتەوە و ئەنجا لە رێی بەكارهێنانی ئەو فیكرە جیهانیەوە بۆ خوێندنەوەی دەرهاویشتەكانی واقیعە كوردییەكە فیكرێك بەرهەمدێت كە هەم جیهانی و هەم

کوردی بێت. ئەم گوتارو فیکرەی تۆ بەرهەمت هێنا لە ڕوویەکەوە جیهانییە لەو ڕووەوە کە دەکرێت نەتەوەیەکی تر لە تۆی بخوازێت و پاش داڕنینی مۆرکە کوردییەکەی و موتوربەکردنی بە مۆرکە نەتەوەییەکەی خۆی گوتارو فیکرێکی نەتەوەیی بۆ خۆی بەرهەم بهێنێ.

لە ڕوویەکی دیکەشەوە نەتەوەییە لەو ڕووەوە کە ئەو فیکرە وێڕای جەوهەرە جیهانیەکەی، لە عمومیدا فیکرێکی کوردییە.

دەکرێ تۆ فیکری مارکسی، یان هەر فیکرێکی تر ڕەفز بکەیت و بۆ خۆت وەك هەموو بیرمەندانی دیکەی دنیا فیکرێك بەرهەم بهێنیت، بەڵام ئەم فیکرەی تۆیش هەر ئەوەندەی هاتە جیهانەوە ئیتر وردە وردە مۆرکی تایبەتی دادەڕنێت و بەرگێکی جیهانیی لەبەر دەکات. چەندە ئەو فیکرەی بەرهەمدێت قووڵتر و وردتر گوزارشت لە ڕاستیەکانی فیکری بەشەری و خواستە مرۆییەکان بکات هێندە زیاترو زووتر مۆرکی جیهانیی بوون وەردەگرێت.

ئەڵبەت تەنیا تەشەنەکردنی جیهانیانەی فیکرێکیش بەڵگەی جیهانیی بوونی ئەو فیکرە نیە، چونکە جیهانیی بوونی فیکر وەك سروشت شتێکە و بڵاوبونەوەی لەسەر ئاستی جیهان شتێکی دیکەیە. ئەوەی یەکەم پەیوەندی بە جەوهەری شتەکەوە هەیە و نرخەکەی لە زاتی خۆیدایە، بەڵام ئەوەی دووەم پەیوەندی بە زەمان و زەمینەوە هەیە، بڵاوبونەوە یان بڵاونەبونەوەی فیکرێك بەجیهاندا گەلێك هۆکار دەوری تێدا دەبینن، دەبینیت فیکرێك لە قۆناغێکی مێژووییدا بێ ناز دەکەوێت، کەچی لە قۆناغێکی داهاتوودا لەپڕ ڕەواج پەیدا دەکات و زیندوو دەبێتەوە و بەهێزتر دەبێت.

هەروەها جیهانیی بوونی فیکر پەیوەندی نیە بەوەوە کە ئاخۆ ئەو فیکرە فیکرێکی ڕاستە یان پوچە، فیکرێکی بەرهەمدارە یان نەزۆکە. هەروەك چۆن بڵاوبوونەوە یان بڵاونەبوونەوەی فیکرێك بەزەروورەت بەڵگەی ڕاستیی یان

پووچیی ئەو فیکرە نیە، چونکە دەکرێ فیکرێکی پـوچ دنیـا بتـەنێ و فیکرێکی راستیش کەس لای لێ نەکاتەوە، بەتایبەت لە قۆناغ و ناوەندێکی تایبەتدا.

لێـرەدا فیکـری مارکسـیمان بـە نموونـە هێنایـەوە بـە حـوکمی ئـەوەی ئـەو فیکرەیە فەترەیەکی زۆر لە واقیعی کوردستاندا بوون و بزاوتـی هـەبووە و هـەوڵ دراوە لەسەر بناغەی ئەو فیکرەیە گوتارێکی نەتەوەیی کوردی بەرهەم بهێنرێ.

ئاینیش، وێڕای سەرچاوە ئاسمانی و غەیبیەکەی، لەوە دەرناچێ کە کۆمەڵـە بیروبڕوایەکە بەرامبەر بە بوون و ژیان، واتە فیکرێکە (ئەڵبەتە لێرەدا مەبەست لە فیکر مەنزومە بیروبڕواکەیە نەك –بە زەروورەت– بەرهەمی کردەی بیرکردنەوەی مرۆڤ، چونکە ئاین بەرهەمی بیرکردنەوەی مـرۆڤ نیـە). فیکـریش –وەك وتم– بـە سروشت (جیهانی)یە گەر خاوەنەکەشی ئیدیعای جیهانیی بوونی نەکات.

بـاوەڕی ئـاینی وێـڕای ئـەم مۆرکـە جیهانییـەی کـە–وەك فیکـر– لـە خـودی (فیکـر)ەوە وەریـدەگرێ، ئـەوەش کـە بەرهـەمی زاتێکـی بـان بەشـەرییە ئـەو رەهەندە جیهانییەی قووڵتر دەکات.

لێرەوە ئەو تەرحەی هەندێ لە رۆشنبیران بە جددی و لێبڕاوانە نابینم کـە بـە راستەوخۆ یان ناڕاسـتەوخۆ بانگەشـە بـۆ گەڕانـەوە بـۆ ئـاینی زەردەشـتی، وەك ئاینی نەتـەوەیی دێـرینی کـورد دەکـەن، تـا بیکەنـە بناغـە بـۆ وەسەرپێخسـتنی رێنیسانسی نەتەوەیی کورد، لەو رووەوە کە پێیـان وایـە رێنیسانسـی نەتـەوەیی بەبێ بوونی کولتوورێکی نەتەوەیی پشت بەستوو بە ئاینێکی نەتەوەیی مەحاڵـە، ئەوەش بە ئاینی ئیسلام ناکرێ چونکە ئاینی نەتەوەیی عەرەبەو ناسیۆنالیستانی عەرەب پشتی پێ دەبەستن..

بۆچـی؟!، چـونکە ئـاین کۆمـەڵێك بیروبڕوایـە کـە بـە بـێ ئـیرادە و دوور لـە بیرکردنەوەی مرۆڤ داڕێـژراوە، بۆیـە هـەر ئـەوە کـە ئاینەکـە بـۆ نەتەوەکـەی تـۆ هاتبێت یان بە زمانەکەی تۆ هاتبێ مەرج و بەس نیە بۆ ئـەوەی کـە بـاوەڕی پـێ

بهێنیت و بیکەیتە بناغەی فیکرو تەسەوراتت، بەڵکو دەبێ سەرەتا باوەڕت بە بناغە ئیمانی و غەیبیەکان و بنەماو ڕێسا ئەخلاقی و سلوکیەکانی هەبێت ئەنجا دەتوانیت بیکەیتە بناغە بۆ کولتووری ڕێنیسانسی نەتەوەییت، کە ئەستەمە ئەمانە هەموو لای ڕۆشنبیر و گروپی عەلمانی قابیلی قبوڵ بن.. لەبەرئەوە ئەو ڕۆشنبیرە کوردانەی کە ئاینی ئیسلام وەك بناغەی کولتووری ڕێنیسانسی نەتەوەیی ڕەتدەکەنەوە، لەراستیدا پێش ئەوەی لەبەرئەوە ڕەتی بکەنەوە کە بە زمانی عەرەبی دابەزیوە و پێیان وایە ئاینێکی عەرەبیە، لەبەرئەوە ڕەتی دەکەنەوە کە باوەڕیان بە بناغە فیکری و فەلسەفی و ئەخلاقیەکانی نیە، کە ئاینی زەردەشتیش بە نزیکەیی لەسەر هەمان ئەو بناغانە دامەزراوە.. لەبەرئەوە نزیکترین ئەگەر ئەوەیە کە باوەڕیان بە ئاینی زەردەشتییش نەبێ و بانگەشەکردنەکەیان بۆی زیاتر لە دەمارگیرییانەوەیە بەرامبەر ئیسلام نەك لە خۆشەویستی و باوەڕیان بە زەردەشتیەت وەك ئاینێکی ئاسمانی.

بەڵگەیەکیتر لەسەر ئەم ڕاستیە ئەوەیشە کە لە کاتێکدا هەندێ لە ڕۆشنبیرانی عەلمانی ئێمە پێیان وایە ڕۆشنبیر و گروپە ناسیۆنالیستییە عەرەبەکان، ئیسلام وەك پرۆژەیەکی نەتەوەیی دەبینن و کاری پێدەکەن، کەچی دەبینی ڕۆشنبیر و گروپە عەلمانیەکانی عەرەب، کە توێژێکی کەم نین بەتایبەت کە دەسەڵاتیشیان لەدەستدایە، ئاینی ئیسلامیان وەك بناغەی کولتووری ڕێنیسانسی نەتەوەیی قبوڵ نەکردوە، بەڵکو هەر لە سەرەتای سەرهەڵدانی بیری عەلمانی لە جیهانی عەرەبی و ئیسلامیدا سەبارەت بە کولتوور و ڕێگەی پێشکەوتن و ڕێنیسانس دوو ڕەوتی فیکری سەرەکی سەریان هەڵداوە و تا ئێستاش بەردەوامن، ڕەوتێکی عەلمانی بە تەییارە جۆراوجۆرەکانیەوە لە ناویاندا تەییاری نەتەوەیی، کە پێی وابووە ڕێنیسانسی نەتەوەیی بەوەلاخستنی فیکری دینی و گرتنەبەری ڕێبازی عەلمانی دێتە دی + ڕێبازێکی ئاینی کە پێی

وابـووه ڕێنیسانســی نەتــەوەیی لــە ڕێگــەی خویندنەوەیــەکی نــوێ بــۆ ئــاین و بواژندنەوەی هۆشیاری ئیسلامی و تەوزیفکردنی کولتووری ئیسلامیەوە دێتەدی.

تەنیا ئەمەی دوایی پێـی وابـووە دەبێـت ئیسـلام بکرێتـە بناغـەی کولتـووری ڕێنیسانس، ئەمیش نەك لەڕوانگەی نەزعەیەکی نەتەوەییەوە، بەڵکو لە ڕوانگـەی نەزعەیەکی ئاینییەوە، چونکە ئەو دوو تەییارە تەنیا لەناو عەرەبەکانـدا سـەریان هەڵنەداوە بەڵکو لـەناو نەتـەوە موسـڵمانە غـەیرە عەرەبـەکانی دیکەیشـدا، وەك تورك و فارس و پاکستان و...هتد، هەمان حاڵەت دووبارە بۆتەوە.

وەك دەبینین ناسیۆنالیستانی عەرەب، کە ئیسلام بە زمانی عەرەبی هاتووە، ئیسلامیان نەکردە بناغەی ڕێنیسانسی نەتەوەییان چونکە باوەڕیان بـەوە نـەبوو کـە دەشــێ ئیســلام بکرێتــە بناغــە بــۆ کولتــووری ڕێنیســانس، بــەڵکو فیکــری عـەلمانییان پەسـەندکرد و تـەنیا وەك کەلـەپورێکی مێـژوویی مامەڵـەیان لەگـەڵ ئیسـلام کـرد نـەك وەك کولتـوورێکی زینـدوو بـۆ ئەنجامـدانی گۆڕانکـاری، بـەڵکو ڕەوتە ئاینییە (ئیسلامیەکان) لە نەتەوە جیاجیاکـان، ئـەم خیارەیـان هەڵبـژارد، چونکە باوەڕیان بەم تێزە هـەبوو بـا بـە زمـانی نەتەوەکەشـیان نـەبێ. هـەر لـەو کاتــەوە تائێســتاش ململانــێ لــە نێــوان ناسیۆنالیســتانی عــەرەب و تــەییارە ئیسلامیەکان لەو بارەوە بەردەوامە.

کەوابێ هەڵوێستی ئێمە لە ئاین، هەر ئاینێـك، جـا بەتایبـەت بـۆ نەتەوەکـەی خۆمان هاتبێ یان نا، هەڵویستمانە لە بیروبڕوایەکی تایبەت کە دەکرێ پەسەندی بکەین و دەکرێ پەسەندیشی نەکەین، نەك هەر وا کوێرانە شوێن ئاینێـك بکـەوین مادام ئەو ئاینە بۆ نەتەوەکەی خۆمان هاتبێ، کە ئەمە لە مێـژوودا ڕووی نـەداوە بە تایبەت لەناو توێژی ڕۆشنبیراندا.. ئاخر عەرەبەکان خۆیـان یەکـەم دوژمنـانی ئاینی ئیسلام بوون.

ئیسلام ئاینێکی جیهانییە نەك نەتەوەیی، نابینیت ئیسلام تـەرکیزی کردبێتـە سەر خەمی نەتەوەیی، بەو مانایەی هـەوڵ بـدات ئـەو نەزعەیـە بـرەو پـێ بـدات،

چونکە ئەگەر کاری لەسەر ئەو رەهەندە کرد ئەو کاتـە لـەوە دەکـەوێت ئـاینێکی جیهانیی بێت.. ئەم جیهانی بوونە تەنیا لەسەر ئەو ئاستە نیە کـە کـاری لەسـەر سـۆزی نەتەوایـەتی عـەرەبی نـەکردوە، بـەڵکو لـەو رووەوەیـە کـە فیکـرو یاسـاو رێساکانیشی بە داڕشتەیەکی زمانەوانی وا داڕشـتوە کـە مـۆرکێکی گشـتی، نـەك تایبەتی وەرگرێت.

بۆیە دەبینیت ناوی کەسەکان لە قورئاندا بزرە و تـەنیا روداو و حاڵەتـەکان و رێساگشتیەکانی تۆمار کردوون.

بۆ نموونە قورئان باس لە کردەوەیەکی نەزری کوڕی حارس دەکات کە چووە حیکایـەتی پاشـاکانی رۆم و فارسـی هێنـاوە و بەخـەڵکی وتـوە وەرن لـەباتی حیکایەتەکانی قورئان من حیکایەتی پادشاکانی رۆم و عەجەمتان بۆ بگێڕمـەوە، بـەڵام نـاوی نـەزری نـەبردوە، بـەڵکو لـە سـیغەی حاڵـەت و یاسـایەکی گشـتی دا دایدەڕێژێ کـە بتـوانرێ هـەموو حاڵەتـە هاوشـێوەکانی تێـدا جـێ ببێتـەوە، بـەم شێوەیە (وَمِنْ النَّاسِ مَنْ يَشْتَرِي لَهْوَ الْحَدِيثِ لِيُضِلَّ عَنْ سَبِيلِ اللَّهِ).

باسی هەڵوێستێکی عوتبەی کوڕی ئەبو موعیت دەکات کە هاوڕێی خراپ وای لێکرد لە ئیمان پەشیمان بێتەوە، بەڵام بەم شێوە گشتییە تـەعبیری لـێ دەکـات (وَيَوْمَ يَعَضُّ الظَّالِمُ عَلَى يَدَيْهِ يَقُولُ يَالَيْتَنِي اتَّخَذْتُ مَعَ الرَّسُولِ سَبِيلاً (٢٧) يَاوَيْلَتِي لَيْتَنِي لَمْ أَتَّخِذْ فُلاَنًا خَلِيلاً(٢٨) لَقَدْ أَضَلَّنِي عَنْ الذِّكْرِ بَعْدَ إِذْ جَاءَنِي وَكَانَ الشَّيْطَانُ لِلْإِنسَانِ خَذُولاً).

باس لە حاڵەتێکی تایبەت دەکات کە تێیدا پێغەمبەر(د.خ) پشتی لـە کوێرێـك کردوە و رەخنـەی لـێ دەگرێ، بـەڵام نـە نـاوی پێغەمبـەر و نـە نـاوی کوێرەکـە (عەبدوڵڵای کـوڕی ئـوم مـەکتوم) نابـات، بـەڵکو بەگشـتی دەفـەرموێ: (عَبَسَ وَ تَوَلَّى(١) أَنْ جَاءَهُ الأَعْمَى)، ئەمانە و چەندین نموونەی دیکەی هاوشێوە.

(جیهانیبوون)ی ئیسلام، وەك هەر ئاین و رێبازێکی دیکەی جیهانیی، بەڵگەی ئەوەیە کە ئەو ئاینە بۆ هەمووانە و هەمووان دەتوانن سوودی لێ ببینن بۆ پڕۆژە

تایبەتەکانی خۆیان. ئیسلام کۆمەڵێ دەقە، ئەم دەقانە هەمان دەقن بەنیسبەت عەرەب و کورد و تورك و فارس و...هتدیەوە. بێگومان ئەم ئاینە لە هەر ناوەندێکداو لە هەر سیاقێکدا وێنەیەکی تا رادەیەك تایبەتمەند، کە زادەی سروشت و سروشتی مامەڵەکردنی ئەو ناوەندەیە لەگەڵیدا، وەردەگرێ.

ئاینی ئیسلام، نە لە رووی بنەما و ئەرکە نەگۆڕەکانیەوە، بەڵکو لە رووە فیکری و کۆمەڵایەتی و سیاسیەکەوە، بەپێی گۆڕانی ئەو سیاقەی تێیدەکەوێ وێنە و تەرحەکەی دەگۆڕێ. عەقڵی عەرەبی و واقیعی عەرەبی تەرزێکی تایبەتمەند کە لەگەڵ واقیعەکەی گونجاوبێ بەرهەم دێنێ، عەقڵی کوردی و واقیعی کوردی تەرزێکی تایبەتمەند کە لەگەڵ خواست و پێداویستی و تایبەتمەندیەکانی خۆیدا گونجاوبێ بەرهەم دێنێ. واقیعی ئێرانی و واقیعی تورکی و واقیعی مالیزی ...هتد هەریەکە بەو شێوە. ئەڵبەت گیانێکی هاوبەشیش لە نێوان هەموو تەرح و وێنەکاندا دەبزوێ.

ئێمە، وەك کورد، ئەگەر خوێندنەوەی خۆمان نەبێ بۆ ئیسلام بە تەبیعەتی حاڵ خوێندنەوەی ئامادەکراوی غەیری خۆمان ئەو بۆشاییە پڕ دەکاتەوە، کە خوێندنەوەیەك دەبێت زۆر تا کەم لەگەڵ واقیع و پێداویستییەکانی ئێمەدا رێك نایەتەوە. لەبەرئەوە پێم وایە سووربوون و پێداگرتن لەسەر ئەوەی کە ئیسلام ئاینی نەتەوەیی کورد نیە و ناکرێ وەك سەرچاوەیەکی رۆحی و فیکری بۆ پرۆژەکانی گۆڕانکاریمان سوودی لێ ببینین، نەك هەر خزمەت بە رێنیسانسی نەتەوەییمان ناکات بەڵکو هەرچی زیاتر ساتی جوڵان و پێشکەوتنمان دوا دەخات.

ئەرکی رۆشنبیرانی هەر گەلێك، لە ناویاندا گەلی ئێمەیش، ئەوەیە هەوڵ بدەن هەموو دراوە فیکری و فەرهەنگی و کۆمەڵایەتیەکانی کۆمەڵگەکەیان لە پرۆژە و پرۆسەی پێشخستن و سەرخستنی گەل و نەتەوەکەیاندا تەوزیف بکەن.

**رۆژنامەی (کوردستانی نوێ) ژمارە: ٢٧٠٦ لە ١٦-٣-٢٠٠٢**

## بەکارهێنانی ئاین بۆ مەرامی سیاسی

بەکارهێنانی ئاین بۆ بەرژەوەندیی سیاسی ئەگەر بۆ حزب و گروپێکی عەلمانی، کە ئیدیعای هەڵگرتنی پەیام و بەرنامەیەکی ئاینی ناکات، مەترسیدار بێت، ئەوا کارێکی لەم چەشنە بۆ حزب و گروپی ئیسلامی، کە خۆی بە خزمەتکار و گیانفیدای ئاینەکە دادەنێ، گەلێك مەترسیدارە.

گەرچی گروپە ئیسلامیەکان پێیان وایە "مومارەسەکردنی ئەوان بۆ سیاسەت و حزبایەتی و هەوڵدان بۆ گۆڕینی مەرجەعیەتی سیستەمی سیاسیی بەرکار وەك ئەنجامدانی هەر ئەرکێکیدیکەی ئاینییە و ئامانجیش لە کاری سیاسیی ئیسلامی خزمەتکردنی ئاین و خزمەتکردنی خەڵکە بە ئاین"، بەڵام وەك لە کەلەپووری فیقهی ئیسلامیشدا هاتووە، بۆ ئەوەی کارێك پەسەند بێ تەنیا بوونی نیەتێکی دروست بەس نیە، بەڵکو دەبێ ئەو کارە بە رێگەیەکی دروستیش ئەنجام بدرێ. لەبەرئەوە تەنیا ئەوە کە ئەوان بە نیەتێکی راست دەست بە کاری سیاسی و حزبایەتی دەکەن زامنی ئەوە ناکات کە لەو رێیەدا بە سەلامەتی گوزەر دەکەن و بەبێ ئەوەی سنووری (صوابیە) ببەزێنن کەشتیی کاروان دەگەیەننە کەناری رزگاربوون و سەرکەوتن، نا !، چونکە جیهانی سیاسەت جیهانی ململانێی بەرژەوەندییە تێك گیراوەکانە و بەزۆری بەرژەوەندییە مادیەکان دەبنە پێوەر و دیاریکەری هەڵوێستی کارەکتەرەکانی ئەو جیهانە.

لێرەوەیە دنیای سیاسەت بۆ حزب و گروپی مەبدەئی، کە نەیەوێ بەرداشی بەرژەوەندی بیپلیشێنێتەوە، دنیایەکی مێنرێژکراو و پڕ مەترسییە، چونکە حزبی سیاسی، چ لە دەسەڵاتدا بێ یان لە دەرەوەی دەسەڵات، زۆر جار دەکەوێتە دوو رییانێکەوە کە دەبێ یەك لەو دوو هەڵوێستە دژیەکە هەڵبژێرێ کە هەر یەکەیان دەرهاویشتەی تایبەتی خۆی هەیە: یان ئەوەتا دەبێ هەڵوێستێکی مەبدەئی و ئەخلاقی لەو پرسەی هاتۆتە بەردەمی وەرگرێ، کە زیانێکی گەورەی سیاسی

تێدایە تـا ئـەو رادەیـەی رەنگـە زیانەکـە بگاتـە ئاسـتی دروسـتکردنی مەترسـیی لەسەر بوون و مانەوەی ئەو هێـزە لـە گۆڕەپانەکـەدا، یـان ئـەوەتا هەڵوێسـتێکی عــەقڵانی و مەنفــەعی (براگمــاتی) و نامەبـدەئی وەردەگـریٚ کـە بەرژەوەنـدیی سیاسـیی هێزەکـە دەسـتەبەر دەکـات، بـەڵام دژە بـە بنـەما ئەخلاقیـەکانی (بـۆ نموونە بزوتنەوەی تالیبانی ئەفغانستان ساڵی ٢٠٠١ شوێن پرنسیپەکانی کەوت و بن لادنی تەسلیم بە ئەمریکا نەکرد لە رووەوە کە پێی وابوو بن لادن لە تەنگانەدا یارمەتی گەلی ئەفغانی داوە و جائیز نیە چاکە بـە خراپـە وەڵام بدرێتـەوە، هـەر وەك جائیز نیە موسڵمانێك بە دیلـی تەسـلیمی هێزێکـی بێبـاوەڕ بکـەیت،، بەمـە مەبدەئیـــەتی خـــۆی پاراســـت بـــەڵام دەســـەڵاتەکەی لەدەســـت دا، خـــۆ گـــەر بەرژەوەندی بکردایەتـە پێـوەر و تەسـلیمی بکردایـە رەنگـە رزگـاری بووایـە لـەو نسکۆیە، بەڵام مەبدەئیتەکەی لە دەست دەدا. دەسەڵاتی سوریا بە پێچەوانەوە لە ترسی هەڕەشەکانی تورکیا عەبدولا ئۆجەلانی دەرکرد، بەوە خۆی لە مەترسی رزگـار کـرد، بـەڵام ئـەوە لەسـەر حسـابی فەرامۆشـکردنی پرنسـیپە ئینسـانی و شۆرششگێڕیەکانی بوو). ئەمە واقیعی حاڵی کارەکتەرەکانی دنیای سیاسەتە.

رەنگـە هـەر لـەم روانگـەوە بـووبیٚ کـە سـەعیدی نوورسـی وتویـەتی "ئـەو سیاسەتەی لەسەر بەرژەوەندی دامەزراوە دڕندەیەکی تۆقێنەرە".

فەلسەفەی زاڵ لە جیهانی سیاسەتی باوی ئەمڕۆدا، رەنگە رابردوویش هەر وا بووبیٚ، زیاتر فەلسەفەی خۆپەرستییە، ئاخر دنیای سیاسەت چێژ و دەسکەوتی تێدایە، چێژی کورسی و دەسەڵات و پارە و دەستەبەری ژیان و رێز و حورمەت و قوربان قوربان و دەیان دەسکەوتیتر. نابینیت چ شەڕێکی لەسەر دەکریٚ؟!

کـارکردن بـۆ بەدەسـتهێنانی ئەمانـە زۆر جـار لەسـەر حسـابی وەلاخسـتنی مەبدەئیەت و ئەخلاقیەت دەبیٚ، لەبەرئەوە کەس و گروپ و دەسەڵاتی مەبدەئی، کە ئیسلامیەکان خۆیان بە سەرقافڵەیان دادەنێن، ئەگەر زۆر بـە وریـایی هـەنگاو هەڵنەگرن و دارای فەلسەفەیەکی روون و رۆحیەتێکی پێشمەرگانە و سروشـتێکی

دنیانەویستانە نەبن سیاسەت وردە وردە لە بەها رۆحی و ئەخلاقیەکانیان رووت دەکاتەوە و سەرەنجام وایان لێدێ لەبری ئەوەی سیاسەتکردن ئامرازێکی تەندروست بێ بە دەستیانەوە بۆ گەیشتن بە ئامانجێکی رەوا، ئامرازەکە کودەتا بەسەر ئامانجەکەدا دەکات و خۆی دەبێتە ئامانج و خولگەی هەڵوێست و بریار و بەرنامەکانیان و هەموو شتەکانیان دەخەنە خزمەتی قایمکردنی پێگە سیاسیەکانیان و زیاترکردنی دەسکەوتەکانەوە.

ئا لەم کاتەدایە حزبی ئیسلامی وای لێدێ هەر بە راستی ئاین بۆ مەرامی سیاسی بەکاردێنێ.

لەرووی تیۆریەوە لای ئیسلامیەکان سیاسەت ئامرازە نەك ئامانج، هەروەها هەڵسورانی ئەو ئامرازەیش پێویستە لەگەڵ پرنسیپەکانی ئەو ئامانجەدا ناکۆك نەبێ. واتە ناکرێ ئامانج دروست و ئامراز نادروست بێ، لەبەرئەوە هەر کاتێك ئامراز گۆرا بۆ ئامانج و ئامانجەکە کرایە خزمەتکاری ئامرازەکە، یان ئامرازەکە بەشێوەیەك بەکارهات کە لەگەڵ پرنسیپە ئینسانی و رۆحیەکانی ئامانجەکەدا ناکۆك بوو ئەوە ئیدی ئەو ساتە دەبێتە خاڵی وەرچەرخان و سەرەتای هەرەسی ئامانجەکە و ئەو کەس و گروپ و دەسەلاتەی کاری بۆ دەکات. ئەمە بەو واتایە نیە کە ئەو کارەکتەرانە لەنێو دەچن یان لە رووی سیاسیەوە تووشی شکست دێن، نەخێر، بگرە رەنگە زۆر بەهێزیش بن، بەلام ئەو کیانە بەهێزە ناسنامەیەکیتری دەبێ جیا لەوەی سەرەتا هەیبوو یان ئیدیعای دەکات، با خۆیشی نکولی لەم گۆرانە بکات و بە خۆی بلێ کەس/حزب/حکومەتی ئیسلامی.

کەم نین ئەو کەس/حزب/دەسەلاتە ئیسلامیانەی ناوچەکە، بێگومان بە کوردستانیشەوە، کە ناوەرۆکەکەیان لە زۆرێك لەو پرنسیپانەی ئیدیعایان دەکرد و دەکەن خاڵی بووەتەوە و، لە هەندێ جیاوازی بچووك و شکلیدا نەبێ، وەك باقی کیانە نائاینیەکانیتر سیاسەت دەکەن و دەژین، بەلام هێشتا نکولی لەو خاڵیبوونەوەیە دەکەن.

ئەوە کە حزبێکی ئیسلامی، کە لە ئەدەبیاتە پەروەردەییەکانی شانەکانی ڕێکخستنەکانیدا باس لەوە دەکات سیاسەت تەنیا بەشێکی کەمە لە بواری بایەخپێدانی ئیسلام و پرۆژەی ئیسلامی و ئەو هەڵگری پەیامێکی هەمەلایەنەی رۆحی و فیکری و مەعریفی و کۆمەڵایەتی و ئابووری وئەخلاقی و شارستانییە، هێندە نغرۆی دنیا و چالاکییە سیاسەکانی دەبێ کە بەشەکانیتری لەبیردەچێتەوە تا ئەو رادەیەی زۆر پێی ئاساییە پێی بوترێ "ئیسلامی سیاسی"، بەڵگەی یەك لە دوو شتە: یان ئەوەتا راست ناکات کە دەڵێت پەیامەکەی من هەمەلایەنە و تەنیا سیاسەت نیە، یان ئەوەتا "گشت"ی بە قوربانی بەش" کردووە و پەیامەکەی لە بازاڕی سیاسەتدا هەرزانفرۆش کردوە، ئەم دوو حاڵەتەیش هەردووکیان نادروستن.

گەر بزاڤی ئیسلامی بوو بەو هێزەی خەمی سەرەکی ببێتە گرنگیدان بە کاروبارەکانی تایبەت بە حزبایەتی و دەسەڵات و پچڕاندنی پۆست و، بەرنامەی خۆی بەپێی پێداویستیەکانی ئەو دنیایە ڕێکخستەوە، ئەوە قەت ناتوانێ کاروانی مرۆڤدۆستانە و چاکسازیی ئیسلامەتی، کە نزیکی سەدەیەکە بزاڤی ئیسلامی لە سەرانسەری جیهاندا بانگەشەی بۆ دەکات، بگەیەنێتە مەنزڵ، چونکە لەبارێکدا ئەو رەهەندی سیاسەت بەسەر رەهەندە فەلسەفی و ئەخلاقی و رۆشنبیرییەکانی پرۆژەکەیدا زاڵ بکات ناتوانێ ببێتە جێنشینی ئەو جەماوەرەی لە گەندەڵی و تاکڕەوی و بێبەرنامەیی سیستەمە فەرمانڕەواکان هەراسان بووە، چونکە لەم حاڵەتەدا ئەو لەباتی ئەوەی ببێتە میراگری فیکر و شارستانێتی ئیسلامی، کە کەڵە زانا و بیرمەند و یاساناس و فەیلەسوف و کۆمەڵناسانی وەك شافیعی و حەنەفی و ئیبن سینا و فارابی و ئیبن روشد و ئیبن خەلدون و چەندینی تری بەرهەمهێنا، دەبێتە میراتگر و زیندووکەرەوەی دەسەڵاتی ئیسلامیی مێژوویی و رەمزەکانی دەسەڵاتی سیاسیی مێژووی ئیسلامی لە نموونەی مەعاویەی کوری ئەبوسوفیان و یەزید و ئەبوجەعفەری مەنسوور و حەجاجی کوڕی یوسف و

سـولّتانەكانی عوسمـانی و هنـدی كـە هــەزاران هــەزار موسـڵمانیان لـە پێنـاو كورسییەكانیاندا هەتك كردووە و كوشتوە. ئەو دەسەڵاتە مێژوویـە سـەرەتاكانی سـەردەمی راشـدینی لێدەرچـێت تەنانـەت جێـی رەخنـە و نـاڕەزایی ئوممـەتی ئیسلامیشە و كۆمەڵگەیئـەمڕۆ خـەون بـە دەسـەڵاتیكی تـاكڕەو و شمـولیی لـەو جۆرەوە نابینیّ و بۆ زیندووكردنەوەی ئەوەش متمانە بە ئیسلامیەكان نادات..

لێرەوە هەر كاتیّ بزاڤـی ئیسـلامی بـوو بـە بزاڤێكـی سیاسـیی رووت و نـاوی "ئیسلامی سیاسی" وەسفێكی راستەقینە بوو بۆ ماهیەتی ئەو بزاڤە، ئەوە بزانە ئەو بزاڤە نەك تەنیا خۆی لە رووی ئاینی و سیاسیەوە لە مەترسیدایە بەڵكو جێی مەترسیشە بۆ ئەو كۆمەڵگەیەش كاری تێدا دەكات و چاوی لەوەیـە سـبەی یـان دووسبەی جڵەوی دەسەڵاتی تێدا بگرێتە دەست.

**هەفتەنامەی ( یەكگرتوو ) ژمارە: ٤٢٠ لە ٢٠٠٣/١/٣**

*****    *****

## حزبی کوردی
## لەنێوان عەلمانیەتی عەفەوی و فەلسەفیدا

ئێمە کە باس لە عەلمانیەتی حزبە عەلمانیەکانی کوردستان دەکەین، دەبێ لە بەکارهێنانی ئەو سیفەتەدا جیاوازی بکەین لە نێوان ئەو حزبانە وەك ئەو نوخبە رۆشنبیر و سیاسیەی کە دارێژەری فیکر و سیاسەت و گوتاری حزبەکانە و، لە نێوان ئەو حزبە وەك بارستەیەکی کۆمەلآیەتی کە توێژێکی دیاریکراو، زۆر تا کەم، لە هاولآتیانی ئەم ولآتە لە دەوری خڕبوونەتەوە.

لە راستیدا وەسفی عەلمانیەت بۆ ئەو حزبانە لە ئاستی یەکەمدا بە رێژەیەك راست و بابەتییە، بەلآم لە ئاستی دووەمدا زەحمەتە بتوانرێ ئەو سیفەتە بکرێتە پێناسە بۆ ئەو حزبە لانی کەم لە رووی عەلمانیەتی فەلسەفیەوە، چونکە بەشی زۆری ئەو خەلکە وەك پرۆژەیەکی عەلمانی-بە مانا فەلسەفیەکەی- ئەو حزبەیان هەلنەبژاردوە، بەلکو زیاتر وەك پرۆژەیەکی رزگاریخوازی نەتەوەیی هەلیانبژاردووە بێ ئەوەی پێیان وابێ یان ئیقراری ئەوەیان کردبێ ئەم رەوتە لە ئاینداریان کەم دەکاتەوە.

دەکرێ هەندێ کەس وەك عەلمانیەتێکی عەفەوی، بەو مانایەی کە حزبێکە داوای ئیلتیزاماتی دینیان لێناکات، قبولیان بێت، بەلآم ئەستەمە وەك عەلمانیەتێکی فەلسەفی هەلیان بژاردبێ، چونکە عەلمانیەتی فەلسەفی پرۆژەیەکی فیکری و مەعریفییە و بۆ ناسین و پەسەندکردنی پێویست بە ئاستێکی گونجاو لە هۆشیاری فیکری و مەعریفی هەیە کە رەنگە لای زۆرێك لە جەماوەر ئەو ئاستە بەدی نەهاتبێ، زۆرێك لەو جەماوەرە هەر نازانن عەلمانیەت و فیکری عەلمانی و مۆدێرنە چین؟، زۆرێکیان-گەر نەلێین هەمووی- هێشتا زۆر لە رسوم و ئەرك و بەرپرسیارێتییە یاسایی و کۆمەلآیەتیەکانی بەپێی شەرع پەیرەو دەکەن وەك ژن و ژنخوازی و چارەسەری کێشە و ناکۆکیەکان و

بەشـکردنی مـیرات و ماڵبەخشـین و زەکاتـدان و...هتـد. لێرەشـەوەیە کـاتێ ئیسلامیەکان بە زمانی دین خەڵك دەدوێـنن گوتارەکـەیان کاریگـەری لەسـەریان بەجێدێڵێ.

ئەگەر عەلمانیەت بە کورتی و بە سادەیی و بـە پێـی میانـەڕەوترین جـۆری، پێناسە بکەین بەوەی بریتیە لە "خۆنەبەستنەوە بە ئاینەوە لە ژیاندا و داڕشتنی شـێواز و هەڵسـوکەوت و رەفتـار بـە بـێ لەبەرچـاوگرتنی هەڵوێسـتی ئـاین لـەو بارەوە"، ئـەوا مێـژووی عەلمانیـەت بـۆ قـووڵایی مێـژوو نـەك بـۆ ئـەم سـەدانەی دووایی دەگەڕێتەوە.

لە مێـژوودا و لـە دواکـەوتووترین کۆمەڵگـە و سـەردەمدا هەمیشـە خـەڵکانێك هەبوون کە ژیانی خۆیـان لـە ژێـر رۆشـنایی رێنوماییـە ئاینیەکانـدا رێکخسـتووە، هەروەها خەڵکانێکیش هەبوون کە بێباوەڕ یان لانـی کـەم ناپـەیوەست بـوون بـە رێنماییە ئاینیەکان و تەنیا عەقڵ و حەزی نەفس و بەرژەوەندی تایبـەتی خۆیـان هەڵیسوڕاندوون، بەپێی قورئان بەشی زۆری خەڵك بێباوەڕن (وما اکثر الناس ولو حرصـت بمـؤمنین)، مێـژووی پێغەمبـەران مێـژووی ململانێـی نێـوان ئـەم دوو رەوتەیـە: رەوتـی باوەڕدار(الایمـان)+ رەوتـی بێبـاوەڕ(الکفر) و نامولتـەزیم (نامولتەزیم لە چەشنی قابیلی کوڕی ئادەم کە گەرچی باوەڕداریش بوو بەلاَم بێ ئیلتیزام بوو بە فەرمانە خواییەکان و براکەی خۆی–هابیل–ی کوشت، هـەروەها وەك براکانی یوسف پێغەمبەر–سەلامی خوای لێ بێـت–کـە گەرچـی بـاوەڕداریش بوون بەلاَم ئەو کارەساتەیان بەسەر براکەیاندا هێنا).

بەلاَم ئـەم عەلمانیەتـە دێرینـە جیـاواز بـووە لـەم عەلمانیەتـەی ئێسـتا، ئـەو عەلمانیەتە دێرینە –مەگەر لە حاڵەتی دەگمەندا– دەنا عەلمانیەتێکی عەفەوی و سادە بووە، بەو مانایەی کە بێ ئیلتیزامیەکەی بە دینەوە پشت ئەستوور نەبووە بـە بیرکردنـەوە و لێکدانـەوە و پاسـاودانێکی مـەعریفی، بـەڵکو بڕیـارێکی–کـورد وتەنی–هاکەزایی و زەوقی و عەفەوی، یان لە باشـترین حاڵەتـدا پشـت ئەسـتوور

بـووه بـه بیروبـاوەڕێکی سـاده و نافەلسـەفی، کـه تـا ئـەمڕۆیش ئـەم تـەرزه عەلمانیەته بە شێوەیەکی بەربڵاو هەیە.

ئەو خەڵکه موسڵمانەی وەك بۆماوه هەڵگری بیروباوەڕی ئیسلامن و باوەڕیان پێیەتی و موفرەدەکانی بە پیرۆز دادەنێن بەڵام گوێ بە دیـن و دینـداری نـادەن، یان تەنها پەرستشه ناسراوەکانی وەك نوێژ و ڕۆژوو ئەنجام دەدەن، یان تەنیا لە ڕەمەزانانـدا دەیانکەن، بە کورتی بە کردەوه بێ موبالاتن بـه دیـن، هـەڵگری ئـەم جۆره عەلمانیەتەن، بەڵام عەلمانیەتێکی عەفەوییه نـەك فەلسـەفی، چـونکه ئـەو کەسانه زۆرجار هەر ناشزانن عەلمانیەت چییه و بێ ئیلتیزامیەکەشیان دووره لـه هەڵوێستی فەلسەفی، لەبەرئەوەیه زۆرجار بە بیستنی وتـارێکی ئـاینیی کاریگـەر (١٨٠) پلە قەناعەتیان دەگۆڕێ و ڕوودەکەنه دینداری.

ئێستا بەشـی زۆری بنکـەی جـەماوەری حزبـه عەلمانیـەکان لـه کوردسـتان و وڵاتانی ئیسلامی لەم جۆره عەلمانیانەن، چـونکه ئـەو جـۆره خەڵکـە، ئەگەرچـی خۆیشیان بە باوەڕدار دەزانن بەڵام ناتوانن لەگـەڵ کۆمـەڵێك هەڵبکـەن کـه داوای وابەستەبوونیان بە ئەرك و پێداویستییه ئاینیەکانیانەوه لێ بکات، هەر ئەمەیشـه تەنانەت وا لە سەرکردەکانی ئە حزبانەیش دەکات کە وا نیشان بـدەن ئـەوان لـه وابەسته دڵسۆزەکانن بە ئاینەوه.

بەڵام ئەوەی ئەمڕۆ پێی دەوترێ (عەلمانیەت) عەلمانیەتێکی فەلسەفییه نەك عەفەوی، هەڵوێستێکی فیکری و مەعریفییـه بەرامبـەر بـه بـوون و ژیـان و دیـن و ئەخلاق و سیاسەت و...هتد، کە چـەندین بیرمەنـد و فەیلەسـوف و قوتابخانـەی فیکری بۆ ماوەی چەندین سەده کاریان تێداکردوه تا گەڵاڵەبووه.

عـەلمانیبوونی ئـەو نوخبـه ڕۆشـنبیر و سیاسـیەی کـه عـەقڵی داڕێـژەر و هەڵسوڕێنەر و دامەزرێنەری حزبەکانه لەم جۆره عەلمانیەتەیە، ئیلتیزام نەکردنی ئـەم نوخبەیـه بـه ئاینـەوه هـەر ئیلتیزامنەکردنـە، بـەڵام پاڵنـەر و هـۆی ئـەم

ئیلتیزامنەکردنـەی نوخبـەی ڕۆشـنبیر و سیاسـی عـەلمانی بـە دیـن، جودایـە لـە پاڵنەری ئیلتیزامنەکردنی خەڵکە عامەکە، چونکە نوخبە ڕۆشنبیرەکە بیرکردنەوە و قەناعەت و جیهانبینیەکی فەلسەفی وای لێکردوە بێ ئیلتیزام بـێ بـە دینـەوە، بـەلاّم پەبەندنـەبوونی خەڵکەکـە ڕەنگـە لەبـەر لێنـەبڕان یـان بێموبـالاتی یـان هۆگەلێکیتری نافەلسەفییەوە بێ.

( **یەکگرتوو** ) **ژمارە ٤١٤**

* * * *

## عةلمانيةت لة نيَوان (ويَنة) و (ويَنا) دا *

روناكبيرانى عەلمانى ئەم ناوچەيە پاش هەرەسى سيستمە عەلمانييە تاكڕەو و ديكتاتۆرەكانى ئەوروپاى رۆژهەلات و بالادەست بوونى سيستمى عەلمانيى ليبرالى خۆرئاوا، كە ديموكراسيەتى بەرقەرار كردوە، لە هەولى ئەوەدان بە جەماوەر و تەييارە ناعەلمانييەكان بسەلمێنن كە عەلمانيەت يانى ديموكراسيەت و فرەلايەنى و قبولكردنى جياوازيەكان و ئازادى فيكرى و سياسى و لێرەشەوە نكولى دەكەن لەوەى رژێمە عەلمانييە مۆدێرنەكانى ئەم ناوچەيە، بە كۆنترين ئەزموونى عەلمانى ناوچەكەشەوە كە توركيايە، عەلمانى بن، چونكە ديموكراسى نين.

ئەمە لەكاتێكدا بە درێژايى دەيان سالى پێشوو، كە تەرزێكى ديكەى جيهانى لە عەلمانيەت –كە عەلمانيەتى رژێمە سۆسياليستييە تاكڕەوەكانى ئەوروپاى خۆرهەلات بوو– لەجيهاندا بە شێوەيەكى مەركەزى و ناديموكراسيانە حوكمى دەكرد، قەت نكولى لەوە نەدەكرا كە رژێمەكانى ميسر و تونس و جەزائير و عێراق و سورياو ئێرانى شاهەنشاهى و...هتد رژێمى نادينى (عەلمانى)ن، كەس نكولى نەكردووە لەوەى كۆمارى نوێى توركيا كۆمارێكى عەلمانييە و ناديموكراسى بوونيان نەكراوەتە بەلگەى ناعەلمانى بوونيان.. ئاخر (عەلمانى بوون) پێش ئەوەى هەلوێست بێ لە هەر شتێك، هەلوێستێكە بەرامبەر بە ئاين، ئەگەر (عەلمانى بوون) دژە چەمكێكى هەبێ، بريتيە لە (دينيبوون) ئيدى ئەو

---

* واتە (العلمانية بين الصورة والتصور)، وێنە: تابلۆيەكى بەرهەست و لەبەرچاوانە و هەموولا لەسەر ديمەن و پێناسەى كۆكن، بەلام وێنا: وێنەيەكى زياتر خەياليية و زەينى مرۆڤ بە پشت بەستن بە خەلفيەتێكى تايبەت بۆ شتێكى دەكێشێ، كە وەهم و حەز و (تەحەيوز) دەورى تێدا دەبينن.. بۆ نموونە وێنەى ئيسلام لاى موسلمانێك (وێنا) جودايە لە وێنەكەى لاى ناموسلمانێك. بۆ شتەكانيتريش هەر وايە.

دینه هەر دینێك بێت، جگە لە (دینیبوون) چ چەمكێكی دیكە هەیە كە بەرامبەر و دژ (ئـەنتی) عەلمانیـەت بـێ، (ئـەنتی)ی دیموكراسـیەت دیكتاتۆریەتـە، ئـەی (ئەنتی)ی عەلمانیەت چییە؟

هەندێ لە ڕۆشنبیرانی كوردستان پێیان وایە "فەلسەفەی عەلمانیەت قۆنـاغی ئینفیعالیەتی تێپەڕاندوە و لە كاملّ بوون نزیك بووەتـەوە، بـەوەی دوا پێناسـەی بووەتە: ڕێكخستنەوەی پەیوەندیەكانی دین و دەوڵەت و حاڵەتە توندڕەوانەكـەی جارانی– كە ڕەتكردنەوەی گشت ڕەهەندێكی ڕۆحانی بوو– بەجێهێشتوە".

عەلمانیـەت فەلسـەفەیەكە، بـەلاّم یـەك فەلسـەفە نیـە، بـەڵكو دەكـرێ بلّـێین ڕۆحیـەتێكی تایبەتـە كـە كۆمـەڵێ ڕێبـازی فەلسـەفی، كـە جیهانبینیـەكی ماتریالیستیی دنیەوییان هەیە، لە ژێردا كۆدەبنەوە. بۆیە نـاكرێ بـێ پێشـەكی و پۆلبەنـدیكردن بلّـێین (عەلمانیـەت) و ئـەنجا حـوكمی لەسـەر بینـا بكـەین. جۆرۆفیتش دەڵـێ: "لاتوجد مجتمع، بل توجد مجتمعات"، بـە هـەمان شـێوە دەتوانین بلّێین: "لاتوجد علمانية، بل توجد علمانيات "[1].

* ماركسـیەت بناغـەی خـۆی لەسـەر فەلسـەفەیەكی ماتریالیسـتی ئیلحـادی دامەزراند. ناكرێ ماركسیزم بە فەلسەفەیەكی عەلمانی دانەنرێ مادام هەڵوێسـتی بەرامبەر ئاین ڕیشەیی و دژە.

* ئۆگەست كۆنت دامەزرێنەی فەلسەفەی وەزعیەت (پۆزەتیڤیزم)، پێی وایـە قۆنـاغی پـۆزەتیڤیزم كـە پـاش قۆنـاغی لاهـوتی و میتـافیزیكی دێـت بـە پێـی دابەشكردنەكەی ناوبراو، دواقۆناغ و پەرەسەندووترین قۆناغی عـەقڵی بەشـەرییە و ئاین بووەتە بەشێك لە زەمەنی ڕابـردوو[2]. نـاكرێ پـۆزەتیڤیزمی كـۆنتی بـە عەلمانی دانەنێین مادام هەڵوێستێكی ڕادیكالیی لە ئاین هەیە.

---

[1] العودة الى الذات، د.علي شريعتي ل٢٧٤ .

[2] عصر الايديولوجيا، هنري ايكن، ل١٤٢–١٦٣ .

* فرۆید هـەموو رێـرەوە ئاینیـەکانی بـە وەهـم دادەنـا(٣). ئایـا فرۆیـدیزم عەلمانی نیە..؟

* وجودیـەتی ماتریالیسـتی (نـەك ئایدیالیسـتی)، سـەرەتا لەسـەر دەسـتی نیتشەو دواتریش لەسەر دەستی سارتەر جاڕی (مـەرگی خـوا! (یـان دا(٤))، ئایـا وجودیــەت فەلەســەفەیەکی عــەلمانی نیــە مــادام ئیلحادییــە؟ پوچــگەرایی و هیچگەرایی(نەهلیسیزم)یش هەر وا..

یـان ئایـا جـاڕی مـەرگی ئـەم فەلسـەفانە لـە واقیعـدا دراوە و بـە یـەکجاری چوونەتە مۆزەخانەی مێژووەوە تـا بـوترێ عەلمانیـەت ئەوانـەی تێپەڕانـدوە، لـە کاتێکدا فیکر و فەلسەفە دەچێتەوەیەك، بەڵام بە یەکجاری نامرێ.

ئـەم فەلسـەفە عەلمانیانـە، وەك فیکـر هـیچ شـەرعیەتێکیان بـۆ بـوونی ئـاین نەهێشـتوەتەوە، بـەڵام ئایـا مەرجـە ئـەم حەددیەتـە لـە سیاسەتیشـیاندا رەنـگ بداتەوە؟ ئایا ئیلحادیەتی فیکر، بە زەرورەت دیکتاتۆریەتی سیاسیی ئیلحادی لێ دەکەوێتەوە؟.

لـە راسـتیدا–بـە بۆچـوونی بەنـدە– عەلمانیـەتی (تونـدڕەو) و (میـانڕەو).. (ئینفیعـالی) و (کامـڵ)، لەسـەر ئـەم ئاسـتەی دووایـی، واتـە لەسـەر ئاسـتی عەلمانیەتی سیاسـی یـان سیاسـەتی دەسـەڵاتی عـەلمانی، وجـودی هەیـە، نـەك لەسەر ئاستی فیکـر و فەلسـەفە، چـونکە فەلسـەفە لێکدانـەوە و ئـەنجامگیری و قەناعەتی فیکری و مەعریفییە و سـیفەتی تونـدڕەوی و میـانڕەوی نادرێتـە پـاڵ، کاتێکیش بە (کامڵ بوو) ناودەبرێ کە بە یەکجاری قۆناغێکی تێپەڕانـدبێ، بـەڵام ماتریالیستی فەلسەفی –ئیلحادی– هەزاران ساڵە لە حاڵەتی مەدد و جەزردایـە و

---

(٣) بڕوانە: مستقبل وهم، سيغموند فرويد.

(٤) هكذا تكلم زرادشت، فريدريك نيتشه، ت: فيليكس فارس،ط١ لا ٣٢ ./ مابعد اللامنتمي، كولن ولسن لا ١٢٦ .

جاڕی مەرگی نەدراوە.. واتە ئەگەر کامڵبوون نزیکبوونەوەیەکی ئەبەدی بێ لە رۆحانیەت وا بزانم ئەوە هێشتا رووی نەداوە. بگرە لایەنگریشیان لە ناو روناکبیرانی ناوداری دەوروبەرماندا ماوە(٥).

ئەو فەلسەفانەی باسکران هێشتا هێڵە ستراتیژیەکانی مەرجەعیەتی فیکری خۆرئاوا پێکدێنن، ئەوەندە هەیە خۆرئاواییەکان لە تێڕوانینیاندا بۆ چۆنێتی پیادەکردنی عەلمانیەت لە واقیعی فیکری و سیاسیدا دوو ئاراستەی سەرەکی و دژیان گرتۆتە بەر: لە بلۆکی لیبرالی خۆرئاوادا عەلمانیەت بناغەی سیستەمی سیاسی و ئابوری و کۆمەلآیەتییانە، بەلآم لە روانکەی باوەڕیان بە ئازادی و ئیرادەی تاك بواری ئەوەیان داوە مرۆڤ لە سنوری ژیانی تاکەکەسی خۆیدا ئایندار بێ و ئەو مافەی بپارێزرێ، بەلآم لە بلۆکی سۆشیالیستی و یەکێتی سۆڤیەتی جاراندا لە رێی سیستەمێکی دیکتاتۆریانەوە هەوڵ دەدرا کە ئیلحاد بە زۆر بسەپێنرێ و هیچ بوارێك بە بوونی ئاین نەدرێ.

بەم پێیە دەبینین توندڕەوی و میانڕەوییەکە پەیوەندییان بە (فەلسەفەی عەلمانیەت)ەوە نیە بەڵکو پەیوەندییان بە سیاسەتی دەسەلآتی عەلمانیەوە هەیە. بۆ نموونە کەسێك لەرووی فیکریەوە مولحیدێکی تەواوە، ئەم کەسە دەکرێ لیبرالی بێ و لەگەڵ بوونی ئاین لێبوردە بێ، هەر وەك دەکرێ لەبەرامبەر بوونی ئاین رادیکاڵ بێ و هەر نەرمییەك لەو رووەوە بە تاوان بزانێ. وەك دیارە ئەوەی جیاوازە مەنتیقی سیاسەت و ئیدارەیە نەك فەلسەفە. ئەمە بۆ سیستەم و دەسەلآتەکانیش هەر وایە.

لە واقیعدا جیاوازی نێوان دەسەلآتە عەلمانیەکانی خۆرئاوا و رژێمە عەلمانیەکانی لای خۆمانیش زیاتر لە سیاسەتەکەیاندایە، لەوێ سیاسەتێکی

---

(٥) بۆ نموونە بڕوانە: العلمانية من منظور مختلف، د.عزيز العظمة، کە لە ساڵی ١٩٩٩ چاپکراوە/ هەروەها بڕوانە : ذهنية التحريم، د.صادق جلال العظم.

لیبرالی و دیموکراسییە، لێرە سیاسەتێکی تۆتالیتاری توندڕەو و تاکڕەوە. دەنا لە رووە فەلسەفیەکەوە مەرجەعیەتی فیکریی ئەوانەی ئێرەش، ئەگەر فیکریان هەبێ، هەر سەرچاوە تەئسیسیەکانی ئەوێیە.

ئەوە کە عەلمانیەت بریتی بێ لە "رێکخستنەوەی پەیوەندییەکانی دین و دەوڵەت و رێگرتن لە ئیستیغلالکردنی دین لە لایەن سیستمی سیاسیەوە"، نوێترین پێناسەی نیە، بەڵکو ئەوە دەربڕینێکی ترە بۆ هەمان پێناسە کلاسیکیەکەی عەلمانیەت کە (جیاکردنەوەی دین لە سیاسەت و دەوڵەتە). ئەی ئەم پێناسەی دوایی لە شیکردنەوەی کۆتاییدا جگە لە رێکخستنەوەی کاروبارەکانی دەوڵەت بە شێوەیەکی جیاواز لەو شێوەیەی لەسەردەمی حوکی ئاینیدا بووە، بەوەی کایەی کاری ئاین لە سنوری پەیوەندییە ستونیەکەی نێوان مرۆڤ و خواوەندیدا حەسر بکرێ تا ئاین جێکەوتی لەسەر سیاسەت و لایەنە کۆمەڵایەتیەکانیتر نەبێ، چی دیکەیە؟ ئەی ئاخۆ پاساوی کلاسیکی و نوێی عەلمانیەکان بۆ شەرعیەتدان بە جیایی دین لە سیاسەت تەنها ئیستیغلال نەکردنی دین نیە بۆ ئامانجی سیاسی؟

لەراستیدا حسابکردنی زۆرێك لە چالاکییە بەشەرییەکان بۆ عەلمانیەت لە خۆرئاوا و، لەسەر عەلمانیەت لە خۆرهەلآت، وای کردوە کە تەمومژ لەسەر وێنەی عەلمانیەت لە زهنی ئێمەدا–واتە وێنامان بۆی– دروست ببێ.

بۆ نموونە ئەوە کە عەلمانیەتی خۆرئاوا کۆمەڵێ بەهای ئینسانی و پێشکەوتنخوازی وەك عەقلآنیەت و زانستخوازی و ئینسانیەت(هیومانیزم) و لێبوردیی و گرنگیدان بە ژیانی دنیا و پێشخستنی و.. گەشەپێدا و شارستانێتی خۆرئاوای بەرهەم هێنا لای هەندێ کەس وا فام دەکرێ وەك ئەوەی عەلمانیەت یەکسان بێ بەو بەهایانە و ئەو بەهایانە رەگەزە بونیەوی و پێکهێنەرەکانی فەلسەفەی عەلمانیەت بن، پێیان وایە عەلمانیەت یانی عەقلآنیەت، لێبوردەیی، زانستخوازی، دیموکراسیەت، ئینسانیەت، رەفاهیەت. لێرەشەوە رژێمە

عەلمانیەکانی جیهانی ئیسلامی بە عەلمانی دانانێن مادام دیکتاتۆر و تاکڕەو و دواکەوتوون.

ئێمە دەبێ جیاوازی بکەین لە نێوان عەلمانیەت وەك ماهیەتێکی فەلسەفی (عەلمانیەت لە خۆیدا)، لەگەڵ عەلمانیەت وەك کارو بەرهەم.

عەلمانیەت لەخۆیدا هەڵوێستێکە لە ئاین، لای سەرووی بە بێ بناغە و ناڕاست زانینیەتی و لای خواریشی ئەوەیە پێت وابێ راستیەکی تێدایە بەلاّم تەنها بۆ گۆشەیەکی تەسکی ژیان دەشێ. کەسێك یان سیستمێکی سیاسی بە عەلمانی دانانرێ گەر ئاین بکاتە بناغەی سیستمە سیاسی و ئابوری و کۆمەلاّیەتی و فەرهەنگیەکانی با لە ئاستێکی بەرزی پێشکەوتن و دیموکراسیەتیشدا بێ.. ئەمە عەلمانیەتە لەخۆیدا و وەك خۆی.

هەرچی ئەو سیاسەتەیە کە سیستمێك دەیگرێتەبەر بەرامبەر ئاین لە رووی توندی و هێمنییەوە، ئەوە (کاری عەلمانیەکان)ە کە پەیوەندی بە مرۆڤەکانەوە هەیە و پەیوەندیەکی ئۆرگانی و بونیەوی بە عەلمانیەت وەك فەلسەفەوە نیە، بە بەڵگەی ئەوەی کە هەر لە عەلمانیەت دیموکراسیەت و پێشکەوتن، هەروەها دیکتاتۆریەت و دواکەوتنیش بەرهەم هاتوە.

بە هەمان شێوە بەهاکانی عەقلاّنیەت و دادگەری و ئینسانیەت و لێبوردەیی و ئاشتی و ئارامی لەگەڵ عەلمانیەت (لازم و مەلزوم)ی یەك نین، بە بەڵگەی ئەوەی کە هەر لە سایەی عەلمانیەتدا دواکەوتن و شەڕوشۆڕ و نائارامی و وەحشیگەرییش بەرهەم هاتوون. نابینی دوو گەورەترین جەنگی خوێناوی لە مێژوودا لە سایەی عەلمانیەتدا روویان داوە. هەر لە سایەی عەلمانیەتدا مرۆڤایەتی بەهۆی چەکە کۆکوژە بەرهەم هاتوەکانەوە لە دڵەڕاکێیەکی بێ کۆتادا دەژی.

کەس نکوڵی لەوە ناکات کە ئەو بەهایانەی سەرەوە لەسەر دەستی بزاڤی عەلمانی خۆرئاوا گەشەیەکی گەورەیان کرد، بێگومان رۆحیەتە عەلمانیەکەش دەوری خۆی بووە لە زیندووکردنەوەیان ئەگینا دەکرا مێژوو ئاراستەیەکیتر وەربگرێ، بەلاّم گەر بمانەوێ بزانین (عەلمانیەت خۆی، لەناو مێژووەکەیدا کامەیە) دەبێ جەوهەرەکەی لە عەرەزەکەی جیا بکەینەوە.. لێرەوە پێم وایە ئەو بەهایانە بەشێکی بونیەوی نین لە فەلسەفەی عەلمانیەت، چونکە گەر وا بووایە دەبوو لە هەموو زەمان و زەمینێ عەلمانیەت ئەو بەهایانەی بەرهەم بهێنایە. گەر وا نەبوو یان دەبێ بڵێین عەلمانیەت لە توانایدا نیە ئەو بەهایانە بەرهەم بهێنێ —کە ئەمەش بە رەهایی راست نیە چونکە لە خۆرئاوا بەرهەمی هێناوە—، یان دەبێ بڵێین عەلمانیەت خۆی شتێکە جودا لە بەهاکان و بەرهەمێنانی ئەو بەهایانە لەلایەن عەلمانیەتەوە تەنها (یەکێ) بووە لە رێگە و مومکیناتەکان بۆ بەرهەمهێنانیان.

بایەخدان بەو بەهایانە بەرەنجام و (مقتضى)ی مرۆڤبوونی مرۆڤن نەك عەلمانی بوون یان دینی بوونی: بەکارهێنانی فەلسەفیانە و نافەلسەفیانەی عەقڵ و هەستی مرۆڤدۆستی و تێکۆشان لە پێناو ئازادی و دادگەری و بەختەوەری مرۆڤ و باوەڕبوون بەم دنیا ماددییە و کاربۆکردنی و رق لێبوونەوەی زوڵم و ستەم و...هتد، میراتێکی هەزاران ساڵەی مرۆڤن و بۆ هیچ ئاین و رێبازێکی فەلسەفی رەوا نیە بڵێ هی منن، بەڵکو ئەوانە تەنها کاریان لەسەر کردوون، جا بە سەلب یان بە ئیجاب.

ئەگەر بڕیار بێ کارکردنی عەلمانیەت لەسەر ئەو بەهایانە و پەرەپێدانیان، ئەو بەهایانە بکاتە بەهای عەلمانی، ئەوە بە هەمان پێوەر دەبێ کارکردنی ئیسلامیش لەسەر ئەو بەهایانە و پەرەپێدانیان لە قۆناغێکی مێژووییدا بیانکاتە بەهای ئیسلامی، ئەوکاتە لە باتی ئەوەی لەو روانگەوە کە ئیسلامیش باوەڕی بەو بەهایانە هەیە هەندێ لە رۆشنبیرانی ئێمە—لە نموونەی حەسەن حەنەفی—

بلێن (ئیسلام ئاینێکی عەلمانییە)(٦)، لە پێشتر و راسترە کە بلێین: (عەلمانیەت رێڕەوێکی ئیسلامییە)، چونکە ئیسلام پێشتر هاتووە.

بەندە وای دەبینم ئەو بەهایانە لەبنەڕەتدا بەهای مرۆیین، نە ئاینین و نە عەلمانی، ئەوەندە هەیە ئەو دوو سیستمە کاریان لەسەر کردوون.

جیاوازی نێوان (عەلمانیەت لەخۆیدا) لەگەڵ (عەلمانیەت وەك کارو بەرهەم)، وەك جیاوازی نێوان (کەسایەتی مرۆڤ لە خۆیدا) و (کاری کەسایەتی مرۆڤ)ـە: لەوانەیە کەسێك دزی نەکات، بەڵام مەرج نیە لەبەر رێگری ئەخلاقی وا نەکات، بەڵکو لەبەرئەوەی لە سزای یاسا بترسێ، یان بۆی دەست نەدات، یان پێویستی پێی نەبێ، ئەگینا لەخۆیدا دزیکردن بە شتێکی ئاسایی بزانێ، لێرەدا دزنەبوون بەشێکی بونیەوی نەبوو لە کەسایەتی ئەو کەسە، بەڵکو ئەوە بەندە بە بارودۆخێکی تایبەتەوە، بۆیە ئەم کەسە دەکرێ دەستپاکی، هەروەها دەستپیسیش بەرهەم بهێنێ.

بەڵام دزی نەکردن بەشێکی بونیەوییە لە کەسایەتی مرۆڤی بە ئەخلاق، بۆیە ئەو مرۆڤە لەهەر کات و جێ و بارودۆخێکدا هەر دەستپاکە.

لێرەوە ئەو پێداگرتنە لەسەر یەکسانکردنی عەلمانیەت بە دیموکراسیەت و لەو روانگەوە نکولیکردن لە عەلمانی بوونی رژێمە باڵادەستەکانی ئەم ناوچەیە بە پێداگرتنێکی نازانستی و بێ پاساو دەبینم، چونکە گەر عەلمانی نەبن خۆ دینیش نین، ئەدی چین؟ دەکرێ تۆ عەلمانیەکی لیبرالی بیت و بڵێیت من عەلمانیەتێکی دیکتاتۆریم قبوڵ نیە، بەڵام ناتوانیت بڵێیت عەلمانیەت تەنها عەلمانیەتی لیبرالی و دیموکراسییە و عەلمانیی تاکرەو و نادیموکرات عەلمانی نییە، عەلمانیەت هەڵوێستێکی فیکرییە، بەڵام دیموکراسیەت جۆری مومارەسەیە، بۆیە دەکرێ حزبێك یان دەسەڵاتێك بە فیکر عەلمانی، یان بە

فیکر ئیسلامی، کەچی بە مومارەسە دیموکراسی، یان دیکتاتۆری بێ. ئەم ڕێسایە بۆ هەردوو قوتابخانەکە ڕاستە.

**بیرۆکەی ئەم وتارە لە (یەکگرتوو) ژ: ٣١٤ و ٣٤٤دا بڵاوکراوەتەوە**

# کوردستان له نێوان موریدانی سیستەمی عەلمانی و ئیسلامیدا

بۆ ئێمەی خەڵکی کوردستان گرنگە رێگە لە بەردەم بە ئاکام گەیشتنی جەدەلە فیکری و سیاسیەکانمان لەسەر مەسەلە ناکۆکی لەسەرەکان کورت بکەینەوە.، ئەویش بەوەی هەوڵ بدەین لەو خاڵەوە دەست پێبکەین کە غەیری ئێمە دوای ساڵانێکی زۆر لە جەدەل و ململانێ پێیگەیشتون، نەك لەو خاڵەوە کە ئەوان کاتی خۆی لێیەوە دەستیان پێکردوە. بەوە کات و کۆششێکی زۆرمان بۆ دەگەڕێتەوە.

بۆ نموونە ساڵانێکی دورو درێژ ئیسلامی و عەلمانی عەرەب و غەیری عەرەب جەدەلیان کردوە لەسەر ئەوەی ئایا ئیسلام سیاسەتی و حوکمی تێدایە یان تێیدا نیە؟ ئایا دەوڵەتی ئیسلامی دەوڵەتێکی مەدەنییە یان سیۆکراتی؟ ئایا عەلمانیەت دەرمانی دەردی جیهانی مەسیحییە بە تەنیا یان جیهانی ئیسلامیش ئاتاجی عەلمانیەتە؟ ئایا ئیسلامیەکان بە کردەوە هەڵگری بەرنامەیەکی رۆشن و هەمەلایەنەن بۆ ژیان یان تەنیا هەڵگری دروشمن و بە کردەوە پرۆژەیەکیان پێ نیە؟ ئایا راستە لە مێژوودا شتێك هەبوە بەناوی دەوڵەتی ئیسلامی کە هەڵگری ئەو تایبەتمەندییە شارستانی و مرۆڤدۆستانە و پێشکەوتوە بێ کە ئیسلامیەکان ئیدیعای دەکەن؟ ئەمانەو چەندین تەوەری دی.

لێرەدا دەپرسین: ئایا پێویستە ئیسلامی و عەلمانیەکانی کوردستانیش لە خاڵی سفرەوە هەمان جەدەل درێژە پێبدەن؟

بەندە وای دەبینم کە دووبارەکردنەوەی ئەو جەدەلە بە زمانی کوردی و لە فەزای کوردستانیشدا لە باشترین حاڵەتدا کات بە فیرۆدانە لە کارێکی بێهودە و بێ بەرهەمدا، چونکە ئەو جەدەلە لە جیهانە ناکوردییەکەدا هەنگاوێك دنیای ئەو نەتەوانەی نەبردۆتە پێشەوە. ئەوە هیچ کە جەدەلەکە نەبوەتە مایەی گۆڕینی وێناو تێگەیشتنی لایەکیان بۆ ئەویدیکەیان، لە هەمان کاتدا ئەو جەدەلە هەردوو

لای خافڵیش کردوە لە ئەرکی راستەقینەیان، کە لە واقیعدا رادەی سەرکەوتنیان لەو ئەرکەدا تاکە پاساوی ئەنجامدانی خودی ئەو جەدەلەیە و رادەی سەرکەوتن یان شکستی هەر لایەکیش لە بەجێهێنانی ئەو ئەرکەدا رادەی راستگۆیی و جەدوای پرۆژە و بانگەشەکەشی نیشان دەدات. ئەو ئەرکەیش بریتیە لە ئەرکی شڵەقاندنی گۆمی دواکەوتویی مۆزمینی ولاتەکانیانە لە بوارەکانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوری و فەرهەنگی و زانستی و بەشداریکردنێکی لانی کەم متەوازیعە لە بنیاتنانی ئەو شارستانێتییە هاوچەرخەدا.

وەرە دیقەت بدە بزانە هێزە سیاسیەکانی ئەو ولاتانە بە ئیسلامی و عەلمانیانەوە، چ لەوانەیاندا کە عەلمانی حاکم و ئیسلامی موعارەزەن وەك بەشی هەرە زۆری ولاتانی عەرەبی بە عێراق و هەرێمی کوردستانیشەوە، یان ئەوانەیان کە ئیسلامی حاکمن و عەلمانی تێیاندا لە دەرەوەن وەك سودان و سعودیە و ئێران و ئەفغانستانی تالیبان، چەند سەنتیمەتر ولاتەکانیان لە سنوورەکانی چوونە نێو مێژووی هاوچەرخ نزیك کردۆتەوە؟

هەر بەراستی سەرقافڵەن لە داگیرکردنی سەردێڕی هەواڵەکانی ئاژانس و دەزگاکانی هەواڵی دنیا، بەلاّم نەك لە باسی داهێنان و بڕینی ژمارەی پێوانەیی لە ئازادی فیکری و سیاسی و گەشەی ئابوری و خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی و داهێنانی زانستی لە ولاتەکانیاندا، بەڵکو لە لەشکرکێشی و پەلامار و کوشت و کوشتار و تەقینەوەو ئینقیلابات و ئەشکەنجەدان و گەندەڵی دارایی و ئیداری و هەڵبژاردنی کارتۆنی و خیتاباتی ئاگرین و..هتد.

عەلمانیەکان کە سەروبنی زمانیان پیاهەڵدانی قەدوباڵای عەلمانیەت و عەسا سیحریەکەیەتی لە کۆتایی هێنان بە پیرۆزکردنی سەرکردە و حزب و دەسەلاّت و، لە فەراهەمکردنی ئازادی و یەکسانی و کەرامەتی مرۆڤ و، لە دیموکراسیەت و پلورالیزم و گەشەی ئابوری و کۆمەڵایەتی و هەڵبژاردنی ئازاد و شەفافیەت و مرۆڤدۆستی و هتد، لە واقیعدا خۆیان یەکەم کەس بوون دژ بەو بەهایانە

وەستاونەتەوە. ئەزموونی دەسەڵاتیشیان لەبەرچاوانە، ئیدی خۆدزینەوە لە سەلماندنی ئەم واقیعە تاڵە بەوەی دەسەڵاتی فلان و عەلان هەر بە ناو عەلمانیە و تەمسیلی عەلمانیەتی راستەقینە ناکەن لە راستیدا جگە لە خۆ فریودان و ساویلکەخەڵەتێنی هیچی دیکە نیە. دەنا من چی لە باسی عەلمانیەتێکی یۆتۆپی و میسالی بکەم، کە وەك تەیری عەنقا هەر وەهم بێ و نە کەس دیبێتی و نە دەشیبینێ، دەست نەیگاتێ و ئەزموونی دەیان گروپ و تەیاری سیاسی بەیداخ هەڵگر و دڵسۆز بە عەلمانیەت نەتوانێ دایگرێتە واقیع؟ ئاخر کات کوشتن بە باسکردن و پۆزلێدان بەو عەلمانیەتەوە، چ مانایەکی هەیە؟

ئیسلامیەکانیش لەوان چاکتریان پێشکەش نەکردوە لانی کەم بە بەراورد بەو دروشمە گەورانەی بەرزیان کردۆتەوە. ئاخر ئەوان دەڵێن ئێمە لە هەموو ئەوانیدی جوداین چونکە پەیامی خوامان پێیە. ئەو خوایەی کە خاوەنی هەموو موعجیزەکانە. زاناو ئاگادارە بە تەواوی وردەکاریەکانی ژیان و مرۆڤ و گەردون و چاکترین و گونجاوترین بەرنامەی بۆ ژیانی مرۆڤ داناوە. کەسێك، گروپێك، دەوڵەتێکیش هەڵگری ئەم پەیامە بێ هەر دەبێ لەوانیتر جودا بێ ئەگینا ئیدی دیسان مرۆڤەکان زۆر بە ئاسانی پاساوی شکست و تاوانەکانیان دەدەن بەوەی ئەوانیش مرۆڤن. لە بارێکیشدا هەر مرۆڤ، نەك پەیامەکەی، سەنگی مەحەك و بریاردەر بێ لە سەرکەوتن یان شکستی بەرنامەو ئاینەکاندا ئیدی جیاوازیەك نامێنێ لە نێوان بەرنامەی ئاسمانی و زەمینی، یاخود بەهێزو بێهێزدا. ئیسلامیەکان لە هەموو ئەو ئەدەبیاتە فیکری و سیاسیەی لە ماوەی پتر لە سەدەیەکی رابردودا بەرهەمیان هێناوە ئیسلامیان وەك یۆتۆپیایەك پێشکەش کردوە کە نەك تەنیا ئەودنیای مرۆڤ مسۆگەر دەکات بەڵکو ئەم دنیاشی بۆ دەکاتە بەهەشت. واتە، بەپێی ئەم دروشمە بێ، پرۆژەی ئیسلامی بەدیلێکی شامیلە کە ئابوری و سیاسەت و کۆمەڵایەتی و ئەدەب و زانست و رێنیسانس و

شارسـتانێتیەکی بـێ وێنـە بەرهـەم دێنـێ کـە لـە توانـای هـیچ قوتابخانەیـەکی فیکریدیکەدا نەبێ.

ئەمە کرۆکی پرۆژەکەیە و تائێسـتاش لـە روی تیۆریـەوە درێـژەی پێـدەدرێ (چەند هەفتەیەك پێش ئێستا لە یەکێ لە وتارەکانی هـەینی، کـە خـۆم ئامـادەی بوم، مامۆستا راشکاوانە وتی: کاکە دەوڵەتی ئیسلامی خانیەکی چاکت دەداتـێ، معاشەکی چاکت دەداتێ؟ ژنێکی چاکت لۆ دێنی، سـەیارەیەکی چـاکت دەداتـێ، ئیدی چت دەوێ؟!). کورد دەڵێ: "دەمە، چیت لێ کەمە!!" .

بـەڵام ئایـا لـە واقیعـدا تـەیاراتی ئیسـلامی، کـە هەنـدێکیان دەسەڵاتیشـیان گرتۆتـە دەسـت، توانیـان ئـەم ئیددیعایـە بکەنـە واقیـع؟ کـوا ئـەو رێنیسـانس و ئازادیو رەفاهیەت و پێشکەوتن و دادگەریەی لە ئەدەبیاتەکەدا باسدەکرێ؟

بزاڤی ئیسلامی نەك نـەیتوانی کۆمەڵگەیـەکی نموونـەیی بەرهـەمبێنێ بـەڵکو تەنانەت شکسـتی هێنـا لەوەشـدا کـە قبـوولی جیاوازیـەکانی نێـو خـۆی بکـات و خوێنی یەکدی لەسەر جیاوازی بیرکردنەوە و بۆچـون حـەلاڵ نـەکات. زیـاد لـەوە زۆر جار نەیتوانیوە تەنانەت لە نێو یەك حزبیشدا تەحەمولی جیاوازیەکانی یـەکتر و تایبەتمەندییەکانی یـەکتر بکـەن و بەسـەر نەزعـەی دەسـەڵاتخوازی نێـو نـاخی کەسەکاندا زاڵبن. ئەو هەموو ئینشـیقاقاتە باشـترین بەڵگەیـە. هـەموو جـارێکیش پاساوی شکستەکان بەوە دەدەنەوە کـە ئـاخر فـلاَن کـەس و حـزب و دەسـەڵات تەمسـیلی ئیسـلام ناکـات و خەلـەل لـە مرۆڤەکانـە. بـەڵام ئایـا ئەمـە پاسـاوێکی مەعقولە بۆ تەیارێك کـە ئیـدیعای هـەڵگرتنی بـەدیلێکی شارسـتانی بـێ هـاوکوف دەکات؟

ئەمـە هـەمان مـەنتیقی عەلمانیەکانـە لـە مامەڵـەکردن لەگـەڵ عەلمانیەتـە میسالیەکەیان. ئاخر ئەگەر تۆ نەتوانی بە خەڵك بڵێیـت: کاکـە فلاَنـە تەجروبـەی سیاسـی نموونـەی ئـەو سیسـتمە ئیسـلامییەیە کـە تەمسـیلی بـەهاکانی ئیسـلام

دەكات و ئێمە كار بۆ بەدیهێنانی دەكەین، چۆن دەتوانیت ئیددیعای ئەوە بكەیت كە بەرنامەیەكی سەركەوتووت پێیە؟ ئـاخر ناوهێنـانی سـەردەمی راشـیدین وەك تاكە نموونەی پەسەندكراو بەدرێژایی ١٤٠٠ساڵ، لەراستیدا ئەگەرچی بە رواڵـەت بەڵگـەی ئیسـپاتی دەعـوای ئیسـلامیەكانە، بـەلاّم لـە راسـتیدا بەڵگـەی نـەفی و پووچەڵكردنەوەی ئەو دەعوایەیشی لێ دەخوێنرێتەوە، چونكە ئەگەر پـەیامێك، كە ئیمتیازی ئەوەشی هەبێ لـە ئاسمانـەوە هـاتوە، لـە مـاوەی پـتر لـە چـواردە سەدەدا تەنیا لە سی چل ساڵێكدا سەركەوتوو بوبێ لەوەی جێی خـۆی بكاتـەوە و بەرجەستە ببـێ ، ئـەوە بـە راسـتی ئـەوە هێنـدەی نیشـانەی شكسـتە هێنـدە بەڵگـەی سـەركەوتن نیـە و بانگەشـەیەكی لـەو شـێوەیە قـەت لـە بەرژەوەنـدی ئیسلامدا نیە.

لەبەرئەوە بابـا و حـزب و دەوڵـەتی ئیسـلامی یـان دەبـێ بتـوانێ نموونەیـەك پێشكەش بكات كە تێیدا تیۆر و پراكتیكی یـەكانگیر بـووبن، یـان نـابێ هەمیشـە شكستی پراكتیك بە گەورەیی تیۆر پاساو بـدات، چـونكە هـەر وەك چـۆن ئەگـەر دەرمانی نەخۆشیەك پاش بەكارهێنانی بۆ چەند حاڵەتێك سـوودی نـەبوو گومـان دەخرێتـە سـەر جـەدوا و سـوودی ئـەو دەرمانـە، ئـاواش شكسـتی چـەندبارەی پراكتیك گومان لەسەر خودی تیۆریش دروست دەكات،. واتە تیۆر و پراكتیك دوو دنیای جیا نین، بەڵكو شكستی هەر یـەكێكیان بـە سـەلبی بەسـەر ئەویدیكەشـدا دەشكێتەوە.

كاتێ بلۆكی رۆژهەلاّت هەرەسی هێنا ئیسلامیەكان نەیانوت ئەوە هەڵە بوو لە پراكتیكدا، بەڵكو پێیان وابوو هەڵە لە خودی تیۆرەكەدایە. خۆ دەكرێ پشـكێكی زۆری هەرەســـەكە شكســـتی پـــراكتیكیش بـــووبێ (وەك موردیـــدانی خـــودی فەلسەفەكە پێیان وایە)، بەلاّم عەرەب وتەنی (ان الناقد بصیر)، رەخنەگر بینایە و تیۆر بە بێ رۆڵ و پشك لە بەرپرسیارێتی شكستی پراكتیك دانانێ.

لێرەوەیە بۆ هەردوولا، ئیسلامی و عەلمانی کوردستان، گرنگە کە نەپرسن ئیسلامی یان عەلمانی کامیان باش و پێویستن. بەڵکو بپرسن: ئیسلامیەکانمان یان عەلمانیەکانمان چییان کردوە یان چییان پێدەکرێ بۆ کوردستان؟ ئەو کاتە هەر کامیان لە پراکتیك سەرکەوتن، بێشك ئایندە بۆ دنیابینی و پرۆژە و حزبەکەی ئەو دەبێ. هەرچی جەدەل لەسەر چەمکە تەجریدیەکانە، هەرا و زنایەکی زڕ و نەزۆکە.

**هەفتەنامەی (هاوڵاتی) ژ: ٤٣٤ لە ٢٦-٦-٢٠٠٨**

**** ****

## له پێناو ئازادیی فیكر و ئایندا

ئـــــاین، هــــــەر ئاینێـــــك بێــــــت، بەچاوپۆشـــــین لـــــــەوەی ئاخۆ سەرچاوەی دروستبوونی وەحـی ئیلاهییـە یـان فیكـر و ئـەزموونی مرۆیـی، لەوە دەرناچێ كە كۆمەڵێ تێڕوانین و وێناكردن و بیروباوەڕە بـۆ بـوون و ژیـان و كۆمەڵایەتی، كە ئیمكانی ئەوەی هەیە مرۆڤ باوەڕیان پێ بهێنێ یان باوەڕیان پێ نەهێنێ، چونكە ئەگەر ئاینێك لە زاتی خۆیشیدا هەڵگری بەهایەكی رەها بێ، ئەوا ئـەو بەڵگانـەی ئاینەكـە هەقیقـەتی خۆییـان پـێ دەخاتـە روو بـەلای عـەقڵی بەشەرییەوە بەڵگەی رێژەیین، واتە بەلای فیكر و عەقڵی بەشەرییەوە وەك یـەكێ لە ئەگەر و مومكیناتەكان نەك تاكە مومكین دەردەكەون.

بە دەربڕینێكیدی بەڵگەكان لەسەر راستیی بنەماكانی ئیمان لە هەر ئاینێكدا بەڵگـەی رەهـا نـین كـە عـەقڵی هـیچ مرۆڤێـك نـەتوانێ رەخنـەیان لـێ بگرێـت و باوەڕیان پێ نەهێنێ، بەڵكو سروشتی ئەو بەڵگانـە بەجۆرێكـە كـە دەكـرێ جێـی مشتومڕ و ناكۆكی بن و لەكاتێكدا هەنـدێ لـە مرۆڤـەكان دڵیـان بـەو بەڵگانـە ئـاو دەخواتەوە و ئیمانی پێ دێنن دەبینین ئەو بەڵگانە بەلای هەندێكیترەوە لاوازن و رەتیدەكەنـەوە. گـەر وا نەبوایـە دەبـوو هـەموو مرۆڤایـەتی لەسـەر یـەك ئـاین كۆببێتەوە، بەڵام وەك دەبینین چەندین ئاین و رێڕەوی فیكری سەرەكی و دەیان و سەدان ئاین و رێڕەوی لاوەكی لە دنیادا هەن و هەیانە هەزاران ساڵ تەمەنیەتی و هـەر یـەك لەوانـە ژمارەیـەكی زۆر تـا كـەم لـە چـین و توێـژی جیاجیـای خـەڵك باوەڕیان پێ هێناون.

ئـاخر قورئـان راشـكاوانە پێمـان دەڵـێ "**ومـا اكثـر النـاس ولـو حرصـت بمؤمنين**" واتە "بەشی زۆری خەڵك باوەڕ –بە ئاینی خوا– ناهێنن تەنانەت گـەر تۆ –ئەی محەمەد– زۆر بەتەنگ ئەمەیشەوە بیت و رەنجی بۆ بدەیت".

دیارە باوەڕهێنانی ڕاستەقینەیش بە هەر ئاینێك پێش لەوەی ملکەچکردنێکی کردەیی بێ بۆ فەرمان و ئەرکەکانی ئاینەکە، باوەڕهێنان و سوکنایی پێهاتنێکی قەلبییە. ئەو ئیمانەی کە بەبێ تێفکرین و قەناعەتی شەخسی و تەنیا وەك لاساییکردنەوەی ئاینی باوباپیران دروست دەبێ، کە ئیمانی بەشی هەرە زۆری شوێنکەوتووانی ئاین و ئاینزاکانی سەر زەوی لەو جۆرەیە، ئەگەر وردی بکەیتەوە "ئیمانهێنانە بە بڕیاری باوباپیرانیان" کە پێش لەوان بڕیاریان داوە شوێن ئەو ئاینە بکەون و ئەوانیش بە هەمان شێوە ئیمانیان بە بڕیاری نەوەی پێش خۆیان هێناوە تا دەگاتەوە سەر یەکەم بەرەباب کە ئاینەکە بۆ یەکەم جار لە نێویدا سەری هەڵداوە. خۆ ئەگەر باوباپیرانیان یان ئەو کۆمەڵگەیەی تێیدا چاویان کردۆتەوە و ئەلف و بێی ژیانی لێوە فێر بوون لەباتی ئاینی (ئەلیف) ئاینی (بێ)یشی هەبوایە ئەوە یەك لەدوای یەکەکان بەهەمان جێپێیاندا دەڕۆیشتن.

هەروەها ئەو ئیمانەی لەژێر زەبری ترس و ناچاریدا و دوور لەم باوەڕهێنانە خۆویستانەیە بێتەکایەوە باوەڕێکی ساختەیە، لێرەوەیە پەروەردگار بە سەرسوڕمانەوە لە پێغەمبەر دەپرسێ "**أأنت تكره الناس حتى يكون مؤمنين؟!**" ئایا تۆ زۆر لە خەڵك دەکەیت تا ببنە ئیماندار؟. واتە ئیمان بە زۆر دروست نابێ.

مەبەست لەمەی سەرەوە ئەوەیە کە ئەستەمە، گەر نەڵێین مەحاڵە، کۆمەڵگەیەك بدۆزیتەوە کەسانێکی تێدا نەبێ کە باوەڕیان بە ئاین یان ئاینزا یان ئایدیۆلۆژیای گشتیی کۆمەڵگەکە نەبێ، بەتایبەت لە کۆمەڵگە خوێندەوار و ڕۆشنبیرەکاندا.

لێرەدا باس لەوە نیە ئاخۆ پرنسیپەکانی فلانە ئاین چەندە لەگەڵ عەقڵ و بیرکردنەوەی زانستی و مەنتیقی و پەرەسەندنی بیروهۆشی مرۆڤدا سازن، یان ئایا ئەوانەی شوێنی کەوتوون چەندە بیروباوەڕەکەیان لە ڕوانگەی

لێکدانەوەیەکی عەقلانییەوە گەلاڵە کردوە، بەڵکو باس لەوەیە کە بەچاوپۆشین لە ماهییەتی ئاینەکان، ئاسمانی بن یان مرۆڤکرد، هەمیشە و لە هەموو کۆمەڵگەیەکدا کەسانێك دەبن کە دڵیان بە بەلگەکانی راستیی ئاینی کۆمەڵگەکەیان ئاو نەخواتەوە، کە کۆمەڵگەی کوردستانیش کە بەشی هەرە زۆری موسڵمانە لەم رێسایە بەدەر نیە.

ئەمە سروشتی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتییە و لە کۆندا وا بووە و ئێستەش هەر وایە و رەنگە لە ئایندەیشدا هەر بەو شێوە بمێنێتەوە.

لە سەردەمی بتپەرستیی پێش ئیسلامدا مێژوو ناوی چەندین کەسی لە کۆمەڵگەی عەرەبیی ئەو کاتەدا تۆمار کردوە کە بەبێ ئەوەی ئاینێکی ئاسمانیشیان بۆ هاتبێ جیاواز لە ئاینی کۆمەڵگەکەیان، کە بتپەرستی بووە، یەکتاپەرست بوون(بڕوانە: فقه السیرە، محمد سعید رمچان البوگی). کاتێ ئیسلامیش هات و تەنانەت لەو کاتەی کە پێغەمبەر (د.خ) خۆشی زیندوو بووە کەسانێك لە کۆمەڵگەی مەدینەدا هەبوون کە بە رواڵەت ئیمانیان هێنابوو بەلاَم لەناخەوە بێباوەڕ بوون و پێیان دەوترا دووڕوو (منافق) و سورەتێکی سەربەخۆ بەناوی (المنافقون) لە قورئاندا هەیە. هەروەها لە کۆمەڵگەی ئیسلامیی سەدەکانی دواتریشدا هەمیشە کەسانێك هەبوون کە بێباوەڕ بوون بە ئاینی کۆمەڵگەکە و مێژوو ناویانی تۆمار کردوە، لەوانە ئیبن ئەلراوەندی.

لە مێژووی کۆمەڵگە مەسیحییەکانیشدا هەمیشە خەڵکانی یاخی و بێباوەڕ هەبوون کە لەگەڵ هەموو شالاَوەکانی سەرکوتکردنیان لەلایەن دەسەلاَت و دامەزراوەی ئاینییەوە توانیویانە درێژە بە رەوتی تایبەتی خۆیان بدەن تا گەیشتە ئەوەی توانرا ئیمپراتۆریەتێکی جیهانی لەسەر بناغەی ئەو بێباوەڕییە بنیات بنرێ، کە ئەویش یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو بوو. لەناو ئەو ئیمپراتۆرییەتە ئیلحادییەشدا بە هەمان شێوە خەڵکانێکی زۆر هەبوون کە باوەڕیان بەو فەلسەفە و ئایدیۆلۆژیایە نەبووە ئەگەرچی بەتوندییش لێیان درابێ.

جا لەبارێکدا هیچ کۆمەڵگەیەك خاڵی نەبێ لە کەسانێك کە بێباوەڕن بە ئاین و فەلسەفەی گشتیی کۆمەڵگەکە، نکولیکردنی کۆمەڵگە و یاساکانی لە بوونی ئەو دیفاکتۆیە و سەرکوتکردنی سەردەکیشێ بۆ سەرهەڵدانی دیاردەیەکی ترسناك کە ئەویش دیاردەی دووڕووییە واتە (نیفاق). کاتێ بێباوەڕەکان بە ئاینی کۆمەڵگەی نالێبوردە ناتوانن بەئاشکرا ناخی خۆیان دەربڕن، ئەو راستییە لە ناخیاندا دەشارنەوە و وێنەیەکی درۆزن لە کەسایەتی خۆیان نیشانی کۆمەڵگە دەدەن و بەم کارەیان هەم کەسایەتیی خۆیان دەشێوێنن و هەم دەوروبەرەکەشیان فریو دەدەن.

دووڕوویی نەخۆشییەکی فیکری و دەروونییە، چەندە ژمارەی دووڕووان لە کۆمەڵگەیەکدا زۆر بێ هێندە ئەو کۆمەڵگەیە لاواز و نەخۆشە و نیشاندەری ئەوەیە کە مرۆڤ لەو کۆمەڵگەیەدا ئازادی لە قەیراندایە. ئەگەر هەموو کەسێك ئازاد بێ لەوەی رێبازی ژیانی خۆی دیاری بکات بەبێ ئەوەی ژیان و بەرژەوەندییەکانی بکەونە مەترسییەوە دووڕوویی سەرهەڵنادات.

مەترسی لە بوونی جیاوازیدا نیە، ئاینی خاوەن بنەمای پتەو بە بوونی رای جیاواز و ئاینی جیاواز ناکەوێتە مەترسییەوە. هەر ئەوە کە ئاینێك، یان وردتر بڵێین شوێنکەوتوانی ئاینێك قبوڵیان بێت ئەندامەکانی ئەو کۆمەڵگەیە لە قبوڵکردن یان نەکردنی ئاینەکەدا ئازاد بن گەورەترین سەرکەوتنە. خۆ ئەگەر ئەو ئاینە توانی بە زمانی دڵ و عەقڵ تەواوی ئەندامەکانی کۆمەڵگەیەك کەمەندکێش بکات ئەوە نوری عەلا نورە و پیرۆزی بێت، بەڵام ئەگەر ئەوە رووی نەدا ئەوە رەوا نیە بە زەبری چاوسوورکردنەوە زاری نەیارانی ببەستێ.

**هەفتەنامەی (یەکگرتوو)، ژمارە: ٤١٢ لە ١-١١-٢٠٠٢**

***** *****

## کاتێ بەرژەوەندیەکان دەبنە قوربانی خەونەکان

هەندێ جار کە مرۆڤ لە گەندەڵی و ناعەدالەتیەکانی ئەم مەملەکەتە پڕ دەبێت و چاوێك بۆ ئاسۆی رزگار بوون دەگێڕێ، بێئومێدی بە پیریەوە دێ، چونکە بەدیلێکی ئومێدبەخش بۆ ئەو دەسەڵاتە نابینێتەوە. بەش بە حاڵی خۆم لە حزبە ئیسلامیەکان بێئومێدبووم لەوەی لە حزبایەتی و سیاسەتکردنیاندا وابەستەی ئەو ئەخلاقیەتە بن کە لە ئەدەبیاتە پەروەردەییەکانیاندا بانگەشەیان بۆ دەکردو تائێستاش لە سەر ئاستی ئەڵقە سەرەتاییەکانی رێکخستنەکانیاندا، لە هەوڵێکی بێهودەدا، درێژەی پێدەدەن، دیارە بە هەمان شێوە و زەقتر لەوە لە حزبە نەتەوەییە-بەنێو عەلمانی و دیموکراتەکانیش، کە مەبەست بە پلەی یەکەم دوو حزبە حاکمەکەیە، بێئومێدین کە وابەستەی ئەو بەها نەتەوەییە-بان حزبیانە بن کە جاران و هێشتاش ئیددیعای دەکەن.

کاتێ حزبێکی ئیسلامی، کە هێشتا لە دەرەوەی دەسەڵاتە و مامەڵەی لەگەڵ کۆمەڵێ خەڵکی هاوهەست و هاوئایدۆلۆژیا و هاو خەمی ستراتیژیی ناو حزبەکەیەتی، ئیدی چ لەسەر ئاستی ئەڵقەکانی سەرکردایەتی بێ یان لەسەر ئاستی بنکە جەماوەرییەکەی، نەتوانێ سیاسەتێکی حەکیمانەی ئەوتۆ دابڕێژێ و لەسەری بچێ کە رێگە لە ناعەدالەتی و خزم خزمێنە و باڵباڵێنە و شارشارێنە و قۆرخکاری و چڵێسی و غرورو لوتبەرزی و لێکترازانی رۆحی و کۆمەڵایەتیی قیادەو قەواعیدو راکە راکەو ململانێی ناشەریف بەدوی پلەوپایەو چەندین ئاکاری ناحەزیدیکەی لەم جۆرە بگرێ، عەجەبەن چۆن دەتوانێ سبەینێ ئیدارەی کۆمەڵگایەکی پڕ لە جۆرەها گیروگرفت و بیروباوەڕ و ئاکار و نەفسیەتی ناکۆك بکات باشتر لەوانیدی؟

ئاخر ئەندامێکی بە جۆشی یەکێ لەو حزبانە رۆژێك بە پرتاو خۆی کرد بە ژوورداو بە کەیفەوە وتی: مامۆستا فلان (سەرۆکی حزبەکەیان) وا لە راگەیاندنە

دەڵێ: (خەمتان نەبێ بەخوا ئەوروپایش رزگار دەکەین!). ئەمە لە کاتێکدا حزبەکەی مامۆستا بە دەست ناکۆکی باڵە نێوخۆییەکانیەوە بڕستی لەبەر بڕابوو. ئەوەیە حیکمەت و سیاسەتی ئیسلامی!. کورد راستی وتوە: (کەچەڵ حەکیم بێ دەرمانی سەری خۆی دەکات).

هەرچی هەردوو حزبە نەتەوەییە باڵادەستەکەیشن، واتە یەکێتی و پارتی، قەڵەم لە رەخنەلێگرتنیان بێزار بووە .

ئەوان تائێستاش خۆیان بە دەمڕاستی فەلسەفە و خەباتی نەتەوایەتی و نەتەوەپەروەری کوردستان دادەنێن، لەکاتێکدا بە کردەوە کوردایەتی و دیموکراتیەت و تەنانەت عەلمانیەتیش دەکەنە قوربانی بەرژەوەندییەکانی حزب.

لە رووی نەتەوەگەراییەوە شەڕی نێوخۆیی و کوشتن و ئازاردانی هاونەتەوە کوفرێکی نەتەوەییە و بکەرەکەی لە نەتەوایەتی دەشواتەوە هەر وەك چۆن هاوەڵ بۆ خوا بڕیاردان لە ئایندا مرۆڤ لە ئیمان دەشواتەوە. ئەوان لە کوردی هەر چوار پارچەکەیان کوشت.

سەردەمێك پەکەکە لای ئەملا و سەردەمێکیدی لای ئەولا تیرۆریست بوو، کەچی ئێستا کوردستان ئاگرباران دەکرێ و هەزاران خەڵك ئاوارە دەکرێ لەسەر ئەوەی دەسەڵاتی کوردی ئامادە نیە بڵێ پەکەکە تیرۆریستە. کام لەم دوو هەڵوێستە دژیەکە نەتەوەیین؟ ئەگەر ئەمەی دواییان نەتەوەیی بێ، ئەی ئەویدیکەیان چ ناوێکی لێبنێن؟، ئەگەر ئەوەی یەکەمیش نەتەوەیی بوو(ئاخر ئەوکات شەڕی دژ بە پەکەکەشیان بە خەبات لە پێناو پەرلەمان و حکومەتی هەرێم و دەسکەوتەکانی خەڵکی کوردستان وەسفدەکرد)، کەوابێ ئەمەی دواییان لە باشترین حاڵەتدا هەڵەیەکی سیاسییە، چونکە جگە لەوەی لە باریدا نیە کێشەی کوردی کوردستانی تورکیا و پەکەکە چارەسەر بکات، زیانی گەورە بە خەڵکی کوردستانی ئێرەیش دەگەیەنێ.

کورد وتوویەتی: (هەلگرتنی بەردی گەورە نیشانەی نەوەشاندنیەتی). چ حزب و چ دەسەلاتی سیاسیش چەندە دروشمەکانیان قەبەو میسالی بن هێندە لە پراکتیکدا لە ئەگەری شکستەوە نزیك دەبن. سەرکردە ئیسلامیەکە دەیوت ئەوروپا رزگار دەکەین کەچی گرفتی نێو حزبەکەی خۆی پێ چارەسەر نەدەکرا، حزبە دەسەلاتدارەکانی کوردستانیش لەکاتێکدا بەهۆی گەندەلی و بێبەرنامەیی و دەستەپاچەیی و زالبونی رۆحیەتی حزبایەتی تەسك و کانتۆنگەراییەوە، گەلی کوردستانی بندەستی خۆیان گیرۆدەی چەندین کێشەی حەیاتی و دەستەویەخەی وەك گرانیی بازاڕو بێکاری و چینایەتی و نەبوونی خزمەتگوزارییە بنەڕەتیەکانی ژیان کردوە، کەچی بە راستەوخۆو بە ناراستەوخۆ ئیحای خەلك دەکەن کە کوردستانی گەورە دروست دەبێ و ئەوانیش ناوکی ئەو دەولەتە نەتەوەییە گەورەن و بەوە دەغدەغەی هەستی نەتەوەیی خەلکی کوردستانەکانیدی دەدەن، باجەکەیشی خەلکەکە دەیدات . لێرەوەیە ناکۆکیەکان لەگەل حکومەتی ناوەندیش بەردەوام لەسەر هێلەو تادێت قولتر دەبێتەوە، رۆژێ لەسەر کێشەی بۆندەکانی نەوت، رۆژێکیدی لەسەر ژمارە و بودجەی پێشمەرگە و بودجەی گشتی هەرێم، رۆژێکیدی لەسەر مەسەلەی هەلکردنی ئالای عێراق ، بەردەوامیش لەسەر مادەی ١٤٠ و ناوچە تەعریبکراوەکان، بێ ئەوەی لەسەر کێشەی جێبەجێکردنی سزای تاوانبارانی ئەنفال کەمترین دەمەقرێ لە نێوان هەرێم و ناوەند دروسست ببێ، کە ئەمەش جێی پرسیارە.

بەداخەوە کە لە زۆرێك لەو بابەتە ناکۆکیلەسەرانەدا هەلوێستی کورد روو لە دۆڕانە، کە پێموایە ئەم حالەتە بێ پەیوەندی نیە بە دوو خالی سەرەکیەوە:

**یەکەمیان** خەونی لە مێژینەی کەسایەتی کوردی بۆ دروستکردنی کیانی نەتەوەیی سەربەخۆی کورد، کە ئەزمونی نیمچە سەربەخۆی ١٥ سال رابردوی هەرێمیش هێزێکی ئەوتۆی بەو خەونە بەخشیوە کە وا لە کارەکتەری سیاسی

کوردستان بکات که بێئەوەی بە خۆی بزانێ وەك دەوڵەتێکی سەربەخۆ مامەڵە بکات نەك وەك هەرێمێکی لە رووی یاسایی و سیاسیەوە وابەستە بە حکومەتی ناوەندی عێراق.

**دووەمیان،** ناموەفەقیەتی دەسەلاتی کوردستان لە خوێندنەوەی رەوشی نوێی عێراق و دارشتنی پلانەکانی بەو پێیەی بە چاکترین شێوە ئەو واقیعە نوێیە بۆ خۆی وەبەر بهێنێ و بە کردەوە ببێتە جێ ئومێدی خەڵکی هەرێمەکەی خۆی و هاوکات نموونەیەکی پێشکەوتویش بۆ ناوچەکانیدیکەی عێراق. بەلام دەسەلاتی کوردی نە توانی متمانەی شەقامە کوردییەکە بە دەستبێنێ، نە توانی متمانەی شەقامی عێراقی و ئیقلیمی و نێودەوڵەتییش بە دەست بێنێ و ببێتە مۆدێلێکی چاولێکراو. ئەو شکستە وا لە لێکۆڵینەوەو بەیاننامەکانی دەزگاکانی لێکۆڵینەوەو مافی مرۆڤی دنیاشدا بە زەقی رەنگیداوەتەوەو نیشانەیەکی پرسیاری گەورەی لەسەر کۆی سیاسەتی دەسەلاتی کوردستان دروستکردوە.

جا لە بارێکدا ئێمە بەپێی دراوە جیۆسیاسییە سەختگیرەکە و بارودۆخە ئیقلیمی و نێودەوڵەتیەکە بە توندی بە عێراقەوە گرێدراوین و بە وتەی دکتۆر فواد مەعسوم (بەرگەی مانگێك بودجەبرینی بەغدا ناگرین) و، لە بەرامبەر لەشکرکێشی و تۆپبارانی ولاتە دراوسێکانیشدا بێ دەست و پێین و بە ناچاری و لارەملی سەردەکەینەوە بە بن هەنگڵی عێراق و عێراقچێتیدا تا لە سەرمان بێتە جواب، ئەوا جۆرێك لە ئینتیحاری سیاسی و ستراتیژییە کە ئێمە ئاماژەی ئەوتۆ بە شەقامی کوردستان و هەروەها بە دەوروبەرەکەیشمان بدەین کە ئێمە کیانێکی لە عێراق جوداین، با ئەو هەست و خواستە لە خۆشیدا پیرۆزو رەوا بێ، چونکە ئەم سیاسەتە جگە لەوەی هاولاتی و نەوەی خۆمان لە رووی دەرونیەوە تووشی ناسەقامگیری و ئیزدیواجیەتی کەسایەتی دەکات لە نێوان ناخ و زهنیەتێکی سازدراو لە دژی ناوی عێراق و واقیعێکی وابەستەو ئاتاج بەو عێراقە، لە هەمان کاتدا ئەو سیاسەتە بەدگومانی هێزە سیاسیەکانی عێراق ، کە

داڕێژەری سیاسەتی وڵاتەکەن، هەروەها وڵاتانی نزیك و دووری دەورووبەر، ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر قوڵتر دەکاتەوەو ئاسەواری ترسناك لەسەر ئایندەی کوردستان بەجێدێڵێ، بەتایبەت کە بارودۆخی ناوچەکانیدیکەی عێراق وا ڕوو لە ئارامی و سەقامگیرییەو هێزە سیاسیەکان دەست کراوەتر دەبن بۆ هەڵوێست وەرگرتن بەرامبەر خواستەکانی نوێنەرانی کوردستان، وەك دەبینین. لەبەرئەوە پێویستە چیدی بەرژەوەندییە زیندوەکانی خەڵکی کوردستان نەکرێتە قوربانی دروشمبازی و موزایەداتی حزبی زڕ و بێبەرهەم.

**هەفتەنامەی (ئاوینە)، ژمارە: ١٠٨ لە ١٢-٢-٢٠٠٨**

**** ****

# ڕێزگرتنی پیرۆزییەکان، بۆچی ؟*

بـوون و نـاکۆکی و ململانێـی نێـوان بیروبـاوەڕە جیاوازەکـان: ئاینیـەکان و سیکیۆلاریسـتەکان، ئاینـە جۆراوجۆەکـان، ئاینزاکـانی سـەر بـە هـەمان ئـاین، ئایدیالیسـت و ماتریالیسـتەکان، فەلسـەفە و ئایـدیۆلۆژیا جیـاواز و ناکۆکـەکان، دیاردەیەکی دێرین و بەردەوامی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتییە.

هەریـەك لەوانـە لەبەرامبـەر ئەوانیـدی خـۆی بـە "ڕێبـازی هـەق" و "ونبـووی بەشـەریەت" دادەنـێ و ئـەوانیتر بـە پـووچ و گـومڕا و ڕوو لـە هـەرەس لەقەڵـەم دەدات. هەر یـەك لەمانـەیش ژمارەیـەکی زۆر هـەوادار و مـژدەدەری لـەناو چـینە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگەدا هەیە، بە توێژی نوخبە و زانا و بیرمەندەکانیشەوە.

هۆی ئەم پەرتبوونە فیکری و عەقائیدیەی مرۆڤایەتی بـۆ چـی دەگەڕێتـەوە؟ بۆچی ئاینێك یـان فەلسـەفەیەکی تایبـەت نـەیتوانیوە لـەو ململانـێ گەردوونیـەدا سەرکەوتن بەسەر ئەوانیتردا بەدەست بێنێ و هەموو بەشەریەت لەسەر ئەو تاکـە ڕێبازە کۆبێتەوە و چیدی هەر لایەك خۆی بە هەڵگری هەقیقەت نەداتە قەڵەم؟

ئەی لەبارێکدا هەر یەك لـەو ڕێگـە و ڕێچکە فیکـری و ئاینییانـە یـەقینی بـە ڕاستیی باوەڕەکەی خۆی هەیە کارلێك و ململانێی نێوان ئەو گرووپانە چۆن ڕێـك دەخرێ؟

ئـەوە روونـە کـە شـوێنکەوتنی هـەر مرۆڤێـك بـۆ بیروبـاروەڕی خێـزان و کۆمەڵگەکەی، لەڕێی پرۆسەیەکی عەقڵانی و بەراوردکارییـەوە نـەبووە، بـەڵکو — وەك عەلی ئەلوەردی دەڵێ— لەڕێی تەلقینی دەوروبەرەکەیـەوە و تەنانـەت پـێش

* ئەم وتارە بە بۆنەی بڵاوبوونەوەی وێنە کاریکاتێرییەکانی هەندێ لە ڕۆژنامە دانیمارکی و ئەوروپییەکان لـەبارەی کەسـێتی پێغەمبـەر (د.خ) و هـەروەها بڵاوبوونـەوەی هەنـدێ کتێبـی هاوئاواز لە کوردستاندا نووسرا.

ئەوەی ئەو مرۆڤە خۆی هۆشی بپژێ و بتوانێ رەش و سپی لێك حوێ بكاتـەوە، گەلاڵە بـووە. عـەقڵ و شـیكردنەوە و هەڵسـەنگاندنی فیكـری و مـەعریفی ئەگـەر دەورێكیان لە ژیانی فیكـری و ویـژدانیی ئـەو كەسـەدا هـەبێ ئـەو دەورە لـەپاش لێبوونەوە لە بڕیاری باوەڕهێنانەنەكەوە دەست پێدەكات، ئـەویش نـەك بـۆ خـۆ خوێندنەوە و رەخنە لەخۆگرتن، بەڵكو بۆ كۆكردنـەوەی بەڵگـە بـۆ پشـتیگری و پتەوكردنی پایەكانی بیروباوەڕە بۆماوەكەی.

خـۆ ئەگـەر بڕیـار بـێ مـرۆڤ قبـوڵ یـان رەتكردنـەوەی بیروبـاوەڕی بـاوی كۆمەڵگەكـــەی بـــۆ دوای پرۆســـەی گـــەڕان و بیركردنـــەوە و شـــیكردنەوەی بەراوردكاریی عەقڵی و فەلسەفی دوا بخات، ئەوە پێویستە نـاخی ئـەو كەسـە لـە رۆژی لەدایكبوونیـەوە وەك لاپەڕەیـەكی سـپی هیچـی لـێ نەنووسـرێ و هیچـی تەلقین نەكرێ تـا لـەرووی تەمـەن و هۆشـەوە پێدەگات و توانـای خوێندنـەوەی بیروباوەڕ و فەلسەفەكان پەیدا دەكات، ئەوكاتە خۆی ئازادانە دەگاتە ئەنجامێك.

بەلام لێرەدا گرفتێك دێتە پێش ئەویش ئەوەیە كە: چۆن بتوانین ئەو مرۆڤـە، دوور لە هەر كارتێكردنێكی فیكریی ئەو ژینگە و دەوروبەرەی تێیدا گەشە دەكات بۆ ماوەی لانی كەم ٢٠ ساڵێك بپارێزین و لەهـەمان كاتیشـدا تەزویـدی بكـەین بـە زانست و رۆشنبیرییەك كە بەهۆیەوە توانای بیركردنەوە و هەڵسـەنگاندنی هـەبێ، چـونكە بـەبێ ئـەو رۆشـنبیرییە توانـای هەڵسـەنگاندانی نـابێ و دیسـان كوێرانـە ئەوەی لەلایەن دەوروبەرەكەیەوە بەگوێیدا چرپێنرا قبوڵی دەكات و ئیمـانی پـێ دێنێ.

جا لە بارێكدا ئەو كەسە گریمانەییە بۆ ماوەی ٢٠ ساڵێك لەنێو كۆمەڵگەكەیـدا بژی و زمان و شێوازی ژیان و هەڵسوكەوت و رۆشنبیری و زانسـت لـەوەوە فێـر بێ، ئەوە ئەگەر وامان دانا كۆمەڵگە خۆیشی نەیەوێ هیچـی تـەلقین بكـات، ئـەوا ئاسەواری ئەو وەرگرتنـە لـەخۆوە لـە نەسـتیدا جـێگیر دەبـێ و دەبێتـە بناغـە و چوارچـێوەیەكی تایبـــەت بـــۆ بیركردنـــەوەی ئـــەو كەســـە كـــە هەڵبـــژاردنی

بەئاراستەیەکی دیاریکراودا دەبات. ئیدی ئەوە قەدەری مرۆڤە کە زانیاریەکانی لە دەوربەرەکەی وەردەگرێ نەك لە غەریزەوە (وەك ئاژەڵ) و لێرەشەوە بەدەر لە ئیرادەی هۆشیارانەی خۆی دەکرێتە شوێنکەوتە و پاسەوانی بیروباوەڕێك، کە رۆژێك لە رۆژان بیری لە بنەماکانی نەکردۆتەوە.

لەلایەکی ترەوە ئەگەر واشمان دانا دەتوانین مرۆۋ لە کاریگەریی دەوروبەر بپارێزین تا تەمەنی دەگاتە تەمەنی هۆشکرانەوە و پێگەیشتن، دیسان ئەو پرسیارە سەرهەڵدەدات: ئاخۆ هەموو مرۆڤەکان تاقەت و حەوسەڵەی ئەوەیان هەیە کە ببنە فەیلەسوف و شەو و رۆژ لە خۆیان تاڵ بکەن بەدیار خوێندنەوە و بیرکردنەوە و شیکردنەوە و بەراوردکردنی تاقەت پڕوکێنی ئایدیا ئاڵۆزەکان تا بتوانێ رێبازی هەق لەناویاندا دەستنیشان بکات و شوێنی بکەوێ؟ یان، عەجەبەن، ئایا فشار و داخوازییە بنەڕەتییەکانی ژیان و گوزەران وەك پەیداکردنی نان و بژێوی و پەروەردەکردنی مال و منداڵ، بوار و کات بۆ هەموو مرۆڤێك دەهێڵنەوە تا خۆی بۆ ئەم پرۆسەیە تەرخان بکات؟!

خۆ ئەگەر واشمان دانا دەتوانین کۆمەڵگەیەکی فەیلەسوف دروست بکەین کە هەموویان عەقلانی بیربکەنەوە و وا بەئاسانی خۆ تەسلیمی ئاینی باو نەکەن، ئەو پرسیارە سەرهەڵدەدات: ئایا فەیلەسوفەکان توانیویانە یان دەتوانن قسەی کۆتاییمان لەو بارەوە پێ بڵێن و هەموو بگەنە شارێگەیەك کە هەمووان بەبێ دوودڵی لەسەری برۆین؟ ئەگەر وایە بۆچی هەمان جیاوازیی جیهانبینی لەنێوان فەیلەسوفەکانی دنیاشدا هەیە تا ئەو رادەیەی هەندێ لە فەیلەسوفان دەڵێن "بەقەدەر ژمارەی فەیلەسوفەکانی دنیا جۆری فەلسەفەیش هەیە". واتە دوو فەیلەسوف لە بیرکردنەوەدا ناگەیەنە هەمان ئەنجام. فەیلەسوفەکانیش بە هەمان دەردی خەڵکە رەشۆکی و ئاساییەکە لەبارەی پرسیارە جەوهەرییەکانی وجودەوە دابەش بوون تا ئەو رادەیەی هەندێکیان بە فەلسەفەی "نازانم" گەیشتوون.

لێرەوە دەگەینە ئەو قەناعەتەی "راستیی رەها"، واتە ئەو راستییەی لای هەموو مرۆڤێك جێی باوەڕ پێهێنان بێ، لەبواری فیکردا بوونی نیە و ئەوەی هەیە "راستیی رێژەیی" ییە، واتە تەنیا هەندێك بە راستی دەزانن. بەلاّم گرفت لەوەدایە هەر لایەك "راستییە رێژی"ەکەی خۆی بە "راستیی رەها" دادەنێ و لێرەشەوە بە "پیرۆز"ی دەزانێ و بیروباوەڕی ئەوانی تر بە پووچ و "ناپیرۆز" . قەدەری مرۆڤیشە کە ئەم جیاوازییە لە تێڕوانین بۆ رێبازی دایك لە رێی تەلقین و پەروەردەی کۆمەلاّیەتی و هەروەها لەرێی کۆشش و بەرهەمەکانی مژدەدەر و بیرمەندانی سەر بە هەر قوتابخانەیەکەوە وەچە بۆ وەچە دەگوێزرێتەوە.

جا لەبارێکدا مەحاڵ بێ ململانێ و جیاوازییەکە بە کۆتا بگات پێویستە ژیرانە مامەڵە لەگەڵ ئەم حاڵەتەدا بکرێ، ئەویش بە باوەڕهێنان بە مافی بوون و ئازادیی ئەویدی و رێزگرتن لە ئیرادە و مافی هەڵبژاردنی یەکدی، بەواتای رێزگرتن لە پیرۆزییەکانی یەکدی، رێزگرتن لە پیرۆزییەکانی بەرامبەریش مانای ئەوە ناگەیەنێ کە باوەڕت بە پیرۆزییان هەیە بەڵکو مانای ئەوەیە تۆ رێز لە ئیرادە و بڕیاری بەرامبەرەکەت دەگریت، کە مرۆڤێکی خاوەن هۆش و ژیری و کەرامەتە. پێچەوانەی ئەمەن واتە سوکایەتیکردن بە پیرۆزیەکانی بەارمبەر دژە سوکایەتی لێدەکەوێتەوە. ئاخر سوکایەتیکردن بە پیرۆزییەکانی مرۆڤ رۆحی ئەو کەسە یان ئەو کۆمەڵگەیە بریندار دەکات و دەیوروژێنێ و سەر بۆ کاردانەوەی توندوتیژانە دەکێشێ و هەلی پێکەوەژیان لەبار دەبات.

ئەگەرچی رەنگە هەندێ جار رەخنەگرتنیش لە بنەماکانی ئاینێك وەك جۆرێك لە سوکایەتی لێك بدرێتەوە و بەوە سنووری ئازادیی بیرکردنەوە و دەربڕین بەرتەسك بکاتەوە، بەلاّم سنووری ئەم دوانە تا رادەیەك جودایشە، چونکە لە رەخنەدا زمانی زانست و مەنتیق بەکاردەهێنرێ کە سەنتەری بیرکردنەوەی مرۆڤ، واتە عەقڵ، دەدوێنێ و بەکەمی دەبێتە هۆی وروژاندنی مرۆڤ، بەلاّم زمانی سوکایەتیکردن، وەك جوێندان و گاڵەپێکردن، زمانێکی زیاتر بازاڕییە و سەنتەری

هەست و سۆزی مرۆڤ، واتە دڵ، دەپێکێ و دەیوروژێنێ و تەنانەت کار لە توانای عەقڵیش بۆ بیرکردنەوەی مەنتیقی لاواز دەکات و رەنگە وا لە کەسی وروژاو دەکات کاردانەوەی توند و حساب بۆ نەکراو بنوێنێ.

بمانەوێ و نەمانەوێ هەر کردارێکی رێکخستن جۆرێك لە سنوور بۆ ئازادی هەڵسوڕان دادەنێ و هەندێ جار لەبەر خۆپاراستن لە زیانیکی گەورە ناچار دەبین سنوور بۆ هەندێ سوود دابنێین ، چونکە وەك وتراوە "درو المفاسد اولی من جلب المنافع" واتە "لادانی خراپەکان لە هێنانی سوودەکان لەپێشترە". قبوولکردنی ئەو سنوورە ناچارییانەیش لە دەرەنجامی کۆتاییدا هەر لە پێناو کۆی پرۆسەی پێکەوەژیاندایە. رەنگە هەندێ جار بەناوی رێگرتن لە سوکایەتیکردنەوە زیاد لە پێویست سنوور لە ئازادیی دەربڕین تەسك بکرێتەوە ئەویش بە فراواکردنی بازنەی شتە پیرۆزەکان و پیرۆزاندنی هەندێ شت کە لە بنەڕەتدا پیرۆز نین و لێرەشەوە خۆلێدانیان دەکرێتە هێڵی سوور.

لێرەوە پێویستە هاوسەنگییەك لەنێوان ئازادیی را دەربڕین و رێزگرتنی پیرۆزییەکاندا بکرێ، ئەویش بەوەی سنووری "شتە پیرۆزەکان" دیاری و سنووردار بکرێ، بەمە هەم پاریزگاری لە بەلانسی پێکەوەژیان و ئارامی کەشە کۆمەلأیەتییەکەی ناو کۆمەڵگە دەکرێ، هەمیش زەمینە بۆ کارلێك و ململانێیەکی هێمانە و شارستانی لەنێوان پێکهاتە فیکری و ئاینییەکانی نێو کۆمەڵگەدا فەراهەم دەبێ.

**رۆژنامەی ( خەبات )، ژمارە: ٢٠٥٢ لە ٩-٢-٢٠٠٦**

****** ******

## بۆ ڕێزگرتنی پیرۆزییەکان
## قەدەغەکردنی سوکایەتیکردن پێویستە، نەك ڕەخنە

لە وڵاتانی دواکەتوودا هەروەك کە لە مەیدانە سیاسیەکەدا حزبی زۆرینە و فەرمانڕەوا هەمیشە لە هەوڵی ئەوەدایە کۆنترۆڵی گشت جومگە و سەرچاوەکانی هێز لە کۆمەڵگەدا بکات تا بتوانێ جموجوڵ و گەشەی نەیارانی لە نزمترین ئاستدا تەوق بکات و تەمەنی درێژ بۆ خۆی مسۆگەر بکات، بە هەمان شێوە لە مەیدانە فیکری و ئایدیۆلۆژیەکەیشدا ئایدیۆلۆژیای زۆرینە هەمیشە پێگە زەمەنییە بەهێزەکەی بۆ هەرچی زیاتر درێژەپێدانی هەیمەنەی خۆی بەسەر گۆڕەپانەکەدا بەکاردێنێ، ئەویش لە ڕێی هەوڵدان بۆ هەرچی زیاتر بەرتەسککردنەوەی مەودای جوڵە و چالاکی ئایدیۆلۆژیا نەیارەکانی، تا بە تێپەڕینی ڕۆژگار لە بەر بێهێزی بڕستیان لەبەردەبڕێ و بەلادا دێن. کوردستان تاقیگەیەکی باشی ئەم تیۆرەیە.

مەسعود محەمەد لە بەرگی یەکەمی کتێبی (مرۆۋ و دەوروبەر) دا کە لە ساڵی ١٩٧٧ چاپی کردوە دەربارەی ڕادەی هەیمەنەی فیکری چەپ و چەپەکان لە کوردستانی سێ دەهەی پێش خۆی دەڵێ: "سی ساڵ پترە خوێندەواری کورد هەرچی فیکرەی دەرەوەی جوغزی ماتریالیزم هەیە لێی حەرامکراوە..(بەشیوەیەك).. هیچ موبالەغە لەوەدا نیە کە دەڵێم دیتومە مەلای کورد لەنێو ئەڵقەی تازە خوێندەواری کورد نەیوێراوە بە ڕەهایی هەموو باوەڕێکی ئاینی ڕاست و دروست و بێ تەئویلی ئیسلامەتی باس بکات وە یا بە دەنگی دلێرەوە بڵێ بنەما ئابوریەکانی ئیسلام لە کۆمیۆنیزم باشترە" ل٢٠-٢١. هەر لە ڕوانگەی باڵادەستی ئەم فەزا خنکێنەرە دژە ئاینیەشەوە بوو کە مەسعود محەمەد وەك دەمڕاستی کۆڕی زانیاری کورد دووچاری ڕەخنە و گێچەڵێکی زۆر

بوویەوە لە لایەن رۆشنبیرانی کوردی ئەو سەردەمەوە لەسەر چاپکردنی کتێبی (رێکەوت لە ترازوی ژێریدا)ی محەمەد مەلا سالّحی شارەزوری، لە لایەن کۆڕەوە.

ماتریالیزم و دەسەلاّتەکەی، لە دەورەیەکی مێژووییدا، کەوتنە پەراوێز و، پەراوێزەکەی دوێنێ، کە ئاینە، جارێکیدی بوویەوە بە سەنتەر و دەسەلاّت. حالّی حاز، بەپێچەوانەی جاران، ئەوانەی ناوێرن "بە رەهایی هەموو باوەڕێکی راست و دروست و بێ تەئویلی خۆیان" باس بکەن توێژێکی نادینین.

ئێستا ئاین لە کوردستان خاوەن دەسەلاّتی رەسمی نیە، بەلاّم دەسەلاّتێکی نارەسمی بەرچاوی هەیە و هەیمەنەی خۆی بەم یان بەو شێوە مومارەسە دەکات. دیارە مومارەسەکردنی ئەو هەیمەنەیە، بە هەمان شێوەی هەیمەنەی چەپەکان لە ناوەڕاستەکانی سەدەی رابردوودا، لەسەر حسابی بەرتەسککردنەوەی ئازادی جموجوڵی ئایدۆلۆژیا نائاینیەکان، هەروەها ئەو ئاراستە عەقلاّنییە نوێیانەیش دەبێ کە تێگەیشتنیان لە ئاین لەگەڵ تێگەیشتنی دەسەلاّتی تەقلیدی ئاینی گۆڕەپانەکەدا ناکۆکە. دەسەلاّتیش، کە پتر واجیهەیەکی رەسمی دوو حزبەکەیە، کە وێڕای عەلمانیبوونیان، ناتوانن موجامەلەی هەستی موحافیزکارانەی جەماوەرەکەیان نەکەن و لەو هەڵمەتەدا پشتی دەسەلاّتی نارەسمی ئاین لە بەرامبەر پاشماوەکانی دەسەلاّتە کۆنەکە نەگرن.

لێرەوەیە لەگەڵ ئەوەی فەزا کۆمەلاّیەتیەکە تا رادەیەکی بەرچاو ئاینی بووە، ناوە ناوە هەندێ نووسین لە شێوەی وتار و کتێب بلاّودەبنەوە کە بەهیچ کلۆجێك موجامەلەی ئەو فەزایە ناکەن و رەخنە نەك لە دەسەلاّتی ئاینی و پیاوان و حزبە ئاینییەکان، بەڵکو رەخنە لە خودی ئاینەکەش دەگرن، ئەڵبەت زیاتریش لە فۆرمێکی ئیستیفزازی و داشۆریندا. دیارە ئەمەش هێندەیدی کەشوهەواکە گرژتر دەکات و مرۆڤ لە بەرقەرارکردنی زەمینەیەکی تەندروست بۆ

گفتوگۆی هێمن و زانستی لەنێوان ئاراستە فیکری و ئایدیۆلۆژیـەکانی کۆمەڵگـەدا ئومێدبڕاو دەکات.

نـاکرێ مێـژوو تـەنیا لـە چـاوی سـەرکەوتوەکانەوە بخوێنرێتـەوە، چـونکە ئەوانەی پەراویزیش بە هەمان شێوەی باڵادەستەکان مرۆڤن، تەنیا جێیان لەسەر نەخشـەی دەسـەڵات جیایـە کـە دەکـرێ سـبەینێ ئـەوان ببنـە سـەنتەر و سەنتەریەکان بچنەوە پەراوێز. چەپەکانی دوێنێ(کـە سـەنتەر بـوون) هەڵـەبوون لـەوەدا ئازادییـان لـە مرۆڤـە ئاینپـەروەرەکان بەرتەسـك دەکـردەوە بـە وەهمـی ئەوەی بەوە لەنێو دەچـن. ئاینییـەکانی ئـەمڕۆیش هەڵـەن گـەر پێیـان وابـێ بـە سیاسەتی بەرتەسك کردنـەوەی ئـازادی دەربڕینـی نائاینییـەکان، یـان نوێخـوازە ئاینییەکان، ئەوانـەی دوایـی لـە نێـو دەچـن، یـان بـەو هەڵوێسـتە سـەروەریەکی مێژوویی بۆ ئیسلام تۆمار دەکەن.

بەنـدە ئـەو سیاسـەتی بـێ چـیکڵدانەییەی سـەنتەرییەکان، ئـاینی بـن یـان دژەئاینی، پتر بـە بەرهـەمی کولتـوورێکی دواکـەوتوو دادەنـێم تـا ئـەوەی زادەی ڕۆحیـەتی راسـتەقینەی ئاینەکـە یـاخود فەلسـەفەکە بـێ. سـەلماندنی ئەمـەش زەحمەت نیە.

بیرمەنـــدێکی خۆرئـــاوا، بەهەڵـــەدا نەچـــووبم ڤـــۆلتیرە، لـــە وتەزایەکیـــدا سەرسـوڕمانی خـۆی دەردەبـڕێ لـە موفارەقەیـەکی سـەیر لـە نێـوان ئیسـلام و مەسیحیەتدا وەك دەق و وەك واقیع. ئەو پێی وایە ئیسـلام بـە شمشـێر دەسـتی پێکـرد کەچـی کەنیسـەکان لـە شـارەکانی جیهـانی ئیسـلامیدا مانـەوە، بـەڵام مەسـیحیەت وەك پـەیامی ئاشـتی و خۆشەویسـتی دەسـتی پێکـرد کەچـی موسڵمانەکانیان لە ئەندەلوس قەلاچۆکرد و مزگەوتـەکانیان خـاپور کـرد. ئەمـە سـەلمێنەری ئەوەیـە کـە تـەنیا ئـاین پێکهێنـەری سیاسـەت و رەفتـاری مـرۆڤ و کۆمەڵگـەکان نیـە، بـەڵکو دەکـرێ بڵـێین رادەی هۆشـیاری مرۆڤانـەی مـرۆڤ و کۆمەڵگەکان جۆری تێگەیشتن و مومارەسەکردنیان بۆ خودی ئاینەکـەیش دیـاری

دەكات. ئیسلام لە سەردەمی هاتنی و رەنگە چەندین سەدە لەوەدواتریش پێشکەوتووترین نموونە بوو لە بواری قایلبوون بە بوون و مانەوەی ئاینەکانیدی(ئەگەرچی ئەو قایلبوونە مەرجداریش بووبێ). بەلاَم ئەوە کە ئیسلامێکی سینەفراوان و لێبوردە و بێباك لە بوونی جیاوازیەکان و شەڕی بەلگەکان(کە قورئان بە (برهان) ناوی دەبات– قل هاتوا برهانکم ان کنتم صادقین))، ئیسلامێك بێباکانە وتە و گومانی نەیارەکانیشی لەنێو کتێبە پیرۆزەکەیدا تۆمار و نەمر کردوە، ئیسلامێك کە بە وتەی سەلیم خەیاتە لە سەردەمی زێرینیدا هێندە لێبوردە بووە رێی بە کەسانی وەك (ابن الراوندی)ی زندیق داوە بە راشکاوی رەخنە لەسەر عەقائیدەکانی بگرێ، ئەویش هێندە لێی بە جواب بێت کە بە لەسەرخۆیی و هێمنی کتێب بۆ پووچاندنەوەی بیروراکانی دابنێ. ئەوە کە ئیسلامێکی لەم جۆرە بە تێپەڕینی رۆژگار دەبێتە ئەوەی شوێنکەوتوانی چێژ لەوە ببینن کە نەیارەکانیان بێدەنگ بکەن و رێ لە ئازادی هەلّسوڕانیان بگرن و، لەولایشەوە مەسیحیەتێك کە جەنگی خاچپەرستەکان و دادگاکانی پشکنینی بەرهەمهێنا بە تێپەرینی رۆژگار ناوبانگی وەك پەیامی ئاشتی و خۆشەویستی بە جیهاندا بلاَوبێتەوە و ئاینە جۆراوجۆرەکان لەژێر فەزایدا بە ئازادی هەلّسوڕێن.

هەموو ئەمانە بەلگەی دەورو کاریگەری مرۆڤ و رادەی هۆشیاری مرۆڤانەی مرۆڤ و کۆمەلّگان لە دیاریکردنی جۆری مامەلّەکردنی عەقلّی ئاینیی هەر ئاینێك بەرامبەر بە ئازادی بیروباوەڕ و دەربڕین و، ئاینەکە لەو مەسەلەیەدا دەورێکی سانەوی هەیە. واتە دەکرێ ئاینێکی لە جەوهەردا پێشکەوتوو لە سایەی کۆمەلّگەیەکی دواکەوتوودا زۆر بە سانایی بگۆڕێ بۆ ئاینێکی تەسکبین و دواکەوتوو. بە پێچەوانەشەوە.

عەقلّی ئاینی ئێمە پێویستی بە متمانەبەخۆبونی زیاتر هەیە تا بتوانێ زیاتر بکرێتەوە و لە بوون و رەخنەی نەیارانی ئاینەکەی نەترسێ چونکە پەنابردن بۆ

سیاسەتی دەمبەستنی ئەویدی لە لایەك نیشانەی متمانەبەخۆنەبوون و ترسانە لە رووبەرووبوونەوەی ئەو بە مەنتیق، لەلایەکیدیکەشەوە ڕێخۆشکەرە بۆ کاردانەوەی توندڕەوانەی بەرامبەر، ئەویش لە رێی پەنابردنی بۆ سوکایەتیکردن و داشۆرین و قسەی نابەجێ . لەمەشدا عەقڵی ئاینی پشکێکی گەورەی بەرپرسیارێتی سەرهەڵدانی ئەو نووسینە موهاتەراتیانەی دەکەوێتە ئەستۆ.

ئێمە دەبێ لە باتی شەڕی داشۆرین و دەمبەستن، زەمینەیەك بۆ گفتوگۆی هێمن سازبکەین. سنوورێك لە نێوان رەخنە و سوکایەتیکردن بکێشین.

رەخنە چەکێکی مەشروعی مەیدانی ململانێی تەیارە فیکری و سیاسیەکانی هەر کۆمەڵگەیەکی تەندروستە و کەس بۆی نیە لەژێر هیچ پاساوێکدا رێی لێبگرێ. بەڵام سوکایەتیکردن بە پیرۆزیەکان یان تەنانەت بە کەسەکان، ئەمە چەکێکی رەزاقورس و نامرۆڤانەی مەیدانی جەنگە دەروونی و سەربازییەکانی نێوان لایەنە مشەخۆر و مرۆڤکوژەکانە، کە خۆشبەختانە لە روی یاساییشەوە لە هەموو کەس قەدەغەیە. پەیوەندیەکی پێچەوانە لە نێوان ئەم دوو چەکەدا هەیە، تا ئازادی زیاتر بە رەخنەی مەوزوعی بدرێ ئەگەری پەنابردن بۆ چەکی دووەم کەمترە. خۆ ئەگەر دەرگا سروشتیەکەی رەخنە بەسترا ئەوە دەبێ ئەگەری پەنابردن بۆ چەکەکەیدی بە دوور نەزانین. هەموولایش لەو ئاکامە بەرپرسن.

ئەگەر دەوترێ هەندێ مەسەلە هەیە لە ئەساسیاتی ئاینە و نابێ رەخنەی لێبگیرێ، چونکە سیستمی کۆمەڵگەی لەسەر بنیات نراوە و هەر جۆرە گومانێك لەسەر ئەو بنەمایانە هەرەشەیە بۆ سەر سیستمی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگە و، لەولاشەوە خەڵکێکمان هەن رەنگە ئیمانیان بەو شتانە نەبێ و بە مافی خۆیانی بزانن قسەیان لەسەر بکەن، ئەمیش دیسان دەکرێ دەروازەیەکی بۆ بدۆزرێتەوە.

لە کۆندا هەندێ لە زانایان باوەریان وابووە کە نابێ زانستی کەلام لای خەڵکی عەوام باس بکرێ چونکە عەقڵیان ئەو توانایەی نیە تێیبگات و هەڵیسەنگێنێ، سەرەنجام تووشی سەرگەردانی دەکات. بەڵکو دەبێ ئەو

باسوخواسه تەنیا له نێوەندی خەواس(نوخبه) دا بوروژێنرێ. ئێستاش به هەمان پێوەر و بۆ دوور راگرتنی شەقامی کوردی هەم لـه کاریگەرییـه سـەلبیەکانی ئـەو خیتابه نادینیـه لـه سـەر بیروبـاوەر و و وابەسـتەییان بـه سیسـتمی کۆمەڵایـەتی کۆمەڵگه و هەم له ئەگەری چاوسوورکردنەوەی لەو رۆشنبیرە سـیکیولارانه، کـه مافی خۆیانه گوزارشـت لـه نـاخی خۆیـان بکـەن، دەکـرێ هەنـدێ میمبـەری زۆر نوخبـەوی هـەبێ(بۆ نموونـه وەك گۆڤـار، یـان کـۆڕ و سـیمیناری تایبـەت) وەك ناوچەیەکی ئازاد (fre zone) که ئەو رۆشنبیرە سیکیولارانەیش، که ئـەوانیش هـاوڵاتی ئـەم وڵاتـەن، بیروبۆچـوونی خۆیـانی ئازادانـه، بـه زمـانی فیکـر و مەعریفه(برهان)و دوور له هەر سوکایەتیکردنێك، تێدا دەربڕن و رۆشـنبیران دوور له هەڵا و هەڵنان و گواسـتنەوەی بـۆ سـەر میمبـەری مزگەوتـەکان و نێـو شـەقام گفتوگـۆی لەسـەر بکـەن. بەمـه بەشـێك لـه رۆحـی ئایـەتی **(لا اكـراه في الـدين)** بەرجەسته دەبێ.

( **ئاوێنه** )، **ژماره: ١٣٧ له ٢-٩-٢٠٠٨**

*****   *****

## کێ لە بێ حەسانەیی (یەکگرتوو) بەرپرسە؟!

لە میانەی ئەو هەڵآیەی لەسەر بەشداریی یەکگرتوو لە کۆنگرەکەی قاهیرە لە کوردستان سەریهەڵدا، کاردانەوە توڕەکان لەسەر ئاستە جیاوازەکان بە ئاقارێکی ترسناك گەیشت تا ئەو رادەیەی کە یەکگرتوو، کەوتە دووڕیانی مان و نەمانەوە.دیارە بزوێنەری حاڵەتەکەیش بە پلەی یەکەم دوو حزبە سەرەکیەکە بوون. لێدوان و وتار و دیمانەکانی هەندێ لە بەرپرس و پەرلەمانتار و کادیر و ئەندامی ئاساییان لەو بارەوە بۆنی خوێنی لێدەهات، مانشێتی رۆژنامەیەك نوسیبووی: (یەکگرتوو دەترسا خەڵك پەلاماردانی بارەگاکانیان بدات لەبەرئەوە پاشگەزبوویەوە). یەکێ لە پەیوەندیکاران لە رادیۆی نەوا ئەیوت: (گەر پاشگەزنەبنەوە دایکی شەهیدانیان لێ هان دەدەین!).

ئەڵبەت ئەم هەڕەشانە و ئەم نەفەسە ترسناکە تەواو جدی بوو. هەمان باری گرژی دەروونی بوو کە دوو حزبەکە پاش بڕیاری دابەزینی یەکگرتوو بە لیستێکی جیا لە هەڵبژاردنە پەرلەمانیەکەی عێراق لە ١٥-١٢-٢٠٠٥ لە نێو خەڵك و جەماوەر و رێکخستنی خۆیان دژ بە حزبی ناوبراو دروستیان کرد و سەرەنجامەکەی پەلاماردان و سوتاندنی بارەگاکانی بوو لە دەڤەری بادینان لە ٦-١٢-٢٠٠٥دا.

پرسیارەکە ئەوەیە کێ بەرپرسە لەوەی حزبێکی سیاسی هەر لەسەرەتاوە بێ میلیشیا و ناسەرەڕۆ، خاوەن رەسیدی پتر لە دەساڵ کاری سیاسیی ئاشکرا بە بێ تێوەگلان لە هیچ پیلان و کارێکی خیتانەتکاری و تێکدەرانە دژ بە میللەتی خۆی، بەشدار و هاوکارێکی سادە و زاهید و بێ فرت و فێڵ لەگەڵ ئەزموونی سیاسیی کوردستان، ئاوا بە سوك و ئاسانی بوونی دەخرێتەبەر هەڕەشەی مان و نەمانەوە؟ بۆ ئەوەندە ساڵە تەمەن و تۆماری سپی نەبوەتە رەسیدێکی مەعنەوی ئەوتۆ کە حەسانەیەکی بۆ دروست بکات و ئیدی بوار بۆ

بیرکردنەوە لە سفرکردن و ئاشبەتاڵ پێکردن و خەڵك لێهەڵنانی نەهێڵێتەوە؟ ئایا هۆکارەکە تەنیا بۆ حزبە دەسەڵاتدارە دەسەڵاتخوازەکان و کەلتوورە گرژەکە دەگەڕێتەوە، یان یەکگرتوو خۆیشی لەو مەسەلەیەدا بە جۆرێك بەرپرسە؟

ئەگەرچی ئەوە راستە یەکێتی و پارتی رەحمیان بە هیچ هێزێك نەکردوە کە هەستیان کردبێ مەترسی لەسەر دەسەڵات و نفوزیان پەیدادەکات بەتایبەت لە ساڵەکانی شەڕی ناوخۆدا (کاردانەوەی توندی یەکێتی لە ساڵی ٩٥ لەسەر بەیاننامەی نارەزایی حزبەکان لە دژی داخستنی ئیزگەی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و، کاردانەوەی توندی پارتی لەسەر بەیاننامەی نارەزایی حزبەکان لە دژی رووداوەکانی کەلەکین لەساڵی ٩٧ نموونەیەکی زەقی ئەم حاڵەتەیە)، لێرەشەوە ئاسایی بووە یەکگرتوو، کە کێشێکی تایبەتیشی بووە، حەزەری وەرگرتبێ و خۆی لە ئاڵۆسکاندنیان بواردبێ، بەڵام یەکگرتوو لە سیاسەتی راگەیاندن و کارلێکی لەگەڵ واقیعەکە، حەزەر و ئیحتیاتی بەجۆرێك کردە ستراتیژ و بنەڕەت کە خۆی تەنانەت لە کەمترین ئاستی موعارەزە و بەرەنگاریکردنی سیاسەت و فشارەکانی دوو حزبەکە پاراستوە و ئەندام ولایەنگر و کادیرەکانی لەسەر ئەم بێدەنگی و لەسەرخۆنەکردنەوەیە رام کردوە، کە مەرج نیە یەکێتی و پارتی تا ئەو رادەیەش لە هەموو (نا)یەك بێ جیقلدان بوونایە. ئەم زێدەڕۆییە لە وەدەنگ نەهاتن و بەرگری لەخۆنەکردن و بەرەنگاری نەکردنی فشارە بابەتیەکان لەلایەك ئەندام و کادیرەکانی بەرەو جۆرێك لە ساردی و نابوێری و دڕدۆنگی بەرێت(ئەوەی فاروق رەفیق ناوی نا شەرمن و ترسنۆك). لەلایەکیدیش حزبەکانی وا لێکرد کە لای کەمی جیاوازبوون و بەرەنگاری لێ بە زۆر بزانن و پێی بئاڵۆسکێن.

بە پێی یاسا فیزیاویەکان تا روبەر فراوانتر بێ فشار کەمتر دەبێ، چونکە قورساییەکە پەرت و دابەش دەبێ بەسەر پانتایی روبەرەکەدا، بە پێچەوانەشەوە. گەر بهاتبا یەکگرتوو هەر لە سەرەتاوە بە شێنەیی و پلە بە پلە

مومارەســـەی رەخنـــە و موعـــارەزەی بکردایـــە و گەشـــەی پێبدایـــە، ئەگـــەر لەسەرەتاوە کاردانەوەکان توندیش بونایـە بـەڵام بـە تێپـەڕینی کـات سـاحەکە و هێزە سیاسەکان لەگەڵ ئەو سروشتەی یەکگرتوو رادەهاتن و فشارەکانیشیان بە ئاسـۆیی دابـەش دەبـوو بەسـەر پانۆرامـای هەڵوێسـتە بەرهەڵسـتیکارەکانی یـەکگرتوو لـەو سـاڵانەدا. سـەرەنجام هەڵوێسـت و بڕیـارە سـەربەخۆکانی لایـان کتـوپڕ و ئینقیلابـی نـەدەبینرا و لێرەشـەوە کاردانـەوەکانیان سروشـتی و بەرگەگیراو دەبوون . بەمـە هـەم خـۆی لـە مەترسـی لـەناوبردن دەپاراسـت هـەم وێنەیەکی زیندو و کاراتریشی لە خەباتی مەدەنی پێشکەشی مەیدانەکـە دەکـرد، هەمیش کەس وا زاتی نەدەکرد تەماعی تێبکات، کە ئەمە خزمەتی بـە عەقڵیـەتی دوو حزبەکـە و حزبەکانیـدیش دەکـرد و لەگـەڵ زمـانی مەدەنیـەت و قبـوڵکردنی ململانێی سپی و بەرەنگاری رایدەهێنان. بەڵام کاتێ تۆ وردە وردە بەرەنگاری و جیاوازی لە خـۆت نیشـان نـەدەیت، دیـارە ئـەو کاتـەی دەکەویتـە هەڵوێسـتێکی جیـاواز و بەرهەڵسـت ئـامێزەوە هەڵوێسـتەکەت زۆر شـاز و ئینقیلابـی و چاوەڕێنەکراو دێتە بەرچاو و سەرەنجام فشارەکانیش بـە سـتونی و بـە سـەختی لەسـەرت دەچـەقن. واتـە گـەر مانگانـە یـا سـاڵانە باجـەکانت نـەدەیت ئـەوە لـە رۆژێکی سەختدا لەسەرت کۆدەبنەوە و روبەڕوی مەترسی ئیفلاست دەکەنەوە.

لـە نیـوەی دووەمـی نەوەدەکانـدا شـاڵاوێك رەخنـە لـە بڵاوکراوەکـانی رۆژنامەنوس و هەواڵ و ئەمڕۆ و گوڵان و هیدیدا لەسەر یەکگرتوو دادەبـەزی، کـە بەجۆرێك لە جۆرەکـان حزبـەکانی لەپشـتەوە بـوو،. زۆرێـك لـە رۆشـنبیر و بنکـە جەماوەریەکـەی یـەکگرتوو باوەڕیـان وابـوو حـزب بـەو رەدو رەدکاریانـە زینـدو دەمێنێ و ئەندامانی چالاك دەبن و دەچێتە نێو جـەماوەر، ئـەو نوسـینانە خـەڵك دەیانخوێنێتەوە و رایان لەسەر دروست دەبێ.، پێویستە حزب و راگەیاندنەکـەی وەڵام و کارلێك و بەشدارییان هەبێ. بەڵام سیاسەتەکە وا بوو کـە وەڵامنەدانـەوە باشترە زۆر جار بە بیانوی ئەوەی کە وەڵامدانەوەیان زیاتر رەواجیان پێدەدات.

یـەكگرتوو بـە زێـدەڕۆیی كردنـی لـە نـەرمی و خـۆدوورگرتنی لـە بێـدڵی و موعـــارەزەكردنی مەدەنیانـــەی دوو حزبـــە حاكمەكـــە ئەگەرچـــی تەمـــەنێك هێشـتویەتیەوە، بـەڵام بـەم شـێوازەی لـە راسـتیدا ئایندەیـەكی پـڕ لـە لـوغم و هەڵـدێری بـۆ خـۆی سـازكردوە. زێدەڕۆییەكـە هەنـدێ جـار دەگەیشـتە ئـەوەی تەنانەت ئاهەنگ و مەراسیمەكانیش زۆر نـەدەبردە شـوێنە گشـتیەكان، چـەندین دەزگای دەترنجاندە یەك بینا نەوەك برادەران بە دیمەنی حەشاماتەكەی و زۆری بارەگاكانی ئیستیفزاز بن.

زیاد لەوە هەندێ جار بە دەستی خۆی كۆت و سانسۆری دەسەڵاتی بـۆ سـەر خۆی بانگێشت دەكرد، فێری دەكردن هەمیشە چاودێری جموجوڵی بكـەن گوایـە تا بیسەلمێنێ ئەو یاساپەروەر و مەدەنی و ناسەرەڕۆیە. كۆتایی نەوەدەكان بوو مەكتەبی راگەیاندن لە هەولێر پێشـنیاری بـۆ وەزارەتـی ئـەوقاف كردبـوو كـە بـا تەلەفزیۆنی ئێمە و تەلـەفزیۆنی هـەرێم بـە تەنسـیق هـەموو هەینیـەك خوتبەیـەك تۆمـار بكـەن و بڵاویكەنـەوە. چـەند هەفتەیـەك وا رۆیشـتبوو. دواتـر تەنسـیق تێكچـوبوو. برادەرانـی Utv وتبویـان: جـاران بـە ئـارەزوی خۆمـان دەچـوین خوتبەیەكمان تۆماردەكردو لێمان دەدا، ئێستا بەهۆی ئەو رێكەوتنـەوە زۆر جـار برادەرانی هەرێم حـازر نـین، ئێمـەش بۆمـان نیـە بـە تـەنیا بچین دەنـا وەزارەت موحاسـەبەمان دەكـات. بـەم شـێوەیە مەكتـەبی راگەیانـدن بـە دەسـتی خـۆی سانسۆری دەسەڵاتی لەسەر خۆی توندتر دەكرد.

وابزانم ساڵی ٢٠٠١ بـوو لەسـەر وتـارێكی رۆژنامەكـە بەنـدە وەك بەڕێوەبـەری نووسـینی رۆژنامـەی یـەكگرتوو بـۆ وەزارەتـی نـاوخۆ بـانگكرام و لـەوێ هەنـدێ پرسـیار و وەڵام و چاولێسـووركردنەوە روویـدا. دواتـر لـە مەكتـەبی راگەیانـدن سەرنووسەری رۆژنامەیان راسپاردبوو كە بچێ سوپاسی وەزارەتـی نـاوخۆ بكـات لەسـەر ئـەوەی بـانگ و ئاگاداریـان كـردوین. وتم: (ئـاخر وەزارەت ئێمـەی بـانگ كـردوە گـوێی راكێشـاوین مانـای هەیـە ئێمـە بچـین بڵـێین سـوپاس گوێتـان

راکێشـاین؟!) . ئیـدی چـۆن حزبـی دەسـەڵاتدار لـەم حزبـە قبوڵـدەکات لـە پـڕ ماڵجیایی لەگەڵ بکات؟.

ئەگەر بڕیار بوو یەکگرتوو درێژە بە هەمان سیاسـەتی تەقلیـدی بـدات. ئـەوە دەبـوو بـە بـێ ئاگـاداری و ڕەزامەنـدی ڕەسمـی، نـە زارەکـی، دوو حزبەکـە ئەملاوئەولا و ماڵجیـایی نـەکات. چـوونی یـەکگرتوو بـۆ نێـو لیسـتی هاوپـەیمانی کوردستان لـە هەڵبژاردنـە پـەرلەمانیەکـەی کوردسـتان و عێـراق لـە ٣٠-١-٢٠٠٥ ئەگەرچی بێئومێدکردنی جـەماوەر بـوو لـەوەی ببێتـە هێزێکـی بەرهەڵسـتکار لـە بەرامبەر دوو حزبەکە ، درێژەپێدەری ئەم سیاسەتە بـوو، بـەلاَم جیابونەوەکـەی لــە هەڵبژاردنــە پەرلەمانیەکــەی عێــراق لــە کۆتــایی هــەمان ســاڵ و دواتــریش بەشداریکردنی لە کۆنگرەکەی قاهیرە کودەتایەکی دەڵەمە و بـێ زەمینەسـازی و حساب بۆ نەکراو بـوو بەسـەر کـۆی ئـەو سیاسـەتی پێشـوویدا.. لەبەرئـەوە لێـی قبوڵنەکرا. لـەو جـۆرە کاردانەوەیـەدا خۆیشـی بەرپرسـە، چـوون راینـەهێنابوون لەسەر یەکگرتووی (نا) و جیاواز.

**ڕۆژنامەی (ئاسۆ) لە ٢٠-٦-٢٠٠٧**

***** *****

## یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان پاش پتر لە دەساڵ*

### خوێندنەوەیەکی رەخنەیی لەناوەوە

### یەکەم: ئیسلامیبوونی یەکگرتوو:

گەر بگەڕێینەوە بۆ ئەو مەنهەجەی کە یەکگرتوو ئەندامانی خۆی لە قۆناغە جیاجیا پەروەردەیی و دەعەویەکاندا لەسەر پێدەگەیەنێ، دەبینین یەکگرتوو، وەك تەیارێکی ئیخوانی، هەروەها وەك هەر تەیارێکی دیکەی ئەوەی پێی دەڵێن (ئیسلامی سیاسی)، باوەڕی بە (ئیسلام—ی شمولی)هەیە، ئەو ئیسلامەی کە — وەك لە هەندێ وتاری وتاربێژەکاندا دێ— کەتەلۆکێکە بۆ تەواوی بوارەکانی ژیان لە سەردەمی هاتنی ئیسلامەوە تا رۆژی قیامەت، ئەو ئیسلامەی بەرنامەو چارەسەری بێوێنەی بۆ گشت لایەن و کێشە دژوارەکانی کۆمەڵگەکەمان پێیە: ئابورییە، سیاسەتە، رۆشنبیرییە، ئەدەبە، ئەخلاقە، فەلسەفەیە، زانستە...هتد و ، بە وتەی مامۆستایەك (بۆ گشت عەسر و دەهرێکە و دەرمانی گشت

---

* ئەم بابەتە لە بنەڕەتدا وەك توێژەرێکی مەکتەبی باس و لێکۆڵینەوەی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان لە مانگی ئاداری ٢٠٠٥ نووسیم و بۆ ئەمینداری گشتیم نارد و وەڵامێکی نەبوو، منیش بەهۆی نیمچە دابڕانم لە حزب کە دوای وازهێنانم لە بەڕێوەبەرێتی نووسینی هەفتەنامەی یەکگرتوو لە ئەیلولی ٢٠٠٤ دەستی پێکرد ئاگام لە چارەنووسی نەما، دوای نزیکەی ٢ ساڵ رۆژێك ئەندامێکی مەکتەبی سیاسیی یەکگرتوو کە بە حوکمی خەم و ئیهتیماماتی فیکریی هاوبەشمان لێك نزیك بووین، پێی راگەیاندم کە بابەتەکە ئەمیندار و چەند ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی خوێندویانەتەوە و لە لیژنەی ١١ کەسیی پێداچوونەوەی پێڕەو و پرۆگرامی حزبیش لە کۆنگرەی چوارەمی حزب لە ساڵی ٢٠٠٥ سوودی لێبینراوە و دڵم نەهات وەك مەلەفەکانیتری کۆنگرە لەناوی ببەم ئێستە لای منە وەرە بتدەمەوە.
بەسوپاسەوە وەرمگرتەوە و ناردم بۆ سەرنووسەری هەفتەنامەی یەکگرتوو و بۆم نووسی "پێم خۆشە ئێوە بڵاوی بکەنەوە بۆ ئەوەی تەفسیری خراپی بۆ نەکرێ، ئەگینا لەجێیتر بڵاوی دەکەمەوە"، ئەویش بوێرانە بڕیاری بڵاوکردنەوەی دا و دواتر زانیم هەندێك لە ئەندامانی سەرکردایەتی و مەکتەبی سیاسی و ئاستەکانیتریش بە بڵاوکردنەوەی نیگەران بوون و هەندێکیشیان دەستخۆشییان لێکردم.
لەبەرئەوەی هەندێ لە برادەران پێیان وابوو پێشەکیەکەی کە باسی کێشەکانی نێو جەریدەی یەکگرتووم تێدا کردبوو نەبوایە باشتر بوو، لێرەدا ئەو پێشەکییەم بڵاونەکردەوە.

دەردێکـە، ئـەو دەردانـەی فەیلەسـوف و زانـاو سیاسـەتمەداران لـە ئاسـتیاندا حەیرانن). ئەو ئیسلامەی کە دەبێ مەرجەعی تاکانەی حوکم و دەوڵـەت بـێ. بـە کورتی ئیسلام بەدیل و چارەسەرە و غەیری ئەو سەرلێشێوان و سەرگەردانییە.

ئەم تێگەیشتنە لە ئیسلام هێشتا لە رووی تیۆرییەوە پاشەکشەی لێنەکراوەو مراجەعەی تێدا نەکراوە. بەڵام ئەگەر بە قووڵی لە واقیع وردبینەوە هەستدەکەین کـە ئـەم دروشـم و ئیدیعایانـە لـە سیاسـەت و بەرنامـەو واقیعـی حـاڵی بزاڤـە ئیسـلامیەکان بەگشـتی لـە ناویشـیاندا یـەککگرتوو، بـەو شـێوە سـیحراوی و یەقینگەراییەی لە خیتاباتی قۆناغی دەعوەو مەنهەجی پەروەردەیی و تەعبەویدا دەبینرێ، رەنگی نەداوەتەوە، ئەڵبـەت بـە شـێوەو رێـژەی جیـاواز. یـان رەنگـە بتوانین بڵێین بە کردەوە پاشەکشە لە زۆرێکیان کراوە تەنیا ماوە بە جورئەتەوە ئەو پاشەکشـەیە بـە تەئسـیلکرنێکی فیکـری و مەنهـەجی رابگەیـەنرێ و تەبـەننا برێ. دیـارە ئـەم پاشەکشـەیەش بـە شـێوەیەکی پلەپـلـەیی و لەگـەڵ زەمـەن و تەجروبە و فشاری واقیع هاتۆتە گۆڕێ.

## رواڵەت و بەڵگەکانی ئەم پاشەکشەیە:

+ لە رووی فیکریەوە نەك نەتونرا ئیسپات بکرێ کە فیعلەن ئیسـلام ئـاینێکی هەمەلایەنەیە و تەرح و قسەی تایبەتمەند و بێوێنەی لە بوارە فیکری و مەعریفی و ئینسـانیەکاندا هەیـە، بـەڵکو هەسـت نـاکرێ لـە مەودایـەکی دووریشـدا فیکـر و پـرۆژەی فیکـری ببێتـە خـەم و بەرنامـەی کـاری تـەیاراتی ئیسـلامی. لێرەوەیـە هەژاریەکی نووتەك لە بواری بەرهەمهێنانی فیکری و مەعریفیـدا بەرچـاودەکەوێ. لێرەوەیە ئەهلی فیکر و مەعریفە بە ئەسـتەم خۆیـان لـەو بازنەیـەدا دەبیننـەوە، چونکە جموجوڵ و گوتار و تەرحێکی فیکری و مەعریفی تێدا نـابینن. نـابینن بـە فیعلـی قوتابخانەیـەکی فیکـری ئیسـلامی هـەبێ کـە خـاوەن قسـە و فەلسـەفە و تەرحی مەعریفی تایبەت بێ جیاواز لەو رەوتە فیکریانەی لە گۆڕەپانەکـەدا هـەن

و نوخبـەی رۆشـنبیر پێیانـەوە سـەرقاڵن وەك کـە –بـۆ نموونـە– هـەر یـەك لـە لیبرالیەت و مارکسیەت و وجودیـەت و بونیادگـەرایی و..هتـد خـاوەن فەلسـەفەو تیۆری رون و تایبەتمەندی خۆیانن و هەر یەکەو کۆمەڵێ فەیلەسـوف و بیرمەنـدی تایبەت کاریـان تێـداکردوون و دەکـەن و قسـە لەسـەر مـرۆڤ و بـوون و ئـازادی و سیاسەت و ئابوری و ئەدەب و مەعریفە و ئەخلاق و شارستانێتی و..هتد دەکەن.

ئاخۆ هۆی نەبونی ئەم جموجوڵە فیکرییە ئیسلامییە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئیسـلام خـۆی وەك ئـاین نـەیکردوە بـە ئـەرکی خـۆی قسـە لـەو بابەتـە ئـاڵۆز و بەرفراوان گۆڕاوانە بکات و ئـەوە ئێمـەین ئـەو جـۆرە تێگەیشـتنە هەڵەیـەمان لـە ئیسلام لا گەڵاڵە بووە، یان خەلەلەکـە لـە کەمتەرخـەمی مرۆڤەکاندایـە، ئەمـەیان بابەتێکی سەربەخۆیە.

+ جاران خولگەی دانیشتن و کۆڕو کۆبوونەوەو چالاکییە دەعەویـەکان باسـی خواو پێغەمبەری خواو بەرنامەی خواو تەمکینی دینـی خـوا و (الـدعوە الی اللە) و ململانێی روناکی و تاریکی... بوو. ئێستا دیقـەت لـە دانیشـتنە حزبیـەکان بـدە، دیقــەت لــە موحازەراتــەکانی بــدە، دیقــەت لــە دەورە و چــالاکی رێکخــراوە جیاجیاکانی حزبی بدە، دیقەت لە نەدوە تایبەتەکان بدە، دیقەت لـە جـەوی نێـو دامودەزگاکان و حەرەکات و سەکەنات و قسەی بـەرپرس و کارمەنـدەکانی بـدە. لەسەروو هەموو ئەوانەوە دیقەت لە لێدوان و تەسریحات و بەیاننامە جیاجیـاکنی حزب بـدە. بـە کـەمی، گـەر نـەڵێم بـە دەگمـەن، بـاس و خـواس لـەو بابەتانـەی سەرەوە دەبینیت.

+ کاڵبونەوەی ئەو گیانەی جاران لە سـلوکیات و بەرنامـەو سیاسـەتی تـاك و گروپەکاندا وای کردوە جیاوازی ئەوتۆ لـە نێـوان ئیسـلامی و غـەیرە ئیسـلامی دا هەست نەکرێ. لێرەوە لە کاتێکدا جـاران زۆر ئەسـتەم بـوو کەسـێکی ئیسـلامی ببێتە حزبێکیدی چونکە پێی وابوو ئەوە مەسەلەی قـەبرو قیامەتـە، ئێسـتا کـەم نین ئەوانەی هیچ تەمەیوزێکی ئەوتۆ لە یەکگرتوودا نابینن و پێیان وایـە ئاسـاییە

ببنه حزبێکیدی،(برادەرێك گێڕایەوە: دارایی حزب ویستی راتبەکەی ئێمە(وەك پۆلیس) کەمبکاتەوە، ئێمەیش وتمان گەر کەمی بکەنەوە دەچین دەبینە پارتی و لەویّ معاشەکەمان وەردەگرین!).

+ جاران سەری زمان و بنی زمانی ئیسلامیەکان (پرۆژەی سیاسی ئیسلامی) و (ئەسلەمەی دەوڵەت و ژیان) و (دەوڵەتی ئیسلامی) بوو. بەڵام ئێستا کەسێ باس لە (دەوڵەتی ئیسلامی) ناکات. کاتی خۆی م.عەلی باپیر لە کتێبەکەی (چارەسەری کێشەی کورد لە نێوان ئیمان و پەرلەماندا)، (ئیمان)ی لە بەرامبەر و بەدیلی (پەرلەمان) دادەنا،) وا ئێستا کۆمەڵ بە شانازیەوە دەچێتە پەرلەمانێك کە عەلمانەت تێیدا باڵادەستە. نوێنەری حزبی دەعوەی ئیسلامی، لە کەناڵی (ئەلجەزیرە) حاشای دەکرد لەوەی ئەوان بیانەوێ دەوڵەتێکی ئیسلامی دابمەزرێنن و پێی لەسەر دەوڵەتی مەدەنی دادەگرت. د.ئەحمەد ئەلکبیسی زانای ناسراو، لە دیمانەیەکدا لە کەناڵێکی ئاسمانی راشکاوانە نەیاری خۆی بۆ دەوڵەتی ئیسلامی راگەیاند و وتی من لەگەڵ دەوڵەتێکی ئازادداام وەك ئەوەی لە ئیمارات هەیە. یەکگرتوویش وەك ئەوان باسێك لە ئیسلامەتی دەوڵەت ناکات لە کاتێکدا ئامانجی کۆتایی لە مەنهەجی پەروەردەییدا دروستکردنی دەوڵەتی ئیسلامییە.

لێرەدا باس لەوە نیە ئاخۆ ئەم بێدەنگی یاخود پاشەکشەیە لە داواکردنی دەوڵەتی ئیسلامی گۆڕانێکی ئیجابی یان سەلبییە، بەڵکو مەبەست تەنیا ئاماژەکردنە بۆ سەرهەڵدانی دیاردەکە.

**** ****

**دووەم:** یەکگرتوو سەردەمێك لە گەشەیەکی پێوانەییدا بوو، ئەو لە مەوقیعی هێرش و تەحەدی و حزبەکانیدی، بەتایبەت دوو حزبەکە، لە مەوقیعی بەرگریدا بوون. رۆژانە بە لێشاو لاوان روویان تێدەکرد، تا ئەو رادەیەی ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی لە دانیشتنێکدا کە ئامادەی بووم دەیوت: (ئەگەر دە

ساڵیتریش لێی پاڵدەینەوە و هیچ نەکەین ، ئیشی خۆمان کردوە)، بەلاّم لەم ساڵانەی دواییدا هەست دەکرێ کەیرڤەکە روو لە دابەزینە، ئەوان لە مەوقیعی هێرش و یەکگرتوو کەوتۆتە مەوقیعی بەرگری لە خۆکردن، چەندین کادیر و رۆشنبیرو ئەندامی چالاکی یەکگرتوو چوونە ریزی دوو حزبەکە یان لانی کەم دوورکەوتنەوە. رەنگە هیدیکەش هەبن قابلیەتی وازهێنانیان تێدابێ بەلاّم پلەوپایەیەکیان لە حزبدا هەیە گرتونی. ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی ئەمساڵ(٢٠٠٥) و هەڵبژاردنەکانی قوتابیان لە یەك دوو ساڵی دواییدا، کە وێڕای فراوانبوونی پەراوێزی ئازادیەکانیش دابەزینێکی بەرچاوی بەخۆوە دی، یان لانی کەم لە هەندێ ناوچە رێژەکە گەر داشنەبەزیبێ، چەقیوەو زیاد ناکات، بەڵگەی ئەم راستییەیە.

ئەمەواقیعێکە نە دانپێدانانی نەنگیە و نە نکوڵی لێکردنیشی چارەسەرە، بەڵکو پێویستی بە دیراسە هەیە.

**** ****

**سێیەم:** یەکێ لە هۆکارەکانی گەشەی یەکگرتوو لە سەرەتاکان و ناوەڕاستی نەوەدەکاندا ئەوە بوو یەکگرتوو حزبێکی تایبەتمەند(متمیز) بوو. لەکاتێکدا خەڵکیدی براکوژییان دەکرد، منداڵانیان هەتیو دەخست، وڵاتیان وێران دەکرد، هێزی بێگانەیان پەلکێش دەکرد، ئەو حزبێکی مەدەنی بێ میلیشیای راگەیاند، هەتیو و هەژارانی بەخێودەکرد، وڵاتی ئاوەدان دەکردەوە، ژیانی بە خەڵك و خاك دەبەخشی. بەلاّم وا ساڵانێکە شەڕ نەماوە، خەڵکیدیش خەریکی ئاوەدانکردنەوە بوژاندنەوەی ژیان و گوزەرانی خەڵکن، دیارە بە هێزو گوڕێکی زیاترەوە. وا ئەوانیش وردە وردە خاڵە لاوازەکانیان تەجاوز دەکەن و خەڵك رازی دەکەن. لێرەدا مەدەنی بوون و خێرخوازیەکەی یەکگرتوو ئەو تەمەیوزەی جارانی نەما و بەمەش یەکێ لە کارتە بەهێزەکانی لە دەستدا.. لەبەرئەوە دەبێ یەکگرتوو لەم قۆناغە نوێیەدا لە خۆی بپرسێ: ئاخۆ من چ تەمەیوزێکم هەیە

لەوانیدیم جویێ بکاتەوە تا بە هۆیەوە خەڵك بەسەر ئەوانیدیمدا هەڵبـژێرێ؟ مـن چیم پێدەکرێ کە بەوانیدی نەکرێ تا بەردەوام خەڵك بە ئومێدی خۆیانم بزانن؟!

**** ****

**چوارەم**: یەکگرتوو حزبێکی بەرهەڵستکارە، ئـەوەی وا لـە جـەماوەر دەکـات روو لە حزبێکی بەرهەڵستکار بکات ئەوەیە ئەو حزبە ئەو کارانە بکـات کـە حزبـە حاکمــەکان نایکــەن، ئــەویش بــەوەی ببێتــە زمــان و ویــژدانی جــەماوەر و بەرهەڵستکار و چاودێرێکی کـاراو زینـدوو لـە بەرامبـەرو دەسـەڵات و سیاسـەت و بەرنامەکانی. بتوانیێ نەوەیەك پێشکەش بە گەل بکات کە بوێرانە بە گـژ سـتەم و گەندەڵیەکاندا بچێتەوە.

لە راستیدا یەکگرتوو لـە سـاڵانی رابـردوودا نەیویسـتوە یـان نـەیتوانیوە بـەم ئەرکە مێژووییەی هەستێ. هـەر ئەمـەش وایکـردوە لـە لایـەك ئەندامـەکانی —بـە وتەی فاروق رەفیق— شەرمن و ترسـنۆك دەرچـن و لەلایەکیـدیش جـەماوەر ئـەو متمانەو ئومێدەی کزببێ کە بە یەکگرتوو ی هەبوو بەوەی ببێتە هێزی سێیەم و کـارتێکی فشـاری کاریگـەر لەسـەر دوو حزبـە حاکمەکـە. لێـرەدا دیسـان دەبـێ یـەکگرتوو ئـەو پرسـیارە لـەخۆی بکاتـەوە: ئـاخۆ ئەگـەر ئـەو نەبێتـە هـەڵگری پرۆژەیەکی ئیسلاحی کاریگەر و، لەبەرامبەریشەوە هێژە حاکمەکان بە تـەرغیب و بە تـەرهیب خـەڵك کێش بکـەن، جـەماوەر بـە چ ئومێـد و ئامانجێك خـۆی بـە یـەکگرتوو ببەسـتێتەووە؟ ئـاخۆ (ئیسـلاحکردن) بـە بـێ رەخنـە و موعـارەزە مومکینە؟ ئەگەر باس لە وەعز و دینداریە و یەکگرتوو پشتی بەوە ئەستورە، وا دەبیـنین هێزەکانیـدیش وەعـز و واعیزیـان هەیـەو دەورەی زانسـتی شـەرعی دەکەنەوە و مزگەوت دروسـتدەکەن و...هتـد، لانـی کـەم خـەڵك عـوزری ئـەوەی دەسـکەوتوە کـە بـە وابەسـتەییان بـە فـلان حزبـی حـاکم دینەکـەیان ناکەوێتـە مەترسیەوە.

ئەگەر بۆ لەمەوپێش بێدەنگی و ناکارایی یەکگرتوو وەك حزبێکی جەماوەریی بەرهەڵستکار پاساوی خۆی هەبووبێ و جەماوەریش تا رادەیەك تەفەهومی کردبێ، ئەوە بۆ ئەمڕۆو ئاینده کە یەکگرتوو دەچێتە پەرلەمان و حکومەت و بەرپرسیارێتی بەشێك لە سیاسەت و بەرنامەو بێتوانایی حکومەتی دەکەوێتە ئەستۆ، ئەرکی سەرشانی گەورەتر و ئاڵۆزتر دەبێ و ناکارایی هیچ پاساوێکی نابێ.

ئەگەر بێدەنگی و سازشکاری و سیاسەتی موجامەلەکردنی لەمەوپێش هەروەك خۆی لەناو پەرلەمان و حکومەتیشدا درێژەی پێبدرێ و نەویسترێ یاخود نەتوانرێ لە گوڵێ کاڵتر بە هێزە باڵادەستەکان بوترێ، ئەوە دەبێ چاوەڕێی ئایندەیەکی باش نەبین.

*****    *****

**پێنجەم**: گەر بتەوێ نوێنەرایەتی ویژدانی جەماوەر و خەڵکی بکەیت، پێویستە لەهەموو بارودۆخەکاندا لەگەڵ هەق و دادپەروەری و، دژی ستەم و نابەرامبەری بیت، نەك سیاسەت و بەرنامەو پلانێك بە ستەم بزانیت کاتێ دژ بە بەرژەوەندی خۆشتە، بەڵام کاتێ خۆت رازی کرایت، یان خۆیشت بوویتە بەشێك لەو هێزانەی لەپشت ئەو سیاسەت و پلانە نادروستانەوەن، ئیدی بە قودرەتی قادر ستەمت لێ ببێتە عەدالەت و لە بری رەخنەگرتن کارت ببێت پاساودان.

ئێمە وەك حزب و وەك رۆشنبیران و وەك ئەندام و لایەنگران زۆرمان رەخنە لە دیاردەکانی ئیزافەکردنی خزمەتی ساختە لە دەمودەزگاکانی میری ودانانی کەسانی نەشیاو لە پۆستی گرنگ لەبەر ئیعتیباراتی حزبی تەسك و، پشتگیریکردنی هەندێ لە دەزگای راگەیاندنی حزبەکان لە کەسانی چاپچی و نازانمچی تا ببنە رۆژنامەنووس و لە سەندیکا وەرگیرێن و دیاردەی قبول خاس و بڕوانامەی تەزویرو دابەشکردنی ناعادیلانەی زەوی بەسەر کادیرو بەرپرسان و دەسترۆیشتوانی دوو حزبەکە، گرت. بەڵام کارەساتە کە دەبینیت لێرەو لەوێ، چ

وەك دەزگاو چ وەك كەسانی پێشكەوتوو، چ وەك حزب، كاتێ ئەو رێوشوێنە نادروستانە دەبنە هۆكاری دەسكەوتنی بەرژەوەندی خود، سڵناكرێتەوە لە پەنابۆبردن و پاساو بۆ هێنانەوەو بەرگری لێكردنیان . بەرپرسی دەزگایەكی راگەیاندنی یەكگرتوو راشكاوانە دەیوت كە پشتگیری ئەوەندە ساڵ خزمەتی بۆ هەموو كارمەندەكانی كردوە تا فلانە ئیمتیاز بیانگرێتەوە، ئەمە لەكاتێكدا هەندێكیان نیوەی ئەو ماوەیەش كاری راگەیاندنیان نەكردبوو.. دەمانوت زوڵمە (٦٠٠م، ٥٠٠م،..) زەوی بدرێتە بەرپرس و كادیری حزبی لەكاتێكدا فەرمانبەری زۆر هەیە سەروریشی لە خزمەتدا سپی كردوە هێشتا (٢٠٠م) زەوی وەرنەگرتوە گوایە خاڵی تەواو نیە، بەلام كاتێ حزبی حاكم گەورە بەرپرس و كادیرە حزبیەكانی خۆشمانی لەو خێرەدا بەشداركرد ئیدی كەس نەیوت كاكە ئەمە زوڵم و ناعەدالەتییە.

زیاد لەوە ئەندام مەڵبەند هەبوو، كە (٣٠٠م) زەوی وەك كادیری حزبیی یەكگرتوو وەرگرتبوو، هاتبوو لە شارەونی هەولێر بپرسێ ئاخۆ راستە بڕیارێكی وا هەیە ئەوەی وەك كادیری حزبی زەوی وەرگرتوە بە (مستفید) حسێب نیە و بۆی هەیە وەك فەرمانبەریش جارێكی زەوی وەربگرێتەوە !.(پێموت كاك فلان بۆچی پێت وایە شتێكی باشە گەر بڕیارێكی وا هەبێ؟ وتی، ئەی بۆ؟ وتم: "وەڵلاهی ئەوە گەورەترین ستەم و ناعەدالەتیەو خوێنمژینی خوێنی ئەو میللەتەیە ئیدی پارتی بیكات یەكگرتوو بیكات هەر كێ بیكات". ئەو برا بەرێزە ! كە بێگومانم زۆریدیشمان هەن لە ئاستی ئەو براو سەر و خواری ئەو برایە كە شوكری خوا دەكەن !(شوكرێك كە وەك شوكرەكەی سڕی سەقەتی گەورە سۆفی، ساڵێك ئیستیغفاری دەویّ) گەر ئەو بڕیارە راست بێ و هەبێ. ئیدی پەیامە ئینسانیەكە و هەق و عەدالەت بە فلسێك !.

ئاخۆ ئەگەر حزبێك، داعیەك، كادیری حزبێكی ئیسلامی، بەم شێوەیە لە خەبات لە پێناو مرۆڤ و كۆمەڵ و دادپەروەری بگات دەتوانێ ببێتە هەڵگری

پرۆژەیـەکی ئیسـلاّحی؟ ئـاخۆ ئەگـەر پەرلـەمانتار و وەزیـرو بریکـاری وەزیـر و بەڕێوەبەرە گشتیەکانیشمان سبەی لێشاوی پارەو ئیمتیازاتی ناڕەوا بەسـەریاندا رژا، کـە سـالآنێکە ئێمـە دژ بـە بـەزەخ و تـەرەفی پەرلـەمانتار و وەزیـرو بەرپرسـەکانی دوو حزبەکـە قسـە دەکـەین، دێنـە دەنـگ و بڵـێن کاکـە ئەمـە ناعەدالەتی و فەسادی ئیداری و مـالی و بـە فیڕۆدانـی سامانی میللەتـە و دەبـێ سنوورێکی بۆ دابنرێ(وەك ئەوەی لەم دواییـەدا لـە پەرلـەمانی کوردسـتان کـراو هـەر یـەك لـە ١١١ پەرلەمانتارەکـە بـڕی ٤٠ ملیـۆن دیناریـان درایـە بـۆ کڕینـی ئۆتۆمبیل، ئەمە لە کاتێکدا گرانـی بـازاڕو نـەبونی کارەبـا و سـوتەمەنی و کـەمی موچە تەنگی بە هاولاّتیـانی ئـەم دەڤـەرە هەڵچـنیوە) ، یـان ئـەوانیش دروشمـی (واما بنعمة ربك فحدث) بەرزدەکەنەوە؟!

**** ****

***شەشەم:*** یەکێکیدی لە دیاردە سەلیەکانی ناو ریزەکانی حزب، کزبوون یاخود هەندێ جار نـەمانی کایگـەری بـەها رۆحیـەکانی جارانـە کـە وزەو مانـا و توانـای بەکارکردنەکان دەداو مانـدوێتی دەڕەوانـدەوە، وەك بـەهاکانی خۆشەویسـتی و برایـەتی و سینەسـافی، خـاکیبوون، خـەمخۆری و بەدەمیەکـەوە بـوونی یـەکتر، پاڵپشتی و راستکردنەوەی یەکتر. بەداخەوە ئێمە لەم رەوەوە بەو شێوەیە جوان نین کە خەڵك لە دەرەوە دەمانبینێ. بڕوانە لە دەزگاکانـدا ململانێـی نـاڕەوا لـە نێوان بەرپرس و کارمەندان لـە لایـەك و لـە نێـو کارمەنـدان خۆیـان لەلایەکیـدی. دیکتاتۆریـەتی هەنـدێ بـەرپرس، غـەرەزو حەساسـیەتی هەنـدێك بەرامبـەر هەندێکیدی، لەیەکترخوێندن و غەیبەتکردن، حەزنەکردن بە پێشـکەوتنی یـەکتر، نەفسی نەفسی و هەر کەس بۆ خۆی، گوێنەدان بە ماندوبوون و موعانـاتی یـەکتر و نادیدەگرتنی، نـەبوونی هاوکـاری برایانـە لـەکاردا، بێموبـالاتی بـە ئیلتیزامـاتی ئیداری و ئەولەویەتدان بە تەماع و پـارە، شـەڕی کورسـی و پلەوپایـە، بێگیـانی عیبادەتەکانیان بە هۆی ئەم کەشوهەوا نادروستەوە.

**** ****

**حەوتـــەم:** یـەکێ لـەو کێشـانەی کـە لـە یـەکگرتوودا هێشـتا بەشـەرمەوە باسـدەکرێ و وروژانـدنی بـە جۆرێـك لـە نـەنگی دادەنـرێ مەسـەلەیی دارایـی و ئیمتیازاتی مادیە، کەلە راستیدا یەکێکە لە بابەتە هەرە گرنگەکان. ئاخر یەکێ لە هۆکارە سەرەکیەکانی ئـەو ململانـێ و هـەوڵی خۆبردنەپێشـەی ئەنـدامانی حـزب دەسکەوتی مادییە، چونکە لە حزبدا تا پلەکەت بەرزتر بـێ موچـەکەت زیـاترەو زیاتریش هەلی چوونەپێشـت لەبەردەمـە. نابینیـت لـە سـەفەرەکانی هەنـدەران و حـەج و وەرگرتنـی پۆسـتی حکـومی و...هتـددا لـە پێشـدا، سـەرە لـە سـەرەوە دەست پێدەکات؟! هۆکاری زۆرێك لە پرتەو بۆڵەکانی کارمەندە جۆراوجۆرەکـان گرفتی مالی بووە، هۆکاری وازهێنانی زۆرێك لە ئەندامەکانی حزب هـەژاریی حـزب و ئیغرائاتی مالی ئەملاولا بووە..

لێرەوە گرنگـە حـزب حسـابی ورد بـۆ ئـەم کێشـەیە بکـات و نـەهێڵێ ببێتـە سەرچاوەی کێشە. گەرەکـە داهاتـەکان بـە دادپـەروەری بەسـەرهەموولا دابـەش بکات، ئیمتیازاتەکان لە چەند کەسێکی دەست رۆیشتوودا حەسر نـەکات. کـاتێ ئەنـــدامێکی پیشـــکەوتوو(مەکتەبی سیاســـی، یـــا ســـەرکردایەتی، یـــان هـــەر ئاستێکیدی) دەبێتە وەزیر یان پەرلەمانتار یان هـەر پۆسـتێکیدی و دەرگایـەکی گەورەی لە رووی دارایی و گوزەرانەوە لێدەکرێتەوە، دەبێ ئـەو دەرگاکرانەوەیـە ئاسـەوار تـەنیا لەسـەر خـودی کەسـەکە بەجێنـەهێڵێ ئەگەرچـی ئـەویش مـافی خۆیـەتی لـە خێراتـی پۆسـتەکەی بـەهرەدار بـێ، چـونکە لـەو بـارەدا ئەنـدامی خـوارەوە، یـان ئەوانـەی پۆسـتێکیان وەرنـەگرتوە، کـە دەبیـنن بابـای خـاوەن پۆسـتی دەوڵـەتی بـوو بـە خـاوەنی کۆشـك و مۆنیکـاو عەنعەنـەو فەنفەنـە، ئـەو هەستەیان لا دروست دەبێ چوونە حکومەت تەنیا خێری بۆ چەند کەسێك تێدایـە کە لەو رێیەدا خۆیان پێدەگەیەنن تا ئەو رادەیەی کـە رەنگـە ئیـدی لـە حـزبیش بێمـەنت بـن و، کـاری ئـەوانیش (وەك هەنگـە کارەکـەرەکان، کـە هەمیشـە لـە

خزمەتی شاهەنگەکەیاندان و تەرفیع ناکەن) دەبێ هەر پرۆپاگەندەو راکە راکە بێ بە دوای کۆکردنەوەی خەڵکدا، کە لە کۆتاییدا –بەو پێیە– بەرهەمەکەی دەچێتە گیرفانی چەند کەسێکەوە.

لێرەوە گرنگە حزب لەو بارانەدا میکانیزمێکی هەبێ کە ئەو بارە نە ناعەدالەتی لێبکەوێتەوە و نە کێشەو مقۆمقۆیش دروست بکات.

***** *****

**هەشتەم**: ئەگەر بڕیار بێ مەدەنیبونی یەکگرتوو (باوەڕبونی بە حیوار و ململانێی مەدەنی لە باتی توندوتیژی، کرانەوە لەباتی داخران، باوەڕ بە دیموکراسیەت و بەشداری سیاسی و ئاڵوگۆڕی دەسەلات، تەکفیرنەکردنی هێزە عەلمانیەکان، سەروەری یاسا) بەرەنجامی خوێندنەوەو تێگەیشتن(اجتهاد)ێك بێ لە ئیسلام نەك هەڵوێستێکی براگماتی و زادەی فشارو پێداویستیەکانی رۆژگار، ئەوە دەبێ ئەم جۆرە (بوون)ە هاوشان بێ لەگەڵ بزاڤێکی فیکری و مەعریفی کە بە مەنتیقی (دەق) و (واقیع) و (حەقیقەت) تەئسیلی ئەو جۆرە تێگەیشتنە بکات و بیکاتە کۆمەڵێ کتێب و سەرچاوەی فیکری ئەوتۆ کە بۆ هەمیشە بمێنێتەوەو لەبەردەست هەر توێژەرو رۆشنبیرێك، کە بیەوێ لە فیکری ئەو بکۆڵێتەوە، ئامادە بێ.

بوونی ئەم جۆرە سەرچاوە فیکرییە خۆماڵیانە، جگە لەم بایەخەی دوایی، خزمەت بە ئایندەی بزاڤەکەو بەردەوامبونیشی لەسەر رێبازەکەی دەکات، چونکە ئەگەر ئەم مەدەنیبونە لە تێگەیشتن و فیکرو قەناعەتێکی قوڵەوە سەرچاوەی گرتبێ ئەوە بە گەشەکردنی فیکری توندڕەو، یاخود حەرفی پاشەکشە ناکات. بەلام ئەگەر تێگەیشتنەکەو سیاسەتەکە پشت ئەستور نەبێ بەو خەلفیەتە فیکرییە بەهێزە، ئەوە لە روبەڕوبونەوەی فیکری بەرامبەردا بە جۆرێك لە جۆرەکان خۆ بەدەستەوە دەدات.

لێرەدا بە نموونەیەك ئەم بیرۆکەیە زیاتر رۆشن دەکەمەوە..

یەکێ لە ئاسەوارەکانی کرانەوە و تێکەڵبونەکەی یەکگرتوو لەگەڵ واقیع ئەوەیە، جیاواز لە ئیسلامییە گۆشەگیر و حەرفیەکان، ئەندام و کادیرو بەرپرسەکانی لە کاتی وتەکانیاندا وەك جاری جاران هێندە (بسم الله) کردن بە گرنگ ناگرن(چەندین نموونەم لایە کە بەرپرسی یەکگرتوو لە مێزگردی تەلەفزیۆنیدا بە بێ بەسمەلە دەستیان بە قسەدەکرد لە کاتێکدا هەندێ لە نوێنەرانی لایەنەکانیدی بە بەسمەلە دەستیان پێدەکرد).پاساو هەرچی هەیە گرنگ نیە. وێنە گشتیەکە بم شێوەیە. کەچی کاتێ لەگەڵ کەسێکی ئیسلامی لایەنێکیدی ئیسلامی دەکەونە بەرامبەر و دەبینن ئەو زیاد لە بەسمەلە (الحمدلله و الصلاة والسلام علی رسول الله..)ش دەکات، دەبینی نوێنەرەکەی خۆشمان وەك ئەو لەسەرەوە بۆ خوارەوە دەیانلێ (جارێك ئەم حاڵەتەم لە مێزگردێکی تەلەفزیۆنی لە Utv بینی، ئەندامێکی سەرکردایەتی یەکگرتوو لەگەڵ محەمەد بازیانی میوان بوون). ئەمە بەڵگەی چییە؟ بەڵگەی ئەوەیە تۆ لاساییکەرەوەیەکی بێ ئەملاوئەولای واقیعەکەتیت و خاوەنی راوبۆچونی خۆت نیت.

لێرەدا باس لەوە نیە کە ئاخۆ ئەو بەسمەلەکردنە چەندە گرنگە یان گرنگ نیە، ئەم نموونەم بۆ ئەوە هێنایەوە تا دەریخەم کە زۆرێك لەو گۆڕانکاریانەی لە سیاسەت و سلوکیات و عەقڵیەتی ئێمەدا دروست بوون، پشت ئەستور نین بە بیرکردنەوەو تێگەیشتن و قەناعەت و کولتوورێکی فیکری بەهێز، بەڵکو کرانەوەکە عەفەوی بوەو بە تەبیعەتی حاڵ بەرەو کرانەوەی زیاتر و زیاتر و شلگیری لە رسوماتە ئاینیەکانی بردوین، دەنا گەر ئێمە -هەر بۆ نموونە- بە قەناعەتەوە دەستەبەرداری بەسمەلەکردن بووبین و بە زیاد یا ناپێویستی بزانین بۆ دەبێ لەبەرخاتری فلان بگەڕێینەوە سەری. جارێکیان لە کۆڕی ئەندامێکی مەکتەب سیاسی لە هۆڵی مەڵبەندی (٢) قسەم کردو ئاماژەم بەم حاڵەتەو بە هەمان نموونە کرد، دوای کۆڕەکە برایەك، وابزانم کاك عەبدولکەریم ئەحمەدی

سەرنووسەری ئێستای ڕۆژنامەی یەکگرتوو بوو، هاتەلام و وتی: (ئێمە وامان دەزانی تۆ نوێخوازیت، نەمانزانی سەلەفیت!). وتم: (من هەرچی هەم گرنگ نیە، گرنگ ئەوەیە ئەوە بم کە ئیددیعای دەکەم، نەك بە ئیددیعا شتێ بم و بە کردەوە شتێکیدی).

لەسەرەتاکانی پاش ڕاپەڕین هەوڵێکی سەرەتایی فیکری لەم جۆرە بەدیدەکرا. هەستدەکرا دوو تێگەیشتنی جیاواز سەبارەت بە چەمکەکانی جیهاد و گۆڕانکاری و سیاسەتکردن لەنێو تەیاری ئیسلامیدا هەیە، وتار و لێکۆڵینەوە لەو بارەوە هەبوون(کۆمەڵە وتارێکی نێو گۆڤاری پەیامی ڕاستی ئەوکات)، بەلاّم دواتر بەرەو نەمان چوو. ڕەنگە هەر لێرەشەوە بێ هەندێ لە ڕۆشنبیرانی عەلمانی کوردستان پێیان وایە شتێك نیە بەنێوی ئیسلامی توندڕەو و میانڕەو، هەموو یەکن، گەر وانیە بۆ لە میدیاکاندا ئەو جیاوازیەی نێوانیان بۆ دەرنەخستین؟ ئێمە لە بیبلۆگرافیای(٣٠٠) ژمارەی یەکەمی ڕۆژنامەی یەکگرتوو، گە ئۆرگانی ڕەسمی حزبەکەیە، تەنیا یەك دوو ناونیشانمان دی کە باسی لە (ئیسلامی سیاسی) دەکرد. تا ئێستا هەوڵێکی فیکریی ئیسلامی ئەوتۆ نیە بۆ داڕشتنی پێناسەیەکی ئیسلامیی ڕوون بۆ ئەو بزاڤە و جیهانبینی و شیکردنەوەکانی بۆ ڕەگەزو گۆڕانکاریەکانی دنیای ئەمڕۆ. لەبەرئەوە یا ناتوانن بە زمانی فیکرێکی ڕوون و بە دیدگای خۆیان قسە لە چەمکە مۆدێرنەکان بکەن، یان کە قسەیان کرد قسەی خەڵکەکەیدی دەکەن، واتە دیسان کۆپیکردنەوەی واقیعە هەبووەکە بە بێ داهێنان و تایبەتمەندی.

لە بەرنامەی (شانۆی سیاسی) کە ماوەیەك لە تەلەفزیۆنی گولاّن بە میوانداری ژمارەیەك کەسایەتی جۆراوجۆر پیشکەش دەکرا، مامۆستایەکی مەکتەب سیاسی، کە بەشداربوو، وەك ڕەخنە وتی: (عەولەمە بە ئەمریکی کردنی جیهانە). بەلاّم کاتێ گەنجێك تەلەفونی کرد و لێی پرسی (دەی مامۆستا بە ئەمریکی کردن بۆچی خراپە؟)، نەیتوانی بەرگری لە قسەکەی بکات و

بیسەلمێنێ کە بە ئەمریکیکردن خراپە، بەڵکو بەوە خۆی لە پرسیارەکە دەرباز کرد کە وتی: (خۆ من نالێم بە ئەمریکی کردن خراپە!). ئەمە لەراستیدا چۆکدادانێکی فیکری و بەرەنجامی نەبونی ئەو زەخیرە فیکرییەیە کە باسکرا، نەك وەڵام. ئاخر ئەگەر تۆی ئیسلامی پێت وانەبێ بە ئەمریکی کردن، بە هەموو رەهەندە کولتووری و سیاسی و ئابوریەکانیەوە، شتێکی خراپە، مانای وایە پێت چاکە. لەو بارەشدا ئیدی بەرزرکردنەوەی بەیداخی پرۆژەو بەدیل و چارەسەری ئیسلامی لە بەرامبەر تەرحەکانیدیکەی ناوچەکەو جیهان چ پاساوێکی هەیە؟ ئەگەر بە ئەمریکی کردن شتێکی چاکە ئیدی قیتکردنەوەی بەدیلێك بۆ ئەو شتە چاکە، چ مەنتیق و مانایەکی دەبێ؟.

مەبەستم لەم نموونەیش، هەروەك ئەوەی پێشوو، تەنیا ئاماژەکردنە بەوەی کە زۆرێك لە هەڵوێستەکانمان زیاتر لاساییکردنەوەو جێپێ هەڵگرتنی دەروبەرەکەو خووپێوەگرتنن تا ئەوەی بەرهەمی فیکرێکی سەربەخۆ بن. هەر لێرەشەوەیە نابینی داهێنانێکی فیکری، سیاسی، یاسایی، یا تەنانەت فیقهی و کلاسیکی، پێشکەش بە واقیعەکە بکەین. خەڵك دەیکات و ئێمەیش ئەشەدوبیللای بۆ دەکەین(چوون ئامادە نین موعارەزەش بکەین). ئایا یەکگرتوو بە قەناعەتی خۆی بۆی دەرکەوت کە فیدرالیەت چاکترین چارەسەرە بۆ کێشەی کوردستان یان لەو مەسەلەیەدا لاسایی یەکێتی و پارتی کردەوەو خۆی لە لێزمە لادا؟ بەحوکمی ئیسلامی بوونەکەی دەبوو زانایانی یەکگرتوو، یان خوشکانی یەکگرتوو دەست پێشخەریان بکردایە لە روبەڕوبونەوەو فەزحکردنی ئەو یاسایانەی باری کەسێتی کە پێیان وایە ستەمیان تێدایەو لەگەڵ ئیسلامدا ناگونجێن، بەڵام تا ئافرەتانی کۆمۆنیست و هی دی باسیان لە ستەمی ئەو یاسایانە نەکرد، ئەمان باسیان نەکرد. باسێکیان لە یاسای ئابڕوشۆری(غسل العار) نەکرد، تا خەڵکی دی باسیان کرد، جا ئەمانیش هاتن داکۆکییان لە گۆڕینی یاساکە کرد.

ئاخر خۆ دەبێ ئێمەیش دەستپیشخەریەکمان هەبێ و بۆ جارێك خەڵك و ساحەکە بە تەرحەکانمانەوە سەرقاڵ بکەین.

**** ****

**نۆیەم:** هەر حزبێك هەوڵدەدات جیاکەرەوەیەك بۆ خۆی پەیدا بکات کە بەو سیفەتە لەوانی دی جوێ بکرێتەوە. یەکێتی و پارتی خۆیان بە بەیداخ هەڵگری خەم و پرۆژەی نەتەوەیی راگەیاندوەو لەو بوارەدا سەرقافڵەن. لە نێو ئەوانیشدا یەکێتی دەیەوێ خۆی وەك حزبێکی مۆدێرن و سەرچاوەی ئیبداع و شۆرش و گۆڕانگاری بەردەوام بناسێنێ، پارتی زیاتر لە وەتەری سامان و بازرگانی و ئاوەدانکردنەوە دەدات. شیوعیەکان خۆیانیان کردوە بە بەیداخ هەڵگری دروشمەکانی ئلزادی و دیموکراسیەت. ئیسلامییە چەکدارەکانی جاران خۆیان وەك نموونەی غیرەت و عیززەت و بوێری و جەربەزەیی نیشان دەدا‌ا. لەم نێوەدا دەبێ یەکگرتوویش خاڵێکی جیاکەرەوە بۆ خۆی بدۆزێتەوە و، بە فیکرو بە فیعل، کاری لەسەر بکات. سەرددەمێك مەدەنی بونەکە جیاکەرەوەریەکی فیعلی، نە فیکری، بوو، بەڵام وا مەدەنی بوونەکەش بوو بە عادەت.

لەم سەردەمەدا بۆ یەکگرتوو وەك حزبێك کە هەر لە سەرەتاوە لەگەڵ چەمکەکانی وشەو رۆشنبیری و حیوار و شارستانێتی و..هتد هاتوە، رەنگە بتوانێ —گەر بیەوێ— لەم بوارەدا تەمەیوز پەیدا بکات بەتایبەت کە لە لایەك کەلەپورێکی فیکریی ئیسلامی دەوڵەمەندی لەبەردەستە، لەلایەکیدیش سەردەم سەردەمی وشەیە. رەنگە بەم خسوسیەتەوە بتوانێ زۆرێك لەو کەموکورپیانەش کەشف بکات کە لە حاڵەتی ئێستاو لەمەوپێشیدا هەبوون و لەبەرکارنەکردنی لەسەر فیکرو رۆشنبیری و بیرکردنەوەی جیددی نەیتوانیوە وەك پێویست دەرکیان بکات.

**** ****

**دەیەم:** لە دواخاڵدا بە گرنگی دەزانم ئاماژە بە دوو خاڵ بکەم:

* یەکگرتوو لـە بەرنامـەو رابـردوی خۆیـدا خـاڵ و تایبەتمەنـدی پرشـنگداری زۆرن ئاماژەیان پێبکرێ. بەنـدە لێـرەدا زیـاتر تـەرکیزم لەسـەر خاڵـە لاوازەکـان کرد، چونکە کەم نین ئەو کەس و، دیکۆمێنتانەی لە خاڵـە بـەهێزەکان دەدوێـن. کۆڕو کۆباس ولێدوان و بەیاننامەکان هەموو باس لەو خالانە دەکەن. بەلام کـەمن ئەوانەی خۆ لە قەرەی باسکردنی خاڵە لاوازەکان دەدەن جا ئاخۆ لەو روەوە بێ کە پێیان وابـێ داننـان بـە هـەبونی هەڵـە و خـاڵی لاوازدا نەنگییـە و لـە پـیرۆزی کاروانەکـە و پەیامەکـەی کەمدەکاتـەوە، یـان لەبـەر سـەرقاڵبونیان بـە رۆژانـەی سیاسـەتکردنەوە بـواری بیرکردنـەوەی جـدییان لـەو مەسـەلە هەسـتیارە بـۆ نەماوەتەوە و لێرەشەوە ناتوانن قەناعـەت بـە خۆیـان بێنن(نـازانن) کـە هـەر بـە راستی کەموکوڕی هەیە.

ئەندامێکی مەکتەب سیاسی لە کۆڕێکدا دەیوت: (ئێمە گرفتی فیکریمان نیە)، یەکێکیـدی دەیـوت: (پـرۆژەی یـەکگرتوو موتەکامیلـە)، ئەنـدامێکی مەڵبەنـدیش دەیوت: (یەکگرتوو موعجیزەی عەسرە!). ئیدی رەنگە لە کـەم دەرکیـی منـەوە بـێ تێناگـەم نـەبونی گرفتـی فیکـری یـانی چـی و چـۆن لەکاتێکـدا حزبێـك کـە ئیـددیعای هـەلگرتنی بـەدیلێکی شارسـتانی و گـەردونی دەکـرد —و دەکـات— گەنجینە و خەرمانە فیکریەکەی خاڵی بـێ لـە لـەخۆبوردوترین هـەوڵ و بەرهـەمی فیکری و مەعریفی. یان ئاخۆ (موتەکامیلبوون) تەنیا بە ئیددیعا و دروشـم تـەواو دەبێ، یان دەبێ تۆ بە کـردەوە لـە رووی بەرهـەمی فیکـری و تـەرحی فیکـری و سیاسـی و ئـابوری و کۆمەلایـەتی و یاسـایی و رۆشـنبیری و هونـەری و ئـەدەبی و...هتد سەرچاوەگرتوو لە مەرجەعە فیکری و عەقائیدیەکەتەوە—کـە پێـت وایـە کامل و شاملە— متکامل بیت؟ تەکامول لە کوێدایە لەکاتێکـدا تەنانـەت ئەنـدام و کادیرە پێشکەوتوەکان لە نەبونی جیهانبینیـەکی روون و رەسـەن و هاوچـەرخی سەرچاوەگرتوو لە ئیسلامەوە خەریکە هیچ جیاوازیەکیان لە ئەندامانی حزبەکانی دی نەبێ و گوتارو موفرەدات و شیکردنەوەیان فۆتۆکۆپی ئەوانیدیکە بێ؟!

خـۆ ئەگـەر یـەکگرتوو بیـەوێ تـەنیا وەك حزبێکـی سیاسـی براگمـاتی دابـڕاو لەهەر وابەستەیی و مەرجەعیەتێکی عەقائیدی و ئایدیۆلۆژی دیاریکراو سیاسـەت بکات و بیەوێ بە پێی سروشت و پێداویستیەکانی قۆناغەکانی ڕۆژ بە دەم فشارو خواسـت و حـەزەکانی گۆڕەپانەکـەوە بچێ(پشـتگیری فیدرالیـەت+ پشـتگیری گۆڕانی یاساکانی باری کەسایەتی و ئابرِوشۆری+ پشتگیری لە سیستمی تەوافوق و لـە دیـاریکردنی ڕێـژەی لەسـەدا بیسـت و پێنجـی کورسـیەکان بـۆ ئـافرەت+ بەشـداری جـەژن و یـادو بۆنـە ئـاینی و نەتـەوەیی و حزبیـەکان+ دامەزرانـدنی ڕێکخراوی تایبەت بە چین و توێژەکان و کردنەوەی خولی جۆراوجـۆری پیشـەیی و..هتد)، ئەوا بێشك یەکگرتوو شـتی باشـی کـردوەو دەکـات، چـونکە، مەسـعود محەمەد وتەنی:(سیاسەت مامڵەتی بازاڕییە پتر لەوەی فکرو ئاکار بێ).

بەلاّم ئەگەر تۆ پێت وابێ پرۆژەکەت لە پرۆژەی (حزبێکی سیاسی) گـەورەتر و مەودای کارو بایەخدانت لە (سیاسەت) فراوانترە، ئەوە دەبێ خەم و بەرنامـەت لە خەم و بەرنامەی حزبێکی سیاسـی گـەورەتر و هەمـەگیرتر و قـووڵترو جـددیتر بێ.

* لـەم چـەند دێـڕەدا ڕەنگـە زۆر تـەرکیزم لەسـەر گرنگـی و لاوازیـەکانی ڕەهەندی فیکری کردبێ، کە ڕەنگە ئەم ڕەهەنـدە لای هەنـدێ بـراو خوشـك نـەك هـەر هێنـدە گـرنگ نـەبێ، بـەڵکو پێیـان وابـێ گرنگـی پێدانی ئـەو بـوارە خـۆی سەرچاوەی گرفتە. تەرکیزی بەندە لێرەدا لەلایـەك لـەو ڕووەوەیـە کـە یـەکگرتوو خۆی بە حزبێکی خاوەن مەرجەعیەتی فیکری و فەلسەفی ڕاگەیاندوە، لەلایەکی دیکەشەوە لـەو ڕووەوەیـە کـە هـەر حزبێکـی جیـددی و راسـتەقینە پێویسـتی بـە بەرنامەیـەکی فکـری هەیـە تەنانـەت گـەر خۆیشـی بـە بـێ فیکـر لەقەڵـەم بـدات. بایەخـی گرنگیـدان بـەم بـوارە تـەنیا لـەو ڕووەوە نیـە کـە مـرۆڤ دەکاتـە خـاوەن بیرکردنەوەیەکی قووڵ و بەرچاو ڕۆشن لە تێڕوانین بۆ دنیاو چەمك و گۆڕانکارییە سەرهەڵداوەکانی، بـەڵکو لـەو ڕوەشـەوەیە کـە هـەر بـە بیرکردنـەوەی جیـددی و

قوولّ و بـاوەڕبوون بـە بـەهای فیکـر(وەك ئـامرازی شـیکردنەوەو هەڵسـەنگاندن) دەتوانیـت خاڵـە لاوازەکانـت پـەی پێببـەیت. دەنـا بـە پێچـەوانەوە بـەردەوام لەهەڵەدا دەژیت بێ ئەوەی بەخۆت بزانیت، یان بزانیت هەڵەکە لەکوێدایە.

(**یەکگرتوو**)، **ژمارە: ٦٣٣و ٦٣٤ لە ٤/٣ و ٢٠٠٧/٤/١٠** .

***** *****

## سیاسەتی ئیسلامی لە نێوان کولتوری خۆپاڵاوتن و خۆنە پاڵاوتندا
## کۆنگرەی پێنجەمی یەکگرتوو بە نموونە

مرۆڤی موسڵمان، بە پێی سەرەتاکانی ئاینەکەی، نابێ تەزکیەی خۆی بکات و بڵێ من کەسێکی چاکم، چونکە ، بەپێی دنیابینی ئیسلامی، خوا باشتر مەعدەنی مرۆڤەکان دەناسێ. قورئان راشکاوانە فەرمان دەکات: (فلاتزکوا أنفسکم هو اعلم بمن اتقی) واتە خۆتان تەزکیە مەکەن، خوا باشتر دەزانێ کێ چاکترە.

گەر ئەمە بۆ زمانی سیاسەت و حزبایەتی ئەمرۆ تەرجەمە بکەین دەبێ بڵێین: بابای سیاسی موسڵمانی مولتەزیم بۆی نیە خۆی بۆ وەرگرتنی پۆست و بەرپرسیارێتی بپاڵێوێ، چونکە خۆپاڵاوتن مانای خۆ تەزکیەکردن و خۆ بە شیاو زانینە بۆ وەرگرتنی ئەو بەرپرسیارێتیە، لەکاتێکدا خوا دەزانێ کێ چاکتر و شیاوترە. ئەمە جگە لەوەی وەرگرتنی پۆست و ئەرکی سەرکردایەتی ئەمانەت و بەرپرسیارێتیە، کە شکست هێنان لە بەجێهێنانی ئەرکەکاندا جگە لە بەرپرسیارێتیەکەی دنیا، بۆ بەرپرسی موسڵمان شەرمەزاری ئاخیرەتیش لەرێدایە. واتە وەرگرتنی پۆست تەکلیفە نە تەشریف. لێرەوەیە کولتووری ئیسلامی، لانی کەم لە روی تیۆریەوە، بە گومانەوە مامەڵە لەگەڵ مەبدەئی خۆپاڵاوتن و ململانێ لە پێناو کورسی دەسەلات کردوە و دەکات. ئاخر پێغەمبەر راشکاوانە بە ئەبوموسای ئەشعەری وت: (ئێمە پۆست نادەینە کەسێك چاوی لێیبێ و داوای بکات). لە ئەڵقە پەروەردەییەکانی رێکخستنی لایەنە ئیسلامیەکاندا ئەم فەرمودەیە پانتایی و قورساییەکی بەرچاوی پێدەدرێ، کە دواتر ئەو قورساییەی لێدەسەنرێتەوە.

ئەگەرچی راشکاوانە باس لە بەسەرچوون یاخود پشتگوێ خستنی ئەم سەرەتا زاهیدانەیە لە کاری سیاسیدا ناکرێ، بەلاّم لەگەڵ گەورە بونی قەبارەی

حـزب  و سـەرهەڵدانی موغرەیاتـە مـاددی و مەعنەویـەکانی ئاسـتە جیاجیاکـانی سەرکردایەتی و پۆستەکان، ئەم سەرەتایە، یان ئەوەتا بـە ئۆتۆمـاتیکی جـێ بـۆ سـەرەتایەکیدیکەی گونجـاوتر لەگـەڵ بـارودۆخی نـوێ چـۆڵدەکات، کـە ئـەویش زەرورەت یـان لانیکـەم ئاسـایی بـونی خۆپالاۆتنـە بـۆ پۆسـتەکان ئەگـەر هـاتو متمانەت بە ئەمانەت و تەکنۆکراتی خۆت هەبوو، شەرعیەتی ئەم سەرەتایەش لە وتەکەی یوسف پێغەمبەرەوە سەرچاوە دەگرێ کـاتێ بـە پادشـای میسـری وت: **(اجعلني على خزائن الارض اني حفيظ عليم)** واتە بمکـە بـە خەزنـەداری وڵات چونکە من زانا و ئەمینم.

یان ئەوەتا سـەرەتاکە وەك خـۆی دەهێڵرێتـەوە بـەلاّم لـە رۆحەکـەی خـاڵی دەکرێتەوە، ئەویش بەو مانایەی ئەگەرچی کەسەکان خۆیان نایەنە سـەر منەسـە و خۆیان تەرشیح بکەن و جاڕی ململانێی ئاشکرا بۆ بردنەوەی پۆستەکان بدەن، بەلاّم لە سێبەردا شەڕی سارد و هەندێ جـار گەرمیشـی لەسـەر دەکـرێ. بـراوە شایی دەکات و نەبراوە غەم دایدەگرێ. رەنگە لە حزبیش بتۆرێ. ئاخۆ یەکێ لـە هۆکارە زەقەکانی لێکترازانی بزوتنەوەی یەکبوونی ئیسلامی هەر شەڕی کورسـی و دەسەڵات نەبوو؟ ئەم حاڵەتە تەنانەت بـە جۆرێك کـاری لـە زانایـەکی رۆحـانی وەك رابەری یەکەمی بزوتنەوە مەرحومی مامۆستا مەلا عوسمان عەبدولعـەزیزیش کرد، ئەوە بوو پاش ئەوەی لە هەڵبژاردنی نیوخۆیی دەرنەچویەوە بە دڵرەنجاوی چـــوە هـــەولێر و ئـــەوەش دڵـــی نەهێنایـــەوە کـــە بزوتنـــەوە یەکلایەنـــە لـــە راگەیاندنەکانیدا ناوی (رابەری رابـوون)ی لێنـابوو، چـونکە دەیزانـی ئـەوە خـۆڵ لەچاوکردنە، ئەگینا لەبارێکدا بزوتنەوە خۆی رازی نەبێت ئەو رابەری بێت، بزاڤە ئیسلامییەکانی تر چۆن بەبێ پرس پێکردن رازی دەبن؟.

ئەو کات لە یەکێ لە پاسەوانە نزیکەکانیم پرسـی: مامۆسـتا بۆچـی عـاجز لـە بزوتنەوە بووە ؟ وتی: (ئەو ئەڵێ بە غەربی لایانداوم نەك بە شەرعی). بەداخەوە کە شەڕی کورسی و دەسەلاّت و تەوزیفکردنی چەمکە ئاینیـەکان بـۆ بـەدیهێنانی

مەرامە سیاسیەکان یەکێ لە خاڵە هەرە لاوازەکانی کولتووری سیاسی ئیسلامی بووە لە مێژووشدا.

لەنێو یەکگرتووشدا ئەگەرچی لەرووی تیۆرییەوە سەرەتا زاهیدانەکە راشکاوانە رەت نەکراوەتەوە بەڵام نەشتوانراوە وەك پێویست پەیرەو بکرێ، ئەگەر ئێمە تەنیا باس لە پۆستە سەرکردایەتییە سەرەکیەکان و دواتریش پۆستە حکومییەکان بکەین، ئەوە رەنگە ئەوانەی بەو رۆحیەتە دنیانەویستانەوە چونەتە مەیدانەکەوە بە پەنجەی دەست بژمێررێن، ئەوانیش زیاتر ئەوانەن کە کەمتر لە مەیدانە سیاسیەکەدا رۆچون و زیاتر وابەستەی دنیا تایبەتەکەی خۆیانن.

لەوە بترازێ، بەپێی خوێندنەوەی خۆم بۆ کەشوهەوای گشتی نێو حزب و نەفەسی کارەکتەرەکان و وتەی ئەوانەی لەنێو کۆنگرەکاندا بوون، بوون بە ئەندامی سەرکردایەتی و مەکتەبی سیاسی وەك خەونی تەمەن تەماشا کراوە و بۆ گەیشتن بەو خەونەیش بابای حزبی پێشوەخت ئامادەسازی تایبەتی بۆ کردوە. لەگەڵ بەستنی هەر کۆنگرەیەکی نوێدا دەستەی پێشوی سەرکردایەتی ترسی جدییان لە دەرنەچونەوە لێنیشتوە. ئەوەش نە لەبەرئەوەی بەدەستهێنانی بەرپرسیارێتی گەورەتر پێشمژدەی خوا لێرازیبوون بێ، بەڵکو زیاتر لەبەر بایەخە دنیاییەکانی ئەو پۆستەیە. ئەمە واقیعێکە نکولی هەڵناگرێ و لەوەش تێپەڕیوە دان پێدانانی عەیبە بێ ئەگەرچی لەنێو کەشوهەوا ئیسلامیەکەدا هێشتا زەحمەتە کەسێك بوێرێ دان بەو راستیەدا بنێ، چونکە پەروەردەکە وا هاتوە کە شەڕی کورسی نیشانەی لاوازیی لایەنی رۆحی و ئیمانییە.

لەپاش روخانی رژێم وەرگرتنی پۆستە حکومیەکانیش بە تەبیعەتی حاڵ بونەتە یەکێکیدی لە موغرەیاتەکانی حزب. ئەو موغرەیاتە هێندەیتر پۆستی سەرکردایەتی حزبی بەبایەختر و چاوتێبڕاوتر کردوە لەو روەوە کە حزب پتر

لەسەدا نەوەدی پۆستەکانی بە ئەنـدامانی سـەرکردایەتی داوە. لـەم بارودۆخـەدا ڕۆحە زاهیدانەکە لـە بەرژەوەنـدی ڕۆحیەتـە دنیاگەراییەکە توشـی پاشەکشـەی زیاتر دێ.

تا ئەم کۆنگرەی دوایـی خـۆ نەپاڵاوتنـەوە لـەنێو ئەنـدامانی سـەرکردایەتیدا، سەری هەڵنەدا.

بەلاّم لە دیمەنێکی بێ پێشینەدا، کە شـکاندنی عـورفێکی دەقگرتـوی واقیعـە حزبی و سیاسیەکەی کوردستانیش بو، لە کۆنگرەی ئەمجارەدا (١-٢/٥/٢٠٠٨)، بۆ یەکەم جار، پتر لە دە ئەنـدامی سـەرکردایەتی و مەکتـەب سیاسـی یـەکگرتو، خۆیان بۆ سەرکردایەتی نەپالاّوتەوە. ئەم هـەنگاوە، بـە چاوپۆشـین لـە پاڵنـەرە ڕاستەقینەکانی کە دەکرێ لە نێوان ئەندامێك و ئەندامێکیدیکەشدا جیاواز بن، بە سەرەتایەکی گرنگ و جێی دەستخۆشی دادەنێم، لەوانەش هەوڵەکانی ئەمینداری حزبە بۆ خۆنەپالاّوتنەوە هەر لە کۆنگرەی چوارەمەوە پێش سێ ساڵ، کە ئەگەر لەو بوارەدا گلەییەك لە نەگۆڕانی کەسی یەکەمی حـزب لـەماوەی چوارده سـاڵدا بکرێ، کە وەك سەرەتا و بە چاوپۆشین لەوەی ئەو کەسـە کێیـە، ئـەو ڕەخنـە و گلەییە لە جێی خۆیدایە، ئەوە بە پلەی یەکەم دەبێ ئەو گلەییە لە حزبەکە و لـە سەرکردایەتیەکەی بکـرێ کـە نـەیتوانیوە بـەدیلێکی شـیاو پێبگەیـەنێ. ئەمـەش دەردێکی گشتییە لە گۆرەپانی سیاسی کوردستانداو تەنیا یەکگرتو نیـە پێـوەی گرفتار بێ. بەلاّم لەگەڵ ئەم نرخاندنەشدا دیسـان ناچـارین هەڵوێسـتەکە لـە ژێـر ڕۆشنایی کولتووره ئاینیەکەی تایبەت بە مەسـەلەی خۆپـالاّوتن و خۆنەپالاّوتنـدا بخوێنینەوەو بپرسـین: ئـاخۆ هۆکارەکـە گەڕانەوەیـە بـۆ سـەرەتا زاهیدانەکـەی کــاری سیاســی کــە ئــەویش خۆنەپالاّوتنــە ، یــان هــەر درێژەکێشــاوی دژە پرنسیپەکەیترە؟

پێناچێ ئەمە گەڕانەوە بێ بۆ سەرەتا زاهیدانەکە، چـونکە ئەگـەر ئـەو چـەند کەسـە خۆشـیان نەیانویسـتایە خۆیـان بپـاڵێون، خـۆ هـیچ ڕێگرێـك نـەبوو کـە

ئەمینداری گشتی حزب، وەك لە كۆنگرەكانی پێشوو پەیرەو دەكرا، تەرشیحیان بكاتەوە، ئەمە جگە لەوەی ئەمجارە كۆنگرە خۆی، جیاواز لە خولەكانی پێشوو، بریایدا ئەندامان خۆیان خۆیان بپاڵێون نەك ئەمیندار بیانپاڵێوێ. هەر وەك ئەو پرسیارەیش دێتەپێش كە بۆچی ئەوانەی خۆیان نەپاڵاوتەوە بەزۆری لەوانەن كە پۆستیان لە حكومەتدا وەرگرتوە؟

ئەمینداری گشتی یەكگرتوو پاش تەواوبوونی كۆنگرەی پینجەم، لە كۆنگرەیەكی رۆژنامەنوسیدا و لە میانەی لێكدانەوەی خۆی بۆ هۆكاری ئەو خۆنەپاڵاوتنەوە دەستەجەمعیە، وتی **"ئێستا وەك جاران خەڵك حەزی لە سەركردایەتی نیە"**.

دەكرێ لەم وەڵامەوە سەرەداوێكی راستیەكانمان بۆ دەركەوێ، كە بۆچی ئەو گرووپە ئێستا، بە پێچەوانەی رابردوو، حەزیان لە سەركردایەتی نیە، یان نەماوە؟! رەنگە وەڵامی دەستەویەخەیش هەر ئەوەبێ كە فیعلەن، بەحوكمی مەوقیعیان لە پۆستە حكومیەكاندا، لە سەركردایەتی بێ نیاز بوون و ئیدی سەرسوكی باشترە هەم بۆ خۆیان هەم بۆ ئەو خەڵكەیش كە خەون بە سەركردایەتی و شتیدیكەوە دەبینن و ئەوەش مافی خۆیانە و هەقە حەپولكێك بەوانیش بدەن.

ئەم شیكارە نادیدەگرتنی ئەم هەنگاوە نوێیە نیە كە، وێرای ئەو گومانانەی بەدەوریدا دێن و دەچن، گرنگە لە كوردستاندا ببێتە كولتوور، بەقەدەر ئەوەی هەوڵدانە بۆ دەرككردنی هۆكار و پاڵنەرە راستەقینەكانی تا بزانرێ ئەو هۆكار و پاڵنەرانە چەندە داهێنەرانەن و چەندە لە توانایاندایە گۆرانكاریەكی جەوهەری لە عەقڵیەتی سیاسی و ئەخلاقی سیاسی هێزە سیاسیەكانی كوردستاندا بخولقێنن.

**(ئاوێنە)، ژمارە: ١٢٧ لە ٢٤-٦-٢٠٠٨**

# کورد و ئەمریکا: عاشق و ئاقڵ

دوور لە شۆڕبونەوە بۆ قوڵایی مانا فەلسەفیەکانی هەردوو چەمکی (ئەشـق) و (عەقڵ) و بەرجەستەبونیان لە کەسایەتی مرۆڤەکاندا، کە رەنگە بۆ ئەو بابەتـەی ئێمە دەمانەوێ لێی بدوێین زۆر گرنگ نەبێ، دەتوانین بە کـورتی بڵـێین (ئەشـق) حاڵەتێکە لەسەر بناغەی سۆز دامـەزراوە، کـە هـەردوو بـەهای خۆشەویسـتی/رق بەرهەمدەهێنێ و پێوەرەکانیشـی پـتر پێـوەری زاتـی– دەروونـی و سـۆزباوین و کەمتر ملکەچی پێوەرە ماددی و بابەتییەکانە.

هەرچی (عەقڵ)ـە پتر وابەسـتەی پێـوەرە مـاددی و کۆنکریتیەکانـە و کـەمتر حساب بـۆ سـۆز و دەرهاویشـتەکانی دەکـات. کەسـی عاشـق مەلەکـەی عـەقڵ و توانـای هەڵسـەنگاندنی بابـەتی و بەرژەوەندگەرایانـەی لـە مامەڵـەکردنی لەگـەڵ مەعشـووقەکەی تـا نـزمترین پلـە دابەزانـدوە بـە شـێوەیەك نـاتوانێ عـەیب و ناتەواویەکانی و دەرەنجامە خراپەکانی خۆتوانـەوەی دەروێشـانەی لـە کەسـێتی ئەو مەعشووقەدا دەرك بکات.

هەرچی کەسی ئاقڵـە، کەسـێکی براگمـاتی و بەرژەوەندگەرایـە. پەیوەنـدی و بڕیارەکانی لەسەر بناغەی لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندیەکانی خۆی دادەرێژێ نەك لەسەر بناغەی ئەویندارییەکی سۆزباوی، کە رەنگـە زۆرجـار پێـوە وابەسـتەبوونی لەسەر حسابی فەرامۆشکردنی بەرژەوەندییـە ماددیـەکانی خـود بـێ، ئیـدی ئـەو خودە خودێکی تاکەکەسی بێ، یان خودێکی مەعنەوی وەك حزب یان دەوڵەت.

ئەگەر پەیوەندی کورد/ئەمریکا لە کوردستانی خۆمان بکەینـە نموونـەی ئـەم دوو کەسایەتییە، ئەوە بێ شك کورد، یان وردتر سەرکردایەتی سیاسـیی کـورد و بەشێکی بەرچاو لە نوخبە سیاسـی و رۆشـنبیرییەکەی، کارەکتـەری (عاشـق) و، ئەمریکایش کارەکتەری (ئاقڵ) بەرجەستە دەکەن.

کورد عاشقی ئەمریکا بووە (لەبەرچی عاشقی بووە و ئاخۆ ئەو ئەشقە پاساوێکی مەنتیقی هەیە یان نا ئەوەیان بابەتێکی دیکەیە)، ئەشقێکی بێسنوور تا ئەو رادەیەی زۆر جار زاتیەت و سەربەخۆیی خۆی لەدەست دەدات و لەنێو کەسێتی ئەودا دەتوێتەوە، نابینی گەورە بەرپرسانی حکوومیی کورد، ئێستاش کە پۆستی سەرۆکایەتیی جۆراوجۆریان لە حکومەتی فیدرال و هەرێمدا هەیە کاتێ لەگەڵ وەزیرێکی ئەمریکی پلە نەویتریش رادەوەستن هێندە بەشەرمەوە دەوەستن وەك ئەوەی هێشتا نوێنەری حزبەکانی خۆیان بن لە هەشتاو نەوەدەکاندا کە کورد خواخوای بوو بەرپرسێکی ئەمریکی و ئەوروپی پلە دوو و سێ و خوراتریش لایەکی بەلادا بکاتەوە، بێئاگا لەوەی ئێستا ئەوان لە ئاستێکی باڵای بەرپرسیارێتیدان و نرخ و کێشی تایبەتیان هەیە.

نابینی لە کاتێکدا راگەیاندنی ئەمریکا خۆی پەردەی لەسەر پێشێلکاریەکانی زیندانەکانی ئەبوغریب لادەدا و رەخنەی توندی لە سیاسەتی وڵاتەکەی دەگرت کەچی گەورە بەرپرسەکانی ئێمە و زۆرێك لە دەزگا راگەیاندنەکان پاساویان بۆ دەهێنایەوە، نهێنی ئەمەش ئەوەیە عاشق ناتوانێ عەیبەکانی مەعشووقەکەی ببینێ..ئەمە لە کاتێکدا دەبوو ناوەندی سیاسی و راگەیاندنی کوردی پتر لە شوێنەکاندیدی بەو دیمەنانە بوروژایە لەبەر هۆیەکی زۆر سانا ئەویش ئەوەیە کە ئێمە تا ئێستاشی لەگەڵ بێ پۆز بە سەر ناوچەی رۆژهەلأتی ناوەڕاستدا لێدەدەین گوایە ئێمە مێرگی دیموکراتیەت و مافی مرۆڤین لە ناوچەکەدا.

(ئاخر کەناڵە ئاسمانییەکانی دوو حزبە سەرەکییەکەی کوردستان، پارتی و یەکێتی، جورئەتیان نەکرد وێنەی پێڵاو تێگرتنەکەی جۆرج بووشی سەرۆکی پێشووی ئەمریکی لەلایەن مونتەزەر ئەلزەیدی پەیامنێری کەناڵی "ئەلبەغدادیە، کە رۆژی /۲۰۰۸/۱۲ لەکاتی کۆنگرە رۆژنامەوانییە هاوبەشەکەی لەگەڵ نووری مالیکیی سەرۆك وەیرانی عێراق هەردوو پێڵاوەکەی گرتە بووش، پەخش بکەن لەکاتێکدا کە دیمەنەکە لە کەناڵە جیهانییەکانەوە پەخش کرا). هەروەها

نەماندی ئەو دەزگا راگەیاندنە دیموکرات و مرۆڤدۆستە و، ئەو حزبە سیاسییە فوول دیموکراتیانەی خۆمان کەمترین رەخنە لە بەکارهێنانی زیاد لە پێویستی توندوتیژی و کوشت و بڕی بێ ناوبگیری ئەمریکیەکان لەناوچە گەرمەکانی عێراق بگرن، کە زۆر جار راگەیاندنی ئەمریکی خۆی لەو پیشێلکاریانە هاتۆتە دەنگ. دیارە کە ئێمە لە ئەمریکیەکان ئەمریکیترین!.

گرفتەکە لەوەدایە ئەشقەکەی کورد ئەشقێکی یەکلایەنە و بێ وەڵامە.

ئەمریکا تەنیا لەگەڵ ئیسرائیل بە مەنتیقی عاشق مامەڵە دەکات. لەهەموو دۆسیەکاندا پشتیوانی بێ قەید و شەرتیەتی و بەرژەوەندی ئەو بە بەشێك لە ئاسایشی نەتەوەیی خۆی دادەنێ. جگە لەو، دڵی خۆی بە تەرەفێکیدی نەداوە، کورد وتەنی (دڵی لەسەر یەکێکە و چاوی لەسەر هەزار). ئەو تەنها چاوی لەگەڵ ئێمەیە نەك دڵی. پێویست ناکات قەوانە کۆنەکەی مامەڵەکردنی واشنتۆن لە گەڵ دۆسیەی کورد و غەیری کورد بە سیاسەتی (بانێکەو دوو هەوا) دوبارە بکەینەوە، ئەوەندە هەیە ئەمریکا عاشقی بەرژەوەندیەکانی خۆیەتی نەك کارەکتەرێکی دەرەکی تایبەت، ئەمەش لە رووی سیاسیەوە مافی رەوای خۆیەتی. دیارە لە رەوتی سوڕانەوەیشی بەدەوری ئەو بەرژەوەندیانەدا سوود یان زیان بەم یان بەو لایەن دەکەوێ و لەوەشدا هیچ باکی نیە و شەرمیشی لێناکات و دڵزویربونی کەسیشی لا گرنگ نیە.

کوردی عاشق، لەژێر کاریگەری گەشبینی و خۆشباوەڕییەکی عاشقانەدا بەرامبەر مەعشووقەکەی، پێی وابوو لەگەڵ روخانی سەدامدا ئەمریکا گشت مافەکانی لەسەر سینیەکی زێڕین پێشکەش دەکات، بەڵام هەر لە هەنگاوە سەرەتاکاندا پێشبینیەکەی نەیپێکاو ڕێ نەدرا هیچکام لە ناوچە تەعریبکراوەکان بخرێنەوە سەر هەرێمی کوردستان. مەحمود عوسمان سیاسەتمەداری کورد و ئەندامی بێلایەنی لیستی هاوپەیمانی کوردستان لە پەرلەمانی عێراق راشکاوانە وتی: "لایەنە عێراقیەکان لاریان نەبوو لەوەی کە هەندێ ناوچە، بۆ نموونە

مەخموور، بخرێنەوە سەر کوردستان، بەلاّم بریمەر رێی بەوە نەدا". دواتریش بۆ رازیکردنــی عەرەبــەکان و ولاّتــانی ئیقلیمــی لــە چــەندین وێســتگەدا دژ بــە بەرژەوەندی کورد هەڵوێستی گرت، لەوانـە لـە مەسـەلەکانی پێشـمەرگە و نـاوی کوردسـتان و مەسـەلەی کـەرکوك و بۆنـدەکانی نـەوت و..هتـد. تـا کـار گەیشـتە ئـەوەی سـەرکردایەتی کـورد، وێـڕای ئـەو ئەشـقە قوڵـەی، لـەوە زیـاتر خـۆی پێنـەگیرێ و لـە ناوەراسـتی ٢٠٠٤دا مـام جـەلال و مەسـعود بـارزانی نامەیـەکی نیگـەرانی ئاراسـتەی سـەرۆك بـۆش بکـەن، کـە رەنگـە ئـەوە یەکـەم راچـڵەکینی گەورە بێ بـۆ جـەماوەری کوردسـتان کـە تـا ئـەو کاتـە لـە لایـەن سـەرکردایەتی کـوردەوە ئاگـادار نـەکرابوو لـەو بـێ مروەتیـەی ئـەمریکای مەعشـووق بەرامبـەر کوردی دڵساف و عاشقی هەیەتی.

دواتــریش راپۆرتەکــەی بێکــەر–هــاملتون زۆر بێموبالاتانــە بــازی بەســەر خەونەکانی کوردا دا و زۆرێك لـە دەسـکەوتە دەڵەمـەکانی خسـتەوەبەر ئەگـەری مەترسـی و تەنانـەت خـۆی نەپاراسـت لـەوەی کوتلـەی کـوردیش تاوانبـار بکـات بـەوەی ئەولەویـەت بـە مافـە ئەتنیـەکانی خۆیـان دەدەن نـەك بـە بەرژەوەنـدی ولاّتەکــە(عێراق). واوەتــریش وەرە بازدانیــان بەســەر دەســەلاّتی هــەرێم و بۆردومـانکردنی شـوقەیەکی قوتابیـان لـە هـەولێر چـەند سـاڵێك پـێش ئێسـتا و تەقەلێکردن و کوشتنی(بە هەڵە)ی چەندین کەس لە هێڵـەکانی نێـوان شـارەکانی کوردسـتان و هەڵکوتانەسـەر و دەسـتگیرکردنی چـەندین سـەرکردەی کـوردی و نوێنــەرانی رەسمـی ولاّتـانی دراوسـێ بـەبێ پـرس پێکـردن و حسـاب کـردن بـۆ دەسەلاّتی هەرێم و، دواترینیشیان داکۆکیکردنیان لە دواخسـتنی جێبـەجێکردنی مادەی ١٤٠، کە چەندین جار سـەرۆك کۆمـار و سـەرۆکی هـەرێم دواخسـتنی ئـەو پرۆسەیان بە هێڵی سـوور و سـەرەتای شـەڕێکی نـاوخۆی راسـتەقینە لـە قەڵـەم دەدا، کەچـی نـەك جارێـك چـەندین جـار دواخـرا و سـەرەنجام مـردار کرایـەوە

ئەگەرچی سەرانی هەرێ بۆ ئیستیلاکی محەلی بەردەوام پێدادەگرن لەسەر ئەوەی مادەی ١٤٠ نەمردوە و نامرێ.

هەموو ئەمانە بەڵگەی ئەوەن کە ئەمریکا بە مەنتیقی (ئاقڵ) نەک (عاشق) مامەڵە لەگەڵ کورد دەکات، هەر وا بووە و هەر واش دەمێنێتەوە. ئاخر کارەکتەری براگماتی ناتوانێ عاشق بێ، چونکە عاشق دەبێ ئامادەی سوتان و قوربانیدان بێ لە پێناو مەعشوقەکەیدا، بەلاّم ئەمریکا نەک تەنها (بەرامبەر) بە قوربانی بەرژەوەندیەکانی خۆی دەکات بەڵکو گەر پێویست بکات تەنانەت بەها ئینسانی و شارستانیەکانی خۆیشی قوربانی بەرژەوەندییە ئابوری و سیاسیەکانی دەکات. ئەمە بەدیهیەتە، نەک رق لە ئەمریکا.

ئەمریکا هێزێکی گەورەیە لە جیهاندا. بۆ کورد گرنگە پەیوەندی تونـدوتۆڵی لەگەڵی هەبێ، بەلاّم پەیوەندیەکی ئاقلاّنە نەک عاشقانە، پەیوەندییەک، بە هەمان ئەو مەنتیقەی ئەمریکای ئاقڵ گرتوویەتیە بەر ، لەسەر بناغەی خزمەتکردنی بەرژەوەندیەکانی کورد دامەزرابێ نەک لەسەر بناغەی خۆشباوەڕی بە لێدوانێکی دبلۆماسی بەرپرسێکی ئەمریکی یان پیاهەڵدانی رۆژنامەنوسێکی ئەمریکی وەک تۆماس فریدمان یان کریستۆڤەر تۆرچیا و هیدی.

ئەو عەشقە ئەمریکییەمان، تووشی جۆرێک لە غرور و بێمنەتبوون لە دەوروبەر و بێموبالاتی بەرامبەر کارەکتەرەکان و روداوەکانی دەوروبەرمانی کردین، بەتایبەت لە ساڵە سەرەتاکانی دوای روخانی سەدام، پێمان وابوو دەتوانین بە گڕی ئەو ئەشقە دڕ بە گشت تاریکیەکانی دەروبەرمان بدەین، ئەومان هەبێ بەسمانە، سوریا چییە؟! تورکیا چییە؟! ئێران چییە،؟!موقتەدا سەدر کێیە؟ جەعفەری و مالیکی کێن؟! هاشمی و دلێمی کوڕی کێن؟!. بەلاّم روداوەکان دەریانخست نەک کیانێکی بێ پشت وپەنای وەک ئێمە، کە بۆردومانەکانی سنوورەکانمان لە چەند مانگی رابردوودا و بێدەنگیی حکومەتی عێراق و ئەمریکیەکانیش لەئاستیدا دەریخست هێشتا چەند بێ کەسین، بەڵکو

تەنانەت ئەمریکا خۆیشی، بەو جەبەرووتە بێوێنەیەوە کە هەیەتی، نەیتوانی و ناتوانێ باز بەسەر دراو و راستییە کۆنکریتیەکانی دەڤەرەکەدا بدات و فشار و ئەجینداکانیان نادیدە بگرێ، وا دەبینی ئەمریکا چۆن موغازەلەی کۆمەڵێ هۆزی سوننەی بیابانەکانی ئەنبار و دیالە دەکات و سەرۆك بووش بە تایبەتی سەردانی کردن.

لێرەوە بۆ ئێمە گرنگە پەند لەوەی رۆشت وەرگرین، هیچ نەبێ بە گوزارشتی پەندە ئینگلیزیەکە (با هەموو هێلکەکان نەخەینە سەللەیەکەوە). مەنتیقی عاشقانیش لە دنیای سیاسەتدا مەنتیقێکی زڕ و دۆڕاوە، مەگەر ئەوانەی عاشق و مریدی میللەتی خۆیان و بەرژەوەندیەکانی خۆیانن و متمانەی رەهایان تەنها بەو ئەشقە خۆماڵییە و بە مەعشووقی راستەقینەی خۆیان، کە میللەتە، دەسپێرن، چونکە هێزێك، یاخود دەسەڵاتێك خۆشەویستی میللەتی لەگەڵ بێ سەرەنجام ویستی خۆی دەباتەسەر و دەیباتەوە، هەروەك دەسەڵاتێك میللەتی خۆی لێ تۆرابێ وەك ئەو جەنگاوەرەیە شیرەکەی دەستی ژەنگ و خۆرە لێی دابێ، کە لە کەمترین روبەروبونەوەدا دەشکێ و دەدۆڕێ..

**هەفتەنامەی (ئاوێنە) ژ: ٨٩ لە ٢/١٠/٢٠٠٧**

***** *****

## رفاندن و بەبارمتەگرتنی خەڵکی مەدەنی، نە دینە نە سیاسەت

وەك دەبیـنین شـەڕ و كوشـتار و ململانێـی خوێنـاوی وەك مۆتەكـە بـەرۆكی مرۆڤایـەتی گرتـووە و لێـی نابێتـەوە. بـەڵام خۆشـبەختانە ویـژدانیكی مرۆڤانـە لەناخـەوە سـەركۆنەی شـەڕكەرەكانی داوە و دەدات لەسـەر ئـەو بەدكارییانـەی دەیكەن، سەرەنجام بـزاڤ و بەرنامەیـەكی مرۆیـی بـۆ سـنووردارکردنی زیانـەكانی جەنگـەكان و پابەنـدبوون بـەلای خـواری بـەها ئـەخلاقی و ئینسـانیەكان لـە مومارەسەكردنی ئەو پرۆسـە خوێناوییـەدا كەوتۆتـە ڕێ و، بەرهەمەكـەی دانـانی كۆمەڵێ یاسا و ڕێسای نێودەڵەتییە كە پێداگری دەكەن لەسەر بەئامانج نەگرتنی خەڵكانی مەدەنی و لاشەڕ لـە جەنگدا و تـەوقكردنی كوشـتارەكە لـەنێوان یەكـە چـەكدارەكاندا، هـەروەها مامەڵـەكردنێكی مرۆییانـە لەگـەڵ دیلـەكانی جـەنگ و سوكایەتی پێنەكردن و ئەشكەنجەنەدان و نەكوشتنیان.

ئاینــەكانیش وەك پــەیامیكی مرۆڤدۆسـتانە دەوری بەرچـاویان هــەبووە لــە ســەرهەڵدان و گەشــەكردنی ئــەو بــەها ئینسـانیانەدا و لێـرەوە ڕێنوێنییــەكانی ئاینیش، لەناویاندا ئاینی ئیسلام، كە ئەمڕۆ گرووپە چەكدارە زۆر و زەبەنـدەكان لە عێراق و دەرەوەی عێراق كردوویانەتە دەمامك و پاساودەری كارە سەرشێت و دڕندانـەكانیان، دەچـێتە ڕیـزی ئـەو هەوڵانـەوە كـە بـۆ چەسـپاندنی ئـەو گیانـە مرۆڤدۆستانەیە لەكاردایە. ئـەوەتا قورئـان راشـكاوانە رایدەگەیـەنێ كـە "ولاتـزر وازرە وزر اخری" واتە كەس ئۆباڵی تاوانی كەسێكی تر هـەڵناگرێ و نـابێ كـەس بەتاوانی كەسێكی تر سزا بدرێ. نابێ بەچاوی سووك سـەیری گیـان و كەرامـەتی مرۆڤ بكرێ و نابێ خەڵكی لاشەڕ بكرێنە ئامانج.

ئەوەی گروپە چەكدارە یاخییەكانی عێراق دەیكەن لە رفاندن و بەبارمتەگرتن و كوشـتن و لـەوەش خـراپتر سـەربرینی خـەڵكانی مـەدەنی لەبـەردەم كـامێرادا (ڕۆژنامـەنووس و كرێكـار و فەرمانبـەر و شـۆفێرانی بیـانی) و هـەروەها ئـەوەی

چەکدارانی چیچانی لەم رۆژانەدا لە قوتابخانەیەکی کۆماری ئۆسیتیای روسیا و ساڵی ٢٠٠٢ یش لە هۆڵێکی شانۆی مۆسکۆ کردیان و هەزاران کەسیان لە هاولاتیانی بێئاگا و لاشەرِ بە بارمتە گرت کە ژمارەیەکی زۆریان بوونە قوربانی، ئەم جۆرە کارانە پێش ئەوەی سوکایەتیکردن بن بە کەرامەتی مرۆڤ و بەها گەردوونیەکانی مرۆڤایەتی، سووکایەتیکردنن بە بەبەها و تەعالیمەکانی ئەو ئاینەی، بە راستیان بێ یان بە درۆ، خۆیان بە سەرباز و بەیداخ هەڵگری دادەنێن و، ئاینەکە یەکێکە لە قوربانییەکانی ئەو سیاسەتە چەوتەیان.

ئاخۆ ئەوانەی وا بە خوێنساردی و بە پاساوی نامەنتیقی مرۆڤی بێتاوان دەکوژن و سەدان کۆرپە و منداڵ و مێردمنداڵ و ژن و پیاوی بێگوناه دەتۆقێنن و خەڵتانی خوێنیان دەکەن دین و ویژدان و عەقڵی سیاسییان هەبێ؟ ئاخۆ ئەو گرووپانە هەر بە راستی پێیان وایە بەو رەفتارانەیان خزمەت بە دین یان بە پرسە سیاسیەکەیان دەکەن؟ تۆبلێی پێیان وابێ ئەوان مومارەسەی دینداری و سیاسەتێکی دروست دەکەن؟

ئەوەی کەمێ بە هۆشیارییەوە لە ئاین رابمینێ و سەلیقەی سیاسی هەبێ تێدەگات ئەو کارە درِندانە نە دینداریکردنێکی دروستە نە سیاسەتکردنێکی ژیرانەیە، چونکە دانانی قەسابخانە بۆ مرۆڤ و چێژ بینین لە مرۆڤکوژی و سەربرِینی خەڵکی بێگوناه لەلایەك بەزاندنی سنوورەکانی هەر ئاینێکی مرۆڤدۆستە و لەلایەکیتریشەوە ناشیرینکردنی وێنەی ئەو ئاینەیە لەبەرچاوی رای گشتیی دنیا بەتایبەت لە کۆمەڵگە ناموسڵمانەکاندا، کە ئەو باوەرِەیان لە لا گەلاڵە دەبێ کە ئیسلامەتی هەر ئەوەیە ئەو جەللادانە دەیکەن، ئەوە بوو پاش بڵاوبوونەوەی هەواڵی کوشتنی ١٢ بارمتەی نیپاڵی لەلایەن گروپی (انصار السنە)وە خەڵکی ئەو وڵاتە پەلاماری موسڵمانانی ئەوێیان دا و مزگەوتەکانیان ئاگر تێبەردان.

خـۆ ئەگـەر دەسـتبەرداری ئـەو بـەها ئینسـانیانەی ئـاینیش بـن و تـەنیا سەرکەوتنی سیاسییان لا مەبەست بێ ئەوە خۆ دەبێ براگماتیانە و بەشێوەیەك خەبات و سیاسەت بکەن کە سۆز و پشتگیری رای گشتی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و رێکخراوە مرۆڤدۆستەکانی دنیا و گەلانی جیهان بۆ دۆزەکەیان بەدەست بێنن تـا بیسـەلمێنن هـەڵگری خـەمی دۆزێکـی سیاسـیی رەوان، بـەڵام بەپێچـەوانەوە ئـەوەی ئـەوان دەیکـەن لـە سیاسـەتی بەبارمتـەگرتن و قـەتلوعامکردنی خـەڵکی مەدەنی جگە لە قەبر بۆ خۆ هەڵکەندن و خۆکوشتن هیچیدیکە نیـە، چـونکە بـەو سیاسەتە سەرشێتانەیە تا دێ رووبەری تووڕەیی خەڵك لـە دژی خۆیـان فـراوانتر دەکەن و تادێ گۆشەگیرتر و بێزراوتر دەبن و سەرەنجام خۆیان و پرسەکەشـیان لەنێودەچن.

(هەر واش دەرچوو، ئەو رەفتـارە دڕندانـە و سیاسـەتی تـەڕو وشـك پێکـەوە سووتاندنی چەکدارانی قاعیدە و هاوشێوەکانی، جامی تـووڕەیی خـەڵکی ناوچـە عەرەبییە سوننەنشینەکانی عێراقی پـڕ کـرد و سـەرەنجام لـە ناوەڕاسـتی سـاڵی ٢٠٠٦ەوە بە یارمەتی ئـەمریکا و حکوومـەتی عێراقـی هێزەکـانی سـەحوەیان لـە ئەندامانی هۆزەکان دروست کرد و توانیان پارێزگای ئەنباری مۆڵگەی سـەرەکیی قاعیدە و زۆرێك لەناوچە سوننیەکانی تریان لێ پاك بکەنەوە).

**رۆژنامەی ( خەبات ) ژمارە: ١٥٥١ لە ٥-٩-٢٠٠٤**

**** ****

## کاتێ جیاوازیی ئینتیما ڕۆحی مرۆڤایەتیی مرۆڤ دەکوژێ

"هەستی مرۆڤایەتی" یاخود "هەستی ئەخلاقی" لەو هەستە رۆحییانەی نێو نـاخی مرۆڤــە کـە واتـای بـە ژیـان بەخشـیوە و ڕێـی لـەوە گرتـووە هەسـتە شــەهوانییەکانی مــرۆڤ تروســکایی ئومێـد و پاکـژی لـە مێـژووی مرۆڤایەتیـدا بکوژێننەوە.

مەبەستیش لەم هەستە ئەو سۆز و خۆشەویستییە گەردوونییەیە کە لە نـاخی مرۆڤدایە بەرامبەر بە مرۆڤەکانی تر بـەبێ لەبەرچـاوگرتنی جـۆری ئینتیمایـان لـە ئـاین، ڕەنـگ، زمـان، حزب...هتـد. فەیلەسـوفان و عارفـان "مێشـك"یان بـە مەڵبەندی "عەقڵ" و "دڵ"یشیان بە مەڵبەندی ئەم هەستە بلورییە داناوە.

ئەم هەستە وێڕای پلیشانەوە و پەراوێزخرانی بەردەوامی لە گەرمەی ململانـێ شەهوانییەکانی نێوان تاك و گرووپە جیاوازەکانی مرۆڤ و سەردەستەبوونی نەزعە عەقلانی و بەرژەوەندگەراییەکان لە ڕەنگڕێـژکردنی ڕەوتـی ڕووداوەکـانی مێـژوو، بەڵام وەك بەهایەکی گەردوونی پارێزگاری لە بایەخ و حورمەتی خۆی لـە قـوڵایی قـووڵی نـاخی مرۆڤەکانـدا کـردوە و بـە دەگمـەن نـەبێ کەسـێك نیـە ڕاسـتەوخۆ دژایەتی بکات.

چەندە بتوانین لە بەدواداچوون و داکـۆکی لێکردنـی بەرژەوەنـدی و خواسـتە زاتیەکانماندا هاوسەنگیی لە نێوان زات و بابـەت، لـە نێـوان بەرژەوەنـدی خـود و بەرژەوەندی ئەویدی، ڕاگرین هێندە ئەو هەستە مرۆڤایەتییە دەبوژێتەوە و ژیـان لـە کارەسـات و تـاوان و ناعەدالـەتی دوور دەبـێ. دیـارە بـە پێچەوانەشـەوە. کارەسات و ستەمە جەرگبڕەکانی کۆن و نوێ بەرهەمی ئەو عەقڵیەتە خۆپەرستە و خۆدابڕینە لە کاریگەریی ئەو هەستە ئەخلاقی و مرۆڤایەتییە.

دەست بەردان لەو بەها ئینسانییانە لە تێڕوانینمان بۆ ژیان و رووداوە دوور و نزیکەکانی دەوروبەرمان و خۆسپاردنی رەهامان بە نەزعە خودییەکان هەندێ جار سەردەکێشێ بۆ کوژاندنەوەی ئەو روناکییە گەردوونییە لە ناخماندا، کە پێویستییەکەی بۆ بوونمان لە پێویستی خۆر بۆ ژیان کەمتر نیە و وای لێدێ بێ ئەوەی بە خۆمان بزانین دەبینە مرۆڤگەلێکی دڵڕەق و دوور لە سۆز و خۆشەویستی.

کاتێ بابایەك حزبەکەی خۆی لێدەبێتە حەقیەقەتی رەها و لە چاویلکەی پێوەر و بەرژەوەندییە تایبەتەکانی ئەو حزبەوە بۆ دنیا و رووداوەکانی دەڕوانێ و بازنە فراوانترەکانی دیکەی ئینتیمای هاوبەشی وەك وەك نەتەوە و ناوچە و شارستانێتی و مرۆڤایەتی لەبیر دەباتەوە، ئیدی رەنگە قەلاچۆکردنی هەزاران مرۆڤی بەلاوە ئاسایی بێ ئەگەر پێی وابێ ئەو تاوانە لە مەودایەکی دوور یان نزیکدا لە بەرژەوەندیی حزبەکەی دەبێ.

ئەم هاوکێشەیە بۆ نەتەوە و ئاین و مەزەب و بازنەکانی دیکەی ئینتیمایش راستن.

لەسەردەمی شەڕی نێوخۆی لایەنە بەشەڕهاتووەکانی کوردستاندا خەڵکێك هەبوون دەیانوت دەستی سەدام خۆش بێ خەڵکی گەرمیانی ناوچەی ئەنفال کرد ئەگینا فلاڵن لایەن ئێستا دەیخواردین! هەبوو دەستخۆشی لە سەدام دەکرد کە بارزانییەکانی سەرنگون کرد ئەگینا ئێستا وەزعمان شڕ بوو، هەبوو دەیوت دەستی سەدام خۆش هەڵەبجەی کیمیابارن کرد ئەگینا وا و وا دەبوو.

کاتێ هێزە ئەمریکی و عێراقیەکان رۆژانە سەدانیان لە لایەنگرانی موقتەدا سەدر و لەگەڵ ئەوانیش سەدان ژن و منداڵیان لە شارەکانی ناوەڕاست و باشور دەکوشت هەندێ نووسەر و دەزگای راگەیاندنی لای خۆمان شاگەشکە دەبوون، چونکە ئەوانەی دەکوژران عەرەب بوون.

لەم رۆژانەدا و کە فرۆکەکانی ئیسرائیل بەشێوەیەکی دڕندانە بۆ ماوەی ٢٢ رۆژ بردمانی چڕ و بێڕەحمانەی کەرتی غەزەی فەلەستینی دەکرد و زیاتر لە ١٠٠٠ کەسی کوشت و زیاتر لە ٥٠٠٠ کەسیشی لە چەکدار و مەدەنی فەلەستینی بریندار کرد، خەڵکێك لە کوردستان نەك دڵی بە دیمەنی ئەو قەسابخانەیە دانەدەخورپا بەڵکو بە ئاشکرا دەستخۆشی لە جەلاد دەکرد، هەر لەبەرئەوەی عەرەبن یان ئۆپەراسیۆنەکە بۆ لەناوبردنی حەماسی ئیسلامییە کە غەززەی لەژێر دەستدایە.

ئەمانە و دەیان نموونەی لەم جۆرە وێنەی زیندووی ئەو حاڵەتی "دڵمردن"ەی مرۆڤن کە بە پلەی یەکەم بەرهەمی مامەڵەکردنێکی ناتەندروستە لەگەڵ ململانێی پێکهاتە جیاوازەکانی کۆمەڵگە و جیهان و بەرکەنارخستنی رۆڵی دڵە لە دیاریکردنی جۆری ئەو مامەڵەیەدا.

ئەڵبەت ئینتیمای مرۆڤ بۆ حزب و نەتەوە و ئاین و مەزهەبێك کاریگەری و رەنگدانەوەی لەسەر رەفتار و بیرکردنەوەی ئەو کەسە بەجێدێڵێ، ئەوەش لە سنووری خۆیدا سروشتییە، بەڵام ناسروشتی ئەوەیە ئەو کاریگەرییە بە جۆرێك بێ رۆحی مرۆڤایەتیی مرۆڤ بکوژێ.

**رۆژنامەی (ئاسۆ)، ژ: ٨٨٥ لە ٤-١-٢٠٠٩**

***** *****

## چ سەرکەوتنێك جێی شانازییە؟

ئایا ئەوە قەدەری مرۆڤە کە بەهای هەموو سەرکەوتنێك لەسەر حسێبی گیان و کەرامەت و ئاسوودەیی ئەو بێ؟ ئایا مەرجە تەنانەت ئەو پەیامانەیش کە بەنێوی ئازادی و بەختەوەریی مرۆڤەوە دێن، چ ئاسمانی بن یان زەمینی، ئەمانیش بۆ پێڤایمکردنی خۆیان بە هەمان رێڕەودا بڕۆن؟ ئایا مرۆڤایەتی دەستەوسانە لە ئاست داهێنانی شێوازێکیتر بۆ ململانێ و سەرکەوتنی پرۆژە و سیاسەت و بەرژەوەندییە ناکۆکەکان کە بەهاکەی خوێن و کوشت و کوشتار و وێرانکاری نەبێ؟

ئاینی ئیسلام بۆ دەستەبەرکردنی سەرفرازی و بەختەوەری مرۆڤ هات، بەڵام دواتر لەسەر شانی سوپای فەتحی ئیسلامی بە جیهاندا بڵاوبوویەوە، کە هەر چۆنێك پاکانە بۆ نیەت و پەروەردە و پاشخانی ئەخلاقیی ئەندامانی ئەو سوپایە بکرێ ناتوانرێ ئەوە ئیسپات بکرێ کە رژانی ئەو هەموو خوێنە لە جەستەی مرۆڤایەتیی ئەو سەردەمانە بە کافر و موسڵمانیەوە زەرورەتێکی مێژوویی بوو کە بە بێ ئەوە نەدەکرا پەیامەکە بڵاو بێتەوە. هەروەها ناتوانرێ ئەوە بشاردرێتەوە کە سوپایەکی زەبەلاح و تێکەڵە لە خەڵکی نەخوێندەوار و نەوموسڵمان و دەشتەکی و خێڵەکی کاری دڕندانەی لێرەو لەوێ نەکردووە، ئەوەتا پێغەمبەر(د.خ) خۆی لە بەرامبەر رەفتارێکی لەو جۆرەی خالدی کوڕی وەلیددا دەڵێ (اللهم انی بریو مما فعل خالد) خوایە من بەریم لەوەی خالد کردی.

ئەم یاسایە بە نیسبەت زۆر رووداویتری هاوشێوەوە راستە.

ئەمریکا بە نێوی "ئازادی عێراق" و دیموکراسیزەکردنی ناوچەکەوە بارودۆخێکی لەم وڵاتە ساز کرد کە چ بە دەستی خۆی، چ بە دەستی دوژمنەکانی کە لە ئەنجامی ئەو پاشاگەردانیەی ئەمریکا لە عێراق دروستی کرد

قوت بوونەوە، دەیان هەزار کەسی ئەم وڵاتەی دووچاری کوشتن و سەقەتبوون و جەرگسووتان و ماڵوێرانی کرد، کەچی شەرم نایگرێ و هێشتاش خۆی بە بەیداخهەڵگری بەها ئەخلاقی و مرۆڤایەتییەکان دادەنێ و شانازی بە سەرکەوتنێکەوە دەکات کە لەسەر ئێسك و پروسکی هەزاران مرۆڤ بنیات نراوە.

بێئەوەی مافی گەلانی لوبنان و فەلەستین لە بڕیاردان لەبارەی هێزە سیاسی و چەکدارییەکانی زەوت بکەم، پێم وایە هەردوو بزوتنەوەی حەماسی فەلەستین و حزبولڵای لوبنانیش هەمان شایی سامناکی سەرکەوتنێکی وەهمی لەسەر جەستەی میللەت و وڵاتەکانیان دەکەن.

لە شەڕی نێوان حزبولڵا و ئیسرائیلدا لە تەمموزی ٢٠٠٦ کە بەهۆی کوشتن و رفاندنی چەند سەربازێکی ئیسرائیلییەوە لەلا یەن چەکدارەکانی حزبولڵاوە هەڵگیرسا، ئیسرائیل نەیویست یان نەیتوانی حزبولڵا لەناوببات، بەڵام لەماوەی مانگێك بۆردمانی بێرەحمانەدا سەدان هاوڵاتی لوبنانی کوشت و بریندار کرد و ژێرخانی ئەو وڵاتەی هەڵتەکاند، کەچی حزبولڵا لە بری ئەوەی پەشیمانی دەربڕێ و داوای لێبوردن لە لوبنانیەکان بکات کە تووشی ئەو کارەساتەی کردن، ئێستایشی لەگەڵ بێ شانازی بەوەوە دەکات کە لەو شەڕەدا سەرکەوتووە، بەوەی لەناونەچووە، بێئەوەی توانیبێتی دوژمنەکەی لەناوببات یان لانی کەم مەرجەکانی خۆی لەسەری فەرز بکات.

حەماسیش کە بەر لە هەمووان زۆرترین قوربانیی لە ریزی سەرکردەکانیدا داوە، لە باتی ئەوەی بە ئاراستەی سووك کردنی گەمارۆ و فشارەکانی سەر خەڵکی غەزە هەنگاو هەڵبگرێ، خۆی و خەڵکە بێدەرەتانەکەیشی دووچاری رووبەڕووبوونەوەیەکی نابەرامبەر و ترسناك لەگەڵ ئیسرائیل کرد کە بووە هۆی کوژران و برینداربوونی نزیکەی ٥٠٠٠ کەس، کە هەر چۆن لێکی بدەیتەوە حەماسیش پشکێکی سەرەکی بەرپرسیارێتی ئەو قەسابخانەکارییەی دەکەوێتە ئەستۆ، کەچی پاش راگەیاندنی ئاگربڕ پەشیمانی و ئەسەفێك بە گوتار و

لێدوانەکانی سەرکردەکانی حەماسەوە نابینیت و بەڵکو ئەوانیش وەك حزبولا هەلهەلەی سەرکەوتنێکی وەهمی لێدەدەن بەبێ ئەوەی ئەو شەڕە ئیسرائیلی ناچاری تەنازولێك کردبێ، ئیدی چش لەو کارەساتە مرۆییەی خولقا. سەیر لەوەدایە ئیسرائیل بەیروت و غەزەی وێران کرد و هەزاران لوبنانی و فەلەستینی کوشت و بریندار کرد کەچی نەیوت سەرکەوتووم، بەڵکو بەپێچەوانەوە خۆی بە شکستخواردوو وەسف کرد. دنیایەکی سەیرە ! .

با وا تێنەگەین تەنیا عەرەبن بەم شێوەیە بیردەکەنەوە، ئێمەش سەردەمانێك دەمانوت"داری ئازادی بە خوێن ئاو نەدرێ قەت بەرناگرێ" و "کوردستان یا نەمان" و "دەست لە چەکم هەڵناگرم تا سەردەکەوم یان دەمرم" و چەندین دروشمیتر کە ئەگەرچی ئەمڕۆ بازاڕیان لە جاران کزترە ، بەڵام کاتێ هەڵبژاردنەکانی عێراق نزیك دەبێتەوە یان دەمەقاڵەیەك لە نێوان مەفرەزەیەکی سوپای عێراق و هێزێکی پێشمەرگەدا دروست دەبێ دەستودەم بازاڕەکە گەرم دەبێتەوە و سرووده حەماسیەکانی سەردەمی شاخ تاومان دەدەنەوە. ئیدی باسێك لە بیرکردنەوەی هاوسەنگ و مەترسیەکانی ئەو گوتارە لەسەر گیان و ژیانی خەڵکەکە نامێنێ، گرنگ ئەوەیە هەست بە سەرکەوتن بکەین.

زۆر جاریتریش نووسیومە کە لە هەموو جێیەك لە سەردەمی ئاشتیدا مرۆڤ نرخێکی گەورەی هەیە و جاری وا هەیە بۆ رزگارکردنی گیانی منداڵێك یان پیرە پیاوێك شارێك دەخرۆشێ و حکوومەت دێتە سەر خەت، بەڵام لە کاتی شەڕدا مرۆڤ دەبێتە یەکێ لە بێ نرخترین شتەکان، لەبەرئەوە پێویستە بەهیچ شێوەیەك زەمینە بۆ شەڕ خۆش نەکرێ، تا گیانی مرۆڤ سووك و بێ نرخ نەبێ.

**رۆژنامەی ( ئاسۆ ) ژمارە ٩٠٨ لە ٥-٢-٢٠٠٩**

***** *****

## مشتومڕەکانی فرەژنی

## شەڕی پڕۆژەن، یان ئایدیۆلۆژیا؟

تەنها ئەمڕۆ و ئەمساڵ نیە و تەنها لەکورستان نیە کە مشتومڕ لەسەر فرەژنی لە نێوان لایەنگران و نەیارانیدا وەك مەنجەڵی سەر ئاگر دەکوڵێ. ئەوە وەك چێشتێکی نەمر وایە کە وەچە دوای وەچە، بە تام و خوێی سەردەمی خۆیەوە، گەرم دەکرێتەوە. بەڵام خاڵی گرنگ ئەوەیە، مشتومڕەکان نەزۆك نەبن. جوینەوەی بەڵگە و پاساوە دژ بە یەکە سواوەکان نەبن. ئامانج خزمەتی کۆمەڵگە بێ نەك تەنها بردنەوەی شەڕێکی دەروونی—ئایدیۆلۆژی .

جێی خۆیەتی خوێندنەوەیەکی رەخنەگرانە بۆ مشتومڕی ئەم دواییەی نێوان لایەنگران ونەیارانی فرە ژنی لە ناوەندە یاسایی و سیاسی و رۆشنبیری و کۆمەڵایەتیەکەی کوردستانی خۆمان دا، کە بە پەسەندکردنی هێشتنەوەی بەمەرجی فرە ژنی لە پەرلەمانی کوردستان لە دانیشتنی رۆژی ٢٠٠٨/١٠/٢٧ کۆتایی هات، بکەین تا بزانین ئاخۆ ئەو مشتومڕە رەنگدانەوەی ململانێی پرۆژە راستەقینەو هیوا بەخشەکانە، یاخود واجیهەی جەنگێکی دەروونی و ئایدیۆلۆژیی رووتە و، دارای پرۆژە و رێگاچارەیەکی بەرهەمدار نیە.

سەرەتا دەبێ ئەوە بزانین کە ئەستەمە بە دەلیلی عەقڵی و مەنتیقی مەسەلەی چاکی یان خراپی فرە ژنی یەکلابکەینەوە، ئەویش لەبەرسێ هۆی سادە:

**یەکەم:** لەبەر ئەوەی هیچ شتێك خێر یان شەڕی رەها نیە. باران رەحمەتیشەو زەحمەتیشە. مەی، کە بە دەقی قورئان حەرامکراوە، هەر قورئان خۆی پێمان دەڵێ(منافع للناس)یشی تێدایە. ئەوەی پێی وابێ فرەژنی هەمووی خێرە، یان هەمووی شەڕە لە وەهمدا دەژی.

**دووەم:** هەر لایەك كۆمەڵێ بەڵگەی عەقڵی و بابەتی هەیە، كە لانی كەم خۆی باوەڕی پێیانەو بە پاساوێكی ماقوڵیان دەزانێ بۆ هەڵوێستەكەی . هاوكات بەڵگەكانی بەرامبەر بە بێ بایەخ دەزانێ. واتە هەر بەڵگەیەك دژە بەڵگەو دژە وەڵامێكی هەیە، كە هەر كاریگەریەكی لەسەر عەقڵی بەرامبەر سفر دەكات.

**سێیەم:** تەنها پێوەر و بەڵگە عەقڵیەكان نین كە قەناعەتی مرۆڤ لەسەر بۆچوونێك دروست دەكەن، بەڵكو پێكهاتەی عەقیدی و ئایدیۆلۆژی و دەروونی مرۆڤ دەورێكی كاریگەری هەیە لە دیاری كردنی هەڵوێستی ئەو كەسە لە بەڵگە و پاساوە جۆراوجۆرەكان. واتە كاتێ (فلان)ی ئاینپەروەر فرەژنی بە سوننەتێكی ئاینەكەی بزانێ ئیدی هەموو دنیا بەڵگەی نەیارەكەی بێ بەلایەوە عانەیەك ناهێنێ. بە هەمان شێوە كاتێ فرە ژنی لای (فیسار)ی عەلمانی یەكێ لە سیماكانی جەهالەت بێ، ئیدی گەر فرەژنی موعجیزەیش بخولقینێ بەلایەوە وەهم و بێ بایەخە.

### لەبارێكی وادا سێ هەڵبژاردن دێتە پێشمان:

**یەكەم:** بڵێین كاكە ئەمە فەرمان یاخود رێپێدانی خوایەو بڕێتەوە. سوودی هەبێ زیانی هەبێ نابێ كەس بەری پێ بگرێ(ئەم ئاراستەیەش لایەنگری كەم نین).

**دووەم:** رەهەندە ئاینیەكە بە ئیعتیبار وەرنەگرین و تەنها لێكۆڵینەوەیەكی مەیدانیمان هەبێ بۆ جەرد كردنی سوود و زیانەكانی فرەژنی لە كۆمەلگەدا، ئاخۆ چ زیانێك لە بوونی كەوتۆتەوەو چ سوودێك لە بوونی بە كۆمەلگە گەیشتووە. بە پێچەوانەوە قەدەغەكردنیشی چ سوودو زیانیكی بووەو دەبێ(ئەمەیان كەس لا بەلایدا ناكاتەوە).

**سێیەم:** شەرعیەت پێدانە ئاینیەكە بە ئاكامە بابەتیەكانی فرە ژنی لەسەر ئەرز ببەستینەوە. ئەگەر بەرهەمی چاكی هەبوو رێی پێبدەین و هانی بدەین،

ئەگەر زیانیشی هەبوو بەری پێ بگرین(ئەمە هەڵوێستی ئاینپەروەرانی واقیعبینە، وەك ئەوەی عومەری کوڕی خەتاب لە ساڵە گرانیدا حوکمی دەست بڕینی دزانی راگرت لەو روانگەوە کە رەنگە ناچاری تووشی دزییان بکات. هەروەها پشکی دڵڕاگیراوان(المؤلفه قلوبهم)ی لە زەکاتدا راگرت لەو روانگەوە کە ئیسلام لەسەر پێی خۆی وەستاوەو چی دی پێویستی بەوە نیە بە دەم چەور کردن خەڵکێك دڵی خەڵکێك راگرێ. ئیمام محمەد عەبدەیش پێش نزیکەی سەدەیەك فتوای رێ پێنەدانی فرە ژنی دا لەو رووەوە پێی وابوو زیانەکانی لەسەر پرۆسەی پەروەردەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان لە سوودەکانی زیاترە).

جا با لەم روانگەوە هەردوو لایەنی ناکۆك بخەینە ژێر پرسیارەوە:

سەرەتا لە لایەنگرانی فرەژنی دەپرسین: ئاخۆ داکۆکی کردنیان لە فرە ژنی لەبەرئەوەیە کە بە داتاو ئامار بۆیان دەرکەوتووە فرە ژنی چارەسەری کێشەکانی ئافرەتان و پیاوانی کۆمەڵگەی ئێمە دەکات، یان تەنها لەبەرئەوەیە کە قورئان رێی پێداوەو بەس؟ ئەگەر راستە ئەوەیان"بۆ دەرکەوتووە"، ئەوە پێویستە ئەو ئامارو لێکۆڵینەوانە بخەنە بەردەم رای گشتی(تا ئێستا داتایەکی لەم جۆرەیان پێشکەش نەکردوە، سووریشن لەسەر ئەوەی فرەژنی چارەسەرە.

ئەمەش نیشانەی ئەوەیە هەڵوێستەکەیان زیاتر "ئیمان و تەسلیم بوونە" لەوەی "مەعریفە و زانین" بێ). ئاخۆ ئەگەر گریمان بۆیان دەرکەوت فرەژنی زەرەری لەسوودی زیاترە، ئامادەن—وەك ئیمام محەمەد عەبدە— دەنگ بە قەدەغەکردنی بدەن" ئایا دیراسەیان هەیە لەسەر ئەوەی ژمارەی ئافرەتان لە کوردستان چەندە لە ژمارەی پیاوان زۆرترەو ئاخۆ دابەشبوونی ئەو جیاوازیی ژمارەیەی نێرو مێ لە رووی تەمەنەوە بەو شێوەیە کە بە فرەژنی چارەسەری زۆریی ئافرەتان بکرێ؟ یان ئایا دیراسەیان کردوە بزانن ئاخۆ لە پیاوان و ئافرەتانی ئێمە دەوەشێتەوە کە پرۆسەی فرە ژنی بەو شێوەیە ئیجرا بکەن کە ئامانجەکانی ئیسلامی تێدا دێتەدی لە نەهێشتنی دیاردەی قەیرەیی و بێوەژن،

یان مەسەلەکە تەنها دەرفەتێك بووە بۆ تێرکردنی غەریزەی پیاوان بێ ئەوەی خزمەتیك بە سنووردارکردنی ئافرەتانی بێ مێرد بکات؟ ئایا دیراسەیەکیان کردوە بزانن فرە ژنی چ رەنگدانەوەیەکی سەلبی لەسەر پەروەردەو پێگەیاندن و پەیوەندییە کۆمەلایەتیەکان دەبێ؟. ئاخۆ لە رووی رۆشنبیریەوە هیچ بەرنامەیەکیان بۆ دارشتنەوی عەقلیەتی پیاوان هەیە تا زەمانەتی ئەوە بکەن فرەژنی لە پێناو ئامانجە دروستەکاندا مومارەسە دەکرێ؟.

**ئایا رێپێدان(ئیباحە)ی کارێك لە قورئاندا رێگرە لەوەی قەدەغە بکرێ(بۆ نموونە ئاخۆ نابێ پەرلەمان قەدەغەی "کۆیلایەتی" بکات مادام ئیسلام رێی بەوە داوە موسلمان کۆیلەی هەبێ).** ئایا دابەزاندنی دەقەکان بۆ بەدیهینانی بەرژەوەندییەکە، یان هەر وا فەرمانە و دەبێ بە بێ سەیرکردنی جۆری ئاکامەکەی جێ بەجێ بکرێ؟ کوا ئەو ئامارانەی باس لە کاریگەرییە ئیجابیەکانی فرە ژنی لە کۆمەلگەی کوردیدا دەکەن؟ چەند قەیرە کچ و بێوەژنی خاوەن کلفەت لەو حالەتە سوود مەند بوون؟ ئاخۆ هیچ دیراسەیەکیان لەسەر ئاسەوارە خراپەکانی نەبوونی فرە ژنی کردوە تا بگەنە ئەو بەرەنجامەی کە قەدەغەکردنی کارەسات دەخولقینێ؟

لەبەرامبەرەوە با لە نەیارانی فرەژنیش بپرسین: ئاخۆ دژایەتی کردنیان بۆ فرە ژنی لەبەرئەوەیە شتێکی خراپەو لە داتاو ئامارەکانی ئاسەوارە زیانبەخشەکانی ئاگادارن، یان تەنها لەبەر ئەوەیە کە بەشێکە لە کولتووری ئاینی؟ ئەگەر پێیان وایە زیانەکانی زۆرن دەبێ لێکۆلینەوەی مەیدانی و داتاو ئاماری پێویست لەو بارەوە پیشکەش بکەن(کە نەیانکردوە). .دەبێ لە پرۆسەیەکی بەراوردکاریدا پێمان بسەلمێنن کە زیانەکانی فرەژنی زۆر لە سوودەکانی زیاترن (ئامارێکی لەم جۆرەمان لێ نەبینیون. قسەی بێ بەلگەو ئامariş تەنها هۆنینەوەیە). ئاخۆ لەبەرامبەر قەدەغەکردنی فرەژنی بەرنامەیەکی بەدیل و قابیل بە جێ بەجێ کردنیان لە کۆمەلگەی کوردستاندا

پێیە کە باشتر لەوەی هەیە وەڵامی خواستە رۆحی و کۆمەڵایەتیـەکانی پیـاوان و ئافرەتانی ئێمە بداتەوە؟

ئەگەرچـی لـە میانـەی گفتوگـۆی پەرلـەمان لەسـەر یاسـای فرەژنـی، خۆشـبەختانە بـۆ یەکـەم جـار دابەشـبوونێکی ئـیرادی تاکەکەسـیمان لـە دەمەتـەقێکانی پەرلەمانـدا بینـی، ئەگەرچـی مایـەی دڵخۆشـییە کـە لـەباتی پەلاماردنی حەفتاو پێنجی و ئار بی چی ناکۆکیەکانمان لە پەرلەمان بـە وتوێـژ و دەنگـدان یەکلادەکەینـەوە، بـەڵام ئـەوەی مایـەی نیگەرانییـە ئـەوە بـوو مشـتومڕەکەی پەرلـەمان و دەرەوەی پەرلـەمان لەسـەر فرەژنـی، تـەنها گەرمکردنەوەیـەکی کلاسـیکی چێشـتە کۆنەکـە بـوو بـە بـێ هـیچ ئیزافەیـەکی جۆرایەتی، بە غیابی دەنگی مەعریفەو ئامارو، بەبێ حـزور و رەنگدانـەوەی وێنـە واقیعیەکەی کۆمەڵگا.

بە داخەوە، نە ئەوەی بەرگری لێدەکا لە روانگـەی زانـین و ناسـینی واقیعـی کۆمەڵگەکـەو گرفـت و پێداویسـتیە بابەتیـەکانی و، بـوونی بەرنامەیـەکی دەوڵەمەنـدەوە بـۆ تـەوزیفکردنی ئـەو یاسـایە لـە حاڵـەتی پەسـەندکردنیدا بـەو شێوەیەی فرەژنی بە شێوەیەکی دروست نـەك نادروسـت بـەکاربهێنرێ، بـەرگری لێدەکات، نە ئەوەی دژایەتیشی دەکـات لـە روانگـەی لێکۆڵینـەوەی ئـەمبریقی و داتاو بوونی بەرنامەیەکی پێشکەوتووی قابیل بە جێ بەجێ کـردن لـەم زەمـین و زەمانەدا، دژایەتی دەکات. بابەتەکە بووە بە دەمامکێك بۆ ململانێ ئایدیۆلۆژی و عاتیفیەکانی پێکهاتەکانی نێو کۆمەڵگە. لەبارێکی واداو لە غیـابی ئـەو عەقڵیەتـە مەعریفـەخواز و نائایـدیۆلۆژی و خـەمخۆرەدا، دووری دەبیـنم چ پەسـەندکردنی یاسـاکەو چ قەدەغـەکردنی لەباریـدا بـێ بـاری لاری ئـافرەت و پیـاوە هەناسـە ساردەکانی کۆمەڵگەی کوردستان راست بکاتەوە.

**رۆژنامەی (کوردستانی نوێ)، ژمارە: ٤٧٢٨ لە ١٨-١١-٢٠٠٨**

# تاودانی ئاطری کوشتنی ئافرەتان

کوشتنی ئافرەتان لە کوردستان شتیکی نویێ نیە. بەلأم هۆکاری سەرەکی لە دوێنێ و ئەمڕۆدا مەسەلەی (شەرەف) بووە. واتە لەکەدارکردنی سومعەی کۆمەلأیەتی بنەماڵەیەك یان پیاوێك بەهۆی تێوەگلانی ئافرەتێکیان(ژن، خوشك، کچ...) لە پەیوەندیەکی سێکسی نامەشروع(بەپێی پێوەرە باوەکانی کۆمەڵگا) لەگەڵ پیاوێك، هەندێ جار ئاستی خوارتری پەیوەندیش. بۆ گێڕانەوەی ئیعتیباریش لە کۆمەڵگەدا پەنا بۆ لەنێوبردنی ئافرەتەکە دەبرێ. لە حەفتاکان و هەشتاکاندا وەك جۆرێك لە گێڕانەوەی ئیعتیبار بۆ کەسێتی کوردی، پێشمەرگە تەسفیەی ئەو ئافرەتە کوردە لەشفرۆشانەی دەکرد کە پەیوەندی لەو جۆرەیان لەگەڵ پیاوانی رژێم هەبوو.

ئەم هەڵمەتە تەنانەت تا ساڵە سەرەتاکانی پاش راپەڕینیش درێژەی کێشا.

ئەگەرچی ئەوە ئاینی ئیسلام و خەڵکە موتەدەینەکەن کە لە رووی ویژدانی و ئەخلاقیەوە نەیارن بە هەر پەیوەندیەکی سێکسی لە دەرەوەی خێزان، لەوەشدا بۆ ئافرەت و پیاو وەك یەکە، بەلأم ئەوانەی ئەو ئافرەتە لەشفرۆشانەیان لەنێودەبرد هێزی عەلمانی بوون نە ئاینی. ئەوانەی لە کۆتایی نەوەدەکاندا لەسەر گومانێك لوتی (کەژاڵ خدر)یان بڕی کەسانێکی موتەدەین نەبوون. ئەوانەی (دوعا)ی کچە یەزیدیان بەو شێوە دڕندانەیە لەسەر تۆمەتێکی هاوشێوە بەو وەحشیگەرییە کوشت موسڵمانیش نەبون. نووسەرێکی سیکیولاری ناسراوی کورد باس لەبەسەرهاتی برادەرێکی کۆمۆنیستی خۆی دەکات کە، وێڕای بێباوەڕی بە ئاین و ئاکارەکانی، لەژێر فشاری لۆمەو سەرزەنشتی زۆری دەوروبەرەکەیدا ناچار بووە بە دزی خوشکەکەی، کە لەسەر پەیوەندیەکی لەو جۆرە گیرابوو، لە بەندیخانە بە چەقۆ بکوژێ.

مەبەست لەم نمونانە ئەوەیە رەگەزە پێکهێنەرە سەرەتاییەکانی کولتوورەکە هەرچی بن گرنگ ئەوەیە ئێستا ئێمە کولتوورێکی دەقگرتووی زاڵمان هەیە، کە

لەسایەیدا پیاوان بە بەدرەوشتی ئافرەتانیان بەسەختی سومعەیان لەکەدار دەبێ و دەکەونــە ژێــر فشــاری بــارێکی دەرونــی و کۆمەڵایــەتی دژواری ئــەوتۆوە کــە تەحەمول نەکرێ. سەرەنجام باوکێك، برایـەك، مامێـك شـێتگیر دەبـێ و دەسـتی دەچێتە خوێنی کچێکی، خوشـکێکی خۆشەویسـتی، لـە تۆڵـەی ئـەوەی هـەتکی کردوەو ئابڕوی بردوە.

ئەگەرچی مەرجەعیەتی بیرۆکـەی پـاکیزەیی ئـافرەت و پیـاو ئاینە(ئیسـلام)، بــەڵام مەرجەعیــەتی بیرۆکــەی ئــەم کوشــتنە کولتــوورە، کــە تــەنها لــە ئــاین گەڵاڵەنــەبووە، چــونکە بــەپێی ئــەو مەرجانــەی ئــاین بــۆ ئیســپاتی زینــاو جێبــەجێکردنی ســزای زینــاکردن داینــاون، جگــە لــەوەی ســزاکە بــۆ ژن و پیــاو هەردووکە، رەنگە لە هەزاردا یەکی حاڵەتەکانی کوشتنی ئافرەتان لای ئێمـە ئـەو سزایە نەیانگرێتەوە، کە ئەویش دەبێ دەوڵەت جێبەجێی بکات نـەك تاکەکـەس. هەرچی کولتووره هیچ مەرجێکی ئەوتۆی بۆ ئیسپات دانەناوە، گومانێك، هـەواڵی کەسێك، بەڵگەیـەکی سـەرەتایی بەسـە. سزاکەیشـی بـە زۆری کوشـتنە، چـونکە پێیان وایە بە بێ ئەوە ئاسەواری هەتکەکە ناسـڕێتەوە. ئـاخر ئـەو خەڵکـە کـەی بـەو رێگەچـارە یاسـاییەی ئـاین دڵیـان ئاودەخواتـەوەو دادەمـرکێن لـە بارێکـدا قورســایی و ئــازاری لۆمــەو ســوکبوونە کۆمەڵایەتیەکــە گــەلێك لــە توانــای کۆنترۆڵکردنی ئاینەکەش زیاترە.

ئێمە چۆن ئەو پەتایـە راگـرین؟ ئـاخۆ تـەنها بـە هانـدان هـەروەها ترسـاندنی پیاوان دەبـێ بـە دانـانی سـزای یاسـایی تونـد بـۆ بکـوژانی ئافرەتـان بـە تـاوانی شەرەف، تا ئافرەتان ئازاد و ئازا هەڵسوڕێن؟ یان بـە هۆشـیارکردنەوەی توێـژی ئافرەتان دەبێ تا زەمینە بۆ رووداني ئەو جۆرە کوشتنانە خۆش نەکەن؟ یان بە هەردووکیان؟

بەداخەوە زۆربەی بەرپرسان و رۆشنبیران و رێکخراوە جەماوەریـەکانی ئێمـە لەباتی ئەوەی هەوڵبدەن سروشـتی کۆمەڵگەکـەی خۆیـان بناسـن و لـە نزیکـەوە

تەشخیسی نەخۆشیەکانی بکەن و لێرەشەوە چارەسەری خۆی بۆ بدۆزنەوە، چاو لـە ئاسـت وێنــە راسـتەقینەکەی کۆمەڵگەکـە دادەخـەن و وا دەجولێنــەوە وەك ئەوەی کۆمەڵگەکـە بـەو شـێوەیە بـێ کـە لـە حـەزدان و خەیاڵدانی موئەدلـەجی ئەواندایە و لێرەشەوە چارەسەرەکانیشیان دیسان خەیاڵی و پینەو پەڕۆو نامۆ و بێبەر دەبێ و پێیان وایە دەتوانن بە زەبری یاسـا و پـۆلیس بەسـەر کۆمەڵگەیـدا بسەپێنن. ئەوەی تا ئێستا لەسەر زاری بەرپرسـان و رێکخراوەکـانی ئافرەتـان و لە دەزگاکانی راگەیاندن، بەوانـەی لایەنـە ئیسلامیەکانیشـەوە، لـەو بـارەوە وەك رێگەچـارە دەخرێتــە روو، زیـاتر تەرکیزکردنــە لەسـەر بەشـەکەی پیـاوان، واتــە هاندان و ترساندنیان بۆ خۆلادان لە کوشتنی ئافرەتان بە تۆمەتی شەرەف.

هەرچـی کــەرتی دووەمــی بابەتەکەیــە کــە زەرورەتــی هۆشــیارکردنەوەی ئافرەتانە (کە کارەکتەرو بزوێنەری یەکەم و قوربانی تراجیدیکـەن) لـە مەترسـی حاڵەتەکــەو ناســین و لەبەرچــاوگرتنی کولتــووری کۆمەڵگــەو پێــوەر و بــەها کۆمەڵایەتیەکانی خێزان. هۆشیارکردنەوەیان لەوەی کە نەکەونە داوی کەسانێکی نەوسن و لە پێناو حەزێکی هەڵچووی شەخسیدا شەرمەزاری بۆ باوك و براو کـوڕو بنەماڵەی نەهێنێ، کە سەرەنجام سەری خۆیشی دەخوات، فەرامۆشکراوە.

زمانی حاڵی ئەم گوتارە باوەی ناوەندە سیاسی و یاسـایی و رۆشـنبیریەکەی کوردســتان ئەوەیــە کــە ئافرەتــان ئــازادن چــۆن پەیوەندییــەکانیان لەگــەڵ رەگەزەکەیدی رێکدەخەن، پیاوانیش بۆیان نیە دەست بێننە رێیان. ئەم گوتـارە لەبری چارەسـەر بـە بـەردەوامی زەیـت بـە ئاگرەکـەدا دەکـات، چـونکە ئـەو لـە کاتێکدا نەیتوانیوە کەمترین گۆڕانگاری وچاکسازی لە تێڕوانینی کۆمەڵگە بۆ ئـەو جــۆرە پەیوەندییــە نامەشــروعانەو رەنگدانــەوەی لەســەر پێگــەو ســومعەی بنەماڵەکان دروست بکات، کەچی ئافرەتان هانـدەدات زیـاتر درێـژە بـەو کاروانـە بدەن، دیارە کە درێژەشیان پێدا دەبنە قوربانی، چـونکە فشـاری کۆمەڵگـە لـەو بارەوە زۆر لەوە بەهێزترە کە بکرێ پیاوانی ئاڵۆسـکاو لـە ئەنجامـدانی تاوانەکـە

بگێڕێتەوە، بەتایبەت ئەگەر ئەو پیاوانە خاوەن پشت و پلەو پایەو عەشیرت بن. سەرەنجام ئەو گوتارە تا دێ لیستی قوربانیەکان زیاتر دەکات.

بنەمایەکی لیبرالی هەیە دەڵێ: (ئازادی تۆ لەوێدا کۆتایی دێ کە ئازادی ئەویدی دەست پێدەکات). ئەمە لە خۆرئاوا دەقاودەق پەیڕەودەکرێ، چونکە سنووری ئازادی کەسەکان تێکەڵ نەبووە. پیاو لە کرداری خۆی و ئافرەت لە کرداری خۆی بەرپرسە. لەوێ پیاو غەدر دەکات گەر لەسەر کرداری خوشکەکەی، کچەکەی بێتە جواب، چونکە ئەوە کولتووری باوی کۆمەڵگەکەیە، لەوێ دەستێوەردان و هاتنەجواب عەیبەیە.

لای ئێمە بە پێچەوانەوە. لێرە ئازادی ئافرەت تێکەڵ بە ئازادی پیاوەکان بووە. دەبێ کچان، ژنان بزانن کاتێ ئەوان لەو جۆرە پەیوەندیانە دەگلێن بەوە سنووری ماف و ئازادی براکانیان، کوڕەکانیان، مێردەکانیان، بنەماڵەکانیان دەبەزێنن، چونکە بەپێی کولتووری کۆمەڵگەکە ئەو کارەی ئەوان زیان بەوانەی دواییش دەگەیەنێ. لەبەرئەوە پێویستە لەسەریان (کارێك نەکەن ئەو زیانەی لێبکەوێتەوە، دەنا ئەوانیش مافی خۆیانە رێ بە ئافرەت نەدەن کارێك بکات کە زیان بەوان دەگەیەنێ. تۆ وەرە نەریت و کولتووری کۆمەڵگەکە بگۆڕە بە شێوەیەك رەفتاری ئافرەتان زیان بە پلەو پایەی کۆمەلآیەتی کەسوکارەکانیان نەگەیەنێ ئەو کاتە دەتوانیت کاردانەوەکانی پیاوانیش بنبڕ بکەیت.

ئاخر کەی رەوایە ئافرەتێك، خاوەنی مێرد و چەند منداڵێك بێ، بەبێ حسابکردن بۆ هەست و سومعەی مێردەکەی و منداڵەکانی و بنەماڵەکەی بە شوێن نەزوەی تایبەتی خۆیدا بچێ و پەیوەندی ژێربەژێر لەگەڵ کەسێکیدی ببەستێ و یاساش هیچ بەم نەڵێ و چاو تەنها لە پیاوەکە سوورکاتەوە؟ رۆشنبیرێکی ئیسلامی دەیوت: "ئیسلام بۆ ئەم حاڵەتانە (مولاعەنە)ی داناوە، جیادەبنەوەو تەواو".. بەلآم وا مێردەکەی قوتار بوو، ئەدی چارەنوسی باوك و براو بنەماڵەکەی چی؟ ئەدی منالەکانی، کە رەنگە باوکەکەیان تەنانەت حاشا لە

نەسەبیشیان بکات و لە ئایندەشدا دەبێ باجی ئەو ڕەفتارە بەدەی دایکیان بدەن؟

لەراستیدا کۆمەڵگەی ئێمە هێشتا خاوەنی فەلسەفەیەکی تایبەت نیە لە پەروەردە و ڕۆشنبیری کۆمەڵایەتیدا کە هەموو چین و توێژەکان بەیەك ئاراستە کار لەسەر قوڵکردنەوی بکەن. نوخبەیەکی سیاسی و ڕۆشنبیری باڵادەستی عەلمانیمان هەیە کە هەوڵدەدات کۆمەڵگای کوردی بەرەو شێوەژیانی خۆرئاویی و سیکیولار ببەن، کە تێیدا کوڕ و کچ لە هەر جۆرە پەیوەندیەکی ڕەگەزی ئازاد بن، دەزگاکانی ڕاگەیاندن و پلانەکیانیشیان بەو ئاقارەدا کاردەکەن. لەبەرامبەرەوە کۆمەڵگەیەکمان هەیە کە تارادەیەکی زۆر خاوەن خەیاڵدان نەستێکی ئاینی و موحافیزکارەو نایەوێ ڕۆڵەکانی سنووری پەیوەندییە ڕەگەزییە کلاسیکیەکان ببەزێنن. لێرەوە ناکۆکی و پێکدادان و کارەسات ڕوودەدات.

تا ئەو کاتەش کۆمەڵگە و نوخبە سیاسی و ڕۆشنبیرییەکە هەڵگری هەمان فەلسەفەی پەروەردەیی و ڕۆشنبیری نەبن و هەوڵەکانیان بە یەك ئاراستە نەبێ، پێموایە تەنها دەرکردنی یاسا و چاوسورکردنەوە ناتوانێ دیاردەی کوشتنی ئافرەتان بنبڕ بکات.

**هەفتەنامەی (جەماوەر) ژمارە: ٢٣٦ لە ١٣-٨-٢٠٠٧**

**** ****

## کورد چۆن چۆنی موسڵمان بووە؟

## پێشەکیەکی پێویست لەسەر ئەم لێکۆڵینەوەیە:

ئـــەم لێکۆڵینەوەیـــە لـــە گۆڤـــاری هـــەژان بڵاوکراوەتـــەوە، بـــەڵام دوای بڵاوبوونەوەی هەسـتم کـرد ئەزیـەتی دڵـی کـاك حەسـەن مـەحمود حەمەکـەریمی خاوەنی پرۆژەی (خوێندنەوەیەکی نوێ بۆ مێژووی کورد)ی داوە تا ئەو رادەیەی لــە پێشــەکیی چــاپێکی نــوێی کتێبەکــەی (کوردســتان لەبــەردەم فتواحــاتی ئیسلامیدا) هەندێ تۆمەتی بۆ بەندە هۆنیبوویەوە و لە نامەیەکیشدا هەمان کاری کرد. ئەگەرچی من پێش لە نووسینی ئـەم بابەتـەیش و لەدەمەتـەقێی نێوانمانـدا ئەم ئەفکارانەم پـێ ڕاگەیانـدبوو و ئـەویش نکـوڵی لـەوە نـەدەکرد کـە رەنگـە بـۆ پێکـانی ئامانجـە ئـاینی و نەتەوەییـەکانی چـاوی لەهەنـدێ راسـتیی مێـژوویی پۆشیبێ، بەڵام پێی وابوو "نابێ ئێمە سفرە بۆ ناحەزان راخەین"، هاوکات باسی لەوە دەکرد کە من زۆر باسی خۆیم کردوە نەك پرۆژەکەی بۆیە زیز بووە.

بەنـدە پـێم وایـە کـاری مرۆڤـی رۆشـنبیر ئەوەیـە لێکۆڵینـەوەی ورد بـەدوای راستییە مێژووییەکاندا بکات و لەپێناو ئەم یان ئەو ئایدیۆلۆژیادا یاری بە بەڵگـە و دراوە مێژووییەکان نەکات، بەوەی بە هەڵبژاردەیی هەندێ لە بەڵگەکان وەربگرێ و هەندێکیتریان بشارێتەوە. ئەگەر "سفرە راخستن" بۆ رەوتێکی تایبەت کارێکی نەشیاو بـێ ئـەوە خـۆ نـەزان کـردن لـە راسـتیەکانی مێـژوویش، بـەو شـێوەیەی مێژوونووسەکان بۆیـان تۆمـار کـردووین، لـەوە نەشـیاوترە. مـن سـەیرم دێ لـەو بۆچوونەی پێی وایە نابێ توێژەر و نووسەری پابەنـد بـە ئاینـەوە باسـی هەنـدێ رووداوی مێـژوویی بکـات لـەو رووەوە کـە ئـەو کـارە "زیـان بـە وێنـەی ئیسـلام دەگەیەنێ" لەکاتێکدا گەر هەمووشیان نەبێ زۆربەی ئەو سەرچاوە مێژووییانـەی ئـەو رووداوانـەیان گێڕاوەتـەوە لەلایـەن زانایـانی ئـاینیی گـەورەی وەك ئیمـامی تەبەری و (ابن كثير) و (ابن الاثير) و (ابن خلدون)ەوە نووسراون. بـۆ دەبـێ ئـەو گەورە زانایانە بەبێ سڵەمینەوە ئەو رووداوانەیان تۆمار کردبێ و بـە مەترسـییان

نەزانیبێ بۆ سەر ئاینەکەیان بەلاّم گەر ئێمە ئـەو ڕووداوانـە لەوانـەوە بگێڕینـەوە مەترسی بێ؟.

تۆمـارکردنی ئـەو ڕووداوانـە کـە بەرواڵـەت تەمومـژێك لەسـەر وێنـەی پـەیامی ئیسلامی دروست دەکەن نـەك لەلایـەن خـەڵکانی بێبـاوەڕ بـە ئیسـلامەوە بـەڵکو لەلایـەن زانایـانی ئـاینیی گـەورەی ئیسـلامەوە، بـۆ خـۆی سـەروەرییەکی جێـی شانازییە و نیشانەی ئەوەیە کە ئەو کەلتوورە ئیسلامییەی لەو کاتـەدا بـاو بـووە لە هی ئێستە زۆر پێشکەوتووتر بووە و متمانەیەکی ئەوتۆی بەخۆی هـەبووە کـە لە باسکردنی گرفت و کێشە ناوخۆییەکانی سڵی نەکردووەتەوە، ڕێك وەك ئەوەی ئەمڕۆ لە کەلتوری خۆرئاوادا باوە کە هەر خۆیان گرفت و شکست و کێشـەکانیان کەشـف دەکـەن و ئـەوە بـە عەیبـە نـازانن و هـەر بـەوەش بـەردەوام کـارژە کۆنەکانیان فڕێ دەدەن و خۆیان نوێ دەکەنەوە و بەسەر گرفتەکانیاندا زاڵ بن، بەلاّم کەلتوری جیهانی ئیسـلامی بـە ناوەنـدە کوردیەکەیشـەوە تائێسـتا بەهەڵـە پێی وایە باسکردنی ڕاستیەکانی ناو کۆمەڵگە و حکوومەت "سـفرە ڕاخسـتنە بـۆ دوژمنان" و "هەڕەشەیە بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی و ئاینیمان".

ئێمــە بــەو ترســەمان لــە درکانــدنی ڕاســتیەکانی ڕابــردوو و ئێســتامان دەیسەلمێنین کە نـە نـەوەی کـەلتورێکی ئیسـلامیی بـاوەڕ بـەخۆین نـە نـەوەی کــەلتورێکی هاوچــەرخانەی بــوێر و کــراوەین، بــەڵکو میراتگــری کــەلتوری سەردەمێکی دواکەوتووی مێژووی ئیسلامین.

ئەگەرچـی پـێم وایـە جەوهـەری کارەکـە ڕوو لـە پرۆژەکەیـە نـەك کەسـی نووسـەرەکەی وەك نووسـەر پێـی وابـوو، بـەلاّم وەك ڕێزنانێـك لـە هەسـتی کـاك حەسەن بڕیارم دا بە بابەتەکەدا بچمەوە و بەشێکی زۆری لێ لابـدەم و تەنانـەت لە زۆر جێدا ناوی شەخسیم نەنوسیوە و تەنیا بە "نووسەر" ئاماژەم پێکردوە.

لەبارەی بۆچوونەکانی ئەم بابەتـەوە پەشـیمان نـیم و موجامەلـەی نووسـەرم نەکردوە و نایشیکەم، بەلاّم ئەگەر وشەیەك یان دێڕێکی بابەتەکـەی پێشـوو یـان

ئەمەیان، بێ ئەوەی مەبەستم بووبێ، ئەزیەتی دڵی کاك حەسەنی داوە داوای لێبوردنی لێدەکەم، چونکە ئەویش بە زوویی ئەو حاڵەتە دەروونیەی لەبیربردەوە و لە بۆنەیەکدا کۆمەڵێك کتێبی پرۆژەی "تیشك"ی پێشکەش کردم.

گرنگە ئێمە دڵی یەکتر رابگرین، بەلاّم نابێ ئەوە لەسەر حسابی ئازادیی لێکۆڵینەوە و بیرکردنەوەمان بێ.

****** ******

خوێندنەوە و نووسینەوەی مێژوو کارێکی قورس و گرانەو کەمن ئەوانەی دەتوانن لەگەڵی بەردەوام بن و بیکەنە بواری پسسۆڕیی خۆیان، بە تایبەتی گەر مێژووەکە بۆ قوولاّییە تاریکەکانی پێش مێژوو(١)، کە بەڵگەنامەکانی وێڕای دەگمەنی، تەمومژی زۆریان لەسەرەو ئەڵقەی بزری زۆریان تێدایە، درێژبووبێتەوە، یان گەر ئەو مێژووە مێژووی گەل و نەتەوەیەك بێ کە لەبەر هەر هۆکارێك بێت، مێژوویەکی سەربەخۆو روونی لە تۆمارەکانی مێژوودا بۆ تەرخان نەکرابێ و، مێژوونووس ناچار بێ بۆ نووسینەوەی مێژووەکەی، تەواوی سەرچاوەو بەڵگەنامە مێژووییە پەیوەندیدارەکان شەن و کەو بکات تا لە رێیەوە هەندێ زانیاری پەرش و بلاّو و پێکەوە نەبەستراو کۆبکاتەوە و -کورد وتەنی- شتێك بە شتێك بکات.

خۆتەرخانکردن بۆ نووسینەوەی مێژوو، نەفەسدرێژی و بەرگەگری و ئارامگرتنێکی زۆری دەوێ تا بابای مێژوونووس بتوانێت هەزاران هەزار لاپەڕەی سپی و زەردی سەرچاوە مێژووییە کۆن و نوێکان هەڵبداتەوەو بیانخوێنێتەوە، لێیان بکۆڵێتەوە..هەروەها وێڕای رۆشنبیرییە مێژووییەکە، پێویستی بە رۆشنبیرییەکی جوگرافی هەیە تا نەخشەو شوێنێ ناوچەو شارو گوندو دەشت و شاخ و دەریاو روبارو شوێنەوارەکان و...هتد بزانێت و لەکاتی بەدواداچوونەکان و خوێندنەوەی باس و بەسەرهاتەکاندا وێنەیان لەبەر زەینی بێت.. هەروەها پێویستی بە رۆشنبیریەکی فەلسەفی و سیاسی و کۆمەلاّیەتیش هەیە تا لە

سروشتی مرۆڤ و کۆمەڵگەو شارستانێتی و، یاسا سروشتی و کۆمەڵایەتیەکان و سروشتی بزاوتی مێژوو –ئەوەی کە ئیبن خەلدون ناوی دەنێ (**اصول العادة و قواعد السياسة و طبيعة العمران والاحوال في الاجتماع الانساني**)– بەئاگا بێ، کە ئەمە قووڵاییەکی فیکری ئەوتۆ بە مێژوونووس دەبەخشێ کە بتوانێ بە وردی و مەوزوعیەتێکی زیاترەوە لە ڕووداوەکانی مێژوو بڕوانێ و شییان بکاتەوە و ئەنجامگیرییان لێبکات.

لەسەروو ئەمانەشەوە، لەسەر مێژوونووس پێویستە کە کاریگەری ئایدیۆلۆژیاو تەحەیوز بۆ ئاین و مەزهەب و گروپ و نەتەوەو... تا خوارترین ئاستی مومکین لەسەر خۆی کەم بکاتەوە تا بتوانێ مێژوو بە شێوەیەکی، گەر تەواو بابەتیش نەبێ، نزیك لە بابەتیبوونەوە بنووسێتەوە. بەڵگەنامەکان بە وردی بخوێنێتەوەو حساب بۆ هەموویان بکات بەوانەی لەگەڵ حەزی ئەواندا ڕێکدێنەوەو ئەوانەش کە پێچەوانەی حەزی ئەوون.

کەواتە ئەرکی مێژوونووس ئەرکێکی گرانە، ئەرکێکی ئەخلاقی و زانستیشە،.. لێرەوە جێی خۆیەتی بەرامبەر بە هەموو ئەوانەی بە دڵسۆزی و لێبڕان و بە نیەتی دەرخستنی ڕاستییە مێژووییەکانەوە تەمەنی خۆیان لە لێکۆڵینەوەی مێژوو ییدا بەخت دەکەن" هاودەنگ لەگەڵ محەمەد جەمیل ڕۆژبەیانی بڵێین: "ئەوانەی کە خۆیان ماندوو ئەکەن، هەزارەها لاپەڕەی مێژووە کۆنەکان هەڵئەدەنەوەو باسی هەواڵێکی دێرتکی نەتەوەکەیان پەیدا ئەکەن بە ڕاستی خزمەتیان خزمەتی ئەو پێشمەرگانەیە کە خۆیان لەڕێی وڵات بەخت ئەکەن و ناوی شەهیدیی ئەبەن ".(٢)

"**خوێندنەوەیەکی نوێ بۆ مێژووی کورد**" ناونیشانی پرۆژەیەکی مێژوویی بەڕێز حەسەن مەحمود حەمەکەریمە، کە نووسەر بە ئامانجی سەرلەنوێ نووسینەوەی مێژووی کورد، بە شێوەیەك، بە وتەی نووسەر– ڕووی ڕاستەقینەی ئەو مێژووە کە "ناحەزان ڕۆژهەلاتناسان بە زەینی دوژمنکارانەی خۆیان

نووسیویانەتەوە و شێواندوویانە" دەربخات.. یەکەم بەرهەمی ئەو پرۆژەیەی بە ناوی (کوردستان، لە دەوڵەتی –ماد–ەوە بۆ دەوڵەتی –مەدینە) لەساڵی ١٩٩٧ بڵاو کردەوە و شەشەم و دوایین بەشی پرۆژەکەیشی بەناوی (کوردستان لەبەردەم فتوحاتی ئیسلامی دا) لەساڵی ١٩٩٨ بڵاوکردەوە.

نووسەر لە سەرەتای نەوەدەکانەوە سەرەتا وەك چیرۆکنووسێك دەرکەوت و ئەم قۆناغە بە نزیکەیی تا ساڵی ١٩٩٥ درێژەی کێشا، لەو ماوەیەدا ژمارەیەك چیرۆکی لە گۆڤاری (پەیامی راستی)دا بڵاو کردەوە.. لەوەبەدووا وردە وردە خەوی دایە مێژوو و نووسینی بابەتی مێژوویی و بایەخدانە هونەرییەکەی تا رادەیەکی بەرچاو بەرەو پوکانەوە رۆیشت..

پێم وابێ سەرەتای بەرهەمە مێژووییەکانی بە زنجیرە وتارێك بە ناونیشانی "راستیەکان ناشارێنەوە" دەستی پێکرد کە لە چەند ژمارەیەکی هەفتەنامەی یەکگرتوودا لە کۆتاییەکانی ساڵی ١٩٩٤دا بڵاوکرانەوە. دواتر و لە ساڵی ١٩٩٧دا یەکەم بەرهەمی ئەم پرۆژەیە–خوێندنەوەیەکی نوێ بۆ مێژووی کورد– بە ناونیشانی (کوردستان، لە دەوڵەتی –ماد–ەوە بۆ دەوڵەتی مەدینە) لە نامیلکەیەکی (٢١)لاپەڕەیی قەبارە ناوەنجیدا چاپ و بڵاوکردەوە.. هەر لە هەمان ساڵدا بەشی دووەم و سێیەم و چوارەم و پێنجەمی پرۆژەکە بە چەند نامیلکەیەك بە ناونیشانەکانی: ئاینی کورد+ کابانی کوردی+ لە مەدینەوە بۆ مەدائین+ سوپای ئیسلام دەگاتە سنووری کوردستان، کە بە هەموویان نزیکەی (١٦٠) لاپەڕەیەك دەبوون، بڵاوکردەوە، لەساڵی ١٩٩٨یشدا ئەڵقەی شەشەمی پرۆژەکە، کە فراوانترینیانە و لە شێوەی کتێبێکی سەربەخۆی (٣٣٠) لاپەڕەییدایە، بە ناونیشانی (کوردستان لەبەردەم فتوحاتی ئیسلامیدا) بڵاوکردەوە.

چاوگێڕانێکی خێرا بەم زنجیرە نووسینە مێژووییەدا، دەریدەخات کە نووسەر دەیەوێ مێژوویەکی نوێ بۆ گەلی کورد بنووسێتەوە کە باڵایی و سەردەستەیی

کورد(پاکی و چاکی و چاپوکی و یەکەمینی) لە لایەك و، (هاوسۆزی و تەبایی فیترپانەی نێوان کورد و ئیسلام، هاوسۆزییەك کە بەرەنجامی پاکیی فیترەتی کورد و هاوڕێکی ئیسلامە لەگەڵ ئەو فیترەتە پاکە) لەلایەکی دیکەوە بسەلمێنێ. هەروەك دەریدەخات کە نووسەر پێی وایە مێژووی کورد/ئیسلام لە لایەن ناحەزانەوە بە دەستی ئەنقەست شێوێنراوە، راستیەکانیان شاردۆتەوە.

نووسەر لە یەکەم ئەڵقەی زنجیرە نووسینەکەیدا دەڵێ: "مێژووی کورد رۆژهەلاتناس و داگیرکەران، بە زەینی دوژمنکارانەی خۆیان نووسیویانە، شێواندوویانە، کەم کراوە، زۆر لایەنی بەهێزیان شاردۆتەوەو لاوازەکانیش بە زەق دەرخراوەو هەوڵیانداوە بە جیهانی بناسێنن کە کورد دڕندەو نەزان و بێسوودەو ئیشی لەسەر ناکرێت، وە بۆ هیچ هاوکێشەیەك ناشێت... ئەوە ستەمێکە دەبێ روون بکرێتەوە، ئەو دەرخستنە ماوەو کات و رەنجی دەوێت، هەروا کارێکی سەرپێیی نیە، بەلام هەر دەبێ بکرێ و راستی ئاشکرا بکرێت.. دەبێ ئاوێنەی مێژووی کورد پاك بکرێتەوە... تەپ و تۆزی لەسەر لابرێت".(٣)

نووسەر چەندین مەرج و سیفەتی تێدایە کە مەرجی سەرەتایی و بنەڕەتین بۆ هەر مێژوونووسێك، سەرەکیترینیان خۆ بۆ تەرخانکردن و بە حەوسەڵەیی و نەفەس درێژییەتی لە بەدوواداچوون و موتالای سەرچاوە مێژووییە جیاجیاکاندا..ئەمە لەلایەك. لە لایەکی دیکەوە، مێژوو هەر وەك مرۆڤ–کە مەحکومە بە سنووردارییی زانیاری و رۆحی سەردەم و سروشتی قۆناغی مێژوویی و شارستانی و کاریگەریی ئینتیمای ئایدیایی و عیرقی تایبەت– بۆ یەکەم جار لە واقیعەوە وەریدەگرێت و تۆماری دەکات، بە هەمان شێوە هەر مرۆڤیش–بەو مواسەفاتەی پێشووەوە– لە سەردەمە نوێکاندا دەیخوێنێتەوە و جارێکیتر بە تەرزێکی نوێ دایدەڕێژێتەوە، لەبەرئەوە هەموو خوێندنەوەیەکی نوێ بۆ مێژوو رەنگێکی تایبەت، کە بریتیە لە رەنگی ئەو روانگە یاخود چاویلکە ئایدیۆلۆژیەی توێژەرو خوێنەرەوەی نوێ هەیەتی، بە مێژوو دەدات، کە زۆربەی جاران بە

شێوەیەك دایدەڕێژێتەوە کە پشتگیری لە گوتارە فەلسەفی و ئایدۆلۆژیەکەی خۆی بکات و، زۆر تا کەم وێنە راستەقینەکەی مێژوو دەستکاری دەکات..(٤)

جا ئەگەر ئێمە –وەك واقیع– نەتوانین مرۆڤگەلێکی نامێـژوویی(غیر تـاریخی) لەناو مێژوودا بەدی بکەین کە بە تەواوی لە کاریگـەری تایبەتمەندییـە ئایـدیایی و عیرقی و مەزهەبیەکان خاڵی بووبنەوە و، گەر زانیمان خۆشمان بیّ و ترشمان بیّ –وەك واقیع– نووسینەوەی مێژوو بەم یان بەو رێژە مـۆرکی روانگـە و قەناعەتـە پێشوەختە تایبەتەکان هەر وەردەگریّ و،.. لێرەشەوە گەر زانیمـان خوێندنـەوە نوێکانی پێشـتر بـۆ مێـژووی کورد/ئیسـلام بـە پاڵنـەری ئایـدیۆلۆژی (عـەلمانی و چەپ و ناسیونالیستی) فرە تا کەم راستیەکانی مێژووی ئیسلامەتی شێوێنراون و لەو بوارەدا بەرژەوەندی ئایدیۆلۆژیا پـێش راسـتی و مەعریفـە خـراوە" ئـەوا لـەم روانگانەوە و بـەم پاسـاوەوە دەستپێشـخەرییەکەی بـۆ خوێندنـەوەی مێـژوو لـە روانگەیەکی دیکەی جیاوازەوە بە شێوەیەك هەندێ لەو نارەواییانەی دەرهەق بە راستییە مێژووییەکانی ئەو بوارە کـراون برەوێنرێتـەوە و مێـژوو هـەنگاوێکیتر لـە حەقیقەتی خۆی نزیك بێتـەوە، کـارێکی چـاك و بـە ئینسـافانەیە و لای خۆمـەوە وەك راستی خوازێك و هاوبیرێکی نووسەر دەستخۆشی لێدەکەم، بەڵام..

بەڵام نابێ ئەمە ببێتە رێگـر لـە بـەردەممان لـەوەی کـە رەخنـە لـە بونیـادی پرۆژەکەی نووسەر بگرین و پێمان وابێ کە پرۆژەیەکە ماویـەتی پێبگـات؟ جێـی خۆیەتی بپرسـین: ئـاخۆ نووسـەر چـەندە سـەرکەوتوو بـووە لـەوەی، خـۆی لـەو هەڵانـە ببـوێرێ کـە خوێندنـەوە مێژوویـیـەکانی دیکـەی –بـە هـۆی نەزعـەی ئایدیۆلۆژی و هەیمەنـەتی سـۆزەوە بـە سـەر عەقڵیانـدا–خسـتە هەڵـە و سـتەمی (شـاردنەوەی راسـتیەکان)؟ ئایـا چـەندە توانیـوێتی خوێندنەوەیـەکی زانسـتی و قووڵ و دوور لە سۆزگەرایی و بڕیاری پێشوەخت بـۆ مێـژوو بکـات و بەرهـەمێکی مێژوویی زانستی و تۆکمە بەرهەم بهێنێ، کە نەك تەنیا خەڵکان و خوێنەرانێك کە لــە رووی ئایدیۆلۆژیــەوە هاورێبــازی نووســەرن، بــەڵکو رۆشــنبیران و نوخبــەی

کۆمــەڵیش، بــە تایبــەت لەوانــەی هاوڕێبــازی نــین، گــەر شــایەتی راســتیی بۆچوونەکانیشی بۆ نەدەن، لانی کەم شایەتی بابەتی بوون و بە هێزیـی میتـۆد و قووڵی شیکردنەوە و وردیی ئەنجامگیرییەکانی بدەن؟

ئەم چەند دێڕە هەوڵدانێکە بۆ هەڵسەنگاندنێکی رەخنەییانەی ئـەم پرۆژەیـە، ئامانجیش خزمەتکردنی راستی و کامڵترکردنی کارەکەیە.

* * * *

بەندە لە خوێندنەوەی کۆی ئەو بابەتانە بەردەوام هەستم دەکرد کـە ئاسـتی گشتی نووسینەکان لە ئاست فراوانی بەدووداچـوون و شـارەزاییە مێژووییـەکانی نووسەردا نین.. واتە ئەوەندەی لە بواری مێژوودا شارەزایە، ئەوەندە لێکدانـەوە و ئەنجامگیرییە مێژووییەکانی بەهێزو تۆکمـە و بابـەتی و قـووڵ نـین. لەبەرئـەوە بەدڵ ئاواتەخواز بووم کەسانێکی پسپۆڕ و ئەکادیمی چاو بەو کـارەدا بخشـێنن و بە رەخنەی زانستی کەلەبەرەکانی پـڕ بکەنـەوە، بـەڵام نـەبوو، بۆچـی؟ نـازانم.. بەڵکو ئەوەی بەدووایـدا هـاتووە –وەك نووسـەر خـۆی لـە دیمانەیەکدا ئامـاژەی پێدەکات– زیاتر پیاهەڵدان بـووە، دیـارە ئـەویش لـە لایـەن ئەوانـەوە بـووە کـە پرۆژەکە بەرگری بووە لە ئایدیۆلۆژیاکەیان، ئـیتر چـەندە بەرگرییەکـە زانسـتی و قووڵ و بابەتی بووە" کەمتر بەهەند گیراوە.. هەرچی رۆشنبیرانی عەلمانی بوون، کە پرۆژەکە زیاتر بەرپـەرچدانەوەی بۆچوونەکانی تەییاری عـەلمانی کـوردی، بـە تایبەتی تەییاری چەپ بوو، لەبەر هەر هۆکارێك بێـت لـە ئاسـتیدا بێـدەنگ بـوون لانی کەم وەك لەسەر نووسینی جددی و سەربەخۆ..(٥)

بەش بە حاڵی خۆم بەلامەوە لەپێشتر بوو کە رۆشنبیرانی ئیسلامی پـێش لـە رۆشنبیرانی عەلمانی قسەی جیددی لەسەر ئەم پرۆژەیە بکەن، چونکە پرۆژەکـە یەکێ لە بەرهەمەکانی گوتاری ئیسلامیی کوردییە و لە لایەن بنکەی جـەماوەریی ئیسـلامیەیەوە گرنگـی بەرچـاوی پێـدەدرێ و پشـتی، بـەڵام شـتێکی ئـەوتۆ لـەم بەرەیەشەوە نەبوو..

بەندە لـە مێـژوودا پسـپۆڕ نـیم ، پێویسـتیەکانی رۆشـنبیریش لەسـەرم فـەرز نەکات حەزم لە خوێندنەوەی مێژوو نیە، بەڵام کاتی پێداویستی توێژینـەوە بێتـە پێشـەوە تاقـەت و زەوقێکـی سـەیرم بـۆ خوێندنـەوە و گـەڕان و بەدوواداچـوونی مێـژوویی تێـدا دروسـت دەبـێ.. هـەر لـەم روانگـەوە رەنگـە هـەزاران لاپـەڕەی مێژوییم لەسەر مێژووی ئیسلام و کـورد و پـەیوەنـدی کـوردو ئیسـلام و... هتـد خوێندبێتەوە.

لەم روانگەوە، لە میانەی بابەتێکدا بە ناونیشانی (هۆشـی نەتـەوەیی کـورد، لەبەردەم گوتاری ئایدیۆلۆژیدا)(٦) رەخنـەم لـە دوو تـەرزە گوتـاری ئایـدیۆلۆژی کـوردی لـە خوێندنـەوەی پەیوەنـدی مێـژوویی کورد/ئیسـلام گـرت: یـەکێکیان گوتاری هەندێ لە رۆشنبیرانی عەلمانی کوردیەیە، لـە نموونـەی رەفیـق سـابیر و ئیسـماعیل حەمەئـەمین (٧) کـە لـە بەرامبـەر ئیسـلامەوە چـاویلکەیەکی رەش و تەڵخیان لەچاو کردوە و بێ پەروا ئەوە دووپات دەکەنەوە کە لەو رۆژەوە ئیسلام هاتوەتـە کوردسـتان نەگبـەتی و پلیشـانەوەی کەسـایەتی و فەرهـەنگ و بـوونی نەتەوەیی کورد قووڵتر بووەتەوە.

ئەوی دیکەیان گوتاری هەندێ لە رۆشنبیرانی ئیسلامییە کە پێ لەسـەر ئـەوە دادەگرن کە لە گەڵ هاتنی ئیسلامدا، کورد بەبێ نیشاندانی کـەمترین بـەرەنگاری و دوو دڵی بەگەرمی پێشوازی لە ئیسلام کردوە و موسڵمان بووە، وەك نموونەش لەسەر ئەم گوتارە ئاماژەم بە هەندێ لە بۆچوونەکانی مامۆستا حەسەن مەحمود کردبوو..

دواتـر هەسـتم کـرد ئـەو بابەتـە لەسـەر وەسـتانی وردتـری دەوێ، ئـەم لێکۆڵینەوەیە لێرەوە سەرچاوەی گرت.

**** ****

رەخنەی من لە بەرهەمەکانی نووسـەری پـرۆژەی (خوێندنەوەیـەکی نـوێ بـۆ مێژووی کورد) زیاتر لە مەنهەج و نەفەسی داڕشتنەوە و نووسـینی مێـژووە زیـاتر

لەوەی رەخنە بێ لـە راسـتی و ناڕاسـتی ئـەو بەڵگـە و دەلیلانـەی هێنـاونی و لـە شێوەی مامەڵەکردنیـەتی لـە گـەڵ سـەرجەم بەڵگـەو دەلیلـە جیاوازەکـان و ئـەو ئەنجامگیرییە لایەنگەرایانـەی کـە لـە هەنـدێ دراوی مێـژوویی کردوونـی جێگـەی رەخنەن، کە وایکردوە مێژوونووس نەتوانێ شتەکان بێلایەنانە وەك خۆیان و بـە کێش و قەبارەی خۆیانەوە بخاتە بەردەم خوێنەر.

د.کـەمال مەزهـەر دەڵـێ: "مێـژوونووس چـەند دەتوانێـت زیـاتر دەبێـت لـە نووسین و نرخاندنەکانیدا بێ لایەن بێت بۆ ئەوەی راسـتی بـۆ خـۆی چۆنە وەهـا بیپێکێت، یا بەلای کەمەوە چەند دەتوانێت هێنـد لـە راسـتی نزیـك بکەوێتـەوە. لایەنگریی مێـژوونووس بـە هـەزار پـەردەی ئەسـتورو رازاوە ناشـاردرێتەوە، ئـەو لایەنگرییە زیانی هەیە قازانجی نییە. راستە مێژوونووس ئادەمیزادە لە هەستی نیشتمانی و نەتەوەیی و ئایینی و تەنانەت ناوچەییش بێ بەش نیە و ناتوانێت بە جارێك خۆی لە داویان قوتار بکات، بەلاّم بۆی هەیە لە پێناویاندا راسـتی پێشـێل نەکات، کە کردی رەنجی بە فیڕۆ دەچێت.."(١٠).

نووسەر گەرچی لە زۆر جێدا جەخت لەسەر ئەوە دەکات کـە "ئەگـەر یـەکێك دەستی دایە قەڵەم، وەفـا بـۆ قەڵـەم وایـە کـە لەسـەر چـاك و خـراپ بنووسـێ و بەتـەنیا هیچـیانی لـێ هەڵنەبـژێرێ، دەبـێ هـەردووکیان هەڵبسـەنگێنرێ و شـی بکرێتـەوە"(١١) و ئـەو دوور لـە عـەتف و دەمـارگیری مامەڵـەی لـە گـەڵ مێـژوو کردوە(١٢)، بەلاّم لە بواری پراکتیکدا نووسەر نەیتوانیوە –بـە دەربرینەکـەی د. کەمال مەزهەر– وەك پێویست خۆی لە داوی هەسـتی ئایـدیۆلۆژی قوتـار بکـات، کە ئەوە بە سەلبی کاری لە ناواخنی لێکۆڵینەوەکانی کردوە.

### * خوێندنەوەی ئایدیۆلۆژییانە بۆ مێژوو

خوێندنەوەی ئایدیۆلۆژیانە ئەو خوێندنەوەیەیە کە لە ژێر ئیحا و کاریگـەری و لـە روانگـەی بەرژەوەنـدی ئایـدیۆلۆژیای نووسـەرەوە بەرهـەم هـاتبێ.. ئـەی

ئایدیۆلۆژیا چییە و جۆری کارتێکردنی لەسەر ڕەوت و ڕێباز و بەهای خوێندنـەوە و پرۆژەی مەعریفی چۆنە؟

ئایـدیۆلۆژیا چـەندین پێناسـەی جۆراوجـۆری بـۆ کـراوە، بـۆ ئـەوەی زەیـنی خوێنەر لە نێوان پێناسە جۆراوجۆرەکاندا پەرت نەبێ و لە ئەسڵی بابەتەکە دوور نەکەوینـەوە تـەنیا ئامـاژە بـۆ دوو پێناسـە دەکـەین کـە بـە هـەردووکیان مانـاو دەلالەتی ئایدیۆلۆژیا، ئەوەی بەزۆری لە زەین و خەیاڵگەی ڕۆشـنبیراندا حـزوری هەیە، دەدەن بەدەستەوە.

ئایدیۆلۆژیا "بەرەنجامی پرۆسەی پێکهێنانی نەسەقێکی فیکرییـە کـە ڕاڤـەی سروشـت و کۆمەڵگـەو تـاك دەکـات و بەهەمیشـەیی پراکتیـزە دەکرێـت"(١٣). هەروەها لە بارەیەوە وتراوە: "ئەو شێوازی بیرکردنەوەیەیە کە تاکێ یا چینێکی پێ جیا دەکرێتەوە"(١٤).

واتە بە کورتی ئایدیۆلۆژیا بریتیە لە لایەنگریی (تەحەیوز) بۆ ڕێگەو ڕێبازێکی بیرکردنەوە، بۆ ئاین و ئاینزایەك، بۆ گروپ و کۆمەڵێك، بۆ نەتەوە و گەلێك.. هەر شـتێك ببێتــە سـەنتەری بیرکردنــەوەو ئیهتیمامــات و بناغــەی حــەزو زەوق و دیاریکـەری سروشـتی بـزاوت و هەسـت و هەڵوێسـتەکانت، ئایـدیۆلۆژیای تۆیـە.. ئایـدیۆلۆژیایش بـە سروشـت بـەها و سروشـتێکی بەشـەکی (جزئـی) هەیـە نـەك هەمووەکی (کلی)، واتە ئینتماکەی مـن بـۆ شـتێکە لـە نـاو کۆمەڵـە شـتێکدا، بـۆ ئاینێکە لە ناو کـۆی ئاینەکانـدا، بـۆ نەتەوەیەکـە لـەناو نەتـەوەکانی دنیـادا، بـۆ ڕێبـازێکی فیکـری و فەلسـەفی تایبەتـە لـە نـاو ڕێبـازە فکـری و فەلسـەفە زۆر و زەبەندەکاندا.. لێرەشەوە بازنەی بایەخ پێدانەکەم لە چوارچێوەی بەرژەوەنـدی ئایدیۆلۆژیا تایبەتەکەمدا دەخولێتـەوە، کـە بـە تەبیعـەتی حـاڵ ناسـاز و نـاکۆك دەبێ لە گەڵ بەرژەوەندی ئەوانی دیکەدا.

ئەم زاتییەتە، وەك چۆن لە بوارەكانی دیكەی ژیاندا رەنگدەداتەوە، بەهەمان شـێوە لـە بـواری مەعریفـە و رۆشنبیریشـدا رەنگدەداتــەوە. هــەر بـۆ نموونــە رۆشـنبیرێكی ئیسـلامی ئەوەنـدەی ئایـەت و فـەرمودە و نـاوی زانـاو رونـاكبیر ە ئیسـلامیەكان و بەرهەمـەكانیانی لەبـەرەو ئەوەنـدەی شـارەزایی لـە رۆشـنبیری ئیسلامیدا هەیە، ئەوەندە شارەزایی لە قوتابخانە فیكری و فەلسەفی و ئاینـەكانی ئەوروپا و گەلانی رۆژهەلاَتی ئاسیا نیە.. بەهـەمان شـێوە رۆشـنبیرێكی ماركسـی ئەوەنــدەی شــارەزای فەلســەفەی ماركســی و تــەرح و تێزەكــانی تیۆریســتە ماركسـیەكانە هێنـدە بگـرە نیوهێنـدەش شـارەزایی لـە ئیسـلام نیـە كـە ئـاینی نەتەوەكەیـەتی و رەنگـە ئایـەتێكی بەراسـتی بـۆ نەخوێنرێتــەوە، یـان هێنـدە شـارەزای تێـزە فیكرییـە ناماركسـیەكان نیـە.. بابـای ناسیونالیسـت ئەوەنـدەی شارەزای مێژووی نەتەوەكەی خۆیەتی و سەرچـاوەی لـە بـارەوە كۆدەكاتـەوە و نیو هێندە شـارەزای مێـژووی نەتـەوە دراوسـێكانی نیـە.. كـاتێ خوێنـدەوارێكی عەلمانی یان نامولتـەزیم مـەیلی ئیسـلامەتی پەیدا دەكـات، یەكسـەر ئاسـەواری گۆرانكارییەكـە تەنانـەت بـە سـیماو نـاوەرۆكی كتێبخانەكەشـیەوە دەردەكـەوێ، دەبینی وردە وردە كتێبەكانی روناكبیر و تیۆریستە عەلمانیەكان، یان ئەو كتێـب و چـاپكراوانەی كـە لەگـەڵ ئاراسـتە نوێكەیـدا ناسـازن" روو لـە كـەمی دەكـەن و كتێبە ئیسلامیەكان تا دێ زیاد دەكەن، وە بەپێچەوانەشەوە.

ئایدیۆلۆژی بوون خۆی لە خۆیدا حاڵەتێكی ئاساییە و لە ئاستێكی گونجاویـدا گوزارشتە لە سروشت و بونیادی مرۆڤ، مەترسی و كێشـە لـە خـودی ئایـدیۆلۆژی بووندا نیە بە قەدەر ئەوەی لـە دەرهاویشـتەكانی ئایـدیۆلۆژی بوونـەوە گرفـت و مەترسی سەرهەڵدەدات، چونكە ئایدیۆلۆژی بوون هەڵگری كۆمەڵێ سـیفەتە كـە كاریگەری سەلبی لەسەر مەعریفە و سیاسەت و كۆمەلاَیەتی و.. هتد هەیە.

لای بابای ئایدیۆلۆژیسـت سـۆز حزورێكـی بـەهێزی هەیـە، كـە لـە دوالیزمـەی خۆشەویستی/رقدا بەرجەستە دەبێ، خۆشەویستی بۆ زات و رق (یـان نـاوی بـنێ

حەز لێنەبوون) لـە بابـەت (ئـەوانی دی)، خۆخۆشویسـتنەکە وا دەکـات عـەیب و عارو ناتەواوی و خاڵە لاوازەکانی خۆی لەلا کـاڵ بێتـەوە یـان هـەر نـەبینرێ یـان پاساوی بۆ بهێنرێتەوە، هەمان حەزلێنەبوونەکەی لەوانی دی وا دەکات هەمیشـە رووە سەلبیەکەیان ببـینێ و حـەز لـە بینینـی رووە ئیجـابی و شـتە چـاکەکانیان نەکات، بگرە لێکدانەوەی پیلانگێڕییانە بۆ شتە چاکەکانیان بکات. واتە هەمیشە خۆی بە رەمزی خێرو چاکە و ئەوانی دی بە رەمزی خراپە و ناتەواوی دێتە پێش چاوو عەرز دەکات.

هەروەها بۆ ئەوەی ئیسپاتی بکات کە ئەو هەر بە راستی بارستەیەك لە خێرو و چاکەیە بەگشت ماناکانیەوە" لە خوێندنـەوە و تەفسیرەکانیشـیدا بـۆ شـتەکان بەپێی بەرژەوەندی روانگە ئایدیۆلۆژییە تایبەتەکەی دەجوڵێتەوە و هەوڵ دەدات وا نیشـان بـدات کـە زانسـت و حەقیقـەت و مەوزوعیـەت هـەر ئەوەیـە کـە لـە روانگەکەی ئەوەوە پەی پێ ببرێ و، لێرەشـەوە بـەپێی پێویسـت بەڵگەنامـەکان دەردەخـات یـان دەشـارێتەوە.. واتـە بەشـێوەیەکی هەڵبـژاردەیی، ئـەو بەڵگەنامانـەی پشـتگیری تەفسـیرەکەی دەکـەن دەردەخـات و ئەوانـەش کـە پێچـەوانەکەی دەسـەلمێنن دەشـارێتەوە یـان تانـە لـە راسـتییان دەدات، کـە بێگومان ئەمەش کار لە مەوزوعیـەتی تەفسـیرو خوێندنەوەکـە دەکـات و لـەوەی دەخات کە تەعبیر بێ لە راستی شتەکان.

**** ****

### رەنگدانەوەی ئەم رۆحیەتە ئایدیۆلۆژییە لە پرۆژەکەدا

نووسەر ئینتیمای بۆ دوو بازنە هەیە، بۆ کورد وەك نەتەوە + بۆ ئیسلام وەك ئاین.. واتە ئایدیۆلۆژیایەکی نەتەوەیی(١٥) و ئایدیۆلۆژیایەکی ئـاینی هەیـە و لـە هەردووکیان ئایدیۆلۆژیایەکی ئاینی–نەتەوەیی دروستکردوە. واتـە خۆشەویسـتی و سۆزی بۆ ئاینەکەی و بۆ نەتەوەکەی هەیە. پرۆژەکەیشی بۆ کەشـفکردنی ئـەو

فـرت و فێـڵ و ناڕەواییانەیـە کـە بەرامبـەر بـەو دوو دایکـە کـراوە، یـانی سـۆز ئامادەبوونی هەیە .

دیارە ئاساییە (سۆز) بزوێنەری مرۆڤ بـێ بـۆ لێکۆڵینـەوە، بـەڵکو زۆر جـاران سەرەتای جوڵاندنەکە هەر سۆزە(خۆشەویستی و لایەنگری/رق و نەیاریی)، بەڵام گرنگ ئەوەیە کـە سـۆز لـە مەیـدانی لێکۆڵینەوەکـەدا حـاکم نـەبێ و ئـەو نەبێتـە دەمڕاسـت و ئاراسـتەکاری عـەقڵت، ئاسـاییە سـەرەتاکە بـۆ سـۆز بـێ، بـەڵام کارەساتە گەر لە مەیدانەکەیشدا هەر سۆز بزوێنەر و حوکمدەر بێ.. کاریگەرییـە سەلبیەکەی ئایدیۆلۆژی بوون لێرەدا دیـار دەکـەوێت. ئەگـەر ئێمـە نـەتوانین بـە تـەواوی لـە کاریگـەری سـۆزی ئایـدیۆلۆژیمان قوتـار بـین، خـۆ دەتـوانین ئـەو کاریگەرییە بۆ خوارترین ئاستی مومکین دابەزێنین.

### باوەڕی پێشوەخت

نووسەر، وەك هەر توێژەرێکی لایەنگر بە هەندێ باوەڕی پێشوەختەوە بەرەو لێکۆڵینەوە چووە، هەندێ گریمانەی وەك بەدیهیە و بەڵگەنەویست وەرگرتـووە و جا هـەوڵی داوە لـە مێـژوو بەڵگـە بـۆ پشـت ئەسـتور کردنیـان بدۆزێتـەوە.. لـەو باوەڕە پێشوەختانە:

### کورد، پێشەنگ و سەردەست

– کورد لە هەموو رووەکانەوە پێشەنگ و سەردەستەی نەتـەوەکانی دنیایـە، کۆنترین نەتەوەی سەر زەوییە و بگرە باوکی هەموو نەتەوەکانی ئێستای دنیایـە "کـورد... مێژووەکـەی وا نیشـان دەدات کـە لـە کـۆنترین گـەلانی رۆژهـەڵاتی ناوەڕاسـت بێـت"(١٦) "رەنگـە بکـرێ بڵـێین دۆزینـەوەی رەچـەڵەکی کـورد، دۆزینەوەیـە بـۆ رەچـەڵەکی هـەموو گـەلان و کۆمـەڵگاکان و مرۆڤـەکان لەسـەر زەویدا)(١٧) " هەموو لێکۆڵەرەوان لەسەر ئەوە رێکن کە نیشتنەوەی کەشتیەکە ـی نوح– کوردستانە.. ئـەم کوردسـتانە لانکـی دووەمـی مرۆڤایـەتی یـە.. ئـەم

مەردومەی کە ئەمڕۆ لەسەر زەوی دەژین، ئەم میللەت و گەل و خێڵ و وڵاتانەی، بە رەنگ و زمان و ناوی جیاواز لەسەر زەوی بڵاون.. هەر هەموویان کوڕەزازای کوردن.. لە خاکی کوردانەوە بڵاوەیان کردووە.. ئەم هەموو گەل و وڵاتانەی ئەمڕۆ ناویان هەیە.. لە بنچینەدا دەبنەوە بە نەتەوەی کورد"(١٨)

### کورد، فیترەتی پاك

– لە رووی دڵ و دەروون و فیترەتەوە نەتەوەیەکە فیترەتی پاکە، ئەم وای لێکردووە گەر بە هەمیشەیی نەبێ زۆربەی کات خواپەرست و تاکانە پەرست، بەڵکو مژدەدەری یەکتاپەرستی و دامەزرێنەری بووبێ، ئەوەتا حەزرەتی نوح کە بە باوکی دووەمی مرۆڤایەتی دادەنرێ کوردە (١٩)، حەزرەتی ئیبراهیم کە بتەکانی شکاند کوردە(٢٠) ، خێزانی ئامون حوتبی سێیەمی فیرعەنی میسر –کە دواتر خۆی ناونا ئەخناتون– کچە کوردێکی میتانی بوو کە مێردەکەی (ئەخناتون)ی کردە یەکتاپەرست و بانگەوازی یەکتاپەرستی بەو هۆیەوە لە میسر بڵاوبوویەوە(٢١) .

هەر ئەم فیترەتە تاکانە و پاکەیش، وای لێکردووە جیاواز لە هەموو نەتەوەکانی دنیا، بە دەستپێشخەریی خۆی بە ئاشتی و بە بێ شەڕ پێشوازی لە سوپای ئیسلام بکات و موسڵمان ببێ: " پێغەمبەری ئیسلام لە سەردەمی ئەنۆشیرواندا لە دایك بوو، لەم کاتەدا میللەتە دڵپاکەکەی کورد بێ سەرپەرشت دەژیان"(٢٢) "بەڵام کە ئیسلام هاتە بەردەمی، فیترە پاکەکەی کورد لە ژێر تەپوتۆزی هەزارساڵەی جەنگی فارس و رۆمەوە جوڵاو، زوو بە زوو لە گەڵیدا گونجا"(٢٣) "بەمانەدا دیارە کە کورد بەردەوام خەریکی خواپەرستیەکی پاك بووە، بەردەوام پێغەمبەریان تیا هەڵکەوتووە"(٢٤) "نەمدیوە لە مێژووی هیچ میللەتێکدا، لە هەموو لایەکەوە بەم قەرەباڵغیە سەریان لە پێغەمبەر دابێ و ئیسلام بوونی خۆیان راگەیاندبێ.. ئەگەر ئەمە مانا لە شتێك بکات، هەر ئەوە دەسەلمێنێ کە کورد خاوەنی فیترەی پاك و رەوشتی بەرزبوون، بە دوای

راسـتیدا گـەڕاون.. لـە کاتێکـدا کـە میللـەتانی تـر بـە زۆر بـێ یـان بـە خۆشـی ئیسلامیان بۆ براوە.. بەڵام کورد بەزەین و پێی خۆی بە دوایدا گـەڕاوەو پـەیدای کردووە"(٢٥) "کوردی بە ئەمەك و هەقپەرست دوانەکەوت"(٢٦).

ج

## کورد، خاکی پیرۆز

– هەروەها خاکەکەی خاکێکی پیرۆزە. ئەوە نییە خوا لـە وەڵامـی دوعاکـەی حەزرەتی نوحدا کە دوعای کرد (أنزلنی منزلا مبارکا) لەسـەر شـاخی جـودی لـە کوردستان کەشتەکەی دابەزاند، تـا لـە خـاکی کوردسـتاندا کـە خـاکێکی پـیرۆزە ئیمـان گەشـە بکـات نـەك وەك خاکـەکانیتر کـوفر بخاتـەوە: ".. هـەر بۆیـە نـوح داوایەکی تری لە خوا کرد –ربی أنزلنی منزلا مبارکا وأنت خیر المنزلین–، خوایە گیـان لـە جێیـەکی پـیرۆزدا دامانبەزێنـە، لای رەحمـی خـۆت چـاکترین جێیـە، دوعاکەی گیرابوو.. لەسەر چیای (جودی) راوەسـتا.. –واسـتوت علـی الجـودی– خوای گەورەش لـە سـەرخاکی ئـەمڕۆی کوردسـتانی پـیرۆزدا دایبەزانـدن "(٢٧) "نوح دوعاکەی کرد –انزلنا منزلا مبارکا– لـە خـاکێکی پـیرۆز دامبەزێنـە، بـا لـە خاکەکەی پێشوو نەچێ، میللەت و کوفری وا نەخاتـەوە کـە (٩٥٠) سـاڵ خـەریك بوون چەند دانەیەك بڕوا بێنن "(٢٨).

## کورد، ئازا و بەجەرگی بێوێنە

– گەلێکی ئازاو بەجەرگ و بێ وێنەیە لە ئازایەتیدا: " یەزد گورد.. دەیەوێت سوپای ئیسلام رابکێشێتە ناو کوردستان، بە کـورد بـەرەنگاری سـوپای ئیسـلام بکات و... یەزدگورد دەیزانی ئەگەر کورد لەسەر رایـەك کۆبونـەوە، هـیچ هێزێـك بەرگەیان ناگرێ.."(٢٩) " یـەزدگورد دەیزانـی ئەگـەر کـورد لەسـەر رایـەك یـەك بگرن و کۆببنەوە، هیچ هێزێك نییە بەریان بگرێت.. عومـەریش ئـەوەی دەزانـی، هەر بۆیە بە سەعدی وت لە حەلوانەوە نەچێتە ناو چیا"(٣٠) عومەر بـۆ سـەعدی نوسی " حەزم ئەکرد لـە نێـوانی رەشـەخاکی عێـراق (سـەواد) و هـەرێمی چـیادا

شورەیەکی ئەستور ببوایە (یا شورەیەکی ئاگر)، نە ئەوان ڕێیان بوایە بەرەولای ئێمە، نە ئێمە ڕێمان بوایە بەرەو لای ئەوان بڕۆین... نالّیّ لە نێوان ئێمەو فارسدا، دەفەرمویّ لە نێوان ئێمە و چیادا، واتە (هەرێمی چیا) کە کوردستان دەگرێتەوە، چونکە ئازایەتی کوردەکانی بۆ دەرکەوتبوو، حەزی نەدەکرد بە شەڕ بڕواتە ناو کوردەکان چونکە دەبووە زەرەری زۆر بۆ سوپای ئیسلام "(٣١) "من وای بۆ دەچم ئەگەر کوردەکان ڕێکەوتنێکی نهێنیان لە مەدینە مۆر نەکردبیّ و پەیمانێکیان دانەمەزراندبیّ، چۆن ئەو هەموو سەرکەوتنە سیحراویە بۆ ئیسلام دێتە بەرهەم، کە هەموو میللەتانی ئەو کاتە لە کورد ترساون و خۆیان لە کوردستان پاراستوە"(٣٢)..

کاتێکیش لەوە دەکۆڵێتەوە کە ئاخۆ ئەو (ابو بصیر)ەی کە لەسەردەمی پێغەمبەردا بە کارێکی پارتیزانی جوامێرانە هەڵدەستیّ، (ابو بصیر)ە کوردەکەیە یان یەکیّ لە دوو (ابو بصیر)ەکەی دییە بەم شێوەیە دەیسەلمێنیّ کە ئەو (ابو بصیر)ە کورد بووە: " روداوی (ابو بصیر) چیرۆکێکی تاکتیکی پارتی زانییە، بە جۆرێك ئەو باس و خواس و جەنگانە هەر لە کوردێکی گۆشکراوی کێوەکانی کوردستان دەوەشێتەوە... هەموو ڕەوشت و هەڵوێست و پەناو بەکارهێنانی شێوازە جەنگیەکە لە کاری (کورد) دەچێت، مافی خۆمانە بە کوردی لەقەڵەم بدەین.."(٣٤)

### کورد، ژیرترین نەتەوە

– کورد ژیرترین و سیاسیترین مرۆڤی تێدا هەڵدەکەویّ و مرۆڤی کورد بۆ یەکەم جار پەرلەمانی دامەزراندوە، بگرە هەر هۆزێکی کورد–ی گۆتی– بوون شارستانێتی سۆمەریان دروستکرد: "..ئەم حکومەتە کوردیە –ماد– عادل و بەڕێز و پایەدار بووە، پیاوەکانی لە ژیرترین وسیاسەتمەدارتین پیاوانی کاتی خۆی بوون، شارستانێتیەکی کەم وێنەیان بووە"(٣٥) "ئەو–دیاکۆی سەرۆکی ماد– یەکەم کەس بوە کە پەرلەمانێکی دیموکراسی لە سەرۆك خێڵەکان

دروســتكردو هەڵبــژاردنێكی ئــازادی لــە ناويانــدا كــرد و ديــاكۆ بــە پاشــا هەڵبژێردرا"(٣٦) "پرۆفيسۆر سپايزەر سەلماندويەتی كورد لـە نـەژادی گۆتين، خێڵێك لەمانە كۆچ دەكـات بـۆ باشـوری عێـراق و شاسـتانێتی سـۆمەری دروسـت دەكات"(٣٧)

## كورد، دامەزرێنەری شارستانێتی

– يەكەم جوڵەی مرۆڤ لە كوردستانەوە بووە و يەكەم شۆڕشی كشتوكاڵی بـە دۆزينــەوەی دانەوێڵــە لــە هــەزارەی ٩–١٠پ.ز لــە كوردســتان و چــەند جێيــەك دەركەوت.. بەڵا هەر ئەم شۆڕشە لە ئـەوروپا (٣) هـەزار سـاڵ پـێش زايـن بـەرپا بوو..(٣٨) هەروەها"كاتێ تەورات باسی دانەوێڵـەو گـەنمی زۆر چـاك دەكـات لـە فەلەستين، ناوی ناوەو بەراوردی كـردوە بـە گـەنمی (مننـی)–كـە لـە كوردسـتان بووە– بۆ چاكی.."(٣٩)

بەم شێوەيە نووسەر هەرچی سيفەتی پاكی و چاكی و يەكەمايـەتی هەيـە لـە كوردی تاپۆ كرد.

**** ****

نووسەر لێرەدا تەفسيرێكی رەگەزيانـە(عيرقی) بـۆ مێـژووی كـردوە، بـەوەی كوردی وەك گەلێكی باڵا و هەڵبژاردە لە هەموو رووەيەكەوە نيشانداوە و مێژووی بۆ ئەو مەبەستە تەوزيفكردوە.

وەنەبێ ئەمە تەنيا لەناو رۆشـنبيرانی ناسيوناليسـتی كـورددا بـەدی بكرێـت، بەڵكو ئەمە لەناو رۆشنيرانی ناسيوناليستيی نەتەوەكانيديكەيشـدا –بـە گشـتی– بەدی دەكرێ و رەنگە ئەوان زۆر زياتر لە بابا كوردەكە لەو بوارەدا رۆچووبن..

مێژوونووسی ئێرانی عەبدولحوسێن زەرين كوب لـە سـاڵی (١٣٣٣)ی هـەتاوی كتێبی (دوو سەدە بێدەنگی) بڵاوكردۆتەوە، كاتێ لـە سـاڵی ١٣٦٦دا ويسـتی لـە

چاپی بداتەوە دەستکاری کردو هەندێ شوێنی گۆڕی، بۆ روونکردنەوەی هۆی ئەم کارەش لە پێشەکی چاپی دووەمدا دەنووسێ: "نازانم لەبەر کالێ و کرچی خۆم بوو یا لەبەر تەعەسسوب، نەمتوانیبوو لە باسی شکانی ئێران و سەرکەوتنی عەرەباندا پێ لەسەر سوچ و هەڵەی ئێرانیەکان بنێم، ئەو دەم گیانی من وەها کەلاورێژی جۆش و حەماسە بوو کە هەرچی پاك و چاك و ئاسمانی بووایە بە هی ئێرانم دەزانی و ئەوەی هی ئێران نەبووایە بە دزێو و چەوتم دادەنا".

عەلی رەزا مەناف زادە –نووسەری ئێرانی– کە ئەم گوتەیەی سەرەوە نقڵ دەکات، دواتر دەڵێ: "رۆشنبیرانی ئێران، بەتایبەتی مێژوونووسەکان کاتێ دەڕواننە رابردوی ئێران... کەم وا هەیە بتوانن خۆ لە خەوشی تەعەسووب دوور بگرن"(٤٠)..

لە ناو نووسەرانی کوردیشدا تەنیا حەسەن مەحمود حەمە کەریم نیە کە بەو شێوە بیر دەکاتەوە، بەڵکو لەناو نووسەرانی ناودار و خاوەن ئەزمونیشدا، بەهۆی قووڵی سۆزە نەتەوەییەکە و هەروەها بە هۆی قووڵیی برینەکانی جەستەی نەتەوەوە، زۆر جار بەکردەوە پێیان لەسەر ئەوە داگرتوە کە کورد هەر دەبێ پاك بێ و پاك بووبێ لە هەموو خەوشێك و هەر شتێ جێی رەخنە بێ ولێرەشەوە تەفسیرو تەئویلی گەشبینانە و ئیجابییان بۆ زۆر لە هەڵوێستە مێژووییەکانی کەسایەتیە کوردیەکان کردوە، کە رەنگە زیاتر رەخنە لێگرتن هەڵبگرن..

د.جەمال نەبەز لە لێکۆڵینەوەیەکدا بەناوی (کورتە مێژوویەکی کوردناسی لە ئەڵمانیا) و هەروەها د.ئەوڕەحمانی حاجی مارف لە لێکۆڵینەوەیەکیدا بەناوی (کوردناسی لە روسیاو یەکێتی سۆڤیەت) هەردوو تانە لە نیەت و ئەهلیەتی زانستی ئەو توێژەر و رۆژهەلاتناسە ئەوروپیانە دەدەن کە سیفەتێکی نەشیاو (وەك رێگری، جەردەیی..) دەدەنە پاڵ کورد، هاوکات مەدح و سەنای ئەوانەیان

دەکەن کە مەدحی کوردیـان کـردوە(٤١).. وەك ئـەوەی کـورد فریشـتە بـن نـەك مرۆڤ.

د. جەمال نەبەز کاتێ باس لە شۆڕشەکەی ئەبو موسلیمی خوراسانی دەکـات کـە دەوڵـەتی ئەمـەوی بـە چـۆکدا هێنـاو بـەنی عەبباسـی بـردە سـەر تـەختی خەلافەت، دەڵێ: "ئەبوو موسلیم نەیکرد خۆی فەرمانڕەوایەتی بگرێتە دەست و جڵەوی فەرمانڕەوایی دایە دەست بنەماڵەی (بەنی عـەباس) خـۆی"،جـا دیققـەت بدەن تەفسیری نووسەر چیە بۆ ئەم هەڵوێستەی ئەبو موسلیم؟!

د.نەبەز دەنووسێ:" ئەمەش لە خۆیـدا گـەورەیی و دڵ فراوانـی بـێ وێنـەی ئەم پیاوە دڵ گەورەیە دەنوێنێت"(٤٢)، ئەمە لە کاتێکدا ئـەم هەڵوێسـتە بـەلای چـاودێرێکی بێلایەنـەوە ڕەنگـە زیـاتر بـە سـادەیی و سیاسـەت نـەزانی تەفسـیر بکرێ، دەنا کەی ئەوە حیکمەتە تۆ قوربانی بدەیت و دواتر بڵێیـت بـا بەرەکـەی بۆ کەسێکیدی بێت؟ یاخود دەکرێ یەکێکیتر بڵێت: نەخێر ئەبو موسـلیم لـە دڵ فـــاروانی خۆیـــەوە وای نـــەکرد بـــەڵکو لـــەو ڕووەوە دەســـەلاتی دایـــە دەســـت عەباسیەکان کە لەناو موسڵمانانی ئەو کاتەدا ئەو بۆچـوونە بـاو بـووە کـە دەبـێ پێشەوا سیاسیەکان لە قورەیش بن.. ئەگەر کاریگەری سۆزە نەتەوەییەکە نـەبێ چۆن ئەو هەنگاوە بە بڕیارێکی چاك تەفسیر دەکـرێ کـە لانـی کـەم دامەزرانـدنی دەوڵەتی لە کیسی کورد داوە؟ ئاخۆ گەر بە نەفەسێکی بابەتیانەو بێلایەنانە لـەو هەڵوێستە بکۆڵرێتەوە هەمان لێکدانەوە بەرهەم دێ؟

بە کورتی ئەم تەفسیرە عیرقییە، ناسیونالیستێکی کورد بیکات یان عەرەبێك فارسێ یان تورکێك، تەفسیرێکی –بە وتەی فـاروق ڕەفیـق– ڕەگەزپەرسـتانەیە، کە –گەر باس لە چوارچێوە کوردیەکە بکەین– "دەیەوێ لە کورد منێکی پاك تا دوا سنووری پاکی دروست بکا، منێکی ڕەگـەزاوی دروسـت بکـا، منـی ئاریـایی، منێکی شارستانی کە لە دورگەیەکدا چواردەوری بە بەربەریەکان گیراوە، عەرەب وەحشییە، تورك بەربەریە.."(٤٣)

ئەڵبەتە ئەم تەرزە تەفسیرکردنەیش، مێژوویەکی دێرینی هەیە، زۆر لە نەتەوە و گەلانی دنیا، نەك تەنیا جولەکە، بەشێوەیەك لە شێوەکان وایان نیشانداوە کە ئەوان نەتەوە و گەلی سەردەستەن لەسەر زەویدا و هەندێ جار ئاکامی ترسناکی لێکەوتۆتەوە، بۆ نموونە وەك (شانتال میلون دلسول) لە کتێبی **(الافکار السیاسیة في القرن العشرین)**دا باسی دەکات باوەڕی بەشێکی گاڵتەپێنەکراو لە گەلی ئەڵمانی بە پاکی و تەواوی و سەردەستەیی ڕەگەزی ئەڵمانی لەچاو نەتەوە و ڕەگەزەکانییتری دنیادا بووە هۆی گەشەکردنی نازیەت و سەرهەڵدانی کەسێکی خوێناوی وەك هیتلەر، کە جیهانی خەڵتانی خوێن کرد.

د.حوسێن موئنیس دەڵێ: "ئیدیعاکردنی جیامەندی و بڵندی ڕەگەزەکان (امتیاز الاجناس) هەندێکیان بەسەر هەندێکیاندا لای زۆربەی نەتەوەکان باو بووە لە چاخە دێرین و ناوەندەکاندا، یۆنان خۆیان بە چاکترین و زیرەکترین نەتەوەو باقی خەڵکیان بە هەمەج (Barbaroi) دەبینی، ڕۆمانەکان هەر بە پێی یاسا کەسی ڕۆمانییان لەسەروو غەیری ڕۆمانیەوە دادەنا. هەرچی خەڵکی چینە باوەڕیان وابوو کە چاکترین دروستکراون و هیچ شارستانێتی و فەزیلەتێك لە دەرەوەی ڕەگەزی ئەوان نیە، هەرچی هیندیەکانە ئەوە فەزڵدانی بەرهەمەکان بەلای ئەوانی دیەوە شتێکی زانراوە.. ڕەنگە هیچ ڕەگەزێك لەم گرێیە خاڵی نەبێ جگە لە عەرەب دوای ئیسلام".(٤٤)

ئەم تەفسیرە تەفسیرێکی نازانستییە، چونکە ناکرێ هەموو نەتەوەکان پێشەنگ و سەردەستە بن، جا لە بارێکدا یۆنانی بڵێ من و، ڕۆمانی بڵێ من و، چینی بڵێ من و، هندی بڵێ من و، عەرەب بڵێ من و، ئەڵمانی و بەریتانی و ئیتالی بەجیا بڵێن من، فارس بڵێ من و، تورکی تۆرانی بڵێ من و، کورد بڵێ من، باشە بەراست کامیان گەلی هەڵبژێردراو و چاوگی داهێنانەکانە؟

ئـەوەی کـە هــەر نەتەوەیــەکی خســتۆتە ســەر کەڵکەڵــەی ئیــددیعاکردنی (سەردەستەیی) ئەو داهێنـان و سـەروەرییە مێژووییانـە بـووە کـە لـە قۆنـاغێکی مێژوویی تایبەت و لە بوارێك یان زیاتردا بە دەستی هێناوە، لەم بارەدا تەفسیری بابەتی و زانستی ئەوەیە بوترێ مرۆڤ هەر مرۆڤە لە هەر گـەل و نەتەوەیـەك بێـت و، ئەوە کرد و کۆششـی زاتـی و هـەل و مـەرجی رەخساوی بابەتییـە وا دەکـات نەتەوەیەك سەروەری زیاتر تۆمار دەکات.

لێرەشەیەوە دەبینین هەموو نەتەوەیەك –مەگەر بە دەگمەن– بەشـی خـۆی سەروەری لەمێژوودا تۆمار کردووە، ئیتر لە هەر بوارێکدا بێت، ئەوەتا لەمێـژوودا یۆنانیــەکان جێدەســتیان دیــارە، رۆمانیــەکان هــەروا، چــینیەکان خــاوەنی شارستانێتی بـوون، هیندیـەکان هـەروا، فارسـەکان هـەروا، لەسـەردەمی نوێشـدا بەریتانیا ماوەیەکی زۆر سەرداری جیهان بـوو، گـەلی ئـەڵمانیا هـەموو ئـەوروپای هێنایە لەرزە، ژاپۆن لەگەڵ بچوکی خۆیدا رکابەری ئەمریکا دەکات، گەلی روسی سوپای ناپلیۆنی بەچۆکدا هێنا، گەلی ئەمریکی ئاشکرا دیارە چی کـردوەو چۆن دنیای سەرسام کـردوە، ئازایـەتی چیچـانیەکان بەرامبـەر بـە سـوپای زەبـەلاحی روسیا جیهـانی سەرسـامکردوە، عـەرەب لەمێـژووی ئیسـلامدا توانیـان یـەکێ لـە ئیمپراتۆرە گەورەکانی ئەو سەردەمە بـڕوخێنن و تـەنگ بـە ئیمپراتـۆری رۆمـیش هەڵبچـنن، تـورك لـە ماوەیـەکی سـنووردارا توانیـان دەسـت بەسـەر جیهـانی ئیسلامیدا بگرن و ببنە میراتگری خەلافەتی ئیسـلامی و دەسـت بەسـەر جیهـانی ئیسلامی و بەشێکی ئەوروپایشدا بگرن. بێگومـان لـەو نێوەنـدەدا کـوردیش وەك نەتەوەیـەك کۆمــەڵێ ســەروەری مێـژوویی هەیـە و دەکـرێ چـەندین چـاودێریش شایەتییان بۆ هەندێ لە سیفاتە جوان و سەروەریەکانی کورد دابێ.

بەڵام شانازی کردن بە سەروەرییە مێژوویەکانمانەوە شـتێکە و، لێکدانـەوەی مێژوو بەشێوەیەکی وا کورد بکاتـە دایکـی هـەموو شـتە گـەورە و مێژووییـەکانی کۆمەڵگـەی مرۆڤایـەتی، شـتێکی دیکەیـە.. کـاتێ خوێنــەر دەبـینێ کـورد لــە

بەرهەمــەكانی نووســەردا دەكرێتــە بــاوكی هــەموو نەتــەوەكانی دنیــا و هــەموو نەتەوەكان كوڕەزازای كوردن و، كورد بناغەی یەكتاپەرستی دامەزراندوە و كورد شارستانێتی سۆمەری دروستكردوە و كورد یەكەم پەرلەمانی داهێنـاوە و خـاكی كورد خاكێكی پیرۆزە و گەنمی كوردستان گەنمێكی نموونەییە و، مرۆڤی كورد لە پاكی فیترەت و لە ئازایەتی و بەجەرگی و لە دادپەروەری و رەحم و بەزەییدا بێ وێنەیە، لەخۆوە وا تێدەگات كە كورد گەلی هەڵبـژێردراوی خودایـە، ئـەی ئەگـەر وایە بۆ پتر لە (٢٠٠٠) ساڵە حاڵی بەو شێوەیە بووە كە بووە؟

زۆرێـك لـەم حوكمانـەی نووســەر مێژوویـەك دەگرێتـەوە كـە وێنەكـەی سـاغ نەكراوەتـەوە و بۆچـوونی جیـاوازی لەسـەرە، ئـەویش مێـژووی دێـرینی ئەسـڵ و نەژادی كوردە، بۆ نموونە ئاخۆ هـیچ بەڵگەیـەكی وا هەیـە بسـەلمێنێ كـە نـوح و زوڕیەتەكەی كـورد بـوون مـادام لـە خـاكی كوردسـتاندا كەشـتیەكەیان لەنگـەری گرتووە؟ ئایا ئەو كاتە زمانێك هەبووە بەناوی زمانی كوردی؟ كـوا بەڵگەنامەیـەك ئەمە بسەلمێنێ؟

گومانی تێدا نیە ئەوانەی پاش تۆفانەكە لەسەر كێوی جودی لەنگەریان گـرت و نیشــتەجێ بــوون زمانێكیــان هــەبووە، بــەڵام ئــەو زمانــە چ زمانێــك بــووە، بەڵگەنامەیەك نیە ئەمەی یەكلایی كردبێتەوە.

ئاخر خۆ كورد –وەك دكتـۆر جـەمال نەبـەزیش دەڵـێ– وەك قارچـك بـە بـێ ریشە لە زەوی هەڵنەتۆقیوە، بێگومان گەر لە نەوەی ماد، یان گۆتی و لولـویی و سوباری و میتانی و.. هتدیش نەبێ هەر ریشە و نـەژادێكی هەیـە كـە دەیباتـەوە سەر یەكەم بەرەبابی مرۆڤایەتی، لەو بوارەدا كورد لەگەڵ هـەر نەتەوەیـەكی دی هیچ جیاوازیەكی نیە، ئیتر ئـەوە كـە بـێین بڵـێین یەكـەم مـرۆڤ كـە لەسـەر زەوی جوڵاوە مادام لە كوردستان بووە كەواتە بە زمانی كوردی قسەی كردووە و كـورد بووە، ئەوە بەراستی بۆچوونێكی بێ بەڵگەی زانستییە.

ئـاخر نووســەر هــەر بـەوەوە ناوەسـتێ بـەڵکو خـاکی کوردسـتانیش دەکاتـە خاکێکی بێ وێنە و (خاکی **هەڵبژێردراوی** خودا!)، خاکێك کـە ئیمـان و زوریـەتی ئیماندار دەخاتەوە!، ئەوەتا لەو بارەوە دەنووسێ: "نـوح دوعـای کـرد **(انـزلني منزلا مباركا)** لـە خـاکێکی پـیرۆز دامبەزێنـە، بـا لـە خاکەکـەی پێشـوو نەچـێ، میللەت و کوفری وانەخاتەوە کە (٩٥٠) ساڵ خەریك بوون چەند دانەیـەکیان بـڕوا بێنن"(٤٥)

ئەمە لەکاتێکدا خاك مادەیەکی بێ گیـان و بـێ ئیرادەیـە، نـاکرێ ئۆبـاڵی بـێ باوەڕی خەڵکی وڵاتێك بخەینە ئەسـتۆی خـاك و جوگرافیاکەیـەوە، یـان چـاکی و پاکی خەڵکی ناوچەیەکی دی بۆ موبارەکیی خاکەکەی بگێڕدرێتـەوە، لـە بـارێکی وادا چ دەورێـــك بـــۆ ئـــیرادە و ئـــازادی بیرکردنـــەوە و هەڵبـــژاردنی مـــرۆڤ دەمێنێتەوە؟!.

نووسەر زۆر جـار لـە چـەند گێڕانەوەیـەکی جیـاواز لـە رووداوێکـی مێژوویـیدا یەکێکیان کە لەگەڵ گیانی پرۆژەکەی گونجاو بێ هەڵدەبژێرێ و وەك حەقیقـەتی گومـان هەڵنــەگر پێشکەشــی دەکـات لــە لێکدانــەوەی ئایــەتی **(انـزلني منـزلا مباركا)**دا بە هەمان شێوە وشەی **(منزلا مباركا)**ی بـە مانـای شـوێن و خـاکێکی پیرۆز تەفسیر کردووە و وەك تاکە مانا مامەڵەی لەگەڵ کردووە تا بسەلمێنێ کـە خاکی کوردستان خاکێکی پیرۆزە، ئەمـە لەکاتێکـدا وشـەی (منـزلا) بـە دوو واتـا دێت نەك یەك واتا:

یەکەم: (مفردات القران) لـە واتـاکردنی (منـزلا)دا دەڵـێ: **"منـزلا-يعني-انزالا، او مكان انزال"**(٤٦).

دووەم: خاوەنی تەفسیری (المنير) لە شیکردنەوەی وشـەی (منـزلا)دا دەڵـێ: **"منزلا مصدر لفعل رباعي وهو (انزل) وتقديرة: انزلني انزالا مباركا، ويجوز**

**ان يكون اسـم مكـان، وقـريء بفـتح المـيم و(منـزلا) ومصـدر لفعـل ثلاثـي هـو (نـزل) ويجوز ايضا ان يكون اسم مكان "(٤٧).**

واته دەكرێ (مباركا) وەسف بێ بۆ شێوە و "چۆنێتی"ی دابەزاندنەکە، هـەر وەك دەشکرێ سیفەت بێ بـۆ شـوێنێك وەك نووسـەر بـۆی چـووە، واتـە هـەردوو ماناکە رێی تێدەچێ، بـەڵام نووسـەر تـەنیا یـەکێکیانی وەرگرتـووە و، تیـۆرێکی لەسەر دامەزراندوە.

سەبارەت بە مەسەلەی (فیترەت پاکی) کوردیش بەڵگەیەك نیە نە لە نـەقڵ و نە لە عەقڵ و راست بیسەلمێنێ کە مرۆڤێك یـان نەتەوەیـەك بەخۆرسـکی و دوور لە کاریگەری دەوروبەرو ئـیرادەو هـەوڵ و بڕیـاری هۆشـیارانەی خـۆی، فیترەتـی جیاوازە لە مرۆڤێك یان نەتەوەیەکیتر، بەڵگە چییە لەسـەر بـوونی ئـەو جیـاوازی (تمیز)ـە؟ ئەگـەر بەڵگـە ئەوەیـە کـورد بـە ئاشـتی موسـڵمان بـووە" ئـەوە ئەمـە لەخۆوە نابێتە بەڵگەی پاکیی فـیترەت، چـونکە ئیمـان هێنـان زۆر هۆکـار کـاری تێدەکات. گەر فیترەت پاکی لەوەدا بـێ کـە لـەخۆوە و بـێ بیرلێکردنـەوە خـۆی تەسلیمی ئیسلام کـردووە ئـەوە بەراسـتی ساویلکەیی پێـدەوترێ نـەك فـیترەت پاکی، چونکە نابێ بە بێ تێفکرین خۆت تەسـلیمی هـیچ بیروبـاوەڕێکی غـەریب و نوێ بکەیت..

لە مێژووی گەلانیشدا دەیان شێوەی موسڵمانبوون روویداوە، هەیە بـە چـەند ئامۆژگاریەك موسـڵمان بـووە، هەیـە ماوەیـەکی زۆر بـە گومانـەوە ژیـاوەو دواتـر موسڵمانبووە، هەیە بـە دڵ ئیمـانی بـووە بـەڵام لەبـەر بەرژەوەندیـەکی تایبـەتی تەسلیم نەبووە تا دواتر زەمینەی بۆ ساز بووە، هەیە لەبەر بەرژەوەندی یـان لـە ترسدا موسڵمان بووە، دواتر وردە وردە قەناعەتی پێ هێنـاوە.. کۆتـایی هـەموو ئەمانـە "موسـڵمانبوون" بـووە و هیچیشـان عەیبـە نـین بـۆ مـرۆڤ مـادام کـاتێ زەمینەی گونجاویان بۆ رەخساوە خۆیان تەسلیمی راستی کردوە..

لەناو هەموو گەلانی دنیادا مرۆڤی پاك و بـە رەوشـت هەیـە، مرۆڤـی خـراپ و بەدڕەوشـتیش هەیـە، مرۆڤـی هەڤپـەروەر هەیـەو هـی ئـاژاوەگێڕ و خراپـەكاریش هەیە. كوردیش وەك نەتەوەیەكی مرۆڤ لەم ڕێسـایە بـەدەر نیـە مەگـەر تـەنیا لـە هەندێ جیاوازی بابەتیدا كـە زادەی شـوێنی جیۆسیاسـی و ئاسـتی هۆشـیارییەو هەر نەتەوەیەك لەو بوارەدا تایبەتمەنـدی خـۆی هەیـە، بـەلاَم تایبەتمەندیـەك كـە باروزروفێكی تایبەتی دروستی كردوە نەك تایبەتمەندیەكی ڕەگەزی و فیتری..

لەبارەی ئازایەتیی كوردیش، بێگومان ئـەمیش لـەو ڕێسـا گشـتیەی سـەرەوە دەرناچێ لەگەڵ ڕەچاوكردنی هۆكارە بابەتیەكان. نووسەر دەڵێ "كورد بە مانای پاڵەوان دێت"، زوبیر بیلال ئیسماعلیش دەڵێ: "سەلماوە كە لـەفزی (كـورد) كـە لە كتێبە فارسی و عەرەبیەكاندا هاتووە و لە لەفزی (كـاردو)ی بابلیـەوە هـاتوە، بە مانای ئازا، یان جەنگاوەر، یا پاڵەوان دێت "(٤٨).

نووسەر لە زۆر جێدا زیـاد لـە حـەد ئازایـەتی كـورد گـەورەو زەقدەكاتـەوە و زێدەڕۆیی تێدا دەكات تا ئەو ڕادەیەی مرۆڤ سەری سوڕدەمێنێ كە ئەگەر ڕاسـت بێ كورد هێندە ئازا بووبێ كە هەموو میللەتانی دنیـا لێـی ترسـاون، ئـەدی چـۆن نەیتوانیوە ئیمپراتۆریەتی داگیركەری فارس ،بڕوخێنێ یان لانـی كـەم خاكەكـەی خۆی ئازاد بكات؟!

نووسەر لە جێیەكدا دەڵێ: عومەر بۆ سـەعدی نووسـی كـە حـەزم ئـەكرد لـە نێوان ڕەشـەخاكی عێـراق و هـەرێمی چیادا شـورەیەكی ئەسـتور(یا شـورەیەكی ئاگر)، هەبوایە، نە ئەوان ڕێیان بوایە بەرەو ئێمە، نە ئێمـە ڕێمـان بوایـە، بـەرەو ئەوان بچین(٤٩).. هەر بەدوای ئەو چەند دێرەدا دەڵێ: ناڵێ –واتـە عومـەر نـاڵێ – لە نێوان ئێمە و فارسدا، بـەڵكو دەفـەرموێ لـە نێـوان ئێمـەو چیادا،..چـونكە ئازایەتی كوردی بۆ دەركەوتبوو..

واتە – بەم پێیە – فارس وەك کورد ئازا نین و یەکێ لە بەڵگەکانیش ئەو حەزەی عومەرە، بەڵام نووسەر لە جێیەکی دیکەی هەمان سەرچاوەدا و تەنیا یەك دوو لاپەڕە دوای ئەوەی پێشوو دەقێکیدی دێنێ کە عومەر ئەو قسەیە راستەوخۆ لەبارەی فارسەوە دەکات و دەڵێ (**لو أن بيننا و بين فارس جبلا من نار**)(٥٠).. لە بەداواداچوونەکانی بەندەیش لەسەرچاوە مێژووییەکاندا ، بینیم (طبري) و(ابن الاثير) لە زۆر جێدا باسیان لە ئازایەتی و بەجەرگی فارس کردوە بە شێوەیەك موسڵمانەکان حەزیان نەدەکرد بەرەو عێراق بێن، بەڵکو حەزیان دەکرد بۆ شام بچن، عومەر چەندە هانی خەڵکی مەدینەی دەدا بچن بەرەو عێراق بۆ رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ فارس، ئامادەنەبوون بچن بەرەو عێراق تا دواتر بە بەڵێن نەرمی کردوون..(٥١).

کوردیش قارەمانێتی لە مێژوودا نواندوە، بەڵام ئەمە بەو مانەیە نایەت کە کورد باڵاترین و بێ وێنەیە لە مێژوودا، بەڵکو هەر نەتەوەیەك بۆ خۆی کۆمەڵێ سەروەری و قارەمانێتی و مەردایەتی لە مێژووی خۆیدا تۆمارکردووە: نابینی گەلی جەزائیر بە گەلی یەك ملیۆن شەهید ناوبانگی دەرکردووە؟، گەلی ئەفغانستان نزیکەی ملیۆنێك شەهیدی دا تا شکستی بە دووەم گەورە هێزی دنیا (یەکێتی سۆڤیەت) هێنا و پاشەکشەی پێکرد لە وڵاتەکەی؟. نابینن گەلی رەش و رووتی ڤێتنامی چ تالاوێکی بە گەرووی هێزە ئەمریکیەکاندا کرد و ئابڕووی ئەمریکای برد و تا ئێستاش لە ئاست ئەو شکستەدا شەرمەزارە؟ سەیری نەبەردیەکانی گەلی چیچان بکە؟ دوای داگیرکردنی عێراقیش لە لایەن ئەمریکاوە لە نیسانی ٢٠٠٣ عەرەبەکانی ناوەڕاست و باشووری عێراق بە سوننە و شیعەوە، بە چاوپۆشین لە هەڵوێستمان لە بارەی ئەو یاخیبوونە و شێوازی کارکردنیان، ئازایەتییەکی کەم وێنەیان بەخەرجدا تا ئەو رادەیەی هەندێ لە بەرپرسانی سەربازیی ئەمریکی بە بەرگرییەکی بەهێزتر لە بەرگریی ڤێتنام وەسفیان کرد و

ئــەمریکایان ناچــاری دەســتەودامێنکردنی ئــەم ولاّت و ئــەو ولاّت و رێکخــراوی ناوچەکە کرد تا سنوورێك بۆ چالاکیەکانیان دابنێن.

ئەگەر نـەیارانی کـورد لـە گیـانێکی دوژمنکارانـەی خۆیانـەوە کوردیـان بـەبێ ئەسڵ و بێ شارستانی و شـەڕانی و درو جـەردە لـە قەلـەم دابـێ، کـە ئەمـە بـێ ئینسافیەکی گەورەیە، ئەوە دەرخستنی راستی بەوە نابێ کە ئێمە کورد بکەینـە شارستانێتی و داهێنان و پاکێتی و ئازایەتی..

***   ***   ***

## بلاَوبوونةوةى ئيسلام لة كوردستان

هەرچـی سـەبارەت بـە ئیسـلام و چـۆنیەتی بڵاوبونەوەیـەتی لـە کوردسـتان لەسەرەتاکانی سەرهەڵدانیدا

وێنەکە لەلایەن نووسەرەوە بەم شێوەیە خراوەتە روو:

کورد لە رێی پیرەکانی ئاینی زەردەشتیەوە، کە ئـاینی کـورد بـووە، هـەواڵی دوایـن پێغەمبـەریان بیسـتبوو، بۆیـە هـەر کـە بیسـتیان پێغەمبـەرێك لـە حیجـاز پەیدابووە، خەڵکی حەلوان و جوانڕۆو شارەزور نوێنەرێکی کورد بەناوی (کابـانی کـوردی) دەنێـرن بـۆ لای پێغەمبـەر ، بگـرە کـورد بەشـداری بانگـەوازی نهێنـی کـردووە لـە مەککـەدا، هـەروەها وەفـدێکیش لەجـەزیرەوە بـەناوی بازرگانیـەوە (بازرگانـانی هـۆزی بـاجن) دەچـێ بـۆ حیجـاز و لەگـەڵ پێغەمبـەر لـە گـائف کۆدەبێتەوەو موسڵمان دەبن و رێکەوتنێك مۆردەکەن..

کابـان هـەواڵی مەزڵومیـەتی کـورد بـە پێغەمبـەر–درودی خـوای لەسـەر بـێ– دەگەیەنێ و لەوێ رێکەوتنێك مۆردەکەن .. جـا کابـان دێتـەوە بـۆ کوردسـتان و مژدەی پێغەمبەر بە خەڵکی کوردستان دەگەیەنێو ئامادەباشی بـۆ یـاخی بـوون لە دەسەڵاتی ساسانی و پێشوازی لە سوپای ئیسلام دەکات، بۆیە کاتێ سـوپای

ئیسلام دەگاتە جەلەولا دەچن لەوێ رێکەوتن مۆر دەکەن و جیاواز لە عەرەب کە پەیمان دەشکێنن و جاسوسی بۆ فارسەکان دەکەن کورد پەیمان ناشکێنێ و قەت بانگی فارسەکان ناکات، هەر کە کورد دەزانێ فارس لە شکاندایە بەهەلی دەزانێ و سەربازە کوردەکان هەڵدێن و شۆڕش لە شارەزور بەرپادەبێ، ئەگەر ناوچە عەرەبەکان بە چەند ساڵ و پاش شەڕ موسڵمان بووبن، ئەوە خەڵکی کوردستان بە ئاشتی و بەکاتێکی زۆر کەم موسڵمان بووە، ئەگەر گەلانیتر ئیسلامیان بۆ برا، کورد خۆی چوو بۆ ئیسلام.. گەر عەرەب و غەیری عەرەب هەر یەکە بۆ ئامانجێ موسڵمان بووە ئەوا کورد تەنیا لەبەر خوا موسڵمان بووە.. شەڕێکی شایانی باس و بەرەیی لە نێوان کوردو سوپای ئیسلامدا نەبووە، گەر بوشبێ بە فیتی فارسەکان بووە.. ئەمەش نموونەیەك لە دەقەکان:

- ".. ئیتر کاتی ئەوە هاتوە کە مژدەکانی زەردەشت و پیرشالیار بێتە دی و، دوا پێغەمبەری مرۆڤایەتی بێتە ژیان و ئەو فەسادانە لەسەر میللەتان هەڵگرێ، هەر بۆیە کورد گوێ قوڵاغ بوون، هەر کە دەرکەوت لە قۆناغی نهێنی مەککەو دەوڵەتی مەردینەدا لە سێ جێی جیاوازی کوردستانەوە سێ وەفد (نوێنەر) هەر یەکە بەجۆرێك بە رێ دەکەون و راپۆرتە هەواڵی کوردی ستەمدیدە دەخەنە بەردەم پێغەمبەر".(٥٢)

- "جێی فەخرو شانازیە بۆ کەلی کورد، کە شەرەفی بەشداری سەرەتای بانگەوازی (محمد) یان بوو بە نەسیب.. سەربەرزیە بۆ میللەتی کورد، کە هەر لە (قۆناغی نهێنی) مەککەوە، لە شاخەکانی کوردستانەوە نوێنەریان گەیاندۆتە بیابانەکانی حیجاز، هەتا راست و دروستی ئەو پێغەمبەرە نوێیەی بۆ دەرکەوێ کە (ئاوێستا) مژدەی پێ داوە... بەڵکو دەتوانم بڵێم لە پێش (سەلمانی فارسی) و (صوهەیبی رۆمی) و(بیلالی حەبەشی) و(عەداسی نەینەوایی) و(نوێنەرەکانی نەجران)ەوە خۆیان گەیاندوتە مەککە و بە دیداری (محمد) و (ئاینی نوێ) شاد بوون. ئەگەر ئەوان هەر یەکە مەبەستێك گەیاندونیەتە حیجاز، کورد راست و

دروست لەبەر خوا بووە. ئەو کاتەی کە بیلالی حەبەشی لە دەشتێکی کراوەدا بەردی گەرم دەنرایە سەر پشتی و لاشەیان پێ داخ دەکرد، (ابو بصیر) مەیمونی کوڕی جابانی کوردی لە کونجوڕی بەندیخانەکانی مەککەدا توندکرابوو... هەر ئەو نوێنەرایەتییە بوو، کارێکی وای کرد، کورد پێش هاتنی ئیسلام بۆ کوردستان موسڵمان ببێ و لایەنی خۆی دیاری بکات و بەبێ هیچ شەڕو کوشتارێکی وا شایانی باس کردن بێت، کوردستان لە ژێر چەپۆکی فارس و ڕۆم پاك کرایەوە.. ئەمەیە جیاوازی نێوان کورد و گەلانی دونیا بەرامبەر ئیسلام. ئەگەر میللەتانی بەزۆر بووبێ یان بە ڕێکەوتن و خۆشی ئاینیان بۆ برابێ. کورد بەپێچەوانەی هەموو میللەتانی ترەوە. خۆی چووەتە حیجاز و پێغەمبەری بینیوە وئاینی لێ وەرگرتوە و بە ئەمانەت بۆ گەلی خۆی هێناوەتەوە"(٥٣)

– "کوردەکان لە چونەکانیاندا –بەپیر ئیسلامەوە– بەتەواوی قەناعەت و ئارەزوی دڵ و باوەڕو دڵسۆزیەوە بوو، نەك وەك نوێنەری عەرەبەکانی جەزیرە.. لە دوای گرتنی مەککە لە هەموو لایەکی نیوە دورەگەی عەرەبەوە نوێنەری ئەعراب و عەشایرە عەرەبەکان هاتن ئیسلام بونی خۆیان ڕاگەیاند.. بەلاَم هەریەکەیان بۆ مەبەستێك بوو کە لە ناخیاندا شارابۆوە... نەمدیوە لە مێژووی هیچ میللەتێکدا، لە هەموو لایەکەوە بەم قەرەباڵغیە سەریان لە پێغەمبەر دابێ و ئیسلام بوونی خۆیان ڕاگەیاندبێ، ئەمە هەر ئەوە دەسەلمێنێ کە کورد خاوەنی فیترەی پاك و ڕەوشتی بەرز بوون، بەدوای ڕاستیدا گەڕاون، لە کاتێکدا میللەتانی تر بەزۆر بێ یان بە خۆشی ئیسلامیان بۆ براوە.."(٥٤) "جەنگی دووەم (جەلەولا) بوو کەلە خاکی کوردا رووی دا، بەلاَم دەستی کوردی تیا نەبوو، یەزد گوردیش نەفیرعامی دەرکرد زیاد لە سەد هەزار سەربازی لە هەموو هەرێمەکانەوە هێنا"(٥٥)

– "لەگەڵ ئەوەی ئەم دوو جەنگەی دوایی (جەلەولا و نەهاوەند) لەخاکی کورد روویان دا، بەلاَم بەهیچ کلۆجێ دەست و مەیل و ویستی کوردی لەسەر

نـەبوو، بـەڵکو یـەزدگورد بـۆ مەبەسـت و بەرژەوەنـدی خـۆی خسـتیە خـاکی کوردانەوە.. بـەڵکو کـە سـوپای ئیسـلام رووی کـردە خـاکی کوردسـتان، ئەگـەر فارس شکان و هەڵهاتن، ئیتر شارە کوردەکان بەئاشتی رێك کـەوتون و هـاتوون بـەدەم ئیسـلامەوە هـیچ رووبەڕووبوونەوەیـەکی لـە گـەڵ ئیسـلامدا تۆمـار نەکردوە"(٥٦)

– "مێـژووەکان هـیچ شـەڕێکی نێـوان کـوردو سـوپای ئیسـلامیان تۆمـار نەکردوە، ئەگەر شتێکیش رووی دابێ، ئەوە لە نێـوان سـوپای فـارس و رۆم، لـە گـەڵ سـوپای ئیسـلامدا بـووە، تـەنیا هـەر ئەوەنـدە بـووە کـە لـە سـەر خـاکی کوردستان بووە، کە داگیرکراوە لەلایەن فارس و رۆمەوە"(٥٧)

– "پاشـتر دەبیـنین کـە کـورد چـەند بەئاسـان و بـێ پـەیمان شـکێنی دێـن بەدەسـت موسـڵمانەکانەوە... هـەر کـە سـوپای رزگـاری بـەخش هەسـت پـێ دەکەن، بێ ئەوەی گرژیەك نیشان بدەن، شـەیدای دەبـن و دەچـن بـە پیریـەوە، باشورو ناوەڕاستی عێراق کە عەرەبی تیا دەژی بە شەڕو کوشتاری ساڵ و نیوێك رزگاری دەبێ، بەلآم کوردستان ماوە ناخوات و هەر ئەوەنـدەی رێبوارێکیـان پـێ دەچێ، هەر لە خوارەوە لە جەلەولاوە دەچنە ناو کوردستان و لـە بـاکورەوە لـە تەبرێزەوە سـەردەردەهێنن، هـەر ئەوەنـدە دەخایـەنێ... عەرەبـە لادەرەکـانی باشورو ناوەڕاستی عێراق پاڵپشتیان لە فارس دەکردو جاسوسـیان بـۆدەکردن و هانیـان دەدان لـە دژی سـوپای ئیسـلام... بـەلآم کـە ئـەو سـوپایە دەگاتـە کوردستان، لە جێیەکدا نابینین کوردەکان فـارس بـانگ بکـەن و جاسوسـیان بـۆ بکەن لە دژیئیسلام... ئەمە قسەو خەیاڵی نووسـەرێك نیـە، کـە بـۆ مەبەسـتێك هەر وا بیهۆنێتەوە ەکو هەندێك وا گومانیان بردوە".(٥٨)

– "لە هەموو مێژووی ئـەو فتوحاتانـەدا وێنەیـەك نیـە شـان بـدات لـە شـانی هەڵوێستی کورد.. لە مێژووی هیچ میللـەتێکی سـەر گـۆی زەویـدا هەڵوێسـتێکی

وەك كورد نابینرێ..كە بەرامبەر ئیسلام و سوپاكەی نوانبێتیان، بە عەرەبەكانی سەرەتای ئیسلامیشەوە:

١– هێشتا بانگەواز لە قۆناغی مەككەدا دەبێ كە كورد جابان كوردی(كابانی كوردی) بە نوێنەر دەنێرێ بۆ مەككەو مەدینەو هەواڵی كورد دەگەیەنێ بە ئیسلام و هەواڵی پێغەمبەرو ئیسلام بۆ كورد دەهێننەوە، ئەمە جگە لە نوێنەری ناوچەی جەزیرە و بازرگانەكانی هۆزی باجن.

٢– كە سوپای ئیسلام دەگاتە جەلەولا پێش دەستپێكردنی شەڕ، وەفدی كورد لە شارەزورەوە دەگاتە لای سوپای ئیسلام و پێش ئەوەی قاچ بخاتە ناو كوردستان چەند خاڵێك مۆر دەكەن بە نهێنی فارسەكانەوە وەك مامۆستا ئەمین زەكی باسی دەكات: (لە دەركەوتنی ئیسلامیەتدا و هەر لە یەكەم پەیوەندیان لەگەڵ ئیسلامەكاندا تێفكرین و دیيان كە ئەم ئاینە تازەیە بە تەواوی موافقی تەبع و ویژدانیانە، لەبەر ئەمە وەك سێر مارك سایكس) دەڵێ: بە ئاسانی و بەرەبەرە وەریان گرت بە پلەیەك كە مەگەر بەربەرەكانی ئەفریقاو توركەكانی توركستان بەو جۆرە بە دڵ و بە شەوق وەریان گرتبێ.. گەلی كورد هەروەكو مێژوونوسە باوەڕپێكراوەكانی عەرەب دەڵێن لە شانزەهەمین ساڵی كۆچیداو لە دوای فەتحی حەلوان و تكریتدا لەگەڵ ئۆردوی ئیسلامیدا پەیوەندیان كردوە... قەعقاع حەلوانی زەوت كرد، بەم جۆرە یەكەم پەیوەندی كورد و گەلی كورد لەگەڵ سوپای ئیسلامدا روویدا..

٣– ئەو رێكەوتنە بوو بە هۆی بەرپاكردنی شۆڕشێك لە شارەزور، كە زۆر لە مێژوونوسان چاویان لێ قوچاندوە و باسی ناكەن، چونكە جێی فەخرو شانزی كوردە، كەئەمەش تەواوی رووداوەكەیە: بە نزیك بوونەوەی سوپای ئیسلام بۆ كوردستان لەسەر رێكەوتنی پێشوو، لە شارەزور و هەورامان و شاربازێڕ، راپەڕینێكی جەماوەری لە دژی دام و دەزگاو مەخفەر و سەربازگەكانی فارس روودەدات و ناوچەكە پاك دەكەنەوە..(٥٩)

بـەم شـێوەیە تەفسـیرێکی میتافیزیکیانـە بـۆ موسـڵمانبوونی کـورد کـراوە، تەفسیرێك کە حساب بۆ مـەنتیق و یاسـا کۆنکریتیـەکانی ژیـان و مێـژوو و مـرۆڤ ناکات، موسڵمانبوونێك لە موسڵمانبونی هەموو نەتەوەکانیتری سـەر گـۆی زەوی جودا و دڵسۆزانەتر، هەقخوازانەتر.

## هەڵوەستەیەك لەسەر ئەم خوێندنەوەیە

ئەوە راستە کە زوڵم و زۆری فارسـەکان لـە کـورد، بـە تەبیعـەتی حـاڵ وا لـە کورد دەکات کە چاو بۆ رزگارکەرێك بخات، بەڵام هەراسانبوونی کـورد لـە زوڵمـی سیاسی ئیمپراتۆریەتی فارسی شتێکە و، موسڵمانبوونی، بە واتای وازهێنـانی لـە ئاینی خۆی شتێکی دیکەیە. کورد گرفتی لەگەڵ دەسەڵاتی سیاسی فـارس بـووە نەك لەگەڵ ئاینەکـەی، بۆیـە ئاسـاییە گـەر خێـرا پشـت لـە دەسـەڵاتی داگیرکـەر بکات، بەڵام قەت ئاسایی نیە هەر وا بە ئاسانی پشـت لـە ئـاینی مێـژوویی خـۆی بکات بۆ ئاینی هێزە فاتیحەکە، چونکە ئاین –هـەر ئاینێـك– بـە تێپـەڕینی کـات لەگـــەڵ هەســـت و نەســـت و نـــاخی نەتـــەوەدا تێکـــەڵ دەبـــێ و کـــاتی زۆرو کارلەسەرکردنی زۆرو هەژاندنی بەهێزی دەوێ تا بتوانێت دەستبەرداری ببێت بـە تایەبتی بۆ ئاینێکیتر کە هێشتا ئادگارەکان(ملامح)ی بە تەواوی لای رۆشن و دیار نەبێ و لەسەر شانی سوپایەکی هێرشبەر هاتبێ. ئەمە بۆ هەموو ئاینێك راستە.

ئەوەش کە لە ئاڤێستادا باس لە پێغەمبەری ئاخر زەمان کرابێ، بە نیسـبەت گەلێکی تا رادەیەکی بەرچاو دوور لە خوێندەواری و رۆشنبیری وەك گەلی کوردی ئەو کات کە بە زۆری لە ناوچە شاخاویەکاندا دەژیان و هەر بە خەڵکی شاخ (اهـل الجبال)یش لە مێژوودا ناوبراون، رەنگە پاڵنـەرێکی هێنـدە بـەهێزو یەکلاکـەرەوە نەبێ –لانی کـەم بـۆ کـۆی خـەڵك– بـۆ موسـڵمانبوون، بـە تایبـەتی کـە دەکـرێ هەندێ باوەڕ نەکەن بەوەی کە ئەو پێغەمبەرە تازەیە هەمان کەسی وەسفکراوی ناو کتێبە پیرۆزەکەیانە، هەر وەك دەگونجێ لەگەڵ ناسینیشیدا هەر مـل نـەدەن بە ئیسلام، ئەوەتا خوای گەورە لە بـارەی جولەکـە و نەسـرانیەکانی ئەوکاتـەوە

دەفەرموێ:"الزين اتيناهم الكتاب يعرفونه كما يعرفون ابنائهم "(٦٠)، واتە لە ڕێی مژدەکانی تەورات و ئینجیل لەبارەی پێغەمبەرەوە محەمەد دەناسن وەك چۆن منداڵەکانی خۆیان دەناسن، لەگەڵ ئەوەشدا زۆر کەم موسڵمان بوون.. لەبەر ئەوە دەڵێم: هەر ئەوەندە کە مژدەیەکی لەو بابەتە لە ئاڤێستادا هەبێ–گەر هەبێ– نابێتە مایەی موسڵمانبوونی کورد، لانی کەم بەو گشتی و بە نەفەسەی نووسەر باسی دەکات.

ئەمە لە لایەك..

لە لایەکی دیکەوە فارسیش وەك کورد شوێنکەوتەی ئاینی زەردەشتی بوون، ئەدی بۆچی ئەوانیش وەك کورد وەفدیان نەنارد بۆ لای پێغەمبەر و بە دەستەجەمعی موسڵمان بن..؟ وەلآم –بە پێی لێکدانەوەکەی نووسەر– هەر دەبێ ئەوە بێ کە کورد فیترەت پاك و هەقپەرست بووە جیاواز لە غەیری خۆی.. بەلآم خەڵکیتر وا نەبوون.

مامۆستا حەسەن مەحمود حەمەکەریم، لەکاتێکدا سەرلەبەری پرۆژەکەی لە پێناو بەرگریکردندایە لە ئیسلام و لە هاوەڵانی پێغەمبەری خوا و سوپای فەتحی ئیسلامی کەچی، بەخۆی زانیبێ یان نەیزانیبێ، لە پێناو تەزکیەکردنی کورددا گومانی خستۆتە سەر ئیمانی "عەرەبەکانی سەرەتای ئیسلامیشەوە" کە هاوەڵان و تابعین دەگرێتەوە، نازانم نەیارانی پرۆژەی ئیسلامی بۆڕی لەمە بەنرختریان بۆ گومانکردن لە جیلی یەکەمی ئیسلامەتی، کە بە "خیر القرون" ناوبراون، لە کوێ دەست دەکەوێ؟

ئەوەتا دەڵێ:

– "ئەگەر عەرەب و غەیری عەرەب هەر یەکە بۆ ئامانجێ موسڵمان بووە، ئەوا کورد تەنیا لەبەر خوا موسڵمان بووە.."، "کوردەکان لە چوونەکانیاندا بە تەواوی قەناعەت و ئارەزووی دڵ و باوەڕ و دڵسۆزیەوە بووە، نەك وەك نوێنەری

عەرەبەکانی جەزیرە.. لە دوای گرتنی مەککە لـە هـەموو لایـەکی نیـوە دورگـەی عەرەبـەوە... هـاتن وئیسـلام بـوونی خۆیـان راگەیانـد، بـەڵام هـەر یەکـەیان بـۆ مەبەستێك بووو کە لە ناخیاندا شارابۆوە".

– "لە مێژووی هیچ میللەتێکی سـەر گـۆی زەوی‌دا هەڵوێسـتێکی وەك کـورد نـابینرێ... کـە بەرامبـەر ئیسـلام و سـوپاکەی نوانـدبێتیان، بـە عەرەبـەکانی سەرەتای ئیسلامیشەوە".

– "ئەگـەر ئـەوان–سـەلمانی فـارس و سـوهەیبی رۆمـی و...–هـەر یەکـە مەبەستێك گەیاندونیەتە حیجاز، کورد راست و دروست لەبەر خوا بووە".

دەبێ چ حیکمەتێك لەمەدا بێ کە تەنیا کورد ئەوە هەڵوێستی بێ؟ بـۆ دەبـێ ئەوانیتر لەبەر خـوا موسـڵمان نـەبووبن تـەنیا کـورد نـەبێ؟ بـەو مانـا بـێ دەبـێ ئیسلام تـەنیا لـە گـەڵ فیترەتـی کـورد گونجـاو بـێ و هـەر پـەیامی رزگـارکردنی کوردیشی هێنابێ!.

لـە جێیـەکی دیکـەدا نووسـەر پاسـاوی جۆراوجـۆر بـۆ موسـڵمانبوونی بـیلالی حەبەشی و صوهەیبی رۆمی و عەدداسی نەینەوایی و سەلمانی فارسی دێنێتەوە، هەر یەکە و بەپاڵنەرێکی مەنفەعی موسڵمانبوون، سەلمانی فارسی نـەبێ ئـەویش بەدوای راستید دەگەڕا بۆ خۆی.. "بەڵام چوونی کوردەکان بە نوێنەری میللـەتی کورد بوو تا هەواڵ بێننەوە بۆ گەلەکەیان و گەلانی تر".. لێرەشـدا بـوونی کـورد تەمەیوزێکی هەبوو..

با ئێستا کەمێ لەسەر مەسەلەی (کابانی کـوردی) و چـوونی بـە نوێنەرایـەتی بۆ مەدینە و باسکردنی مەزڵومیەتی کورد بـۆ پێغەمبـەر و مـۆرکردنی رێکـەوتن و گەڕانەوەی بە مژدەوە بۆ کوردستان –وەك باس کراوە– بوەستین..

مەسەلەی بـوونی هـاوەڵێکی پێغەمبـەر–درودی خـوای لەسـەر بـێ– بـەناوی (کابانی کوردی)، ناوبانگێکی وای لەناو مێژوونووساندا نیە، ئەوەندەی تـا ئێسـتا

بەرچاوم کەوتبێ سەرچاوەی هەواڵەکە دەدرێتە پاڵ (**ئالوسي**) لە تەفسیری (**روح المعاني**)، کە ئەویش دەیداتە پاڵ کتێبی (**الاصابة في تمييز الصحابة**)ی ابن حەجەری عەسقەلانی و محەمەد ئەمین زەکیش لەمانەوە نقڵی کردوەو دەڵێ: "قەومی کورد هەروەکو موئەریخینی موعتەبەرەی عەرەب ئەڵێن، لە شانزەمین ساڵی هیجرەتدا و لە دوای فەتحی حەلوان و تکریتدا لە گەڵ ئۆردوی ئیسلاما تەماسیان کرد... بەلاّم پێویستە بزانین لە پێش ئەم تاریخەشدا، بەعزێ تەماس و ئیهتیدای کورد، واقیع بووە، مەسەلەن مەرحوم ئالوسی مەحمود ئەفەندی لە تەفسیری (**روح المعاني**)دا وە لە ناو ئەصحابی کیرامدا باسی جابان (گابان) الکردی و (مەیمون)ی کوڕی ئەکا.. ئەم مەعلوماتەش عەگف ئەکاتە سەر کتێبە نایابەکەی **حافظي ابن حجر** کە بە (**الاصابة في تمييز الصحابة**) مەشهورە، ئەم ئەسەرە دەرحەقی مارەیی و بەعزێ خصوصیاتی تر چەند باسێك لە (گابان الکردی)ەوە نەقڵ ئەکا، موحتەمەلە بەعزێ صەحابی تری کوردیش ببێ"(٦١).

نووسەریش لە محەمەد ئەمین زەکیەوە وەریگرتوە و ئاماژەش دەکات بۆ ئەوەی کە باسی کابانی کوردی و(میمون) ابو بصیری کوڕی لەم سەرچاوانەدا هاتووە: (**مروج الذهب**)ی مسعودي و (**دائرة المعارف الاسلامية**) و(**مغازي**)ی ابن اسحاق و(الفتوح)ی واقدي و(**طبقات الکبری**)ی **تاج الدین السبکي** و(**قاموس المحیط**)ی فەیروزی ئابادی[٦٢]. بەلاّم محەمەد ئەمین زەکی هیچ ئاماژەیەکی بەم سەرچاوانە نەکردوە و ریوایەتەکەی داوەتە پاڵ (ئالوسی) و بەس..

گەرچی هیچ رێگری و نەسازیەکی زانستی لەوەدا نیە کە باسکرانی هەواڵێك لە تاکە سەرچاوەیەکدا بەڵگەی راستیی هەواڵەکە بێ، واتە بە زەرورەت راستبوونی هەواڵێك نەبەستراوە بەوەوە کە هەر دەبێ چەندین سەرچاوە باسیان کردبێ، بەلاّم عادەتەن ئەم حاڵەتە گومان لای مێژوونووس دروستدەکات، بۆیە لای

خۆیەوە بە گومانەوە بۆ هەواڵەکە دەڕوانێ و هەموو توانای خۆی دەخاتە گەڕ بۆ گەڕان و پشکنین و لێکۆڵینەوە لەسەر هەواڵەکە تا بە لایەکیدا دەخات. بەڵام ئەوەی خاڵی لاوازی لێکۆڵینەوەکەی مامۆستا حەسەنە ئەوەیە کە نەك ئەمەی دوایی نەکردوە، بەڵکو بەبێ سێ و دوو لێکردن وەك راستیەکی گومان هەڵنەگر مامەڵەی لە گەڵ ئەو هەواڵە کردوە، نەك هەر ئەوەندە بەڵکو لای خۆیەوە چەندین ئیزافاتیشی خستۆتە سەر.. زۆر ئەنجامگیری و ئیزافاتی بۆ هەواڵە کردوە کە لە مەتنە مێژوویەکەدا نەهاتوە..

بۆ نموونە هەواڵەکە لەوەوە هاتوە کە فەرمودەیەك لە (مەیمونی کوردی جابانی کوردی)یەوە، ئەویش لە باوکیەوە ریوایەت کراوە.. هەر ئەوەندە هەیە. محمد ئەمین زەکی لەم ریوایەتە ئەوەی هەڵێنجاوە کە پێش لە هاتنی سوپای ئیسلام بۆ کوردستان (بەعزێ تەماس و ئیهتیدای کورد —لە گەڵ ئیسلام— واقیع بووە)... دواتریش دەڵێ: "مەحتەمەلە هەندێ صەحابی تری کوردیش بووبێت" واتە محمد ئەمین زەکیش —بە ئەنجامگیری— ئەمەی دوایی تۆمار کردوە و وەك ئیحتیمالش دایناوە، نەیوتوە بە ئەکید بووە،.. بەڵام بە هەر حاڵ قەت نەیوتوە جابان نوێنەری کورد بووە و بۆ کارێکی سیاسی و دبلۆماسی چووەتە حیجاز..

بەڵام نووسەر لای خۆیەوە کۆمەڵێ ئیزافات و ئەنجامگیری لە سەر ئەم چەند قسەیەی سەرەوە کردوە:

بۆ نموونە پێ لە سەر ئەوە دادەگرێ کە جابان لە کوردستانەوە (بە نوێنەرایەتی) گەلێك چووە بۆ حیجاز، واتە ئەوەی محمد ئەمین زەکی —بە ئیستینتاج— وتی (بەعزێ تەماس) بوو "بە نوێنەرایەتی و باسکردنی مەزلۆمیەتی کورد بۆ پێغەمبەر" و زیاد لەوە "وتووێژ و مۆرکردنی رێکەوتن"یش، وەك دەڵێ: "ئەم وتەیەی ئەمین زەکی بەلای منەوە لە هەموو باسەکانی تری بۆ ئەم رووە گرنگترە و پاڵپشتی ئەو رایە دەکات کە پێش ئەوەی سوپای ئیسلام بێتە

کوردســتان پەیوەنــدی و نوێنــەری و تووێــژ و رێکــەوتوە لــە نێــوان کــورد موسڵمانەکاندا بووە"(٦٣).

ئەوەی سەیرە ئەو فەرمودەیەی لە جابانەوە گێڕدراوەتەوە، لە بـاتی ئـەوەی باسێکی سیاسی بێ و لە مافی میللەتانی بندەست بـدوێ کەچـی باسـی مـارەیی ئافرەت دەکات، (٦٤) کە زۆر دوورە لەو بابەتە . هەروەها نووسەر بەڵگەیـەکمان بۆ ناهێنێتەوە و نیشانە بێ لەسـەر ئـەوەی کـە جابـان باسـێکی سیاسـی لەگـەڵ پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێ) کردۆتەوە..

لە مەتنە مێژووییەکدا باسی گەڕانـەوەی جابـان بـۆ کوردسـتان و گێڕانـەوەی مژدەی پێغەمبەر و ئامادەباشی بۆ راپەڕین و پێشوازی سوپای ئیسلام نەهاتوە، بەڵام نووسەر بە هەڵێنجانی خۆی باس لەوە دەکات کە جابان گەڕاوەتەوە و ئەو مژدەیـەی هێناوەتـەوە بـۆ کوردسـتان و زەمینەسـازی بـۆ سـەرکەوتنی سـوپای ئیسلام کردوە، بەڵگەی نووسەر لەسەر رووداني ئەم پەیوەندی کردن و وتووێـژ و رێکـەوتن مۆرکردنـە ئەوەیـە کـە ئیسـلام بـە شـێوەیەکی خێـرا لـە کوردسـتاندا بڵاوبۆتەوە و ئەوەش رووی نەدەدا "ئەگـەر کوردەکـان رێکـەوتنێکی نهێنیـان لـە مەدینە مۆر نەکردبێ... (ئەمە لە کاتێکدا).. کە هەموو میللـەتانی ئـەو کاتـە لـە کوردەکان ترساون و خۆیان لە کوردستان پاراستوە"(٦٥).

زیاد لـەوەش نووسـەر لـەوە نـەدواوە ئـاخۆ نـاکرێ ئـەو کابانـە—لـە حاڵـەتی گریمان کردنی بوونی راستەقینەی لە حیجاز— وەك هەر یەکە لە بـیلالی حەبەشـی و سەلمانی فارسی و عەداسی نەینـەوایی بـە هۆکارێـك کەوتبێتـە ئـەو ناوچـەیە و لەوێ نیشتەجێ بووبێ و بوونی لەوێ نیشانەی ئەوە نەبێ کە لە کوردسـتانەوە و بۆ سۆراخی هەواڵی پێغەمبەری نوێ چووبێ، بەڵگەی نووسەر لەسەر ئـەوەی کـە کابان لە کوردستانەوە چووە بـۆ حیجـاز ئەوەیـە کـە کوڕەزایـەکی نـاوبراو دواتـر گەڕاوەتەوە کوردستان، بەڵام ئاخۆ دەکرێ ئەمە بکرێتە بەڵگە لەسـەر ئـەوە کـە پێشـتر بـاپیری بـۆ مەبەسـتێکی سیاسـی چـووەتە حیجـاز، ئەمـە جگـە لـەوەی

نەیسـەلماندوە کـە کابـان پـاش دیـداری پێغەمبـەر  گەڕاوەتـەوە کوردسـتان و ڕاپۆرتـە هـەواڵی سـەردانەکەی بـۆ گەلەکـەی هێناوەتـەوە، بۆچـی مێـژوو باسـی گەڕانـەوەی کوڕەزاکـەی دەکـات و باسـی گەڕانـەوەی کارەکتـەرە سـەرەکیەکە ناکات؟

–لە مەسەلەی وەفدەکەی باجنیش کە وەفـدێکی بازرگـانی بـووە و چـووەتە حیجـاز (وەك لــە –مــروج الــژهب–ی مەســعودی دا هــاتوە)، لــە سەرچــاوە مێژووییەکەدا – کە نووسەر زۆر تانە لە میسداقیەتی دەدات کەچـی ئەسـڵی ئـەم هەواڵەش لێ وەرگرتوە  !– تەنیا باس لە چوونی ئەو وەفدە دەکات بـێ ئـەوەی باسـی ئـەوە بکـات کـە کـورد بـوون، بـەڵکو سـەری لـەوەوە دەردەچـێ کـە ئـەو (باجن)ە بکرێ بە (جنی نسیبین) و کورد بە نەوەی ئەو نۆ موسڵمانەی لە تیرەی ئەو جنۆکانەن کە سەرپۆشیان لەسەر لادراوە..

بەڵام نووسەر هاتووە فیکرەی چوونی وەفدێکی خەڵکی جەزیرەی بۆ حیجـاز لە هەواڵەکـە وەرگرتـوە و ئەنجامگیریەکـەی لاداوە و خـۆی ئـەنجامێکی تـری بـۆ داناوە، ئەویش ئەوەیـە کـە ئـەو وەفـدە (کـوردە)(٦٦) لـە جـەزیرەوە چـوونەتە حیجاز و لەسەر دەستی پێغەمبەر  لە تائف موسڵمان بوون..

نازانم چۆن نووسەر ڕێی بە خۆی داوە بیرۆکـەی هـەواڵێکی نامـەنتیقی – کـە کورد دەکاتە جنۆکە زادە– بکاتە بناغە بۆ هەواڵێك کە دنیایـەك بـیروڕای لەسـەر دادەمەزرێنێ و ڕووی مێژووی پـێ دەگۆڕێ، لە کاتێکدا ئەسڵ ئەوە بـوو کـە هـەر پشتگوێی بخات.

– نووسەر وەك مێژوونووسێك کۆمەڵێ زاراوەی بەکار هێناوە کە ئەو زاراوانـە واتایەکی فراوانتریان هەیە لەو دەورە بچـوکەی کـە لـەو کاتـەدا، گریمـان، جابـان بینیوێتی، لەوانە (نوێنەرایەتی) و(وتووێژ)و (مۆکردنی ڕێکەوتن)ە..

گەر ئەوەشمان سەلماند کە جابان و چەندین کەسی دیکەی کوردیش لە ناو هاوەڵانی پێغەمبەردا بوون، بەڵام قەت ناکرێ، بەبێ بەڵگەیەکی مەلموس و بەهێز، ئەمانە بە (نوێنەری کورد ناو ببرێن کە لەسەر کێشەی سیاسی کود لە گەڵ پێغەمبەر (وتووێژ)یان کردبێ و (رێکەوتنامەی نهێنی)یان مۆرکردبێ، کە ئەمانە هەموو چەمکی تازەن.. نوێنەر بە کەسێ دەوترێ کە کۆمەڵێ خەڵك –بۆ نموونە گەلی کورد– بەیەکدەنگی دەمراستەکانی رایبسپێرن بچێ بۆ لای سەرۆکێك، بەرپرسێك، پێغەمبەرێك و لەسەر مەسەلەیەك وتوێژی لەگەڵ بکات وەك نوێنەرەکانی پێغەمبەر (د.خ) بۆ لای پادشاکانی فورس و رۆم. (وتووێژ) و(رێکەوتن مۆرکردن) یش هەر وا.. بەڵام ئایا بە دڵنیاییەوە شتی وا بووە؟

شك نابەم بەڵگەنامەیەکی مێژوویی تۆمارکراو هەبێ، نووسەر، وەك لە گفتوگۆیەکدا رایگەیاند، تەفسیری خۆی بۆ ئەم نەبوونەیش هەیە ئەویش ئەوەیە "کورد ژێر دەستە بووە و مێژوویش دەسەڵاتدارەکان نووسیویانەتەوە و زۆر لە راستیەکانیان تۆمار نەکردوە". جا ئەگەر ئەم پاساوە بەبێ هیچ مەرجێکی زانستی بکرێتە بناغەیەکی زانستی و شەرعی، ئەوە بۆت هەیە بەخەیاڵ و دڵی خۆت مێژوویەك بۆ نەتەوەکەت دابرێژیت و کاتێ لێت پرسرا: کوا بەڵگەت لە مێژوو؟ بڵێیت: "ئەوەی دەیڵێم راستە و بووە، بەڵام لە بەر ئەوەی نەتەوەکەم ژێردەستە بووە تۆمار نەکراوە!"..

## موسڵمانبوونی کورد

هەر سەبارەت بە چۆنێتی موسڵمانبوونی کورد، نووسەر جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە "شەڕێکی بەرەیی و شایانی باس لە نێوان کورد و سوپای ئیسلامدا رووی نەداوە، بەڵکو کورد بەئاشتی و پەرۆشەوە پێشوازی لە سوپای

ئیسلام كردوه و، هیچ جۆره فشارو و زۆر لێكردنێك بۆ موسڵمانكردنی كورد له لایەن سوپای فەتحی ئیسلامیەوه مومارەسەی نەكراوه"..

سەرەتا به پێویستی دەزانم ئەوه بڵێم كه زۆر ئاسایی و سروشتییه كورد وەك هەموو نەتەوه و گەلانی تری بەردەم زەحفی فەتحی ئیسلامی بەرەنگاری سوپای ئیسلامی كردبێ و رازی نەبووبێ تەسلیمی ببێ و ئیمان به ئیسلام بێنێ، ئەوەش هیچ مایەی شەرم و نەنگی ئیه، چونكه ئەو لەگەڵ دیاردەیەكی نوێ و غەریب رووبەڕوو بووه، مرۆڤیش هەمیشه سڵ له دیاردەی غەریب دەكات، به تایبەت ئەگەر ئەو شته غەریبه كار بۆ دەستبەرداربوونت بكات له ئاینی باب و باپیرانت كه ئەو كاره یەكێ له سەختترین بڕیارەكانه لەسەر ناخی مرۆڤ، ئیدی ئاینەكەی هەرچی و هەر چۆن بێ، چونكه وەك جەواهیر لال نەهرۆ به شاندێكی زانایانی موسڵمانی گوتبوو "ئاین وەك منداڵ وایه، منداڵی خۆت چەنده ناشیرین بێت به منداڵی جوانی خەڵكی ناگۆڕیتەوه".

هەروەك ئاساییه سەرەتا لەسەر جزیەدان له گەڵ سوپای ئیسلامی، كاتێ زانیبێتی چاری نەماوه، رێكەوتبێ و دواتر ورده ورده سەرنجی سیاسەتی جوانی موسڵمانەكانی دابێ و كەوتبێته ژێر كاریگەریەوه و موسڵمان بووبێ.. هەر ئەمەش رووی داوه– وەك دواتر بەبەڵگه دەیسەلمێنین، بگره دەتوانین بڵێین: شەرم و نەنگی و نیشانەی ساویلكەیی دەبێ بۆ كورد گەر راستەوخۆ و بەبێ تێفكرین دەستبەرداری دینی خۆی بووبێ و باوەڕی به ئاینێكی غەریب و تازەسەرهەڵداو هێنابێ.

ئەوەی سەرنج لەو وتارانه بدات كه سەركردەكانی سوپای ئیسلامی پێش له دەست پێكردنی پەلاماردانیان بۆ سەربازەكانیان داوه، یان سەرنج له وتووێژی نێوان نوێنەرانی موسڵمانەكان و سەركردەكانی فورس بدات بۆی دەردەكەوێ كه ئەو سوپایه سوپایەكی پەیامدار بووه، ئامانجی گەیاندنی بانگی ئاسمان و چەسپاندنی عەدالەت و راماڵینی تاریكی و ستەم بووه، ئەویش لەوەدا دیاره كه

سەبازەکان هاندەدەن بۆ ئەولەویەتدان بە ئاخیرەت و فریو نەخواردن بە دنیا ونەبەردی نواندن لە پێناو سەرخستنی پەیامەکەدا..(٦٧)

بەڵام لە هەمان کاتدا، لە خوێندنەوەی رووداوەکانی فەتح، تێدەگەین کە سوپای فەتح دەستپێشخەر بووە لە پەلاماردانی نەیارەکانی و هەوڵدان بۆ دەستگرتن بەسەر سەڵتەنەت و موڵك و سامانەکانیاندا، ئەوەتا هەر کاتێ چووبنە سەر شارێك یان وڵاتێك ئەم کلێشە جێگیرەیان خستۆتە بەردەمیان: "سێ هەڵبژاردنتان لە بەردەمدایە: یان موسڵمانبوون، ئەو کاتە وازتان لێ دێنین و یاسای (لکم ما لنا و علیکم ما علینا)تان لەگەڵ پەیڕەو دەکەین، یان جزیەدان، کەبریتیە لە بڕێ پارە کە وەك باج لە خەڵکی ناوچەکە –ئەوانەی باڵقن و توانایان هەیە– دەسەنرێ بەرامبەر بەوەی ئازاد بن لەسەر ئاینی خۆیان بمێننەوە و لە سەر موسڵمانانیشە پارێزگاریان لێ بکەن و لە ئەرکی سەربازیش دەبورێن..گەر بەم دووانە قایل نەبوون ئەوە شەڕ دوا هەڵبژاردنە"(٦٨).

ئەمە پوختەی پێشنیار و مەرجەکانی سوپای ئیسلامی بووە بۆ هەموو ناوچە فەتحکراوەکان نەك تەنیا بۆ ناوچەیەکی تایبەتی(٦٩).

بەم پێیە خەڵك سێ هەڵبژاردنی لە بەردەمدا بووە کە چوارەمی نیە. بەو مانایەی گەر خەڵکی ناوچەیەك رازی نەبن موسڵمان بن و ئامادەش نەبن جزیە بدەن و ئەوە بە جۆرێك لە سوکایەتی و شکست لێك بدەنەوە –کەئەمە شتێکی واریدە و نموونەیشی لە مێژوودا هەیە– ئەوە دەبێ رووبەڕووی شەڕێکی حەتمی ببنەوە. جا ئەگەر بیانەوێ خۆیان لە شەڕێك کە سەرو سامانیان دەخاتە مەترسیەوە لابدەن" ئەوە یان دەبێ موسڵمان بن (موسڵمانبوونێکیش نەبووبێتە قەناعەت زیاتر تەسلیمبوونێکی سیاسی دەبێ وەك لەوەی ئیمانهێنانێکی قەلبی بێ) یان دەبێ جزیە بدەن. خۆ ئەگەر بە سوکایەتییان زانی جزیە بدەن–وەك هەندێ لە هۆزەکان بە سوکایەتیان زانیوە– ئەوە دەبێ موسڵمان بن، ئایا ئەم جۆرە موسڵمانبوونە موسڵمانبوونێکە بە قەناعەت یان لە ناچاریدا؟!

ئەوەی بەندە لە خوێندنەوەی مێژووی فتوحاتەکان و تەنانەت لە قۆناغی موسڵمانبوونی هەندێ لە خێڵە عەرەبەکانی جەزیرەشدا هەستم پێکرد" ئەوە بوو کە (موسڵمانبوون) هەموو جارێك پرۆژەیەك نەبووە پاش تێفکرین و موعاناتێکی دەروونی و ویژدانی رووی دابێ وەك کە لەمرۆدا مرۆڤی رۆشنبیر لە حاڵەتی گۆرینی عەقیدەدا پێیدا تێدەپەرێ، بەڵکو زۆر جار تەنیا بریتی بووە لە بریارێك کە دەستودەم لەبەر ئیعتیباراتی جۆراوجۆر دراوە بێ ئەوەی لە رووی قەلبیەوە لێی بکۆڵرێتەوە، لانی کەم لای هەموو تاکەکانەوە..رەنگە هەندێ جار بە موسڵمانبوونی سەرۆك هۆزێك تەواوی هۆزەکەیشی موسڵمان بووبێ.. هەندێ جار پاش هەندێ سەرکەوتنی سەربازی ئیسلام چەندین هۆزی عەرەب بە دەستەجەمعی موسڵمانبوونی خۆیان راگەیاندوە.. لەو بارەوە (ابن الاثیر) دەڵێ: "عەرەب بۆ موسڵمانبوونی چاوەروانی قورەیشی دەکرد چونکە ئەوان پێشەوای خەڵك و ئەهلی حەرەم و نەوەی ئیسماعیلی کوری ئیبراهیم بوون.. قورەیشیش بوو کە دژایەتی پێغەمبەری دەکرد، جا کاتێ قورەیش موسڵمان بوو عەرەب زانی کە توانای شەرکردنی پێغەمبەر و دوژمنایەتی کردنی نیە، بۆیە پۆل پۆل هاتنە ناو ئیسلام وەك خوا دەفەرموێ: اذا جاء نصر الله والفتح..."(٧٠)

یان هەندێ جار پاش شەرو شکستی کافران، ئەنجا رازی بوون سوڵح بکەن یان موسڵمان بن تا رزگاریان ببێ(٧١). واتە هەندێ جار موسڵمانبوونەکە زیاتر خۆبەدەستەوەدانێکی سیاسی و ناچاری بووە، ئەنجا دواتر وردە وردە گۆراوە بۆ باوەرێکی قەلبی، ئەوەتا خوای گەورەیش راشکاوانە ئاماژەی بۆ ئەم راستییە کردوە کاتێ لە بارەی موسڵمانبوونی عەرەبە دەشتەکیەکانەوە (الاعراب)ەوە دەفەرموێ: (قالت الاعراب امنا، قل لم تؤمنوا ولکن قولوا أسلمنا، ولما یدخل الایمان فی قلوبکم) واتە یەکەم جار تەنیا تەسلیم بوون، بەڵام ئیمانیان نەهێناوە، دواتر ئیمانەکە دەچێتە دڵیانەوە.

له هەندێ له هاوەلآنیش دەگێڕنەوە وتوێتی "سەرەتا تەنیا لەبەر دەسکەوت موسـڵمانبووم، بـەلأم دواتـر هـیچ شـتێکم هێنـدەی ئیسـلام لـە لا خۆشەویسـتتر نەبووە".. ئاخر خۆ دانانی پشکێك له داهاتی زەکاتیش بۆ دڵڕاگیراوان (المؤلفـة قلـوبهم) ئاماژەیـەکیترە بـۆ ئـەو راسـتیەی کـە دەکـرێ سـەرەتا کەسـێك لەبـەر ئیعتیبارێکی بەرژەوەندیانە بەرەو ئیسـلام بێـت و دواتـر کـاری لەسـەر بکـرێ تـا موسڵمانبوونەکەی دەبێتـە موسـڵمانبوونێکی راسـتەقینە..پێغەمبەر (د.خ) کـاتی خۆی مووچەیەکی تایبەتی بـەو نـاوەوە بـۆ چـەند کەسـێك بڕیبـووەوە، لەوانـە: عیینەی کوڕی حصن الغزاری و الاقرعی کوڕی حابس التمیمـی و عەباسـی کـوڕی مـرداد و چـەندینی دی، دوای ئـەو ئەبوبـەکری صـدیقیش–رەزای خـوای لێ بـێ– دەیدانێ ، تا عومەری کوڕی خـەتاب–رەزای خـوای لێ بـێ– هـات و لێـی بـڕین و پێی وتن: ان الله أعز الاسلام و أغنى عنكم..(٧١)★★

ئەوەش که هەندێ لـە هۆزەکـان داوایـان لـە پێغەمبـەر کـردوە ك هەنـدێ لـە ئەرکـە ئاینیـەکانیان لەسـەر هـەڵبگرێ یـان هەنـدێ لـە پاشمـاوەی بـاوەڕە کۆنەکانیان بۆ بهێڵێتەوە، بەڵگەیەکیترە لەسـەر ئـەوەی کـە مـەرج نیـە هەمیشـە موسـڵمانبوون باوەڕپێهێنـانێکی قـەلبی بـووبێ، وەك ئـەوەی وەفـدی (پقیـف) داوایان کرد کە (لات) نەشکێنێ و نوێژکردنیان لەسەر هەڵبگرێ، بـەلأم پێغەمبـەر (د.خ) هەردوو داواکەی رەتکردەوە..(٧٢).

هــەر ئــەم حاڵەتــەش تەفســیری ئــەوە دەکــات کــە ناوەنــاوە حاڵــەتی پاشـگەزبوونەوە لـە ئیسـلام لـە نـاو تـیرە عـەرەب و غـەیرە عەرەبەکانـدا رووی داوە..(٧٣)

هەروەها ئەوەی تێبینی دەکرێ له مێژووی فتوحاتدا ئەوەیـە کـە بێجگـە لـەو حاڵەتانەی کە لایەنی بەرامبەر (شەڕ)ی هەڵبژاردوە و سەرەنجام شـکاوە، زۆرێـك لـە شـارو ناوچـەکان لـە نـاو سـێ هەڵبژاردنەکـەدا، نـەك موسـڵمانبوون، بـەڵکو

جزیـەدانیان هەڵبـژاردوە و لەسـەر ئـەوە لەگـەڵ سـوپای ئیسـلام رێکـەوتنیان مۆرکردوە..(٧٤) ئەمیش بەڵگەیەکیترە لەسەر ئەوەی کە گۆڕینی ئاین، ئەگەر بە ویستی ئازادانەی مرۆڤ بێ، کاتێکی زۆری دەوێ و هەروا ئاسان نیە.

خـاڵێکیتر کـە بـە پێویسـتی دەبینـم ئامـاژەی بـۆ بکـەم ئەوەیـە کـە سـوپای ئیسلامی خۆیشی ئەوەی بە مەرج نەگرتوە کە ئیللا خەڵك هەر دەبێ بە راستی و بە دڵ موسڵمان بن نەك بە رواڵەت و بۆ بەرژەوەندیەکیتر، بـەڵکو هـەر بەوەنـدە رازی بووە کە خەڵك موسڵمانبوونی خۆیان رابگەیەنن، ئیتر ئاخۆ ئـەو راگەیاندنـە لـە دڵیانـەوە دەرچـووە یـان تـەنیا لـە زمانیانـەوە، گـرنگ نـەبووە.. وەنـەبێ ئەمەشیان لەخۆوە کردبێ بەڵکو پێغەمبەری خوا خۆی وای فێرکردبوون، ئـەوەتا کاتێ ئوسامەی کوڕی زەید لە زۆرانبازیەکدا یەکێ لە جەنگاوەرە بـێ باوەڕەکـان دەبەزێنێ و لەوەدا دەبێ بیکوژێت، کابرا دەڵـێ: **لا الـه الاالله**، کەچـی ئـەو هـەر دەیکوژێ لەبەرئەوەی پێی وا بـووە کـە لـە ترسـا ئـەوەی وتـووە تـا نـەیکوژێت، پێغەمبەر(د.خ) کە ئـەم هەواڵـەی پێدەگاتـەوە و زۆر تـوڕە دەبـێ لـە ئوسـامە و بیانووەکەی سەبارەت بەوەی لە ترسـا وای وتـوە رەتدەداتـەوە و بـەوەی ئـاخۆ دڵیت شەقکرد بزانیت بە درۆ وای وتوە؟، ئەنجا ئەوەندە سەرزەنشـتی دەکـات و پێی دەڵێ:چی دەکەیت لە **لااله الا الله** لە قیامەتـدا؟.. **ئایـا وتـی لاالـه الا الله** و هەر کوشتیشت؟**!** کـە ئوسـامە دەڵـێ : ئەوەنـدە ئـەوەی دووبـارە کـردەوە کـە خۆزگەم خواست پێش ئەو رۆژە موسڵمان نەبوومایە..(٧٥)

دیارە خـەڵکی کوردسـتانیش وەك هـەموو خـەڵکی خـوا، لـەم رێسـا گشـتییە بەدەر نەبوون و لە موسڵمانبوونیاندا چەندین دۆڵ و نشێویان بڕیوە.. لە لایەك – مێژوو باسی دەکات– لە چەندین شوێن لە نـاو سـوپای فارسـدا لـە دژی سـوپای ئیسلامی جەنگاون بێ ئەوەی ئەو سەرچاوانە ئاماژە بۆئەوە بکـەن کـە ئـەوەیان بە زۆر پێکراوە، ئەوەتا (ابـن الاپـیر)–کـە دەڵـێن خۆیشـی کـوردە– لـە میانـەی باسکردنی شەڕی جەلەولا، دەڵێ:"**هۆکەی ئەوە بوو کە فورس پاش هەڵاتنیان لە**

مەدائین و گەیشتنە جەلەولا..خەڵکی ئازربایجان و باب و ئـەهلی شـاخ و فـورس رێیان لێ پەرت بوو، پەرش و بلاو بوون، لە ناو خۆیاندا وتیان: گـەر لێـك دابـبڕێن قەت کۆنابنەوە، ئەمە جێیەکە لێکمان جیا دەکاتەوە، وەرن بـا لـە دژی عـەرەب کۆببینەوە و لەگـەڵیان بجەنگین...چاڵیان هەڵکەنـد و...هتـد."(٧٦). هـەروەها تەبەری باس لەوە دەکات کە پاشای فارس لە نەهاوەنـدەوە بانگەشـەی خـەڵکی شاخی–مەبەست کوردستانی ئێستا بووە– لە نێـوان بـاب و سـند و خوراسـان و حـەلوان کـردوە و ئـەوانیش بەپیریـەوە چـوون و دەیـان هـەزار سـەربازیان بـۆ کۆکردۆتـەوە(٧٧) .. ئەمـە جگـە لـەوەی وەك بەشـێك لـە سـوپای فـارس لـەو جەنگانەدا بەشداربوون کە لە ناوچەکانی کوردستاندا روویانداوە.. محەمەدئـەمین زەکی دەڵێ: "لە بەینی ساڵی ١٨و ٢٣ی هیجریدا، وە لـە مودافەعـەی (ئـەهواز و فاسـا و دارابرجـرد)دا کـورد لەگـەڵ ئێرانیـەکانا موتـەفیق بـوو، وە بـە تەبیعـەت یارمەتییان دان، لەبەر ئەمە لە تـەرەف ئـوردوی ئیسـلامەوە تەئـدیب و تەجزیـە کران"(٧٨)

هەروەها ئەگەر سەیری مێژووی فـەتحی ناوچـە کوردیـەکانی وەك شـارەزور و ناوچەی جەزیرە بکەین، دەبینین شەڕی گەورە روویان داوە و ناوی کوردەکانیش بە ئاشکرا براوە:

(ابن الفقيه) دەڵێ: "سەلمانی کـوڕی رەبیعـە بـانگی کوردەکـانی بلاسـجانی کرد بۆ ئیسـلام، ئـەوان لەگـەڵی جـەنگان، سـەرکەوت بـە سـەریاندا، جزیـەی بـۆ هەندێکیان پەسەند کرد و هەندێکیشیان زەکاتیان دا"(٧٩)

(بلاذري) دەڵێ: "عەزرەی کوڕی قـەیس هەوڵیـدا شـارەزور فـەتح بکـات،.. لەسـەردەمی خەلافـەتی عومـەردا، نـەیتوانی، جـا عوتبـەی کـوڕی فەرقـەدی ئەسلەمی پەلاماری دا و لەساڵی دواتردا دوای کوشتار فەتحی کرد.".(٨٠)

(ابن الاثير) دەڵێ: "عوتبەی کوڕی فەرقەد لە ساڵی ٢٠دا موسڵی فەتح کرد، بۆی هات و خەڵکی نەینەوا لەگەڵی جەنگان، شورەکەی لای ڕۆژهەلاتی بەزۆر گرت وله دیجلەوە پەڕیەوە، بەلأم دانیشتوانی شورەکەی لای ڕۆژئاوا، کە موسڵە، لەسەر جزیدان لەگەڵی ڕێکەوتن."(٨١)

هەروەها لە (تاريخ الطبري) و (الكامل في التاريخ)دا هاتووە کە سوپایەکی موسڵمانان بەسەرکردایەتی (سلمەی کوڕی قەیسی ئەشجەعی) بە فەرمانی عومەر ڕۆیشتن.. "تا گەیشتنە دوژمنێك لە کوردە موشریکەکان–عدوا من الاكراد المشركين– بانگیان کردن بۆ ئیسلام یان جزیدان، ڕازی نەبوون، لەگەڵیان جەنگان و شکاندنیان.."(٨٢)

هەروەها ئەمین زەکی بە نقڵکردن لە (الكامل)ەوە ریوایەتەکەی (بلاذری) دەگێڕێتەوە و تێیدا دەڵێ: ".. لە دوایدا عتبە بن فرقد لەگەڵ قوەتێکی موناسیبدا دیسان رووی کردەوە شارەزور، وە لە دوای شەڕێکی قورس زەوتی کردرو لەم شەڕەدا کورد گەلێ زایعاتی بوو، وە ئوردوی ئیسلامیش چ لە شەڕدا و چ بە تەئسیری دووپشکی شارەزور زۆری لێ شەهید بوو"(٨٣)

ڕاستە هەندێ ناوچەی کوردی بە ئاسانی فەتحکراوە بە تایبەتی پاش فەتحی جەلەولا و مەدائین، ئەوەتا تەبەری و ئیبنولئەسیر دەڵێن کە ناوچەی جەزیرە "ئاسانترین ولأت بووە لە فەتحکردندا"(٨٤) ئەویش لە ساڵی ١٧ یان ١٩ی کۆچیدا، بەلأم لێرەدا دوو ڕاستی هەیە دەبێ بوترێن:

یەکەم: ئەوەیە کە فەتحکردنەکە لەسە بناغەی ڕازی بوون بە دووەم هەڵبژاردن واتە جزیەدان نەك موسڵمانبوون هاتۆتەدی، ئەوەتا تەبەری لەبارەی فەتحی جەزیرەوە دەڵێ: "عياض سەربازەکانی لە (رهاء)دا دابەزاند و لەسەر جزیەدان لەگەڵ دانیشتوانەکەی ڕێکەوت، کاتێ (رهاء) ئەمەی کرد (حران)یش بە هەمان شێوە سوڵحیان کرد"(٨٥).

ابن الاثیریش هەر لە بارەی فەتحی جەزیرەوە دەڵێ: "ئەهلی (رقة) بوون بە زیممە –واتە ئەهلی زیممە– ئەهلی نصیبینیش بە هەمان شێوە.. کاتێ رقەو نصێبین گیران خەڵکی حرانیش بە جزیە وەڵامیان دایەوە، خەڵکی (رهاء)یش بە قبـوڵکردنی جزیـە وەڵامـی سـوهەیل و عەبـدوڵڵایان دایـەوە... (بەمـە) جـەزیرە ئاسانترین وڵات بووە لە فەتحکردندا..(٨٦)

دوەم/ ئەوەیە کە مەرج نیە ئەو خێرا خۆ بەدەستەوەدانەی هەندێ لە ناوچـە کوردیـەکان لـە چـاو شـوێنانیتری عێـراق لـە خـۆڕا، یـان لەبـەر ئـەوە بـووبێ کـە ڕێکەوتنێکی پێشوەختیان لەگەڵ پێغەمبەر هەبوو بێ، بەڵکو دەکرێ زیـاتر لـەو رووەوە بـووبێ کـە سـوپای فـارس لـە ئـەنجامی ئـەو شکسـتە گەورانـەی کـە لـە چەندین شەڕی قورسی باشوری عێراقدا دووچاریان بوویـەوە توانـای بـەرەنگاری سـوپای ئیسـلامیان نەمابوو..لـەوە ئومێـدبڕاو بووبـوون کـە بتـوانن بـەرەنگاری زەحفـی ئۆقیانووسـانەی سـوپای ئیسـلام ببنـەوە، ئـەو سـوپایەی کـە لەشـکری زەبەلاحی فارس و ڕۆم لەبەری هەڵدەهات.

هەر بۆ نموونە با چاوێك بگێڕین بە زیانەکانی فارسەکاندا لـە چـەند شـەڕێکی لەگەڵ سوپای ئیسلام لە ناو عێراق پێش گەیشتنی بە سنووری کوردسـتان، ئـەو کاتە تێدەگەین کە بۆچی کورد بە ئاسـانیەکی ڕێـژەیی خـۆی بـە دەسـتەوە داوە (نـەك یەکســەر موســڵمان بــووبێ وەك لــە خــاڵی یەکەمــدا بەڵگــەمان لەســەر هێنایەوە):

وەك لـە سەرچـاوە مێژووییەکانـدا هـاتووە، لـە شـەڕی (**الثني**) (٣٠)**هـ**ـەزار سەربازی فارس کوژراوە، لە شەڕی (**الولجة**) کە شەڕێکی قـورس بـوو تێکشـکا، لە شەڕی (**أليس**) کە بەرەنگاریەکی گـەورەی نیشـان دا (٧٠) هـەزار کوژراویـان بـووە. لـە شـەڕی (بویـب)دا زیـانێکی زۆریـان لێکـەوت(٨٧) دواتـر لـە شـەڕی بەناوبانگی قادسیە لە ساڵی ١٤ك دا ڕۆستەم کە بەهێزترین سەرکردەی سەربازی

فـورس بـوو بـه (١٢٠) هـەزار سـەربازەوە تێکشـکا و خۆیشـی کـوژرا(٨٨) و موسڵمانەکان بەرەو قووڵایی کشان و شاری (بهرسیر) یاخود مـەدائینی خـواروو (المدائن الدنیا) یان فەتح کرد، کە ئەبوبەکری سدیق لە یەکێ لە نامەکاندیـدا بـۆ خالدی کوڕی وەلید بە قەرارگـەی شـکۆمەندی فارس(مسـتقر عـز فـارس) نـاوی دەبات(٨٩)، دواتر مەدائینی سەرووشیان فەتح کرد کە ماڵ یاخود تاق (ایـوان)ی کیسرای لێ بوو، یـەزدگوردی پاشـای فورسـیش هـەنگاو بـە هـەنگاو پاشەکشـەی دەکرد و لە مەدائینەوە چووە حەلوان و دواتر لەوێش دەرپەڕێنرا.

واتە حسابکە پایتەخت و کۆشکی پادشایەتی گیرا..

لە جەلەولا شەڕێکی گەورە و زۆر قورس لە نێوان سوپای ئیسلامی و سوپای فارسدا رویدا، بە وتەی (ابن الاثیر) لـەو شـەڕەدا (١٠٠)هـەزار سـەربازی فـارس کوژرا، لە (**تاریخ الطبري**) و (**الکامل في التـاریخ**)(٩٠)یشـدا هـاتووە کـە نـاوی جەلەولا–کە مامۆستا حەسەن لە نێوان دوو کەوانە لە تەنیشـتیەوە نووسـیویەتی (گولاڵە)، واتە وەك ئەوەی لەو نـاوە کوردیـەوە هـاتبێ– لـە قورسـی شـەڕەکە و زۆریی کوژراوەکانیەوە بەو ناوەوە نـاونراوە: "**فجللـت القتلـى المجـال ومـا بـین یدیـه ومـا خلفـه فسـمیت جلـولاء بمـا جللـها مـن قـتلاهم، فهـي جلـولاء الوقیعة..**"(٩١)

ئەگەر واش دابنـێین کـە زیادەڕەویـەك لـە خەملاندنی ژمـارەی کوژراوەکانـدا کـراوە، وەك کـە بـاوە لـە سەرچـاوە مێژوویـە کۆنەکانـدا هـەواڵ و خەملانـدنی نائاسایی بۆ ژمارەی کوژراوەکان کراوە و ئیبن خەلدونیش رەخنەی لەم دیاردەیە گرتوە(٩٢)،.. بەلام خۆ بە گشتی ئەوەی لێ دەخوێنرێتـەوە کـە چـەندین شـەڕی قورس روویان داوە و تا سوپای ئیسلام گەیشـتۆتە ناوچـەی کوردسـتان سـوپای فارس بە هۆی ئـەو زەبـرە کەمەرشـکێنانەوە بڕسـتی لەبـەر بـڕاوە و رووبـەڕووی هەرەسـێکی مـاددی و مەعنـەوی بووەتـەوە، ئەمـە لـە کاتێکـدا بـە شـایەتی

مێژوونووســە عەرەبــەکان کــە لەســەر زاری کەســایەتی(کارەکتەر)ەکانی نــاو ڕووداوەکانــەوە گێڕاویانەتــەوە، ســوپای فــارس نەبەردیــەکی کــەم وێنــەیان لــە جەنگەکاندا نیشان داوە و لە زۆر بەرەی جەنگدا خۆیانیان بە زنجیر بەستۆتەوە تا هەڵنەیەن، تەنانەت یەکێ لە جەنگەکاکان هەر بە هۆی ئەم دیاردەوە ناونراوە جەنگی زنجیرەدارەکان (**ذات السلاسل**)..

پاش گرتنی نەهاوەند-کە بە (**فتح الفتوح**) ناوبانگی دەرکردوە، ئیتر فورس توانای کۆکردنەوەی ئۆردووی نەماوە..(٩٣)

محەمەد ئەمین زەکی دەڵێ: "قەومی کورد... لە شانزەهەمین ساڵی هیجرەتدا و لە دوای فەتحی حەلوان و تکریتدا لەگەڵ ئۆردوی ئیسلاما تەماسیان کرد"، بەم پێیە دوای ئەو هەموو شەڕو شکستانەی فارس کە باسکرا و زیاتر لەوەش بووە، ئەنجا کورد لەگەڵ سوپای ئیسلام ڕووبەڕوو بووە..

لە بارێکی وادا، دەبێ کورد چاوەڕێ بێ چی پێ بکرێ لە بەرانبەر سوپایەك کە لەشکری زەبەلاحی فورسی بەچۆکدا هێنا، ئەو لەشکرەی کە سام و هەیبەتێکی کەم وێنەی لە دڵی عەرەبەکاندا هەبوو بە شێوەیەك -وەك پێشتر باسکرا-خۆیان لە ڕووبەڕووبونەوەی لادەدا.. دیارە لەم بارەدا هەڵوێستی مەنتیقی و ژیرانە ئەوەیە کوردیش وەك هەر خەڵکێکیدی کە کەوتبێتە باروزروفێکی هاوشێوەوە، بە دیفاکتۆ(ئەمر واقیع)ە نوێیەکە ڕازی بێ بە تایبەت گەر ئەوەشمان بۆ زیاد کرد کە کورد میللەتێکی بندەستیش بووە و بە ئاوات بووە لەو داگیرکەرە ڕزگاری بێ، بۆیە سەرەتا قایل بووە (جزیە) بدات نەك موسڵمان ببێ چونکە گۆڕینی ئاین هەر وا ئاساننەبووە و نیە، تا دواتر وردە وردە ئاینی ئیسلامی وەك ئاینی ڕاستەقینە و دڵخوازی خۆی پەسەند کردوە و تائێستاش لەسەری ماوەتەوە، ئەوەتا محەمەد ئەمین زەکیش دەڵێ:".. بە ئاسانی و بەرەبەرە قبوڵیان کرد".

بگـره تەنانــەت هەنــدێ جــار كــورد، وەك هــەر نەتــەوە و خەڵكێكیدیكــەی نەوموسڵمانی ئەو كاتــەی ناوچــەكە، لــەپاش راگەیانــدنی موســڵمان بوونیشــی لــە ئیسلام پاشگەز بووەتەوە، لەو بـارەوە (**ابـن الاثـير**) دەڵـێ: "**في هـذه السـنة- سنة تسع و عشرين- عزل عثمان ابا موسى الاشعري عن البصرة.. وكان سبب عزله ان اهل ايذج والاكراد كفروا في السنة الثالثة من خلافة عثمان**"(٩٤)، هــەروەها (**طـبري**) دەڵـێ "**وقـد كـان أهـل همـذان كفـروا بعـد الصـلح**"(٩٥).. ئەمەش نە حاڵەتێكی شـازە و نـە جێـی عەیبـە و شەرمەزاریشـە، بـەڵكو هەر ئەوە حاڵەتی سروشتی چاوەڕێكراوە لە هەڵوێستی گەلێكی هۆشیار بەرامبەر بە ئاینێكی تازە سەرهەڵداو، نەك ئەوە كە یەكسـەر و بـێ دوودڵـی سـەرلەبەریان موسڵمان بن وەك نووسەر بۆی چووە. ئاخر بۆچی دەبێ ئاسـایی بـێ عـەرەب و فارس و غەیری ئەوان ئەو حاڵەتانەیان بەسەردا بێ بەلاَم ئاسایی نەبێ كورد بـەو قۆناغانەدا تێپەڕ ببێ؟ بەندە پێم وایە تەنیا ئـەو كاتـە بـە ئاسـایی نـازانرێ كـە كورد لە سروشتدا مەخلوقێكی جودا بێ لـە سـەرپاكی مرۆڤـەكانی سـەر زەوی؟، كە كەس ناتوانێ ئەوە ئیسپات بكات.

ئەمەی لە پێشەوە وترا، بەڵگەی ئەوە نیە كە كورد بە زۆر ئیسلامی بەسـەردا سەپێنرابێ، چونكە ئیسلام هەر هیچ نـەبێ بـواری ئـەوەی داوە كـە بەرامبـەر بـە دانی باجێك لەسەر ئاینی خۆی بمێنێتەوە و ژیان و ئازادیی ئـاینی پـارێزراو بـێ، كە ئەمە بۆ ئەو كاتە زۆر بووە، هەر بۆیە خەڵكەكە زیاتر ئەوەیان هەڵبژاردوە.

شك لەوەیشدا نیە كە ئەو پەیامە ئینسانیانەی ئیسلام هەڵیگرتبوو كاریگـەری خـۆی بـووە لەسـەر گـۆڕینی هەڵوێسـتی كـوردو غـەیری كـورد لـە هەڵبـژاردنی (جزیەدان)ەوە بۆ هەڵبژادرنی (موسڵمانبوون). ئـاخر زۆرە میللـەتێكی داگیركـراو هەر بەوەندەی موسڵمان ببێ، یەكسەر هـەمان كێش و مـافی سـوپا فاتیحەكـەی هەبێ و بە رێسای (لكم ما لنا وعليكم ما علينا) مامەڵەی لەگەڵ بكرێ..

زۆرێك له مێژوونووس و رۆشـنبیرانی كـورد، تەنانـەت لەوانـەیش كـه هـەڵگری بیری ناسیونالیستی و سیكیولاریستانەن و سوپای فەتح به سوپایەكی داگیركـەر ناودەبـەن، ئاماژەیـان بــه گرنگیــی ئــەم رۆحیەتــه ئینســانییه و دەوری لــه موسڵمانبوونی كوردا كردوه، لەوانه:

**حوسێنی مەدەنی** پاش ئەوەی باسی زوڵم و زۆری فـارس و رۆمـەكان دەكـات، دەڵێ: "له بارودۆخێكی وا نالـەباردا، ئیسـلام پـەیامی برایـەتی و بەرامبـەری بـۆ ناموسـڵمانان بـه دیـاری هێنـابوو، خـەڵكی دنیـای بـۆ پێگەیشـتن بـه چەشـنه دیموكراســیەك رێنــوێنی دەكــرد. لــه بــاری كۆمەڵایەتییــەوە، ئەگەرچــی چەوساندنەوەی له بەین نەبرد، بەڵام رادەی چەوسـاندنەوەی لەسـەر موسـڵمانان كەم كردەوه" "عەرەبەكان پاش داگیركردنی هەر وڵاتێك، بـۆ درێژخایـەن لـەهیچ شوێنێ نەدەمانەوە، كوردەكانیش به چـاوی داگیركـەر سـەیریان نـەدەكردن.."، ئەمه له كاتێكدا كه ناوبراو باس لەوەش دەكات كه سوپای ئیسلام له كوردستان كوشتاری زۆری كردوه. (٩٦)

**د.جـەمال نەبـەز** گەرچـی پێـی وایـه كوردەكـان سـەرەتا بـۆ ماوەیـەكی دوورودرێـژ دژی ئــەم ئاینــه نوێیــه بــوون، بــەڵام دواتــر ســەبارەت بــه نهێنــی سەركەوتنی ئیسلام دەڵێ: "سەركەوتنی ئیسلام به سـەر ئیمپراتـۆرێتی فـارس و كوردی ژێردەستیدا، به هۆی چـاكیی دیسـپلین و پتـەوی رێكخسـتن و كاریگـەری ئیدیۆلۆژیی نوێی عارەبە موسڵمانەكانەوە بوو، به پێچەوانەی ئەو سیستمه خراپ و بۆگەنەی له قەڵەمڕەوی پاشانشینی فارسدا پێڕەوی دەكرا..". (٩٧)

هەروەها **ساڵح قەفتان** گەرچی سوپای ئیسلام به داگیركەر ناودەبات و پێـی وایه كوشتاری زۆریان كردوه، بەڵام ئەوەش دەڵێ كه: "ئیداره و ئـاینی ئیسـلام دیار بوو ئەیحەواندنەوەۆو مەیلی ئەوەیان پەیدا كرد كـه بـبن بـه ئیسـلام... زۆر

ئەگونجێ حکومەتی عەرەبی ئیسلام ئەو حەلە بۆ پێکهێنانی مەسڵەحەتی خۆی و قایم کردنی بناغەی دەوڵەتەکەیان تەدبیری ماقوڵ و سیاسەتی ئیداریی زۆر جوانیان پێکەوە نابێت... لەبەر ئەم سیاسەتە نەرمە کوردەکان وردە وردە تەسلیمیان بوون.."(٩٨).

بەڵام لە هەمو بارەکاندا، ئەوە کە پێمان وابێ کورد دەستودەم لەگەڵ هاتنی سوپای ئیسلام موسڵمانبوونی هەڵبژاردوە، ئەوە بە راستی بە تەفسیرێکی سادەکاریانە(تبسیگی) دەبینم، کە نە مەنتیق و نە مێژوو پشتگیری ناکات و، هاوکات نەك نابێتە سەروەری و جێی شانازی بەڵکو ئەو جۆرە موسڵمانبوونە، گەر فەرزی مەحاڵ رووی دابێ، دەبێتە بەڵگەو نیشانەی سادەیی و پێنەگەیشتن، چونکە خەڵکێك بە سادەیی موسڵمان بىن ئاساییە کە سبەینێ هەر بەو سادەییەش واز لە ئیسلامیش بهێنن و بچنە ناو ئاینێکیترەوە، بەڵام بەندە پێم وایە مەسەلەکە بەو شێوەیە نەبووە..

*** *** ***

## هەڵبژاردەیی مامەڵەکردن لەگەڵ بەڵگەکاندا

*یەکێکیتر لە تایبەتمەندیەکانی پرۆژەکەی نووسەر هەڵبژاردەیی (انتقائیە) مامەڵەکردنیەتی لەگەڵ بەڵگە و بەڵگەنامەکاندا، ئەمەش یەکێ لە بەرەنجامەکانی خوێندنەوەی ئایدیۆلۆژیانەیە، کە توێژەر مەبەستی دۆزینەوەی ئەو بەڵگانەیە کە پشتی بۆچوونەکەی دەگرن و ئەونەیان کە پێچەوانەی ئامانجەکەی ئەو بەدەستەوە دەدەن دەشارێتەوە یان تەئویلی بۆ دەدۆزێتەوە و لە بایەخی کەم دەکاتەوە، بۆیە بە تاسە و شەوقەوە بەڵگە ویستراوەکان وەردەگرێ زۆر جار بێ ئەوەی کەمترین هەڵوەستە بکا و لە رادەی راستیی بەڵگەکە و راستگۆیی سەرچاوەکەی بکۆڵێتەوە. لە بەرامبەرەوە چاوپۆشی دەکات لە زۆرێك —گەر

نەڵێین هەموو– لەو بەڵگانەی کە دژی ئاراستەی پرۆژەکەی ئەو دەسەلمێنن، خۆ ئەگەر هەر نەشتوانێ چاویان لێ بپۆشێ، دێت لێکۆڵینەوەی وردو بیرتیژانە دەکات تا کەلەبەرێك لە هەواڵەکە بدۆزێتەوە و درزێك بکاتە راستیەکەیەوە، یان دێت لە کەسایەتی و خەلفیەت و پاڵنەرەکانی مێژوونووسەکە دەکۆڵێتەوە تا شتێکی لەسەر بدۆزێتەوە کە بکرێ بکرێتە چەکێك بۆ تانەدان لە تواناو ئەهلیەتی زانستی، یام متمانە و ئەهلیەتی ئەخلاقی ئەو و لێرەوە بە پوچەڵ و ناڕاست دەرکردنی ئەو هەواڵەی گێڕاویەتیەوە.

نووسەر لای خۆیەوە پێی وایە مێژووی کورد لە لایەن ناحەزانی کوردەوە شێوێنراوە، ئەم شێواندنەش لە باسەکانی رەچەڵەك و نەژادی کوردەوە لە قووڵاییە تاریکەکانی مێژوودا دەست پێ دەکات تا دەگاتە سەردەمی فتوحاتی ئیسلامیی و دواتریش. پێی وایە هەر مێژوونووسێك وەسفێکی سەلبیانەی بۆ لایەنێکی سروشت و ژیانی کورد کردبێ، ئەوە بە نیەتێکی موغریزانە کردوویەتی و مەبەستی شاردنەوەی راستیەکان و شێواندنی وێنەی کورد بووە. واتە نووسەر تەفسیرێکی تەئاموری بۆ گشت ئەو لێکدانەوە و بۆچوونە دژە ئاراستانەی کردووە و زۆر جار خوێنەر وا هەستدەکات کە هەموو دنیا حەسادەتیان بە کورد بردوەو رقیان لێی بووە و چەندیان بۆ کرابێ هەوڵی لێدانیان داوە.

ئەڵبەت لێکدانەوە و تەفسیرکردنی تەئاموریانەش، وەك روانگەیەك بۆ تەفسیرکردنی مێژوو لە هەندێ حاڵەتدا رێژەیەك راستی و واقیعیەتی تێدا دەدرەوشێتەوە و هەندێ نهێنی دەردەخات، بەڵام ئەوە کە ئەو روانگەیە بکرێتە بناغە بۆ خوێندنەوەی هەر دژە بۆچوونێك، ئەوە ئەو کارە دەبێتە کارێکی سۆزکاریانە و تەفسیرێکی سادەکاریانە (تبسیگی) بۆ مێژوو، کە نەك راستیەکانمان بۆ نادۆزێتەوە، بەڵکو زیاتر دەیانشارێتەوە.

کاتێ ئێمە بڵێین مێژوومان شێوێنراوە و راستیەکانی دەرنەخراوە، دەبێ هاوکات ئەو پرسیارەش بکەین: ئاخۆ کێن ئەوانەی ئەو مێژووەیان شێواندوە و

شێواندنەکەیان لەچی دایە و بەچیدا زانیمان ئەوەی دەیڵێین شێواندنە نەك شتی تر؟ ئایا ئەوانە کەسانێکن کە لە واقیعدا ناحەز و دوژمنی کورد بوون و لەو روانگەوە بەدەستی ئەنقەست و لە زانینێکی هۆشیارانەوە دەستکاری مێژووی کوردیان کردووە و بەو شێوە دەریانخستووە، یان بیروبۆچوونەکانیان زادەی هەوڵ و کۆشش و بۆچوونێکی بەریئانەی مێژوونووسێك بووە بەرامبەر بە بابەتێکی مێژوویی بە چاوپۆشین لە راستی یان ناڕاستی بۆچوونەکەی و مەسەلەکە پەیوەندی بە رق و قین و پیلانگێڕییەوە لە دژی کورد نیە؟!

بۆ نموونە ئاخۆ کاتێ کە ئیبن خەلدون –کە مێژوونووسێکی بەربەرییە– لەبارەی عەرەبەوە دەڵێ: "کاتێ عەرەب بەسەر هەر نیشتمانێکدا سەردەکەون خێرا وێرانە رووی تێدەکات، ئەویش بەهۆی ئەوەوە کە ئەوانە ئوممەتێکی وەحشین.." (۹۹) دەکرێ بابایەکی عەرەب ئەمە بە رق و قینی ئیبن خەلدون بەرامبەر بە نەتەوەی عەرەب لێکبداتەوە و بڵێت ئیبن خەلدون مێژووی شێواندوین، ئەمە لەکاتێکدا کە ئیبن خەلدون نەك لە روانگەیەکی دوژمنکارییەوە، بەڵکو لە روانگەیەکی مێژوویی و کۆمەڵناسییەوە ئەو بۆچوونەی دەربڕیوە؟ ئەوەندەی ئاگادارم نەمخوێندۆتەوە رۆشنبیرێکی عەرەب لەسەر ئەم بۆچوونە هێرش بکاتە سەر ئیبن خەلدون.

یان ئاخۆ دەکرێ کاتێ هەمان مێژوونووس لەبارەی چەند نەتەوەکەیەوە لەوانە (کورد) دەڵێ: "لەبارەی ئەوەی کە ئەگەر ئوممەتێك وەحشی بوو موڵکەکەی فراوانتر دەبێ، چونکە توانایان زیاترە لەسەر زاڵبوون و ملهوری و بەکۆیلەکردنی تیرە و هۆزەکان.. لەوانە وەك عەرەب و زەناتە و ئەوانەی لەوان دەچن لە کوردەکان و تورکمان و **(اهل اللثام)** لە صەنهاجە، ئەم کێوی (متوحش)انە نیشتمانێکیان نییە تێیدا کۆببنەوە و وڵاتێکیان نیە بچنە لای، بۆیە هەموو هەرێم و وڵاتەکان بەلایانەوە یەکسانن، لێرەوە تەنیا بە موڵکدارێتی

هەرێمــەکانی خۆیــان وازنــاهێنن.."(١٠٠) .. دەکـرێ بڵـێین ئـیبن خەلـدون لــە هەستێکی دوژمنکارانەوە مێژووی عەرەب و کوردو تورکمان و..هتدی شێواندوە؟

ئاخۆ دەکرێ کاتێ لە مێژووی تەبەریدا هاتووە ئەو کەسـەی ڕێگـەی نیشـانی نەمروددا کە ئیبراهیم بخاتە ئاگرەوە پیاوێکی کورد بووە بـە نـاوی (هیـزن)(١٠١) بڵێین: تەبەری ویستویەتی کورد ناشیرین بکات لەکاتێکدا هەندێك لـە توێـژەران– لەوانە کاك حەسەن– پێیان وایە حەزرەتی ئیبراهیمیش کورد بووە؟

یان ئایا ڕەوایە کاتێ (**یەعقوبی**) دەڵـێ: کـوردانی جـەرگ سـەخت (الاكراد غليظي الاكباد) (١٠٢) بڵێین: یەعقوبی مێژووی کوردی شێواندووە؟!

شــتێکی زۆرچــاکە گــەر ئێمــە بتــوانین بــە بەڵگــە بۆچــوونە ســلبیەکان بەدرۆبخەینەوە و بڵێین ئەو مێژوونووسانە نەیانپیکاوە، بەڵام ناکرێ هەموو جارێ سەرچاوەی بۆچوونەکان بۆ ڕق و قین و پیلان بگێڕینەوە.

دوای ئەمانە هەقە بپرسین: مامۆستا حەسەن چۆن زانی و توانی مێژوونووسە ناحەزو ڕق لە دڵەکان لە بـە ئینسـاف و ڕاستگۆکان جیابکاتـەوە؟ بەچـیدا زانـی ئەوانەی چاکیان لەبارەوە وتووین ڕاستیان وتووە و ئەوانـەی خراپیـان لـەبارەوە وتوین ڕاستیەکانیان شـاردۆتەوە یـان ئـاوەژوو کـردووە؟ ئایـا جگـە لـە پێـوەری هاوتەریبی یان دژایەتی لەگەڵ حەز و سـۆز و ئاراسـتەی نووسـین چ پێـوەرێکیتر بەکارهاتووە؟

ئــاخۆ نووســەر وەك یــەك، بـەدوای ڕاسـتی سـەرجەم هەواڵـە پشـتگیریکەر و دژەکانداا چووە و لەڕاستیانی کۆڵیوەتەوە؟

ئیبن خەلدون دەڵێ: "لەو ڕووەوە کـە هـەواڵ بـە سروشـتی خـۆی درۆ ڕووی تێدەکات کە ئەویش هۆکاری خۆی هەیە وەك لایەنداری بۆ بـیروڕاو مەزهەبـەکان، جا ئەگەر نەفس لە حاڵەتی ئیعتیدالدا بێ لە قبوڵکردنی هەواڵدا ئەوا هەقی خـۆی

دەداتــێ لــە پشــکنین و تێــروانین  تــا راســتی لــە درۆی دەرکــەوێ، بــەڵام ئەگــەر لایەنداریی بۆ رایەك یان کۆمەڵێك تێدا دروست بوو، لە یەکەم ساتدا هەر هــەواڵێك قبولێ دەکات کـە لەگـەڵ ئـەو ئاراسـتەیەدا بگـونجێ و، ئـەو لایەنگیرییـە دەبێتـە پـەردەیەك لەسەرچاوی بەصیرەتی کە رێی رەخنــەگرتن و پشــکنینی لێــدەگرێ و بەوە دەکەوێ ناو درۆ و نەقڵ کردنیەوە".. (١٠٣)

مامۆستا حەسەن ئەو هەواڵانەی کە پشتگیری پرۆژەکەی دەکەن بە کـەمترین لێکۆڵینەوە لەسەر راستیی یان ناڕاستی هەواڵەکە و کەسایەتیی مێژوونوســەکە، وەریگرتــوون و وەك راســتیەکی حاشــاهەڵنەگر مامەڵــەی لەگــەڵ کــردوون، ئەمــە لەکاتێکدا کە هەندێ جار هەندێ هەواڵ یەکدەنگی مێژوونووسان یان زۆربەشیانی لەســەر نیــە و رەنگــە تــەنیا لــە سەرچــاوەیەکدا ئاماژەیــەکی بــۆکرا بــێ (وەك لــە مەسەلەی کابانی کوردی و مەسەلەی وەفدە کوردیەکان و رێکەوتنە نهێنیەکانیان لەگەڵ پێغەمبەر  و سوپای ئیسلامدا).

کەچی کــاتێ بۆچــوونێکی پێچــەوانە دێتــەپێش، لێکۆڵینــەوەی وردو نەفــەس درێژ دەکات تا بەشێوەیەك لە شێوەکان بیسەلمێنێ کە ئەو بۆچوونە بێ ئەسڵ و ئەساسە. ئەوەتا کاتێ دەبینێ لە کتێبی (فتوح سواد العراق)ی واقدیــدا کــە مــەلا رەوف سەلیم حەوێزی وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی و بــەناوی (کوردســتان و ئاینی ئیسلام) لــە ســاڵ ١٩٧٠ چــاپ و بــڵاوی کردۆتــەوە، تێیــدا  باســی روودانــی شەڕو کوشتاری سوپای ئیسلام لە کوردستان دەکات، نووســەر لێکۆڵینەوەیــەکی رەخنەیی دوورودرێژ دەکات، کە تێیــدا تانەیــەکی زۆر لــە میســداقیەتی مێــژوویی واقــدی دەدات و چــەندین وتــەی زانایــان دێنێتــەوە کــە واقــدی تۆمــەتبار دەکــەن بەوەی ئەو کتێبانەی هی خەڵکیترە بەناوی خۆیەوە بڵاوی کردونەتەوە، هەروەها تۆمەتباری دەکــەن بــەوەی فــەرموودەی هەڵبەســتوە، جــا نووســەر دەڵــێ: "جــا کەسێك زانایان لێی رازی نەبن و، سـقەیان پێــی نــەبێ، یــان کەســێك ئــەو هــەموو فەرموودەیەی گواستبێتەوە، بەبێ لێ وردبوونەوە و تەحقیق کــردن، دەبــێ چــی

کردبێ لە ناو روداوەکانی مێژوودا، ژیان نامەکانی چۆن نوسیبێتەوە..؟" ..
لەبەرەنجامدا نووسەر دەگاتە ئەوەی کە متمانە بە زانیاریەکانی واقدی ناکرێ. ئەمە بۆ ئەوەی بیسەلمێنێ کە هەواڵەکانی راست نین، بەڵام ئەم دادگایەی بۆ پشکنینی ئەو هەواڵانە دانەناوە کە خزمەتی پرۆژەکەی دەکەن، بەڵکو زۆر نەرمی لە گەڵ نواندوون..

بەڵام ئەوەی سەیرە لە کاتێکدا کە ئەو هەموو هێرشەی کردۆتە سەر واقدی و تانە لە میسداقیەتی دەدات ، کەچی لەو شوێنانەدا کە قسەیەکی کردوە خزمەتی پرۆژەکەی دەکات بێ سڵەمینەوە قسەکانی وەك بەڵگەی گومان هەڵنەگر گواستۆتەوە، ئەوەتا هەر چەند لاپەڕەیەك پێش ئەو دادگایی کردنەی بۆ واقدی بە چڕوپڕی چەندین وتەی واقدی لە کتێبی (فتوح الشام) نەقلْ دەکات کە باس لەوە دەکەن کە کوردستان بە ئاشتی فەتح کراوە.(١٠٥). ئەگەر واقدی جێی متمانە نەبێ چۆن لێرەدا کرایە سەرچاوە؟

هەروەها کاتێ دەبینێ لە کتێبی (مروج الذهب)ی مەسعودیدا کورد بە "نەوەی جنۆکە" لە قەڵەم دراون، دەڵێ: "لە کاتی هێرشی سەربازی و رۆشنبیری گاور و جولەکە و و ماسۆنیەکاندا بۆ سەر وڵاتانی ئیسلام زۆربەی دەستنووس و نوسراوی موسڵمانەکانیان برد و خرایە مۆزەخانە و دەسکاری کرا پاشان هێنایانەوە و چاپیان کرد بە تایبەت (مروج الژهب)ی مەسعودی کە برایە ئەوروپا لەوێ چاپکرا و هێنرایەوەی.."(١٠٦).

واتە، بەلای نووسەرەوە (مروج الذهب) گومانی لەسەرە، کەچی لە زۆر جێی دیکەدا کە گێڕانەوەکان لە بەرژەوەندیی پرۆژەکەی نووسەر پشتی بە دەقەکانی ئەم سەرچاوەیە بەستوە (١٠٧).

بێ شك مێژووی هەر نەتەوەیەك، بە ئەنقەست بوبێ یان بە نا ئەنقەست، فرە تاکەم لێڵکردن رووی تێکردوە، بەڵام هەر ئەوە بەس نیە کە ئێمە بەراست و

بەچەپدا تۆمەت بەسەر ئەو مێژوونووسانەدا ببەخشینەوە کە شتێکی سەلبیان لەسەر مێژووی ئێمە وتوە — کە مێژووی هیچ نەتەوەیەك بەکوردیشەوە بێ سەلبیات نیە — و تانە لە ئەهلیەت و نیەتیان بدەین، کەچی مەدح و سەنای هەندێکی دیکە بکەین، کە رەنگە هەندێکیان لە رووی ئەمانەت و ئەهلیەتی زانستییەوە لەوانەی پێشوو لە پێشتریش نەبن تەنیا لەبەرئەوەی بەرهەمەکانیان حەزی نەفسی ئێمە تێر دەکات.

بۆ نموونە زۆرێك لە مێژوونووسە کوردەکان لە کارەکانیاندا دەگەڕێنەوە بۆ رۆژهەلآتناسی روسی (مینۆرسکی) و ناوبراو بە مێژوونووسێکی هەڵکەوتوو و بە ئینساف نیشان دەدەن، چونکە قسەکانی لە خزمەتی ئێمەدایە، کەچی دنیایەك هێرش دەکرێتە سەر هەندێ رۆژهەلآتناسی دیکە کە لەبەر هەر هۆیەك بێ رەخنەیان لە کورد گرتووە..(١٠٨)

**ئێوە و هەندێ لە دەقەکانی نووسەر لەم گۆشەیەدا، کەچۆن خوێنەر وا هەست دەکات هەموو دنیا بۆ کورد لە بۆسەدایە:**

* "مێژووی کورد رۆژهەلآتناس و داگیرکەران، بەزەینی دوژمنکارانەی خۆیان نووسیویانە، شێواندویانە، کەم کراوە، زۆر لایەنی بەهێزیان شاردۆتەوە و، لاوازەکانیش بە زەق دەخراوەو و هەوڵیان داوە بە جیهانی بناسێنن، کە کورد دڕندەو نەزان و بێ سوودە و ئیشی لەسەر ناکرێت، وە بۆ هیچ کێشەیەك ناشێت، ئەوە ستەمێکە دەبێ روون بکرێتەوە... دەبێ راستی ئاشکرا بکرێت..".(١٠٩)

* "هەندێ لە مێژوونووسان و لێکۆڵەران کە باس لە مێژوو و رەچەڵەکی کورد دەکەن، پێشەکی باس لەوە دەکەن کە لە سەرەتای ژیانەوە کوردستان چۆڵ بووە لە مرۆڤ و، پاش ماوەیەکی بە هۆی روداوێکی سروشتی یان شتێکی ترەوە خێڵەکان لە باکور و رۆژهەلآتی ئاسیاوە شالآویان هێناوە و کۆچیان کردوە بۆ چیاکانی زاگرۆس و باکوری رافیدەین واتە کوردستان، بەم رایە

کۆمەڵێ مەبەستی دژ بە کوردیان بۆ دێتە دی، کە یەکێکیان ئەوەیە کە کورد خاوەنی ئەم خاکەی کوردستان نیە و کۆچەریە و لە شوێنی ترەوە هاتوە، بۆی هەیە لە کوێوە هاتوە بچێتەوە بۆ شوێنە ئەسڵیەکەی خۆی".(١١٠)

* "ئاسەوارو شوێنەوارە جێماوەکان، گەواهی ئەوە دەدەن کە لە دێر زەمانەوە، بەڵکو لەسەرەتای مێژووەوە، گەلێك لە جیاکانی زاگرۆس و باکوری دۆڵی رافیدەنیدا بووەو ئاسەوارو جێ دەستیان دیارە... لێکۆڵینەوەکانی زانایانی ئاسەوار رالف سولیکی و.. سەلماندویانە کە کوردستان جێگەی یەکەم جوڵەی مرۆڤ بووە لە مێژوودا، هەرچەندە ئەحمەد سوسە و تەها باقر کە دوو دکتۆری شارەزای ئاسەواری دێرینە و مێژووی ناوچەکەن و بەرهەمیان زۆرە، لەو بوارەدا بۆچوونێکی تریان هەیە، بەڵام کێ هەیە لەجیهاندا بتوانێت راستیەکان بشارێتەوە و سەروەری خەڵکی بشێوێنێ"(١١١)

واتە ئەو دوانە بە نیەتێکی خراپ ئەو بۆچوونەیان هەیە..

* " هەندێ لە لێکۆڵەران –بە داخەوە– هەر هێزێك لە ناوچەیەك دەرکەوتبێ و توانیبێتی هاوکێشەی ناوچەکە بگۆڕێ، ئەو خێڵە یان ئەو هێزەیان بە کۆچەری ناوبردوە و ئەو ساڵەیان داناوە بەساڵی کۆچکردنیان بۆ خاکی کوردستان... ئەمە بۆ گۆتی و لولویی و سوباری و نائیری و مانی و ماد و ئەوانی تریش بەکاریان هێنا"(١١٢). "

لە ژمارەی داهاتوودا تەواوی ئەو باسانە دەبینی –باسی موسڵمانبوونی ئاشتیانە و پەرۆشی کورد– کە لە سەرچاوە ونکراوەکانەوە هەڵێنجراوە... رەواندنەوەیە بۆ هەموو ئەو تەمومژو گومانانەی کە لە دەوری فەتحی ئیسلامی بۆ کوردستان تەنراوە و راستیەکانیان ئاوەژوە کراوەتەوە، ئێمەش بە پشتی خوا هەموو راستیەکان دەخەینە روو"(١١٣).

* "ئـەو ڕێکەوتنــە بـوو بـە هـۆی بـەرپاکردنی شۆڕشـێك –ی کـوردی دژی دەسەلاتی فارس و لە ژێر ڕۆشنایی ڕێکەوتنی کورد و ئیسلام– لە شـارەزور، کـە زۆر لە مێژوونووسان چاویان لێ قوچاندوە و باسی ناکەن، چونکە جێـی فـەخرو شانازی کوردە.."(١١٤)

* "جولەکـە و دوژمنـانی ئیسـلام لـە سـەرەتای ئیسـلامەوە زۆر هـەوڵیان دا بەناوی پێغەمبـەرەوە حـەدیس دروست بکـەن و بـەناوی خەلیفـەکان و یارانـەوە ڕوداوی ناجۆر و بڕیاری نەگونجاو دروست بکەن، هەتا ماوەیـەکی باشـیش بۆیـان سـەری گـرت... هـەر بـەو شـێوە مێـژووی ئیسـلامیش کەوتـە بـەر ئـەو شـالاوە دڕندانەوە، سەدان ڕوداوی ناجۆرو نەگونجاو و، دەیـان کتێبـی هەڵبەسـتراو و پـڕ بوختانیان، بەناوی نووسەرە کۆنەوە لە شێوەی دەسـت نووسـدا نووسـی و، بـە دزیەوە لـە مـاڵی ئـەم زانـاو ئـەو مزگـەوت و مۆزەخانـە بلاوکرایـەوە و پاشـانیش چاپکران وخرانە سەر خەزێنەی ڕۆشنبیری ئیسلامی و ماوەیەکی چاك کاریان پێ کراو ڕەواجیان هەبوو... یـەکێك لـەو میللەتانـەی کـە زۆر خـراپ بـە مێژووەکـەی کـراوە و بوختـانی زۆری بـۆ هەڵبەسـتراوە و فـەرمودەی پێغەمبـەر یـان لـە دژ دروست کراوە کوردی بەدبەختە، بەڵکو هیچ میللەتێك ئیسلامی هێنـدەی کـوردی پێ نەکراوە.."(١١٥).

هــەروەها کــاتێ نووســەر بــاس لــەوە دەکــات کــە ســەرداری تورکســتان ڕاوێژکارێکی خۆی بـەناوی (بوغـدوز) –کـە کـورد بـووە– بەنوێنـەر و بـۆ وتووێـژ دەنێریتە لای پێغەمبەر ، دەڵێ: "بەڵام مێژوونووسە تێکدەرەکان کە ئەم هەواڵـە دەگێڕنەوە دەڵێن (بۆغدۆز) ئەوەندە ناشیرین و ڕەزاگران بووە، پێغەمبـەر بێـزی لـە چڕوچـاوی هەڵقرچـاوی هەسـتاوە و لـە داخـان نـەفرینی لـە هـەموو کـوردی سەرزەمین کردووە.. ئەم ڕووداوانە و سەدانی تری لەو جۆرە ڕوویان داوەو ژێری و سەربەرزی کوردی نیشانداوە –مەبەستی ئەوەیە بوغدوز زیرەك بووە بۆیە ئـەو

کارەی پێ سپێردراوە/عومەر- بەڵام دوژمنان لەسەر مێژوویان کوژاندۆتەوە، یان بە ژەهرێکی کوشندە دەسکاری کراوە". (١١٦)

"ئەمەش -بازرگانەکانی هۆزی (باجن)ی لای بۆتان- باسێکی تری شکۆداری مێژووی کوردە، کە دوژمنان بە ئەنقەست ئاوەژوویان کردوە، ئەمەش سوچێکی تری مێژوومانە کە (ون) بووە و ناحەزان پەردەیان پیاداوە و تێکیانداوە، هەتا ئەو گرنگی و مەزنیە ئاشکرا نەبێت، وە ئەگەر ئاشکراش بوو بەو ژەهراویە بەرچاو بکەوێت. ئەو نووسەرانە نەیانزانیوە ئەو بوختانە هەر ئاشکرا دەبێ. زانایانی کوردی وەفدێکی بازرگانی هۆزی باجن لە بۆتان بە نهێنی رۆمەکان دەنێرنە (گائف)و لەسەر دەستی پێغەمبەردا موسڵمان بوون و هەواڵەکەیان بۆ کوردستان گێڕایەوە دوژمنانی کورد هاتوون وشەی (باجن)یان تێکداوە و لەوێوەی باسە مەزنەکە و هەنگاوە پیرۆزەکەیان شێواندوە، لەو رۆژەوە (باجن) کراوە بە (جنی نوسەیبین) گوایە هەموو نەتەوەی کورد لە سایەی ئەو نۆ موسڵمانانەوە لە تیرەی ئەو **جنۆکانەن کە سەرپۆشیان لەسەر** لاداوە. خائینان دەزانن، هەرچی بکەن بە زەرەری خۆیان تەواو دەبێت، ویستویانە ناهەقیەك بکەن، بەڵام راستیەکی شاراوەیان ئاشکرا کردووە، ئەویش سەردانی ئەو وەفدە کوردییە بۆ حیجاز. جێی خۆی بوو تەواوی خۆئامادەکردن و بە رێ کردنی ئەو نوێنەرانە و چۆنێتی رۆیشتن و پێشوازیی و وردی وتووێژەکانمان بزانیبایە. نەك ئاوا لەژێر بوختانێکدا دەریانبهێنین و بیانتەکێنین و چەند پارچەیەکمان بەدەستەوە بقرتێ.. یان قورسی بوختانەکە نەهێڵێ دڵ بۆ تەواوی ماناکان بکەینەوە. داخی زۆر بۆ ئەو هەموو هەواڵە گرنگانە کە سوتێنراو لە مێژووی کوردیان سڕیەوە" (١١٧).

لێرەدا دەردەکەوێ تەنیا سەرچاوەی نووسەر بۆ سەلماندنی چوونی وەفدێکی کوردی -باجن- لە بۆتانەوە بۆ حیجاز و موسڵمانبوون و گەڕانەوە بە مژدەوە بۆ کوردستان، ئەو هەواڵە نامەنتیقییەی ناو (**مروج الذهب**)ی

مەسعودییە کە نووسەر خۆی گومان دەخاتە سەر بەها زانستیەکەی وەك سەرچاوەیەکی مێژوویی، کەچی لەو ئاماژە سنووردارەی ئەو تاکە سەرچاوە گومان لێکراوە دنیایەك بەسەرهاتی بە خەیاڵ هەڵێنجاوە، بەوەی کە ئەو هەواڵە ئاماژەیە بۆ ئەوەی "وەفدێکی کوردی دەچێتە تائیف و لەوێ لەسەر دەستی پێغەمبەر موسڵمان دەبێ و جا مژدەی ئیسلام بۆ کوردستان دێننەوە".

هەروەها مێژوونووسانیش تاوانبار دەکات کە زۆرێك لە زانیاریەکانی تایبەت بە چوون و هاتنەوەی وەفدە کوردیەکەیان سوتاندووە و لە مێژووی کوردیان سڕیوەتەوە. ئەمە شلگیرییەکی زێدەڕۆیە لە وەرگرتنی هەواڵی مێژوویی ، ئەمە جگە لەوەی کە ئەنجامگیری و هەڵێنجانێکی زۆرەملێیانە (تعسفی)یە، کە زۆر بە ئەستەم پەیوەندیەکی مەنتیقی لەنێوان ئەو هەواڵەی (مروج الـذهب)و ئەنجامگیریەکەی نووسەردا دروست دەکرێ، بەڵکو هەڵوێستی زانستی و دروست ئەوەبوو کە بوترایە ئەو هەواڵە وەك ناوەڕۆکەکەی شتێکی بێ مانایە –کردنی کورد بە نەوەی جنۆکە– بەهەمان شێوە ئەسڵی هەواڵەکەش تەنیا خەیاڵە و بوونێکی واقیعی نەبووە.

***    ***    ***    ***

## حەددیەت و یەقینگەرایی

زانستە مرۆڤایەتییەکان، لەناویاندا زانستی مێژوو، جیاواز لە زانستە تەجرییبیەکان، گومان و جیاوازی بیرو بۆچوون ئامادەییەکی بەهێزی تێیاندا هەیە، بۆیە توێژەر و لێکۆڵەری زانستخوازو بابەتی خۆی بەناچار دەبینێ کە هەمیشە بۆچوونەکانی بە نەفەسێکی ڕێژەیی و ئیحتیمالی دەربڕێ، واتە چەمکەکانی (پێم وایە، پێدەچێ، ڕەنگە، لەوانەیە، ڕای بەهێز ئەوەیە، ڕێی تێدەچێ..) زۆر دەخاتە پێش حوکمدانەکانیەوە و ئەوە لە پێش چاو دەگرێ کە بۆچوونەکەی ئەو تەنیا بەهایەکی ڕێژەیی هەیە، دەکرێ ڕاست بێ یان هەڵەبێ،

یان ڕێژەیەك لە ڕاستی و هەڵەی تێدابێ و، بۆچوونی دیکەیش هەن کە ئیعتیباری خۆیان هەیە.

مێژوونووسانیش سەبارەت بە لایەنە جیاوازەکانی مێژووی کورد و غەیری کورد بۆچوونی جیاوازیان هەیە و هەریەك بەڵگەی خۆشی هەیە، بۆیە دەبێ توێژەر بۆچوونەکانی دوور لە حەددیەت و یەقینگەرایی دەربڕێ و بوارێك بۆ ئەوانی دیش بهێڵێتەوە و حەقیقەتی ڕەها لە ڕایەکەی خۆیدا کورت نەکاتەوە..

ئەوەی لە کارە مێژووییەکانی نووسەریشدا تێبینی دەکرێ، ئەوەیە کە حوکمدانەکانی زۆر جار حەددین و ڕۆحیەتێکی یەقینگەرایانە بەسەریاندا زاڵە، وەك ئەوەی کرۆکی حەقیقەت لەو مەسەلەیەدا هەر ئەوەبێ کە ئەو پەی پێ بردووە و ئەگەرێکی دووەم لە ئارادا نیە، خۆ ئەگەر جاروبار ئاماژە بۆ ئەوە بکات کە بۆچوونێکی دیکەی جیاواز هەیە، ئەوە بە شێوەیەکی سوخریە ئامێزو بە تانە لێدان وەڵامێکی خێرا و ڕاگوزەری دەداتەوە وەك ئەوەی بۆچوونەکە تەنیا پیلانێك بێت نەك بۆچوونێکی ڕاستەقینە، ئەمە گەر تەنانەت خاوەنی ئەو بۆچوونە جیاوازە کەسایەتی زانستی خاوەن ئیعتیبار و قورسایی زانستی بێ، وەك تەها باقر و ئەحمەد سوسە و هاوشێوەکانیشیان بن.

با لەم دەبڕینانە ورد بینەوە:

– "سەرچاوە زانستی و مێژوویی و ئاینیەکان پێیان وایە یەکەم جوڵەی مرۆڤ لەسەر زەویدا لە خاکی کوردانەوە بووە".

ئایا بە دڵنیاییەوە (هەموو سەرچاوەکان) وادەڵێن، یان هەندێك پێیان وایە؟

– هەروەها کاتێ باس لە هەندێ لە گەلانی کۆنی زاگرۆس (لە نموونەی گوتی، لولویی، میتانی، کاشی، نائیری)و دواتر گەلی (میدیا) دەکات، بێ سڵەمینەوە دەڵێ: "ئەم هۆزە یەکێ لە هۆزە کوردەکانە"(١١٨)، ئەمە لەکاتێکدا کە –بە دان پێدانانی زۆرێك لە مێژوونووسانی ناوداری کورد– مێژووی ئەو گەل و

نەتەوانـە لـەناو مێژوونووسـاندا بـە تـەواوی سـاغ نەکراوەتـەوە و لانـی کـەم رای جیاواز لەو بارەوە هەیە.. ئەوەتا چەندینیان –لەگـەڵ دەربڕینـی ئەسـەفدا– دان بەوەدا دەنێن کە مێژووی دێرینمان بە تەواوی ساغ نەکراوەتەوە و یەکلانەبۆتەوە کە ئاخۆ کورد لە نەوەی کام هۆز لە هۆزەکانی چیاکانی زاگرۆسە، لەوانە:

– ئەمین زەکی دەنووسێ:"ئاسەوارە دێرینەکانی تایبەت بە گەلی کـورد یـان کوردستان، کە تا ئێستا دۆزراونەتەوە، بیرۆکەیـەکی بڕمـان دەربـارەی ئەسـڵ و زێدی کورد نادەنێ، بۆیە هێشتا کاتی ئەوە نـەهاتووە کـە رایـەکی یەکلاکـەرەوە لەم جۆرە بابەتە مێژووییەدا دەربڕین"(١١٩)

– دکتۆر قاسملو دەڵێ: "لەبەرئـەوەی تـا ئێسـتاش لێکۆڵینـەوەی پێویسـت لەسـەر مێـژووی کـورد نـەکراوە، زۆر بـیرو ڕای جیـاواز لەسـەر رەسـەنی کـورد و پەرەئەستاندنی مێژوویی کورد هەیە". (١٢٠)

– هەروەها لە کاتێکدا کە زۆرێك لە مێژوونووسان پێ لەسـەر ئـەوە دادەگـرن کە کورد نەوەی میدیەکانە، کەچـی هەنـدێکیتر پێیـان وایـە کـە "سـەبارەت بـەو رایەی کە دەڵێ میدیەکان باپیرەی کوردن... لەباشترین حاڵەتـدا راسـت نیـە بـە شێوەیەکی جوزئی نەبێ" و پێی وایە کورد لە نەوەی کاردۆخیەکانە ..(١٢١)

– بگرە هەندێکیدیکە لە رووی نەبوونی بەڵگەی مێژوویی گومان هەڵنـەگرەوە دوودڵی خۆیان ناشارنەوە لـە راسـتی ئـەو هەواڵانـەی لـە بـارەی مـادەوە بـڵاون، ساڵح قەفتان دەڵێ: "لە بابەت بنچینە و رەگەزی (کورد، گۆتی، مـادو مێدیـە)وە زاناکان لەگەڵ یەکا پەیوەندیان نیە، هەندێکیان ئەڵێن نەتەوەیەك کە ناوی (ماد) بووبێت نەبووە لە (میدیە)دا و ئەو سەرگوزەشـتانە کـە بـۆ (مـاد) و (میدیـە) لـە لایەن (هیرۆدۆت) و (یۆنان)ەکانەوە راست نیە، چونکو بەڵگەی بەهێز نابینین لەو وڵاتانەدا کە ناونراوە (میدیە) نەتەوەیەکی (ماد) ناو لەوێ دانیشتوبێت.. و ئەڵێن هێـرۆدۆت بـە ئـارەزوی خـۆی میدیـەی پێکـەوەناوە و ناوبـانگی مـادی بـڵاو

کردۆتەوە.. بە کورتی بنچینەی مێژووی (ماد) وەك لە سەرەوە باسکراوە ساغ نەبووەتەوە"..(١٢٢)

ئی.م. دیاکۆنۆف دەڵێ: "نووسین لە بارەی مێژووی مادەوە شتێکی ئاڵۆز و گرانە، چونکە تاکو ناوەڕاستی سەدەی رابردوو مەسەلەی ماد... باسی روداوەکانی ولأتی ماد ودراوسێکانی تەنیا بریتی بوون لە زنجیرەیەك باسی ئەفسانە و سەرزارەکی کە لەسەر زمانی مێژوونووس و نووسەرە یۆنانیەکانەوە ئەیانگێڕنەوە، لەگەڵ ئەوەی لە ماوەی ئەم سەد ساڵەی دواییدا بەهۆی ئەوە کە زانیاری مێژوو بوو بە خاوەنی چەندەها بەڵگە و نوسراوەی کۆن و دۆزینەوەی شوێنەواری کۆن لەژێر زەویدا... بەڵام هێشا بەسەرهاتی ماد نەیتوانیوە وەکو دەوڵەت و ولأتەکانیتر لە مەیدانی زانیاری و پێشکەوتنی زانیاری مێژوودا کەڵك وەربگرێ. تەنیا ئەمەندە بەسە کە بڵێین تا ئێستا شوێنەواری شارو شارستانیەتێکی کۆنی مادەکان لە ژێر زەویدا بە روونی نەدۆزراوەتەوە و تەنانەت شوێنەواری نووسینێکی سەردەمی دەسەلأتداریێتی مادەکان بە دەستەوە نیە".(١٢٣)

مادام وایە، لە رووی زانستی یەوە ئەسڵ ئەوەیە کاتێ ناوی ئەو هۆزە دێرینانە دەبرێ لانی کەم بەو یەقینگەراییەوە باس لە کوردبوونیان نەکرێ.

هەروەها دەربارەی نوح بە دڵنیاییەوە، خۆی و گەلەکەیشی بە کورد ناو دەبات، ئەمە لەکاتێکدا یەکدەنگیەکی بەو شێوە لەناو مێژوونووساندا نیە لەسەر ئەوە کە نوح یان گەلەکەی کورد بوون، بەتایبەتی کە مەعلوم نیە ئاخۆ ئەو کات گەلێك هەبووە بەناوی کورد، یان ناوچەیەك هەبووە کە بە شوێنی کوردان (کوردستان) ناونرا بێ، چ بەڵگەنامەیەك لە نەقڵ و لە عەقڵ هەیە کە نوح و نەتەوەکەی کورد بوون؟ هەروەها بێ دوو دڵی حەزرەتی ئیبراهیم-سەلامی خوای لێبێت- دەکات، بە کورد دادەنێ کە لە کوردستان لەدایکبووە، ئەمە

لەکاتێکدا مێژوونووسان سەبارەت بە شوێنی لەدایکبوونی ئیبراهیم –سەلامی خوای لەسەر بێ– بۆچوونیتریشیان هەیە.

(ابن الاثیر) دەڵێ: "جیاوازی هەیە لەسەر ئەو شوێنەی ئیبراهیم تێیدا لەدایك بووە، وتراوە: لە سوس لە خاکی ئەهواز لەدایك بووە و، وتراوە: لە بابل لەدایکبووە و، وتراوە لە کوپی لەدایکبووە و، وتراوە لە حران لەدایکبووە". (١٢٤)

هەروەها کاتێ باس لە حەقیقەتی کابانی کوردی و مەسەلەی نوێنەرایەتیەکەی و رێکەوتن و مۆرکردن و چوونی وەفدی باجن بۆ حیجاز و...هتد دەکات وا نایخاتە روو کە ئەمە تەنیا بۆچوونێکە، بەڵکو بە نەفەسێکی یەقینگەرایی وا عەرزی دەکات وەك ئەوەی حەقیقەتی حاشاهەڵنەگر بێ بۆچوون و ئەگەرێکی دووەم هەڵنەگرێ..

*** *** ***

ئەمەی پێشوو کۆمەڵێ سەرنجی رەخنەیی بوو لەسەر پرۆژەی "خوێندنەوەیەکی نوێ بۆ مێژووی کورد"ی حەسەن مەحموود حەمەکەریم، پێم وایە ئەوەندەی رەخنە خزمەت بەو پرۆژەیە دەکات هێندە پیاهەڵدان خزمەتی ناکات ئەگەرچی مرۆڤ بە سروشت حەزی لەوەیە مەدحی کارەکانی بکرێ نەك رەخنەیان لێبگیرێ، بەڵام لەم جۆرە بابەتانەدا کە عەقڵ و مێژووبینیی تاك و کۆمەڵگەکەمان رەنگرێژ دەکەن پێویستە گیانی وەرزشیمان هێندە بەهێز بێ کە زمان و مەنتیقی عەقڵمان بە سەر حەز و مەنتیقی دەروونماندا زاڵ بکات و دوور لە لێکدانەوەی رەشبینانە مامەڵە لەگەڵ رەخنەکان بکەین.

**گۆڤاری (هەژان) ژمارە: ٨ لە پایزی ٢٠٠١**

**** ****

## پەراوێزەکان:

(١) مێژوونووسی کورد مامۆستا زوبێر بیلال ئیسماعیل پێی وایە قۆناغی مێژوویی–واتە سەرەتای کۆتایی پێش مێژوو– لەو کاتەوە دەست پێدەکات کە مرۆڤ بەر لە (٣٥٠٠) ساڵ پێش زاین چ لەسەر قوڕ و هەور یا لەسەر کەڤرو بە خەتی مسماری رووداوەکانی رۆژانەی خۆی تۆمار دەکرد..(گۆڤاری رامان/ ژ–١٢، لا٤٦)، بەلاّم د.حسین موئنیس پێی وایە گەرچی رای باو ئەوەیە کە داهێنانی نووسین سەرەتای مێژوو بێ بەلاّم نووسین لەخۆیدا داهێنانێك نەبووە کە لە کاتێکی دیاریکراودا تەواو کامڵ بووبێ تا بوترێ لەو کاتەوە مرۆڤایەتی پێی ناوەتە

ناومێژووەوە، بۆیە ناکرێ داهێنانی نووسین بە سنووری نێوان مێژوو و پـێش مێـژوو دابنـێین" الحضارة، د.حسين مؤنس، سلسلة عالم المعرفة، لا۱۰۲-۱۰۳ .

(۲) چوار دەوڵەتی کورد، محەمەد جەمیل رۆژبەیانی، هەولێر،۲۰۰۰ ، لا٦٧.

(۳) کوردستان، لە دەوڵەتی –ماد–ەوە بۆ دەوڵەتی –مەدینە، حەسەن مەحمود حەمەکەریم، زنجیرەی (خوێندنەوەیەکی نوێ بۆ مێژووی کورد) لا٥ .

(٤) بۆ نموونە بابای مارکسی و ماتریالیست، کـە مـاددەو ئـابوری بـە تاکـە بزوێنـەری مـرۆڤ و کۆمەڵگە و بزاوتی مێژوو دادەنێ، کاتێ سەیری مێژوو دەکات وای لێکدەداتەوەو نیشان دەدات وەك ئەوەی جگە لە مادەو ئابوری و ململانێی چینەکان هـیچ رەگەزێکیـدی دەوری بزوێنـەری نەبوبوبێ.. تەنانەت خۆشەویستی دایك و باوکیش بۆ جگەرگۆشەکانیان، هەر بۆیە کـاتێ دێـت مێـژووی ئیسـلامیش دەخوێنێتـەوە، فاکتـەرە ئابوریـەکان دەکاتـە بزوێنـەر و پاڵنـەر و دروستکەری گشت جموجوڵ و گۆڕانکاریەکان..

(٥) ئەوەندەی ئاگاداریم لەناو رۆشنبیرانی ئیسلامیدا (بەکر حەمەصدیق) هەندێ شـتی لەسـەر هەنـدێ لـە بابەتـەکانی لـە هەفتەنامـەی (الاتحـاد)دا بلاوکـردەوە کـە زیـاتر عـەرز بـوو، لـەم دووایییەشدا بیستم کـە هـەمان نووسـەر هەنـدێ شـتیدیکەی لەسـەر بلاوکردۆتـەوە کـە بەنـدە هێشتا نەمدیوە، بـەلام وەك مۆسـتا حەسـەن خـۆی ئامـاژەی بـۆ کـرد رەنگـە ئـەویش بـە لای رەخنەگرتندا نەچووبێ. لە دیمانەیەکدا نووسەر خۆی لەو بـارەوە دەڵـێ ئـەوەی کـراوە زیـاتر پیاهەڵدان بووە..

لە ناو رۆشنبیرانی عەلمانیشدا–بە وتەی نووسەر خـۆی– تـەنیا مـەلا بـەختیار بـە قسـە نـەك نووسین هەندێ قسەی لەسەر کردوەو (شوان ئەحمەد)یش وتوێتی ئەو بەرهەمانە چەواشـەیان تێدایە و بـەڵێنی داوە لەسـەریان بنووسـێ، بـەلام نەینووسـیوە. دیـارە مامۆسـتا رۆژبـەیانیش هەندێ شتی لەسەر نووسیوە کە –وەك نووسەر دەڵێ– زیـاتر بـەرگری کـردن بـووە لـە خـۆی بەرامبەر بە هەندێ رەخنە کە نووسەر لێی گرتووە..

بۆ دیمانەکە بڕوانە: رۆژنامەی یەکگرتوو، ژ–۳٤۲، لە ۲۰۰۱/٦/١٥ .

(٦) لـە سـێ ئەڵقـەدا لـە ژمارەکـانی (۳۰۸، ۳۰۹، ۳۱۰)ی رۆژنامـەی یـەکگرتوودا لـە ٦–۲۰/۱۰/۲۰۰۰دا بلاوکراوەتەوە

(۷) رەفیـق سـابیر لـە کتێبـی (بـەرەو مێـژوو)، ئیسـماعیل حەمەئـەمینیش لـە وتارێکـدا بـە ناونیشانی (نوخبەی سیاسی.. لە پرۆسـەی منـی مێـژوویی و سـتراتیژیتی نێرڤۆسـدا)، کـە لـە گۆڤاری رەهەند، ژ–٦/۱۹۹۸ بلاو کراوەتەوە..

(۱۰) مێژوو، د.کەمال مەزهەر ئەحمەد، بەغداد ۱۹۸۳ لا٢٦ .

(۱۱) کوردستان لەبەردەم فتوحاتی ئیسلامی دا، لا٢٨٦ .

(١٢) بڕوانە دەقی دیمانەکە لە: ر– یەکگرتوو، ژ–٣٤٢، لە ٢٠٠١/٦/١٥ .

(١٣) **الموسوعة السياسية، اشراف: د.عبدالوهاب الكيالي**، وشەی: **ايديولوجية**.

(١٤) عصر الايديولوجيا، هنری ایکن، لا١٠ .

(١٥) ئەگەر لە ڕوانگەیەکی مەعریفی و فەلسەفییەوە بۆ چەمکی (ئایدیۆلۆژیا) بڕوانین، ناکرێ نەتەوایەتی بە ئایدۆلۆژیا دابنێین، چونکە نەتەوایەتی زیاتر هەست و شعورە بە ئینتیما بۆ نەتەوەیەك، بەڵام هەڵبژاردنی (چۆنێتی) بەرجەستەکردنی ئەو شعورە لە واقیعی کردەییداو چۆنێتی تێڕوانینی مرۆڤ بۆ بوون و ژیان و کۆمەڵایەتی" ئەمەیان شتێکە فیکر بەرهەمی دێنێ نەك خودی کوردبوون یان فارس بوون یان...هتد بەڵام دەکرێ هەستی نەتەوایەتی ڕۆحیەتێکی ئایدیۆلۆژیانە لە ئاستێکی تایبەتدا وەربگرێ کاتێ کەسێکی ناسیونالیست نەتەوەکەی و بەرژەوەندی نەتەوەکەی خۆی بە تەنیا لەسەروو هەموو ئیعتیبارو بیروباوەڕێکیدیکەوە دابنێ و لە هەموو شتێك لای پیرۆزتر بێ و هەموو شتەکان لە ڕوانگەی بەرژەوەندی ئەوەوە ببینێ وبخوێنێتەوە، واتە –بە کورتی– پەیڕەوکردنی ڕیسای (**انصر اخاك ظالما او مظلوما**)، کە لە پێش ئیسلامدا بە واتا ڕواڵەتی و حەرفیەکەی پەیڕەو دەکرا، بەڵام کاتێ ئیسلام هات واتایەکی قووڵتر و ئینسانیانەی بە ڕستەکەدا بەوەی سەرخستنی برای زاڵم بریتی بێ لەوەی دەستی بگریت نەیەڵیت زوڵم بکا نەك ئەوەی کە برات هەق بێ و ناهەق بێ هەر پشتی بگریت، بەمە نەتەوایەتیو خێڵایەتیەکە لەوە خرا کە ئایدیۆلۆژیا بێ و بوو بە هەستێکی ڕووت و ئاین بوو بە ئایدیۆلۆژیای هەر مرۆڤێکی موسڵمان، لە هەر نەتەوەیەك بێ..

(١٦) کورد: گەلێکی زیندوو، مێژوویەکی ون! –١– ، حەسەن مەحمود حەمەکەریم، ر– یەکگرتوو، ژ–٢٦٩ .

(١٧) کورد: گەلێکی زیندوو، مێژوویەکی ون! –٦–، حەسەن مەحمود حەمەکەریم، ر– یەکگرتوو، ژ–٢٧٤ .

(١٨) ئاینی کورد، حەسەن مەحمود حەمەکەریم، (خوێندنەوەیەکی نوێ بۆ مێژووی کورد–٢– لا٤ .

(١٩) هەمان سەرچاوەو لاپەڕە.

(٢٠) هەمان سەرچاوە لا٧–٩ .

(٢١) کورد: گەلێکی زیندوو، مێژوویەکی ون! –١٠–، ر–یەکگرتوو، ژ–٢٧٩ .

(٢٢) لە مەدینەوە بۆ مەدائین، حەسەن مەحمود حەمەکەریم، (خوێندنەوەیەکی نوێ بۆ مێژووی کورد–٤– لا٨ .

(٢٣) کوردستان لەبەردەم فتوحاتی ئیسلامیدا، لا١٨١ .

(٢٤) ئاینی کورد، پێشوو لا٧ .

(٢٥) کابانی کوردی، حەسەن مەحمود حەمەکەریم، (خوێندنەوەیەکی نویٚ بۆ مێـژووی کـورد) –٣– لا١٢ .

(٢٦) هەمان سەرچاوە لا٣ .

(٢٧) ئاینی کورد، لا٤ .

(٢٨) کورد: گەلێکی زیندوو، مێژوویەکی ون! –٤–،ر–یەکگرتوو، ژ–٢٧٢ .

(٢٩) سـوپای ئیسـلام دەگاتـە سـنووری کوردسـتان، حەسـەن مـەحمود حەمەکـەریم، (خوێندنەوەیەکی نویٚ بۆ مێژووی کورد)–٥– لا٥ .

(٣٠) کوردستان لەبەردەم فتوحاتی ئیسلامیدا، لا١٣ .

(٣١) هەمان سەرچاوە لا٣١ .

(٣٢) کابانی کوردی، پێشوو لا٢١ .

(٣٣) کوردستان لەبەردەم فتوحاتی ئیسلامیدا، لا١٨١ .

(٣٤) کابانی کوردی، لا١٦–١٧ .

(٣٥) کوردستان لە دەوڵەتی –ماد–ەوە... پێشوو، لا٤ .

(٣٦) کورد: گەلێکی زیندوو، مێژوویەکی ون! –١٣–،ر–یەکگرتوو، ژ–٢٨٤ .

(٣٧) کورد: گەلێکی زیندوو، مێژوویەکی ون! –٦–،ر–یەکگرتوو، ژ–٢٧٤ .

(٣٨) کورد: گەلێکی زیندوو، مێژوویەکی ون! –٢–،ر–یەکگرتوو، ژ–٢٧٠ .

(٣٩) کورد: گەلێکی زیندوو، مێژوویەکی ون! –١٢–،ر–یەکگرتوو، ژ–٢٨٢ .

(٤٠) مێژووی پرشنگدار، عەلی رەزا مەناف زادە(وتار)، و:عەزیز ئالی، گۆڤـاری گەلاوێـژی نـویٚ، ژ–٢٠ی حوزەیرانی ٢٠٠٠ لا١٧–١٨ .

(٤١) بڕوانە: بەرکورتێکی خەرمانی کوردناسی لە ئـەورووپا، لـە چـاپکراوەکانی کـۆڕی زانیـاری کورد، بەغدا ١٩٧٤ ..

(٤٢) کوردانی سەرگەردان و برا موسڵمانەکانیان، پرۆفیسۆر جەمال نەبەز، وەرگێڕانی: S.K، زستانی ١٩٩٨، لا١٧–١٨ .

(٤٣) خۆرئاواو (ئەو)ەکانی: موسڵمان ەکو (ئەو)ی خۆرئاوا، فاروق رەفیق، گۆڤـاری رەهەنـد، ١٩٩٨/٨، لا٤٩–٥٠ .

(٤٤) **الحضارة، د.حسين مؤنس،** ئێشوو لا٤٣ .

(٤٥) کورد: گەلێکی زیندوو، مێژوویەکی ون! –٤–، ر–یەککگرتوو، ژ–٢٧٢ .

(٤٦) **مفردات القران، تفسير و بيان، اعداد: د.محمد حسن الحمصي، دار الرشيد.**

(٤٧) **التفسير المنير، الاستاذ الدكتور وهبة الزحيلي، دار الفكر، دمشق ط١ ١٩٩١ .**

(٤٨) **الاكراد في كتب البلدانيين و الرحالة المسلمين في العصور الوسطى، زبير بلال اسماعيل، ط١٩٩٩، اربيل لا٨ .**

(٤٩) کوردستان لەبەردەم فتوحاتی ئیسلامیدا، لا٢٧–٢٨ .

(٥٠) هەمان سەرچاوە لا٣١ .

(٥١) لەو بارەوە بڕوانە: **تاريخ الطبري، لابي جعفر الطبري، تحقيق: محمد ابوالفضل ابراهيم، بيروت/ لبنان، ج٣ لا٣٦٧، ٤٤٤–٤٤٥، ٤٨٧، ٤٩٠، هەروەها هەمان سەرچاوە ج٤ لا٢٦-٢٧، هەروەها (الكامل في التاريخ)، ابن الاثير، حققه و ضبط اصوله و علق حواشيه: علي شيري، دار احياء التراث العربي، بيروت–لبنان، ط١ ١٩٨٩ ج٢، لا٨٤، ٩٠ .**

(٥٢) ئاینی کورد، لا٢٨ .

(٥٣) کابانی کوردی لا٣ .

(٥٤) هەمان سەرچاوە لا١٢ .

(٥٥) (کوردستان لەبەردەم فتوحاتی ئیسلامیدا لا١٨٣ .

(٥٦) هەمان سەرچاوە لا١٨٤ .

(٥٧) هەمان سەرچاوە لا١٩٩ .

(٥٨) سوپای ئیسلام دەگاتە سنووری کوردستان، لا٥، ١٧، ٥٥ .

(٥٩) کوردستان لە بەردەم... لا٣٢–٣٣ .

(٦٠) ١٤٦/البقره+ ٢٠/ الانعام.

(٦١) خولاصەیەکی تاریخی کوردو کوردستان، محەمەد ئەمین زەکی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چاپی نویَ–سلێمانی ٢٠٠٠ لا٩٠–٩١ .

(٦٢) کابانی کوردی لا١٥ .

(٦٣) هەمان سەرچاوە لا١٤ .

(٦٤) دەقی حەدیسەکە بەم شێوەیە: ".. **روى ابن منده من طريق ابي سعيد مولى بني هاشم عن ابي خالد، سمعت (ميمون بن جابان الكردي) عن ابيه انه سمع النبي(ص) غير مرة حتى بلغ عشرا، يقول: من زوج امرءة وهو ينوي ان لايعطيها الصداق لقي الله وهو زان..**".

(٦٥) کابانی کوردی لا٢١ .

(٦٦) تەبەری کە باس لە جەزیرە دەکات، باس لە عەجەمی جەزیرەو عەرەبی جەزیرە دەکات.. ج٤، لا٥٤-٥٥، واتە عەرەب و عەجەمی تێدا ژیاوە، مامۆستا حەسەنیش دەڵێ: (هەرێمی جەزیرە کوردنشینە و وڵاتی کۆنی کوردە، بەڵام چەند خێڵێکی عەرەبیش لەگەڵ کوردەکان دەژین، کە لە نیوەدورگەی عەرەب وشامەوە کۆچیان کردوە). کوردستان لەبەردەم.. لا٦٦..

پرسیار لێرەدا ئەوەیە: ئاخۆ بەڵگەی بێ شك هیە کە لە حاڵەتێکدا گەر وەفدێکی لەو چەشنەیش لە جەزیرەوە چووبێتە حیجاز، ئەو وەفدە لە عەجەمەکان(مەبەست لێرەدا کوردە)، بووە نەك لە عەرەبەکان؟!

(٦٧) لەو بارەوە سەیری (**تاریخ الطبري**) ج٣، لا٣٧٢، ٤٨٤، ٤٨٥، ٥٣٥، ٥٥٤ بکە.

(٦٨) بڕوانە وتوێژی نێوان نوێنەری موسڵمانان (رەبعی کوڕی عامر) پێشتریش (موغیرەی کوڕی شوعبە) لەگەڵ رۆستەمی گەورە سەرکردەی سەربازی فارس پێش لە دەستپێکردنی شەڕی قادسیە، **تاریخ الطبري**، ج٤، لا٥٢٠ .

(٦٩) سەیری **تاریخ الطبري**، ج٤، لا٤٩٨-٥٠٠ ، ٥٠٨، ٥١٧، ٥٢٠-٥٢١، ٥٢٦، **٥٣١** بکە.

(٧٠) **الكامل في التاريخ**، ج١، **لا٦٤٠**- .

(٧١) بۆ نموونە خەڵکی تکریت دوای شەڕێکی قورس رازی بوون موسڵمان بن (**الكامل**،ج٢، **لا١٤٧**)، هەروەها هەندێ ناوچەیتر پاش شەڕ شکستیان هێناوە ئەنجا سوڵحیان کردوە وەك لە فەتحی ئەهوازدا کە دوای شەڕی (الجسر) لەسەر جزیە سوڵحیان کرد(**تاريخ الطبري**، **ج٤ لا٧٦-٧٩**). هەروەها ئەسفەهان دوای شەڕێکی قورس سوڵح کرا(هەمان سەرچاوە لا١٤٠)، ئازربایجانیش دیسان دوای شکستخواردنیان لە شەڕدا سوڵحیان کرد(لا١٥٤).

(٧١)** بڕوانە: **السياسة الشرعية، في ضوء نصوص الشريعة و مقاصدها، د.يوسف القرضاوي، لا١٧١** .

(٧٢) الكامل في التاريخ ج١ لا٦٤٠ .

(٧٣) وەك پاشگەزبوونەوەی خەڵکی خوراسان و هەمەدان و یەمەن و زۆرێك لە هۆزە عەرەبەکانی نیوەدورگەی عەرەبی پاش کۆچی دوایی پێغەمبەر.. ابن الاپیر دەڵێ: کاتێ

پێغەمبەر وەفاتی کرد عەرەب لە ئیسلام هەڵگەڕایەوە.. هەموو قەبیلەیەك گشتی یان هەندێکی هەڵگەڕایەوە جگە لە قورەیش و (**ثقیف**)..(**الكامل ج٢ لا٢٢**)

(٧٤) وەك هەڵوێستی خەڵکی حیرە و بانقیا و باروسما و الیس لە عیراق(الكامل ج٢ لا٥٠)+ بەشی حۆرئاوای موسڵ لا١٤٧+ هەمەدان، کە خسروشنوم داوای ئەمانی کرد بەرامبەر بە جزیەدان، دوای موسڵمان بوون لا١٨٧، رستاقیش لە دوای شەڕی نەهاوەند لا١٨٨ .

(٧٥) بڕوانە: **ریاض الصالحین، دار الجیل، بیروت،** ١٩٨٥، لا١٤١-١٤٢ ، ژمارەی فەرمودەکان: ٣٩١-٣٩٢ .

(٧٦) **الكامل في التریخ** ج٢ لا١٤٤ .

(٧٧) **تاریخ الطبري، ج٤ لا١٢٠-١٢٣**، ٨٤ ز تەبەری دەڵێ: **"واستعان –هرمزان– بالاكراد، فكثف جنده " لا٧٦** .

(٧٨) خولاصەیەکی تاریخی کورد و کوردستان، لا٩٢ ..

(٧٩) **بڕوانە: الاكراد في كتب الرحالة المسلمین في العصور الوسطى، زبیر بلال اسماعیل، لا٣٧** .

(٨٠) بڕوانە: **تاریخ اربیل، زبیر بلال اسماعیل، من مطبوعات مجلة** (هەولێر)، ئەویش لە (**فتوح البلدان)ی بلاذري لا٣٢٩** .

(٨١) **الكامل في التاریخ، ج٢ لا١٤٧** .

(٨٢) هەمان سەرچاوە لا٢٠٨

(٨٣) خولاصەیەکی تاریخی کورد و کوردستان، لا٩٢ .

(٨٤) **بڕوانە: الكامل في التاریخ، ج٢ لا١٥٢-١٥٣/ تاریخ الطبري ج٤ لا٥٣-٥٤**

(٨٥) **تاریخ الطبري ج٤ لا٥٣** .

(٨٦) **الكامل في التاریخ ج٢ لا١٥٢-١٥٣** .

**(٨٧) بڕوانە: الكامل في التاریخ، ج٢ لا٥٠-٩٦ .**

(٨٨) هەمان سەرچاوە لا٩٦-١١٧ .

**(٨٩) تاریخ الطبري، ج٣، لا٣٤٧ .**

(٩٠) شایای وتنە (**ابن الاثیر**) لە حەوت بەشی یەکەمی مێژووەکەیدا بە شێوەیەکی سەرەکی پشتی بە مێژووەکەی تەبەری بەستوە، بە پلەیەکی کەمتریش سوودی لە بەرهەمەکانی (**الكلیبي و بلاذری و مسعودی**) وەرگرتوە..

بڕوانه ئـەو پێشـەکیەی بلاٌوکـەرەوەی ئـەو چـاپەی  کتێبەکـە لـە بـەرگی یەکـەمی (الکامـل)دا نووسیوێتی ل١٩

(٩١) **تاريخ الطبري ج٢ ل٢٦٢، الكامل في التاريخ ج٢ ل١٤٥** .

(٩٢) ئـیبن خەلـدون دەڵـێ:" زۆرجـار مێـژوونووس و راڤـەکاران و پێشـەوایانی نـەقڵکردن کەوتونەتە هەڵەوە لە سەرگوزەشتەو رووداوەکاندا لەبەرئـەوەی تـەنیا پشـتیان بـە نـەقڵکردن بەسـتووە، خـراپ بـێ یـان چـاك... بۆیـە لـە راسـتی لایانـداوە و لـە بیایـانی وەهـم و هەڵـەدا سەرگەردان بوون، بە تایبەتی لە ئامارکردنی ژمارەی سەربازو پارەوپول(اموال)دا.."، **بڕوانە: مقدمة ابن خلدون، دار القلم، بيروت، ط١ ١٩٧٨ ل١٤٩** .

هەروەها **(طبري)**ش لە سەرەتای بەشی یەکـەمی مێژووەکەیدا دەڵـێ: "ئەگـەر هـەواڵێك لـەم کتێبەمـدا-کـە لەسـەر زمـانی رابـردوان نـەقڵمان کـردوە- هـەبوو، کـە خوێنـەر ئیسـتینکاری دەکرد...لەبەر ئەوەی روویەکی راستی تێدا نەدەدیەوەو هـیچ مانایـەکی لـە راسـتیدا نـەبوو، ئەوا با بزانێ ئەوە لە ئێمەوە نیە، بەڵکو لە رێی ئەوانەوەیە کە بۆ ئێمەیان گواستۆتەوە، ئێمـە چۆنمان پێگەیشتوە، وامان گەیاندوە.." **تاريخ الطبري، ج١** ل٧-٨ .

(٩٣) بڕوانە: **تاريخ الطبري ج٤ ل١١٦، ١١٩** .

(٩٤)**الكامل.. ج٢ ل٢٤٢** .

(٩٥)**تاريخ الطبري ج٤ ل١٣٨** .

(٩٦)کوردستان و ئیستراتیژی دەوڵەتان، حوسێنی مەدەنی ، ب١، ٢٠٠٠، ل٥٠، ٥٦ .

(٩٧)کوردستان و شۆڕشـەکەی، جـەمال نەبـەز، کـوردۆ لـە ئەڵمانیـەوە کردوویـە بـە کـوردی، ١٩٨٥، ل٧٥-٧٨ .

(٩٨)مێژووی کورد لە کۆنەوە تا ئیمڕۆ، ساڵح قەفتان ١٩٦٩، ل١٧١-١٧٢ .

(٩٩) مقدمە ابن خلدون، پێشوو ل١٤٩ ..

(١٠٠) هەمان سەرچاوە ل١٤٥ .

(١٠١) **تاريخ الطبري، ج١ ل٧-٨/ الكامل.. ج١ ل٨٧** .

(١٠٢) بڕوانە: **الاكراد في كتب البلدانيين...ثێشوو ل٣١** .

(١٠٣) **مقدمة ابن خلدون ل٣٥**، هەروەها بڕوانـە: **العصبية والدولـة، د.محمـد عابـد الجابري ل١٤٢** .

(١٠٤) بڕوانە: کوردستان لەبەردەم فتوحاتی ئیسلامی دا ل١٩٩-٢١٥ .

(١٠٥) هەمان سەرچاوە، پەراوێزەکانی لا١٨٤–١٩٠ .

(١٠٦) کابانی کوردی لا١٠ .

(١٠٧) بڕوانە: ئاینی کورد، پەراوێزەکانی ژمارە: (٢،١٢، ٢٢، ٤٨)، هەروەها: سوپای ئیسلام دەگاتە... پەراوێزی ژ–٢١ .

(١٠٨) بۆ نموونە مێژوونووسانی کورد بە گشتی متمانەیەکی زۆریان بە رۆژهەلأتناسی روسی (مینۆرسکی) هەیە و وەك سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراو پشتی پێ دەستن و بە بەلگە دەیهێننەوە، کە رەنگە ئەمە زیاتر لەو رووەوە بێ کە ئەو پێی وایە کورد نەوەی میدیەکانە.. ئەمین زەکی خۆی راشکاونە دان بەوەدا دەنێ کە زۆر موعجیب بووە بە لێکۆلینەوەکەی مینۆرسکی لە (دائرة المعارف الاسلامیة)دا کەسەبارەت بە کوردو کورستان نووسیوێتی و زۆر بە شەوقەوە چەندجار خوێندویەتیەوەو هەر ئەو لێکۆڵینوەیەش هانی داوە بۆ نوسینی کتێبە بەناوبانگەکەی (بڕوانە: **خلاصة تاریخ الکرد و کردستان، محمد امین زکي، ت:محمد علي عوني لا١٢،١٨**).

هەروەها د.جەمال نەبەز لە کتێبی (کوردستان و شۆڕشەکەی)دا هەمان متمانە بە مینۆرسکی دەردەبڕێ و رەخنە لە (مەکەنزی) دەگرێ کە وتویێتی: (کوردەکان سەریان لە مێژوو دەرناچێت، زانیویانە (مێدی)یەکان بێ وەچە ماونەتەوە، هەوڵ دەدەن خۆیان بکەنە نەوەی ئەوان)لا٤٠، هەروەها بە بێ ئەنجامدانی لێکۆلینەوە هەموو ئەو بۆچوونانەی رۆژهەلأتناسانی سەدەی نۆزدە رەتدەکاتەوە کە هەندێ ئاکاری ناجوانیان داوەتە پاڵ کورد.. هەروەها لە لێکۆڵینەوەیەکی دیکەیدا دیسان هەمان رێڕەو دەگرێتەبەر و ئەو رۆژهەلأتناسانەی کودیان بە وەسفێکی نەشیاو وەسفکردوە بە درۆ دەخاتەوەو بە (نەزانین و لامسەرلایی و..) تاوانباریان دەکات، لەوانە: ماولەر، مورتیز ڤاکنەر، بارۆن فۆن نۆلد، فۆن هۆمەر) و پێ لەسەر ئەوە دادەگرێ کە عوسمانلیەکان ئەو زانیارییە هەلأنەیان داوە، کەچی هەر زانایەکی ئەورووپی شتی ئیجابی وتبێ مەدح و سەنای دەکات وکارەکەی بە (زانستی و بابەتی) وەسفدەکات(لەوانە فۆخلەر)..

د.ئەوڕەحمانی حاجی مارفیش هەر لە چوارچێوەی ئەو کتێبەدا کە لێکۆڵینەوەی د.نەبەزی تێدایە، لە لێکۆڵینەوەیەکدا بەناوی (لەبارەی کوردناسیەوە لە روسیاو یەکێتی سۆڤیەت) هەمان رێبازی گرتۆتەبەر.. بڕوانە: بەرکورتێکی خەرمانی کوردناسی لە ئەورووپا لا١٦–١٢٦ .

لێرەدا هەرگیز مەبەستمان ئەوە نیە کە فلأن رۆژهەلأتناس راستی کردوەو ئەویدیکەیان راستی نەکردوەو هەڵەی وتووە، چونکە ئەوە کاری لێکۆڵەرانی پسپۆڕی مێژووە، بەلأم ئەوەی جێی رەخنەمانە ئەوەیە کە هەموو جارێ بە بێ لێکۆڵینەوە دەستبەجێ هەر رەخنەیەك کە لێمان دەگیرێ بە نەفەسێکی ئینفیعالیانە رەت بکەینەوەو تەفسیری تەئاموریانەی بۆ بکەین و خاوەنەکەی بە ناحەز و کینەلەدڵ و بەکرێ گیراو وەسف بکەین..

(١٠٩) كوردستان له دەوڵەتی –ماد–ەوە.. لا٢ .

(١١٠) كورد: گەلێكی زیندوو، مێژوویەكی ون! –٢–، ر–یەكگرتوو، ژ–٢٧٠ .

(١١١) كورد: گەلێكی زیندوو، مێژوویەكی ون! –٣–، ر–یەكگرتوو، ژ–٢٧١ .

(١١٢) كورد: گەلێكی زیندوو، مێژوویەكی ون! –١٣–، ر–یەكگرتوو، ژ–٢٨٤

(١١٣) سوپای ئیسلام دەگاتە...لا٥ .

(١١٤) كورستان له بەردەم فتوحاتی.. لا٧٣ .

(١١٥) هەمان سەرچاوە لا٢١٥–٢١٦ .

(١١٦) كابانی كوردی لا٧–٨ .

(١١٧) هەمان سەرچاوە لا١٠

(١١٨) سەیری زنجیرە وتاری نووسەر بكە بە ناوی (كورد: گەلێكی زیندوو، مێژوویەكی ون! كە (١٥) ئەڵقەیە.

(١١٩) **مختصر تاريخ الكرد و كردستان، محمد امين زكي، ت:محمد علي عوني ص٣٧..**

(١٢٠) كوردستان و كورد، د. عبدالرحمن قاسملو، و:عەبدوڵلا حەسەن زادە لا٣٨

(١٢١) **عن لغة الكرد و تاريخهم، صلاح سعدالله لا١٦**)..

(١٢٢) مێژووی كورد له كۆنەوە تا ئیمڕۆ، ساڵح قەفتان، لا١٢–١٣، لا٩٧

(١٢٣) میدیا، ئی.م. دیاكۆنۆف، بورهان قانع له فارسیەوە كردویە بە كوردی، لا٢٧

(١٢٤) **الكامل في التاريخ،** ج١ لا٨٤ .

**** ****

## نووسەر لە چەند دێڕێكدا

♣ **لەساڵی ١٩٧٠ لە هەڵەبجەی شەهید لەدایك بووە.**

♣ **لەساڵی ١٩٨٩ پەیمانگەی تەكنیكیی-بەشی بیناسازی و لەساڵی ٢٠٠٧یش كۆلێژی زمان-بەشی زمانی ئینگلیزی تەواو كردوە.**

♣ له سەرەتای نەوەدەکانەوە لە بواری نووسین و ڕۆژنامەنووسیدا کار دەکات.

♣ لەساڵی ١٩٩٥ تا ٢٠٠٤ ئەندامی دەستەی نووسەران و بەڕێوەبەری نووسینی هەفتەنامەی حزبێکی کوردی-ئیسلامی بووە و دواتر وەك ڕۆژنامەنووسێکی سەربەخۆ درێژەی بە پیشەکەی داوە.

♣ بە سەدان وتار و لێکۆڵینەوە و تەوەرەی ڕۆژنامەوانیی لە بوارەکانی فیکر و سیاسەت و ڕۆژنامەگەری لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی کوردستاندا بە زمانەکانی کوردی و عەرەبی بلاّوکردۆتەوە.

## لە بەرهەمە چاپکراوەکانی:

♣ مافی ئافرەت لەنێوان ڕەگەزسالاری و مرۆڤسالاریدا، ١٩٩٧.

♣ جەدەلی ئیسلامی و عەلمانی، ٢٠٠١ .

♣ بەئایدیۆلۆژیاکردنی ئاین ٢٠٠٢ .

♣ ئەخلاق لە سیاسەتدا ٢٠٠٢ .

**Towards humanizing the concerns**

# Our humanity trapped by Ideology

Revision of the Kurdish & Islamic visions

Omar Ali Ghafoor